ژمارە 4

ئەکادیمی

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان

کوردستان - هەولێر

٢٠٠٦

ژمارە 4
ئەکادیمی
گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان
هەولێر ٢٠٠٦

ئەكادیمی

گۆواری كۆڕی زانیاری كوردستان

الاكاديمي

مجلة المجمع العلمي الكردستاني

العدد: ٤

كردستان – اربيل
٢٠٠٦

ACADEMY

a Periodical Published by Kurdistan Aacademy

Vol .4

Kurdistan – Hawler (Arbil)
2006

ئەکادیمی

کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان

٢٠٠٦ زایینی

کوردستان ـ هەولێر

سەرنووسەر: **د. مارف خەزنەدار**

سکرتێری نووسین: **د. عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی**

دەستەی نووسەران

د. محەمەد نووری عارف

بەدران ئەحمەد حەبیب

د. بایز عومەر ئەحمەد

محەمەد حەمە باقی

محەمەد عەلی قەرەداغی

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر

ژمارەی سپاردن: ٥٣٢

ناوڕۆك

سەروتار ٧

پاراستنی ئەدگاری نەتەوەیی لە ووشەی فەرهەنگی
زمانی نووسینی کوردیدا مارف خەزنەدار ٩

چەند وشەیەك (لێكدانەوە و شیكردنەوە و بەراورد) د. محەمەد نوری عارف ٢٣

كورد لە بەڵگەنامەی قاجاریدا و: لە فارسییەوە محەمەد حەمە باقی ٧٣

هۆزانا ئایینی د بەرهەمێ پەرتویێ هەكاریدا د. عەبدوڵلاٚ یاسین ئامێدی ١٤٥

هۆزی گۆران ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی
لەسەدەکانی ناوەراستدا د. زرار سدیق تۆفیق ١٧٣

ڕاستكردنەوەی هەڵەیەكی مێژوویی پ.ی.د. دلێر ئیسماعیل حەققی شاوەیس ٢٠٥

دیاردا گوهورینا دەنگێ (و) د. بائیز عومەر ئەحمەد ٢١٥

پڕۆژەی ستانداردكردنی زمانی كوردی غازیعەلی ٢٢١

گەشتێك بەنێو ڕێزمانی كاری (دان)دا د. شێركۆ بابان ٢٥١

كاریگەرییدەستنووسەكانیمامۆستایانی كورد لە نووسینەوەی
مێژووی كورد و زانایانی كوردستاندا محەمەد عەلی قەرەداغی ٢٨٨

سەروتار

نەتـەوەی کـورد لـە مێـژووی کـۆن و تـازەی خۆیـدا هـیچ دەرفـەتێکی ئـەوتۆی بـۆ هەڵنکەوت بایەخ بە زمان و ئەدەبیات و نووسینەوەی مێژووی خۆی بدات. بەتایبەتی لـە پرسـی زمانـدا، کـورد نـەیتوانی وەك نەتەوەیـەك خـاوەنی یـەك زمـان و یـەك ئـەلفابێی نووسین بێت. بەردەوامبوونی ئەم رەوشە تا سەردەمی نوێ کە سـەردەمی پێـشکەوتنی خوێنـدەواری و تەقینـەوەی شۆڕشـی تـەکنیکی و خێرابـوونی هۆیـەکانی راگەیاندنـە، کێـشەی نـەبوونی یەکـەتیی زمـان و ئـەلفابێ و رێنووسـیبردە قۆنـاغێکی دژوارتـرەوە، بەتایبەتیش کە هێشتا لە ناو کورددا دەسەڵاتێکی ئـەوتۆ نەچەسـپیوە یـان چـاتر بڵـێین هەلومـەرجێکی لـەبار و گونجـاو نەهاتووەتـە بـەرەوە تـا چارەسـەری سـەرجەم ئـەم کێشەگەلەی لە سایەدا بێتە دی.

کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان بـەپێی یاسـایەك کـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتانەوە دەرچـووە، دەزگـای هـەرە بـاڵای بڕیـاردەر و یەکلاکەرەوەیـە بـۆ چارەسـەری تـەواوی پرسگەلی ئاڵۆزی سەر بە کولتووری کوردی. کۆڕ، لەم ساڵەدا پێی نایە شەشەمین سـاڵی تەمەنیەوە. دەبوایە لەم ماوەیەدا کە ماوەیەکی کەم نییە، رووالەت و بیچمی گـەلێك لـەو چارەسەرانە دەربکەوتنیایە کە بۆ کێشەگەلی زمان و ئەدەبیاتی کوردی پێویستن. بـەلام بە داخەوە وانەبوو. ئێمە لە کۆڕی زانیاریدا دان بـەوەدا دەنـێین کـە کـۆڕ لـەو ماوەیـەدا دەزگایەکی بە بڕشت و بەرهەم نەبووە، بەلام دەبێ ئـەو هەلومەرجـەش روون بکرێتـەوە کە کۆڕ بەسەری بردووە.

کۆڕ نەیتوانی ئەو کەش و هەوایە بخوولْقێنیٚ کە بۆ کارەکانی پێویستن. بەهۆی رەوشی ناجێگیرەوە زۆربەی پسپۆڕ و شارەزایان بە دەنگ بانگەوازەکانی کۆڕەوە نەهاتن و بەشدارییان لە بەرنامەکانیدا نەکرد. جگە لەوەی کە ژمارەیەکیان لە هیچی نەبوو لێی لاڵووت بوون. زانستگە و دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان هیچ دەستێکی هاریکارییان بۆ کۆڕ درێژ نەکرد. بگرە دەبوون بەکۆسپ و لەمپەر بۆ بەرنامەکانی، گەلێك كاریش كران كەنەدەبوایەبەبیٚ ئاگەداری و پرس و راوێژی كۆڕ بكرێن، لەبەرئەوەی ئەنجامی چەوتی ئەم کارانە نیشانەی نەبوون یان کارانەبوونی کۆڕی زانیاری کوردستان دەگەیەنن. گەلێك جار تیر و توانج لە کۆڕ و سستیی کارەکانی گیراوە بەلاّم کەس بیری لەوە نەکردووتەوە کەوا دەزگایەکی بیٚ دەسەلاّت و دەستەپاچە دەتوانیٚ چی ئەنجام بدات. ئەمانە وێرای نەبوونی ئیمکانیاتی مادی و نەبوونی سەرۆکێکی خۆ تەرخانکردوو بۆ راپەراندنی پرۆژەکانی کۆڕ و جێبەجیٚ کردنی پێوەندی و پێداویستییەکانی.

وا ژمارەیەکی تازەی گۆواری کۆڕ دەخەینە بەردەست. ئەمە چوارەمین ژمارەیە لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا. سەرنجدانێکی خێرا بەم ژمارانەدا راستیی قسەکانی سەرەوە و هەلومەرجی کارکردنی کۆڕمان بۆ دەردەخات. وێرای چەندان بانگەواز و چەندان نامە و نووسراوی تایبەت بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕران، کەمێکیان نەبیٚ کەس بە دەنگمانەوە نەهات بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم گۆوارە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم چەند ژمارە کەمەش لە گۆواری کۆڕ بە ئەزیەتێکی زۆرەوە دەرکراوە.

هەرچۆن بێت، وا نەبیٚ مەبەستمان ئەوەبێت کۆڕ لە بەرپرسیارییەکانی بدزینەوە، بەلاّم ئەوەش هەیە هیچ کارێك لە کوردستانی ئەمرۆدا بەتەنیا باڵی و بیٚ پشت و پەنا نایەتە دی. هیوادارین رۆژێك لە رۆژان ئەم هەلومەرجە گۆڕانی بەسەردابێت و کۆڕ بتوانیٚ بەو ئەرکانە هەڵستیٚ کە لە یاساکەیدا بۆی نووسراوە.

دەستەی نووسەران

پاراستنی ئەدگاری نەتەوەیی لە ووشەی فەرهەنگی زمانی نووسینی کوردیدا

مارف خەزنەدار

-١-

دەنگی «غ» لە ئەلفوبێی زمانی کوردیدا

ئەلفوبێی هەموو زمانێك لەو تیپانە پێك دێ کە ووشە دروست دەکەن. ئەو ووشانە دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە. ئەلفوبێی هەموو زمانانی گێتی دوو بابەتە دەنگ دەگرنە خۆیان، یەکێکیان ئەو دەنگە بنچینەییانەن ووشەی ڕەسەنی خۆماڵی زمانەکە دروست دەکەن، ئەوی دیکەیان ئەو دەنگە بێگانە و لاوەکییانەن لە زمانی دیکەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە. بە گشتی ژمارەی ئەم جۆرە دەنگانە لە ئەلفوبێی زمانی نەتەوەیی (قەومی)دا کەمە.

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانێکی دیکە چەند دەنگێکی گرتۆتە خۆ لە ووشە ڕەسەنە خۆماڵییەکانیدا بەر گوێ ناکەون، ئەو دەنگانە چوونەتە ناو تەرکیبی هەندێ ووشەی بێگانەوە، بە زۆری لە بنەماڵەی زمانانی عەرەبی (سامی) و تورکی مەغۆلی وەرگیراون و کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بوون بە بەشێك لە ئەلفوبێ و فەرهەنگی زمانی کوردی.

دەنگی «غ» یەکێکە لەو تیپە بێگانانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

له حەفتاكانی سەدەی بیستەم دا دۆستی بەڕێزم شاعیری ناسراو هێمن له بەغدا بوو، لـه نیوەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواریەوە نزیك بوو. بیروڕاكانی به زۆری كاریگەر بوون لـه بابەت هەموو لایەنەكانی كولتووری كوردەوە، بەتایبەتی له زمان و ئەدەب دا.

یەكێ له بۆچوونەكانی ئەوە بوو «دەنگی (غ) له زمانی كوردیدا نیـیـە، پێویـسته لـەناو ئەو ئەلفوبێیە لابرێ، هەموو ووشەیێكی ئەم دەنگەی تێدا بـێ دەكـرێ لـەباتی ئـەو بـه دەنگی (خ) بنووسرێ».

ئەم بیروڕا و بڕیارە كاریگەر بوو، تائێستا شوێنەواری ماوە، لەبەر ئـەوە لـەپێناوی بنـبڕ كردنی ئەم دیاردەیە بیر له نووسینەوەی ئەم پەرەگرافە كرایەوە.

له فەرهەنگی زمـانی كوردیـدا ژمـارەی ئـەو «غ»انـەی چـوونەتە نـاو دروسـت بـوونی ووشەوە كەم نییە. لەكاتی بەكارهێنانی ئەو ووشانە له بەشێكیان دا (غ)ەكانیـان وەكـو خۆیان دەمێننەوە، له بەشێكی دیكەیان دا (غ)ەكان دەبن به (خ). لەم لایەنـەوە ئەگـەر له بڕێك لەو ووشانە دەنگی (غ) ببێ به (خ) تا پلەیێك ئاسایی بێ، له هەندێكی دیكـەیان دا دەبێتە مایەی پێكەنین. وەكو ئەوەی «بەغدا» ببـێ بـه «بەخـدا»، یـا نـاوی كەسـانی كوردی وەكو «غەفوور و غەریب» ببن به «خەفوور و خەریب». جگه لەوەش كورد بەهیچ جۆرێ «قۆناغ» و «قەدەغە»ی نەكردووە به «قۆناخ» و «قەدەخە»، لـه ڕووی فۆنێتیـك و ئاوازی مۆسیقییەوە دەنگـی «غ» لـه دەنگـی «خ» ناسـكتر و سـووكتر و لەسـەرخۆترە. بێگومـان ڕۆژی ئـەمڕۆ بـەهۆی ئـامێری ئـەلیكترۆنی لەرینـەوەی دەنگـی ئـەو دوو تیپـه دەتوانرێ به میلیۆن شەپۆل تۆمار بكرێ لەپێناوی ئەوەی كـورتی و درێـژی و ناسـكی و درشتییان بكەوێتە ڕوو.

بـۆ دیـاركردنی جێگـەی ئـەو ووشـانەی دەنگـی «غ»یـان تێدایـه لـه زمـانی كوردیـدا فەرهەنگی «كـوردی ـ ئینگلیـزی» تۆفیـق وەهبـی و سـی. جـەی. ئەدمۆنـدس كـراوە بـه سەرچاوە و هەموو ووشـەكانی لـەم بابەتـەوە تێیـدا هەڵبـژێرراون. ئەمـە و كـەڵكیش لـه فەرهەنگەكانی دیكەی زمانی كوردی وەرگیراوە، بەڵام لەم باسەدا هەموو ووشەكانی لـەم بابەتەی تێدا تۆمار نەكراوە.

ووشەی فەرهەنگی «کوردی - ئینگلیزی» و بەشێکی کەمیش لە هەموو فەرهەنگەکانی دیکەی زمانی کوردی کە دەنگی «غ»یان تێدا هەیە ئەمانەن:

ئـ

ئاغا، ئاغزە، ئۆغر، ئیسپەناغ

ب

باغ، باغچە، باغە (سیلۆلۆید celluloid)، باغەڵ، بالغ (بالق)، بەرداغ، بەڵغ، بەڵغەم، بناغە، بۆیاغ.

پ

پێغەمبەر.

ت

تەغار، تیغ.

ج

جغارە (جیگەرە)، جغز (خەت کێشان)، جغزێن(ناوی یارییێکە).

چ

چراغ، چغە یا چەغە یا چغەچغ (بۆ سەگ)، چۆغە.

د

داغ، دامغە (تەمغە)، درێغ، دەباغ، دەغەز، دەغەزدار، دەغڵ، دەغەڵ، دەغیل، دەغیلە، دەماغ، دۆغرەمە.

س

ساغ، سەغڵەت، سەغی (سەخی)، سیغ sîgh (skewer)، سواغ (سواق)، سیمرغ.

غ

غار(غاردان)، غارا، غاراو، غاز (گاز)، غازی (ناو ، پـاره)، غالیـب، غایـەتی (هـەر چۆنیّ بیّ)، غایەن (خائن)، غەدر، غەددار، غەرغەرە، غـەرەز، غـەریب، غـەزا، غـەزال، غەزالـە، غـەزەل (شـیعری دڵـداری، جـۆرە قوماشـێکی ئاویـشمینە)، غەزەنفـەر (شـێر)، غەزنـە، غەش، غەشیم، غەفوور، غەڵبەغەڵب، غەڵەبە، غەڵەت، غەم، غـەم، غـەمگین، غـەوارە، غـەوغا، غەیبەت، غوربەت، غوسڵ، غونچە، غوول(غوولی بیابان)، غیرەت.

ف

فوغان (فیغان).

ق

قاچاغ(قەچاغ)، قاووغ، قایەغ، قەپاغ، قەتماغ، قەدەغە، قەرەداغ، قەڵـەباڵغ(قـەرەباڵغ)، قەڵغان، قۆناغ.

ك

کاغەز.

گ

گەردەنباغی.

ل

لغاو.

م

مغازە، مەغروور، مەغلووب، مێرغوزار.

و

واغین (ناوی یارییێکە)، وولاّغ

ی

یاغی (تۆران)، یەغدان.

لەم ووشانەدا ئەوە دەردەکەوێ بەشی زۆری لە نووسین و قسەکردن دا دەسکاری دەنگی ((غ))یان تێدا نەکراوە، بەشێکی کەمیش لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان وەکو سلێمانی و هەورامان و ئەردەلان لە قسە کردن دا دەنگی ((غ)) بووە بە ((خ))، ڕاستییەکە ئەوەیە لە نووسین دا ((غ))ەکە نەبێ بە ((خ)) و هەروەکو خۆی بمێنێتەوە.

شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و شیعری بەحری عەرووزی بەتایبەتی فەرهەنگی ووشەی خۆی هەیە. گەلێ ووشەی بێگانەی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی کەوتوونەتە ناو ئەو شیعرانەوە. ووشەکان لە دوو بابەت پێك هاتوون، بەشێکی زۆریان لە قسە کردن و نووسینی کوردیدا بەکاردەهێنرێن و بەشێکی کەمیان تەنیا لەو شیعرانەدا دەکەونە بەرچاو.

لەم ماوەیەدا دەکرێ فەرهەنگی شیعری دیوانی نالی بکرێ بە بەلگە بۆ هەموو ئەو ووشە بێگانانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهێنراون و دەنگی ((غ))یان تێدا هەیە.

ووشەکانی فەرهەنگی شیعری نالی ئەمانەن:

ئـ

ئاغاز (سەرەتا)، ئاغووش (باوەش)، ئەغیار (بێگانە)

ب

باغ، باغات، باغەوان، باغی سێوان، باغچەسەرا، باغی (لە خوانەترس، زۆردار)، بەغدا، بوغز (کین)، پەیغامبەر (پێغەمبەر).

ت

تاغی (طاغي، زۆردار)، تەغنیە (گۆرانی ووتن)، تیغ (شیر، خەنجەر)، توغرا (توڕڕە)

د

داغ (زۆر گەرم)، داغات (داغ کراو)، دەماغ (مێشك)، درێغ (مخابن، ئەفسووس).

ر

ڕاغ (مێرغوزار)، ڕاغیب، ڕەوغەن (ڕۆن).

س

ساغ، سەبغ (صَبغ)، سەبغەتوڵڵا (ئایینی خودا، ئایینی ئیسلام).

ش

شۆر و غەرغەرە (سەرەمەرگ).

غ

غار (ئەشکەوت)، غارات (کۆی غار)، غارەت (تالاَن کردن)، غاراتگەر (تالاَنکەر)، غاری (نیسبەتە بۆ غار)، غافیل، غالیب، غالیە (دەرمانێکی بۆن خۆشە)، غایب، غەبرا (خاك، خۆل)، غەرامەت، غەرەق، غەریب، غەریق (خنکاو)، غەررا (جوان، باش)، غەرغەرە، غەرق، غەرقە، غەزالە، غەزالە چاو، غەزالەی بەڕ، غەزەل (لیریك، دلّداری، مێبازی، قوماشی نەرمی ئاوریشمی)، غەزەنفەر، غەز (قەلّەو)، غەلّەت، غەلّەتان، غەلّتان (گلۆربوونەوە) غەم، غەمخوار، غەمزە، غەمگین، غەنی، غەوس(غوث)، غەوغا، غەوواس، غەیب، غەیبەت، غەیوور، غەیر، غەیری، غیبتە (غبطة) (شادمانی)، غیرەت، غیلمان، غینا(غِناء) (گۆرانی)، غوبار، غوروور، غوربەت، غوربەت کەش، غوررە (ڕۆژی یەکەمی هەموو مانگێکی قەمەری)، غوفران، غولام، غونچە، غونچەدەم، غونچەگوشا، غونچەی نەشکوفتە.

ف

فاریغ، فەراغ، فیراغ (قاپ و قاچاغ)، فیغان، فورووغ.

ق

قەرەداغ.

م

مەشغوول، مەغاك (قوولْ، چالْ)، مەغروور، میغفەر (كڵاوی ئاسنی جەنگاوەران)، مەغفەرەت (لێبووردن)، مورغ (باڵندە)، موغیلان (ناوی درەختە)، موغبەر (تۆزاوی)، موغلەق (داخراو، دژوار)، مولغا (دەست لێ هەڵگیراو، زاراوەی زانستیی نەحوە)، نەغمە (ئاوان).

لەم پیشاندان و لێكۆڵینەوەیە ئەو ڕاستییە دەردەكەوێ بەهیچ جۆرێ ناتوانرێ دەنگی ((غ)) لە ئەلفوبێی كوردی دوور بخرێتەوە چونكە ((بەغدا)) نابێ بە ((بەخدا)) و هەروەها بابایێكی بە ناو خوێندەواری كوردیش كە دەبیستێ لە ئەلفوبێی كوردیدا ((غ)) نییە ((سوڵتان مەحموودی غەزنەوی)) ناكا بە (سوڵتان مەحموودی خەزنەوی)، ئەمە لە مامۆستاییێكی زمانی كوردی ڕووی داوە.

-٢-

((چەهرە)) كوردییە، ((چِهْرە = چیهرە)) فارسییە

جێگەی سەرسوڕمانە لە سەرجەمی دیوانی عەبدوڵڵا گۆران ووشەی ((چەهرە)) بكرێ بە ((چیهرە)). شیعری ئەم شاعیرە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ كراوە. لە دەسنووسەكانیدا بە خەتی خۆی ((چەهرە))ی نووسیوە. لەبەرچی ئەم سیغە كوردییە بكرێ بە سیغەی فارسی!

ووشەیێكی لاتینی كۆن ((revocation)) لە ئینگلیزیدا بووە بە ((ریڤۆلیوشن)) لە فرەنسیدا ((ریڤۆلیتسیۆن)) لە رووسیدا ((ریڤۆلیوتسیا)).

ئەوە ڕاستە هەموو فەرهەنگە فارسییەكان، كۆن و تازە، ئەم ووشەیان بە وێنەی ((چِهْرە = چیهرە)) تۆمار كردووە، لە بەكارهێنانیش دا هەر بەم شێوەیە دەری دەبڕن، كەچی هەموو فەرهەنگە كوردییەكانی كۆن و تازە بەتایبەتی فەرهەنگی كوردی - ئینگلیزی تۆفیق وەهبیش ووشەكەی بە وێنەی ((چەهرە)) تۆمار كردووە، دیارە لە بەكارهێنانیش دا لە كورد نەبیستراوە بلێ ((چیهرە))، تەنیا بە ((چەهرە)) بەكاری هێناوە،

لەمـەوە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و لـە دواییـدا بـووە بـە "چـارە". خـۆ ئەگـەر کـورد «چیهرە»ی بەکاربهێنایە لەکاتی گۆڕانەکەدا ووشەی «چیرە»ی لی پەیدا دەبوو.

ووشەی «چەهرە» کە هاتۆتە ناو زمانی کوردیـیـەوە لـەژێر کاریگـەری زمـانی تـورکی عوسمانییـەوە بـووە. لـە فەرهـەنگی تـورکی «مکمـل عثمـانلی لغتـی» (ئەسـتەموول ١٩٠١/١٣١٩) لە بابەت ووشەی «چەهرە»وە ئەمە هاتووە:

(«چـَـهْرَه» (فارسـیـە) ڕووی ئـادەمزاد، وێنـە، لـە بنجـدا (چ)ەکـە ژێـردارە، واتـە کەسرەی عەرەبی «چـِـهْرَه»یـە). هـەروەها لـەو فەرهەنگـەدا لـە ووشـەی «چـەهرە»وە ووشە دروستکراوەکانی «چەهرە پەردان» و «چەهرەگوشـا» و «چـەهرە نومـوود» تۆمـار کراون.

بەم جۆرە دیارە کورد ووشەکەی لە سـیغە تورکییـە عوسمانییەکـە وەرگرتـووە کـە «چەهرە»یە، نەك لە سیغە فارسییەکەی کە «چیهرە»یە. لە پاشانا پێویـستە بـیر لـەوە بکرێتەوە شاعیرانی بزووتنەوەی «شیعری نوێ»ی کوردی لە کوردستانی باشوور لـەدوای جەنگی یەکەمی گێتیی سەدەی بیستەم نووری شێخ سالح و عەبدوللا گـۆران و ڕەشـید نەجیب (فەرامەرز) لە شیعرە کلاسیکییەکان و لاسایی شیعری عوسمانی و بزووتنـەوەی «شیعری نوێ»ی کوردی ووشەکەیان بە سیغەی «چەهرە» نووسیوە، نەوەکو «چیهرە».

کولتووری کورد تووشی گـەلێ کارەسـات هـاتووە لـە ئـەنجامی ئیدیۆلۆجیـیـەتی «پـان ئیرانیزم»، با زانا و ڕۆشنبیر و خوێندەوارانمان بە هوشیاری ئاگاداری ئەم دیاردە دژوارە بن، لە چوار سـەد سـاڵ بـەر لـە ئێـستا لـە دەسـەلاتی، سـەفەوییەکانەوە دەسـتی پـێ کردووە تا ئێستا بەردەوامە، بەتایبەتی لە ئێران دا.

-٣-

«هەزار» کوردییە، «هوزار» هەڵەیە

یەکێ لە ماناکـانی ووشـەی «هـەزار» بـۆ باڵنـدەی «بلبـل» بـەکارهێنراوە. بـەم مانایـە ووشـەکە لـە فەرهەنگـەکانی زمـانی کـوردی نـەهاتووە. هـەروەها لـە زمـانی نووسـین و قـسەکردنیش دا بـۆ ئـەم مانایـە بـەکار نـەهێنراوە. ئـەوە هەیـە لـە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا «هەزار» بە مانای «بلبل» هاتووە. من وا زان دەکـەم دیـوان و بـەیازی شـیعری

کلاسیکی کە بە ئیملای کۆن نووسراونەتەوە ووشەکە تیایان دا بە وێنەی «هـزار» نووسراوە، کە تائێستاش بە فارسی بەم جۆرە دەنووسرێ. لە پاشانا ئەم دیوانانە کە بە ئیملای نوێ نووسراونەتەوە ووشەی «هَزار»یان بە هەڵە کەوتۆتە بەر زار و بە وێنەی «هوزار»یان نووسیوە بۆ ئەوەی لە ووشەی «هەزار»ی ژمارە جیا بێتەوە.

بەم پێیە لام وایە لەبەر ئەوەی ئەم ووشەیە بە مانای «بلبل» لە نووسین و قسەکردنی کوردیدا جێگەی نییە، تەنیا لە شیعردا هاتووە ڕاستتر ئەوەیە وەکو خۆی بە شێوەی «هەزار» بەکار بهێنرێ، بۆیە لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا هەموو «هوزار»ەکانم کرد بە «هەزار».

لەلایێکی دیکەوە ئەم ووشەیە بە شێوەی «هەزار» چۆتە ناو دیالێکتی عامیانەی زمانی عەرەبی شاری بەغدا. قسەیێکیان هەیە بە ڕووی کەسانی زۆربڵێ و چەنەبازدا دەدەنەوە و دەڵێن«صايرْ عَلينا بُلْبُلْ هَزار» واتە (لێمان بووە بە بلبل هەزار).

ئەمەو ووشەی «هەزار» و «بلبل هەزار» ئەو جۆرە بلبلە دەگەیێنێ بە هەزار ئاواز دەخوێنێ. لەوانەیە باڵندەیێکی ئەفسانەیی بێ. جگە لەمە وەك داهێنانێکی ئەدەبی لە نووسینی هونەری ڕۆمانتیکییانە دەکرێ ووشەی «هەزارستان» دابهێنرێ بە مانای «وولاتی بلبلان» یا «نیشتمانی بلبلان» لەم لایەنەوە لەم گەشتەی دواییەم دا لە نامەخانەی گشتی شاری سەقز چاوم بە کتێبێکی فارسی کەوت بە ناوی «هەزارستان»ەوە، بەرهەمێکی داهێنراوی ئەدەبی بوو لە بابەت وولاتی بلبلانەوە.

-٤-

«مۆزە» ڕاستە، «مۆزەخانە» هەڵەیە

ووشەی «مۆزە» زۆر کۆنە، لە زمانی لاتینی بە شێوەی ((museum)) و لە زمانی گریکی کۆن دا بە شێوەی ((museion)) هاتووە، مانای پەرستگا دەگەیێنێ. ئەمە لەوەوە هاتووە گۆیا لە وولاتی گریکی کۆن دا ناوی جێگەیێك بووە گفتوگۆی زانستی و پیشەسازی تێدا کراوە، هەروەها ناوی گردێك بووە بارەگای چەند خوداوەندێکی لێ بووە.

لە پاشانا ئەم ووشە کۆنە وەك زاراوەیەك لە زۆربەی زمانانی نەتەوەکانی گێتی بۆ ئەو دەسگایە دانراوە کە ئەو کەلوپەل و شتومەکانەی لێ دەپارێزرێ ئەوەی پێویستە خەڵکی چاویان پێی بکەوێ و ئاشنایان بێ.

ووشەکە وەکو دیارە ناوی جێگەیە، لەبەر ئەوە وەکو خۆی لە هەموو ئەو زمانانە وەرگیراوە کە پەسەند کراوە وەك زاراوەیێك بۆ ئەو دەسگایە بەکاربهێنرێ.

هاوسێیانی ئێمە عەرەب نەبێ بۆ ئەو دەسگایە ((المتحف)) بەکاردێنێ، کەچی لە زمانی فارسیدا شێوەی ((مُوزە، مووزە، mûze)) بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لە زمانی تورکیش دا ((müze، موزە))یە.

بەم جۆرە زاراوەی ((مۆزەخانە)) بە هەڵە دروست کراوە. جا لەبەر ئەوەی ((مۆزە)) خۆی ناوی جێگەیە نابێ بخرێتە پاڵ ((خانە)) چونکە ئەویش ناوی جێگەیە، بۆیە پێویستە بە قسە و بە نووسین ((مۆزە)) لە زمانی کوردیدا بو ((المتحف)) بەکاربهێنرێ، چونکە لە زمانانی دیکەی گێتی ووشەکە وەکو خۆی بەکاردێ.

-٥-

بە کوردی ((فرەنسە یا فرانسا)) ڕاستە، ((فەرەنسە)) هەڵەیە

فرەنسییەکان ناوی ووڵاتەکەیان بەم جۆرە دەنووسن ((Français)) واتە بزوێنی تیپی (F)ی بێ دەنگ بزوێنی (i) دەنگدارە، ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانی عەرەبیدا نییە. ئیتر عەرەب ناتوانێ هەر ووشەیێك ئەگەر بزوێنی تیپی یەکەمی دەنگداری (i) بێ لە دەمی بێتە دەرەوە. واتە تیپی یەکەمی هەر ووشەیێك بە سکوون (ـــْـــ) دەست پێ بکا بە یەکێ لە سەرو بۆرەکان دەیگۆڕێتەوە (ـَـــُـــِـ). ئەگەر ئەم سەرو بۆرانە بکرێن بە تیپ بەرامبەر بە (ـە، و، ی) دەوەستن.

ئیتر بزوێنی تیپی (F) پێویستە یەکێ لەو سێ بزوێنە یا سەر و ژێر و بۆرانەی خۆیان بێ. لەبەر ئەوە لە ووڵاتانی ژۆرهەڵاتی خاکی عەرەب بزوێنی ووشەی ((ف)) دەکەن بەسەر، لە نووسین و قسەکردن دا بە شێوەی ((فَرَنْسا)) (فەرەنسا) دەریدەبڕن، بەڵام

له وولاّتانی ڕۆژئاوای خاکی عەرەب، لە باکووری ئەفەریقا بەتایبەتی لە جەزائیر بە شێوەی ((فِرَنْسا)) (فیرەنسا) دەریدەبڕن. بەم جۆرە لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق کورد ووشەکە بە سیغە عەرەبیەکەی لە نووسین و قسەکردن دا بەکاری دێنن. ئەمە هەڵەیێکە پێویستە وازی لێ بهێنرێ و ووشەکە بە شێوەی ((فرەنسە)) یا ((فرەنسا)) بنووسرێ.

-٦-

((ڕووح)) و ((ڕۆح))

له بنجدا ووشەکە ((ڕووح))ە، لە هەندێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بووە بە ((ڕۆح)). ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ئەم ووشەیە بەزۆری لە شیعری کلاسیکی بەکارهێنراوە. بێگومان شاعیران بە شێوەی ((ڕووح)) بیریان لێ کردۆتەوە و بەکاریان هێناوە. نەوەی تازە کە ئەم شیعرە کلاسیکیانە دەخۆێننەوە ئەگەر هەموو ((ڕووح))ەکان بکەن بە ((ڕۆح)) لەوانەیە لە رووی کێشی شیعرییەوە هیچ تەنگوچەڵەمەیێك دروست نەبێ، بەلاّم لە گەلێ حاڵەت دا هەست بەوە دەکەن خوێندنەوەی ووشەکە بە شێوەی ((ڕووح)) تۆن و ڕیتمی شیعرەکە ڕەوانتر و سووکتر دەکەوێتە بەر گوێ.

-٧-

ڕاستییەکەی ((ئاڤێستا)) یە و((ئاوێستا)) نییە

واوی بێ دەنگ لە زمانی فارسیدا بە تیپی ((و)) دەنووسرێ، کەچی لە پراکتیك دا ((و))ەکە دەبێ بە ((ڤ))، بەم جۆرە ووشەکە بە شێوەی ((آوستا)) دەنووسرێ، بەلاّم بە شێوەی ((آڤستا)) لەدەم دێتە دەرەوە. لە زمانی کوردیدا لەبەر ئەوەی ((و))ی بێ دەنگ هەیە، هەروەها دەنگی ((ڤ))ش هەیە و لە تیپە بێ دەنگەکانە، لەبەر ئەوە ڕاستییەکە ئەوەیە بە کوردی ((ئاڤێستا)) بنووسرێ نەك ((ئاوێستا)).

-٨-

لەبەر چی دەنگداری ((و u)) بووە بە ((وو û))؟

لەو سالأنەی دوایی‌دا دیاردەییێکی سەیر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوارە کوردی‌یەکان دا پەیدا بوو، لە پاشانا پەڕی‌یە سەر لاپەڕەی کتێب و نامیلکەی چاپکراو. گەلێك لەو ووشانەی دەنگداری «و = u »ی کورتیان تێدایە کردوویانە بە دەنگداری «وو = û »ی درێژ. ئەمە گێرەشێوێنی‌یێکە لە ئیملا و ڕاست نووسینی زمانی کوردی‌دا. ئەم هەلأنە گەلێ زۆرن لە نووسینی بلأوکراوەدا.

لەم ماوەیەدا هەندێ نموونە لەم هەلأنە دەخەینە ڕوو:

راست	هەڵە
دوکان dukan	دووکان dûkan
نوستن nustin	نووستن nûstin
ئەنجومەن encumen	ئەنجوومەن encûmen
چونکە çunke	چوونکە çûnke
بەڵکو belku	بەڵکوو belkû
کوڕ kur	کووڕ kûr

بە ئاشکرا دیارە ئەم جۆرە ووشانە لە قسەکردن و نووسین دا جیاوازن لەگەڵ ووشەکانی «نووسین nûsin»، «ژوور jûr»، «کووڕ kûr (پشت چەماوە) »، «ئارەزوو arezû» هتد.[١]

---

١) سوپاس بۆ د. محەمەد نووری عارف، پێش بلأوکردنەوە بەسەر ئەم باسەدا چووەوە و هەندێ تێبینی‌ی بەکەڵکی دەربڕی. هەروەها لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەم ووتارە بە ئیملای ڕاست نووسینی زانستی نووسراوە، تێگەیشتنی ناوەرۆکی لە ڕووی دەنگ و فۆنێتیك و فۆنێمەوە ئەوە دەخوازێ.

ملخص البحث

الحفاظ على الاشكال القومية من مفردات اللغة الكردية

د. معروف خزنەدار

يتناول البحث مجموعة من حروف الالفباء الكردي والالفاظ المستعملة من لغة العامة والكتابة من النوع الشائع الذي يلجأ اليه الصحفيون وبعض الكتّاب بصورة خاطئة.

وهناك نداء بألغاء حرف ((غ)) وإبدالها بالحرف ((خ)) في كل كلمة وردت فيها، وكذلك كتابة بعض المفردات بصيغة اللغة التي انتقلت منها الى اللغة الكردية، والأصح هو استعمال الصيغة الشائعة في لغة الخطاب اليومي أو المستعملة في الكتابة الكردية.

والبحث بصورة عامة يُفيد الوسط الثقافي الذي يجمع الصحافة والمؤلفين وطلبة جميع مراحل الدراسة واوسع فئات المجتمع الكردي.

'Abstract'
Observance of National mode
of Kurdish vocabulary

Prof. Marouf Khazndar

The study deals with a variety of Kurdish Alphabet, expressions used incorrectly by people and through some prevalent writings of journalists and writers.

Some people proclaim to abrogate the letter (غ) and replace it by letter (خ), or try to write some words in their original form, however the authenticity is using the common form spoken daily or used in Kurdish writings.

I hope the study will be benificial for journalists, writers, students and many others.

چەند وشەیەك

(لێكدانەوە و شیكردنەوە و بەراورد)

د. محەمەد نوری عارف

پێشەكی:

ئەمە كۆمەڵە وشەیەكە وەكو نموونە كردوومن بە كەرەسەی ئەم لێكۆڵینەوەیە و، بەشی هەرە زۆریان پێكهاتوون لە وشەی لێكدراو و داڕێژراو، دوای لێكدانەوەیان شیمكردوونەتەوە و بەشەكانم لە یەكتری جیاكردۆتەوە و بە كورتی یەكە یەكە ڕوونم كردوونەتەوە، چ لەبارەی ڕێزمانییەوە، چ لەبارەی واتاكانیانەوە، هەندێ لەو وشانە ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانە هیندۆئەورووپییەكانی پێش ئیسلام و پێش زایین و بگرە جاری وایش هەیە پتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، یان بەراوردم كردوون لەگەڵ ئەو زمانانەی، كە لەگەڵ زمانی كوردیدا لەیەك خێزانە زمانن و خزمایەتییان بە یەكەوە هەیە، بە جۆرێ كە هەندێ جار لە واتا و دەنگدا، یەكتری دەگرنەوە و، هەندێ جاریش دەگەنەوە بە زمانە ئەورووپییەكان و ئەوانیش لە كۆمەڵی خێزانی زمانە هیندۆئەورووپییەكانن، هەر یەكێ لەو زمانانە لەكاتی بەروارد كردندا كلیلن بۆ كردنەوەی لایەنی لێڵ و تاریك و نەزانراوی وشەكان. ئێمە ناتوانین تەنیا بەو كوردییەی كە ئەمڕۆ پێی دەنووسین و وتووێژی پێ دەكەین، بەشەكانی ئەو وشانە لێكبدەینەوە و بە وردی بزانین چین و چی نین...، هەندێ جار وا ڕێكدەكەوێت، وشەیەك یان بەشێ لە وشەیەك، هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بێ ئەوەی واتا و دەنگی گۆڕا بێت، جاری وایش هەیە، قۆناغ بە قۆناغ و دوای ڕۆژگارێكی دوور و درێژ، چەندەها گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چ لە ڕووی واتا، چ لە ڕووی دەنگەوە، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژ و، دەرخستن و ڕوونكردنەوەی لایەنی لێڵ و نەزانراوی ئەو وشانەی كە لێكۆڵینەوەیان تێدا دەكرێت. زمانە هیندۆئەورووپییەكان، كە زمانی كوردی یەكێكە لەو زمانانە، هەموویان لە یەك سەرچاوەوە هاتوون و بەراورد كردنیان لەگەڵ

یەکتریدا، لەم سەردەمەوە بگرە تـا دەگاتـە هـەزاران سـاڵ لەمەوبـەر، ئـەو خزمایەتییـە دەسەلمێنێت و ئەو وشانەی کە وەکو یەکترن، یان نزیکن لە واتا و دەنگەوە و هاوبەشن و لە هەر زمانێکی ئەو خێزانە زمانەدا کە بەکاربێن، ئەوا هینی ئەو زمانەن. وشەی وایش هەیە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکارنایەت لـە یـەکێ لـەو زمانانـەدا و نامۆیـە، یـان نوێیـە، بەڵام لە زمانێکی تری ئەو خێزانە زمانانەدا بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردێت، ئـەوا بـە هینی ئەو زمانە دادەنرێت، بۆ نموونە زۆر وشـە هەیـە کـە لـە هـەر دوو زمـانی کـوردی و فارسیدا وەکو یەکن، چ لـەڕووی واتـا و تاڕادەیـەکی زۆریـش لـەڕووی دەنگـەوە، ئەمانـە وشەی هاوبەشـن و لـە هـەر زمانـەدا هینـی خۆیـەتی، بـۆ ئـەو وشـانەیش کـە ئـەمڕۆ لـە زمانەکەماندا نییە و یان نامۆیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئاساییە، بـە ڕێنووسـی کـوردی نووسـیومە و ئینجـا لـەناو کەوانـەدا بـە ڕێنووسـی فارسـی نووسـیومە ئینجـا لـەجیاتی (فارسی) تیپی (ف)یم لە تەنیشتییەوە داناوە.

ئەو وشانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرچاو دەکەون بەشێوەیەکی گشتی ئەمانـەن: ئەو وشانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاردێن و چەند بەشێکن، بەڵام تـەنیا بـە زمـانی کوردی لێکنادرێنەوە و شیناکرێنەوە، ئەو وشـانەی کـە لـە عەرەبییـەوە هاتوونەتـە نـاو زمانی کوردی و گۆڕانیان بەسەدا هاتووە، هەندێ وشەیش هەن کە ماوەی چەند ساڵێکە لە زمانی فارسییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و هەندێکیان لەڕووی واتـا و دەنگـەوە شـێوێندراون، چـەند وشـەیەکیش بـە شـێوەیەکی نابـەجێ داتاشـراون کـە نـاڕەوان و نەگونجاون.

ئابلاخ : شوێنی ئاو، ئەو شوێنەی کە ئاوی زۆری تێدا بێت.

ئەمڕۆ گەڕەکێکە لە سلێمانی.

ئاب: ئاو.

لاخ: پاشگرە و دەچێتە کۆتایی هەندێ ناوەوە، بە مەبەستی شوێن، یان واتای زۆری ئەو ناوە پیشان دەدات کە چۆتە سەری.

ئارایش : جوان کردن و ڕازاندنەوە.

ئەم وشە دوو بەشە: ئارای + ش.

ئارای: ڕەگی چاوگی، ئاراستەن (= آراستن)ی. ف. یە، واتە جوان کردن، ڕازاندنەوە.

ش: پاشگرە، کە دەچێتە کۆتایی ڕەگی چاوگەوە، ناو دروست دەکات، لەبەر ئەوەی کە لە چاوگەوە وەرگیراوە پێی دەڵێن، ناوی چاوگ.

ئاسیاو : ئاشی ئاو، ئاش. ئاسیاو: کورتکراوەی (ئاسی ئاو)ە، هەر دوو تیپی (س، ش) زۆرجار جێگای یەکتری دەگرنەوە، وشەی (ئاش) فۆرمی نوێ تری وشەی (ئاس)ە. بابزانین ڕابوردووی کۆنی ئەم (ئاس)ە، چییە؟

ئاس: بەردێکی خڕ وپانە، بە دەست، یان بە هۆی هێزی ئاوەوە دەسووڕێتەوە و دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆی پێ دەهاڕدرێت.

لە زمانی سانسکریتدا، ئاسەن ásan، لە ئەڤیستادا ئەسەن، ئەسمەن asman، assan، بە واتای بەرد هاتووە، و وایان دەزانی سەقفی ئاسمان وەکو بەردێ وایە، لە فارسی کۆنیشدا (asman)ە و لە پەهلەڤی و فارسیشدا (ئاسمان)ە.(١)

ئاش : کوردی کەرکوك و ناوچەی گەرمیان وشەی (ئاش) بەکاردێنن بە واتای چێشت و خواردن، ئەمە وشەیەکی زۆر کۆن و ڕەسەنە لە زمانی کوردیدا و، ڕەگ و ریشەی لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا ماوەتەوە. بەڵام لە فارسیدا تایبەتە بە شۆربا و جۆرەکانی، بە هەمان واتا کۆنەکەی وشەی (ئاش) لە هەردوو وشەی لێکدراوی: ئاشپەز، ئاشپەزخانە (= آشپز، آشپزخانە)دا، بە واتای: چێشتکەر، چێشتخانە هاتووە، ئەمە وشە ڕەسەنەکەمان دێنێتەوە یاد.

(وشەی ئاش، لە سانسکریتدا (as)، کە هاوریشەی (ad)ە، واتای خواردن و لەگەڵ (edo)ی لاتینی و زمانی نەتەوە هیندۆ ئەوروپاییەکانی تردا، وەکو (essen)ی ئەڵمانی و (to eat)ی ئینگلیزیدا پەیوەندی هەیە).(٢)

ئافرەت : ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا عەرەبییە و هەر لە کۆنەوە چۆتە ناو زمانی کوردی و فارسییەوە، هەر وشەیەك لە زمانێکەوە بچێتە زمانێکی ترەوە، بەپێی هەندێ تایبەتمەندی ئەو زمانە هەندێ گۆڕانی بەسەردا دێت، چ لە ڕووی دەنگ، چ لەڕووی واتاوە، لەوە دەچێ دوای ئەوەی کە ئەم وشەیە چۆتە زمانی فارسییەوە، ئێمە لە فارسییەوە وەرمانگرتبێ، یان ڕاستەوخۆ هەر لە کۆنەوە هاتبێتە ناو زمانەکەمان، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە، بەڵگەی نووسراوی کۆنی کوردیمان بە دەستەوە نییە، لە زمانی فارسیدا، ڕابوردووی ئەم وشەیە لە تێکست و فەرهەنگەکانیاندا زۆرە و ڕێنووسەکەشیان بەشێوەیەکی گشتی، وەکو ڕێنووسی عەرەبییەو، وشەیەکی زۆری عەرەبیش دوای ئیسلام هاتۆتە ناو زمانەکەیانەوە، بەڵام لە خوێندنەوەدا بەشی هەرە زۆریان جیاوازن لە دەنگدا، بەپێی تایبەتمەندی زمانەکەیان، ئێمە لێرەدا کارمان تەنها بە وشەی مەبەستمانەوە هەیە لە کوردیدا، کە بووە بە (ئافرەت)، وشەکە لە عەرەبیدا (عورة)ە، واتا ئامرازی زاووزێ، یان ئەوەی کە ببێتە هۆی شەرم و شەرمەزاری، بە واتای (ژن) بەکارهاتووە، لە زمانی فارسیدا (عورت) دەنووسرێت، چونکە لە ڕێنووسەکەیاندا (Ö) دەبێت بە (ت)، لەبەر ئەوەی کە لە فارسیدا دەنگی (ع) نییە بە (ء) دەخوێندرێتەوە و، زۆرجاریش (و) بە (ڤ) دەخوێندرێتەوە، خۆ ئەگەر وشەکە بە ڕێنووسی کوردی بنووسین بەو جۆرەی کە فارسەکان دەیخوێننەوە، ئەوا دەنووسین (ئەڤرەت). ئێمە تیپی (ع)مان نییە و هەندێ جار لەژێر کارتێکردنی عەرەبییەوە بەکاریدەهێنین، بۆ نموونە ئیستایش لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا بە: عەلی ، عوسمان، مەعرووف ... هتد، دەڵێن: ئەلی، وەسمان = وەتمان، مارف ... هتد، بەم پێیەیش (عورەت)ی عەرەبی دەبێت بە (ئەورەت)، دوای ئەوە دەبێ گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و بۆوبێت بە (ئەفرەت)، دوای ئەوە (ئافرەت). بابێینەوە سەر ڕابوردووی ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا، من زۆرجار ئەم وشەیەم لە تێکستە کۆن و نوێیەکانی

فارسـیدا بەرچـاو کـەوتووە، بـەڵام لێـرەدا دوو نموونـەی پەخـشانی کـۆنی فارسی دەخەینە ڕوو کە وشەی (عورت = ئەڤرەت) بە واتـای (ئـافرەت)یـان بـەکارهێناوە، یـەکێکیان کتێبـی (قابوسـنامە)یـە، کـە لـە کۆتـایی سـاڵانی سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی نووسـراوە و ئـەوی تریـان (فرائـد الأدب)ە، بـەم جۆرە:

((در قابوسنامە از ابن هشام نقل کردە است، کـەیك بـاری در ولایـت یمـن بسبب ورود سیل قبری ظاهرشد، در آنجا (عورت)ی بود، در گـردن وی هفـت گردن بند از درّ .... و لوحی بر بالین او بـودو بـر آن سـطری چـند مـسطور، خلاصەء سطور آنکەمنم ماجد بنت شعیر ...)) (٣)

واتە: لە قابووسنامەدا، لە (ابن هشام)ەوە، دەگێڕنەوە، کە جارێ لـە وڵاتـی یەمەن، بەهۆی هاتنی لافاوەوە، گۆڕێ دەرکەوت، لەوێدا (ئافرەت)ێ هەبوو، کە ملوانکەی دوڕی لە ملدا بوو .... و تابلۆیەك لای سـەری و چـەند دێرێکـی لەسەر نووسرابوو، کورتەکەی ئەمەیە: منم ماجد کـچی شـعیر .... هـەروەها لە (فرائد الأدب)دا هاتووە کە .... (عورت)ی ریّانە نام براهی پیش او آمـدە، عرضە داشتی، بدو داد، چون بخواند نوشتە بود، کـە از خـدای تعـالی بـترس یتیمان دارم ... (٤)

واتە: (عورت = ئافرەت)ێ ناوی ڕەییانە بوو، لە ڕێگایەکدا هاتە لای و سکاڵا نامەیەکی پێبوو، و پێیدا، کاتێ کە خوێندییەوە، نووسرابوو: لە خوا بترسە هەتیوبارم ....

ئامادەباش : ئەمـە وشـەیەکی لێکـدراوی نوێیـە، لـە زمـانی کوردیـدا، ئـەمڕۆ زۆر بەکاردەهێنرێت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و لە ئیستگە و تەلەفزیۆنەکانمانـدا، ئێمـە بەرامبـەر بـەم وشـە لێکـدراوە لـە کوردیـدا (ئامـادەبوون)مـان هەیـە، (ئامادەبـاش)یـش فارسـییە و، لـە زمانەکەیانـدا بـە مەبەسـتی ئامـادەبوون بەرامبـــەر بـــە کـــارێکی ترســـناك، وەك ئامـــادەبوون بەرامبـــەر بـــە ڕووداوی کارەسات، وەك بوومەلەرزە، یان دەردێکی ترسناك، یان هێرشی دوژمن ....

هتـد، وشـەکە دوو بەشـە بەشـی یەکـەمیان ناسـراوە و، بەشـی دووەمیـان (باش)ە، کە ڕەگی چاوگی بودەن (= بودن)ی. ف.یە. واتە: بوون.

ئامشۆ : واتە هاتوچۆ کردن و سەر لەم و لـەو دان، چـوون بـۆ لای ئـەم و ئـەو. لـە زمانی فارسیدا بەرامبەر بەمە (آمد و شـد) هەیـە. کـە بـە ڕێنووسـی کـوردی وادەنووسرێت: (ئامەد و شود) بە هەمان واتای ئامشۆی کوردی دێت کە دوو بەشە: ئام + شۆ.

ئـام : گـۆڕدراوی، ئامـەد (= آمـد)ە، کـە چـاوگی کرتـاوی ئامـەدەن (= آمدن)ی. ف.یە، واتە هاتن.

شۆ : گۆڕدراوی، شود (= شد)ە، کە چاوگی کرتاوی شودەن (= شدن)ی. ف.یە، لێرەدا بە واتای چوون بەکاردێت. لە کوردیدا زۆرجار تیپی (د) کە لە کۆتایی وشەوە بێت دەکەوێت و بەکارناهێنرێت.

ئامۆزا ، ئامۆژن :

ئامۆ : لە هەردوو وشـەی ئـامۆزا و ئامۆژنـدا، گـۆڕدراوی وشـەی (عمـو)ی عەرەبییـە، هـەروەها بەهـەمان واتـا لـە وشـەی مامۆژنـدا، وشـەی (مـامۆ) بەکاردێت.

ئاینده : واتە داهاتوو، پاشەڕۆژ، ئەو کاتەی کە دێت.

وشەکە دوو بەشە: ئای + ندە.

ئای: ڕەگی چاوگی ئامەدەن (= آمدن)ی. ف. یە، واتە گەیشتن، هاتن.

ندە: پاشگرە، کـاتێ کـە دەچێتە سـەر ڕەگـی چـاوگ، ئاوەڵکـاری بکـەر دروست دەکات.

ئیفتاده : بە واتای پەك کەوتە، پەك کەوتوو، داهێزراو دێت بـە زۆری لـە ئـەنجامی پیریدا، وەکو دەڵێن: پـیری ئیفتـادە. بـابزانین ئـەم ئیفتادەیـە لـە چـییەوە هـاتووە؟ وشـەی ئیفتـادە، لـە (ئوفتـادە)وە هـاتووە، ئوفتـادەیش واتـە کەوتوو، بە ڕێنووسی فارسی (افتادە) دەنووسرێت، وشەکە دوو بەشە:

ئوفتاد + ە

ئوفتاد: چاوگی کرتاوی ئوفتادەن (= افتادن)ی. ف.یە، واتە کەوتن.

ە: پاشگرە، کاتێ کە دێتە کۆتایی چاوگی کرتاوەوە ئاوەڵکاری بەرکار دروست دەکات.

بست : ماوەی نێوان سەری پەنجە گەورە و پەنجە تووتەی دەستە لەکاتی کردنەوەدا، ئەمە ئەندازەیەکە هەر لە کۆنەوە، بۆ پیچوانەی ماوە بەکارهاتووە.

وشەی بست، سوواوی وشەی (بەدەست)ە، ئەم وشەیە لە تێکستە کۆنە فارسیەکاندا هەندێ جار بەرچاو دەکەوێت و بەم جۆرە نووسراوە: (بدست)، بلاّم ئێستا لە فارسییدا بەکارنایەت و لەجیاتی ئەمە، ڤەجەب (=وجب) بەکاردێت، کە ئەمڕۆ لە کوردیدا (بست)ە، لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە، کە لە سالآنی (٤٥٧ك ـ ٤٦٢ك)دا نووسراوە بەم جۆرە: (اندر همه مملکت بگردیدندیك «بدست» زمین جز آبادان نیافتند کە بوی دهند...)[٥]

واتە: بەناو هەموو مەملەکەتدا گەڕان، بێجگە لە ئاوادانیەك (بە دست = بست) زەوییان نەدۆزییەوە کە پێی بدەن).

بووم : ئەمە وشەیەکی زۆر کۆنە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەو پێش و ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی ئاسایی لە هەردوو وشەی لێکدراوی (بوومەلەرزە) و (بەروبووم)دا، بەکاردێت، بە واتای زەوی، خاك، زەمین، نیشتمان، کە لە زمانی ئەڤێستادا بوومی (bûme)ە و، (هەندێ لە زاناکانی زمان ئەڤێستا بە دایکی زمانی کوردی دادەنێن)، هەروەها لە زمانی سانسکریتدا بهوومی (bhûmi)یە و، لە زمانی پارسی کۆندا، بوم (bum)ە و لە زمانی پەهلەڤیدا بووم (bûm)ە.[٦] وشەی بووم لە شێوەی هەورامیدا بەکاردێت بە واتای زەوی ڕەق کە بە کەڵکی کێڵاّن نەیەت. لە فەرهەنگی خاڵدا بە واتای خاك و زەوی و زار هاتووە و لە

فەرهەنگی مەردۆخدا بە واتای نیشتمان، خاك، زەمین بەكاردێت، ئەم وشەیە لای شاعیرەكانمان هەر لە كۆنەوە بەكارهاتووە، بابا تاهیر دەڵێ:

بە دل چون یادم ئەز (بووم و بەر) ئایو

سریشكەم بیخود ئەز چەشمی تەڕ ئایو[٧]

واتە: كاتێ كە یادی خاك و نیشتمان دەكەمەوە، ئیتر هەروا لە خۆمەوە فرمێسك بە چاوەكانمدا دێتە خوارەوە.

دیسان بابا دەڵێ:

موئان میحنەت كەشی حەسرەت نەسیبەم

كە دەر هەر مولك و هەر (بووم)ی غەریبەم.[٨]

واتە: من ئەو غەمبارەم كە بەشم هەر خەفەت و مەینەتە و لە هەموو شوێن و سەر زەمینێكدا هەر غەریبم.

خانای قوبادیش لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا وشەی (بووم)ی بە واتای تەخت و زەمینەی پارچەی چنراو بەكارهێناوە و دەڵێ:

دەستماڵێ زەڕ بەفت تافتەی ئەرمەنی

گوڵ قرمز (بووم) زەرد سەرگوڵ سۆسەنی[٩]

واتە: دەستماڵێك بە تاڵی ئاڵتوون چنراو، كە پارچەكەی تافتەی ئەرمەنی بوو، گوڵەكانی سوور بوو، و تەختەكەی یان زەمینەكەی زەرد بووە و جۆری سەرگوڵەكەیشی سۆسەنی بووە.

ئەمرۆ كە دەوترێت (بوومەلەرزە) واتە زەمین لەرزە و وشەیەكی زۆربلاوە و، وشەی (بووم) لەم وشە لێكدراوەدا، بە واتای زەوی و خاك بەكاردێت، دیسان لە وشەی لێكدراوی (بەروبووم)دا، وشەی (بووم) بەهەمان واتای: زەوی، زەمین، خاك، بەكاردێت، بەڵام ئەو (و)ەی كە دەكەوێتە نێوان هەردوو وشەی (بەر ـ بووم)، واوی خستنەسەرە، ئەمە ئەمڕۆ لە كرمانجی

خوارووددا دەگمەنە، ئەوەی کە من ئاگام لێبێت لە وشەی (قەتڵ و عام)یشدا بەکاردێت، کە ئێستا (ی) خستنەسەرە، کە دەڵێن: بەروبووم، قەتڵ و عام، واتە بەری بووم، قەتڵی عام.

بەرواری : ئەمڕۆ بە واتای، ڕێکەوت، ڕۆژ (= تاریخ)ی عەرەبی، بۆ دیاری کردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەکاردێت، بەڵام تا ئەو سنوورەی کە من بیستوومە و ئاگام لێیە، سەرەتای بەکارهێنانی ئەم (بەرواری)یە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بیستبێتم ئەمەیە: گوایا یەکێ لە دەڤەری (بەرواری)یەوە نامەیەکی بۆ ڕادیۆی بەشی کوردی ـ بەغدا نووسیبوو، و داوای گۆرانییەکی کردبوو، لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیبووی: بەرواری و لەژێریدا ڕێکەوت یان ڕۆژی نووسینی نامەکەی نووسیبوو، ئیتر ئەوانیش ئەم وشەیان قۆزتەوە و بە دەستکەوتێکیان دانابوو، وایان دەزانی کە ئەمە وشەیەکی کوردی ڕەسەنە بە واتای: ڕێکەوت، رۆژ (= تاریخ)ی عەرەبی، بەڵام لە ڕاستیدا بەرواری ناوی ناوچەیەکە و، دوو (بەرواری)یش هەیە، بەرواری ژوورو، بەرواری ژێروو، بەرواری ژوورو دەکەوێتە باکووری قەزای ئامێدی، لەنێوان شاری ئامێدی تا سنووری تورکیا، و بەرواری ژێروویش دەکەوێتە باشووری قەزای ئامێدی، هەروەها وشەی (بەرواری)ش بە واتای ئەو شوێنە دێت کە پڕ بێت لە ئاو و کێڵگە و باغ و بوستان.

بێگانە : ئەمە وشەیەکی کۆنی کوردییە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و بە درێژی ئەو ماوەیە تائێستا بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ بۆ نووسین و وتووێژ بەکاری ناهێنن و دوورە پەرێزی لێدەکەن، ئەویش لەبەر بەشی دووەمی وشەکەیە و هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانمان لەڕووی نەشارەزایی، لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەشەکانی وشە و ڕابوردووی دوور و بەراورد کردنییەوە، تەنها بە واتای ئەمڕۆی زمانەکەمان لێکیانداوەتەوە و لایان نەنگ و شەرمە کە بەشی دووەمی وشەکە، کە

(گانـه)یـه بـەکاربهێنن، ئـەم جـۆره وشـانه بەشـێوەیەکی گشتی لـه هـەموو زمانـەکانی جیهانـدا هەیـه و کەسـیش بـیر لـەوه ناکاتـەوه وەکـو لای ئێمـه فەتوای بەکارنەهێنانی بدات، بەتایبـەتی زمانەوانـەکان و شـارەزایانی زمـان.

وشەی (گانه) له وشەی ناوبراودا واتای تایبەتی خۆی هەیـه و ئـەو نییـه کـه هەندێ کەس بەو جۆره لێیی تێگەیشتوون، یان بەو جۆره تێیان گەیاندوون.

گانه: واته، لا، تا.

دووگانه: واته، دوولا، دووتا، جووت.

بێگانه: واته، کەسێك که لایەك، کەسێك، یان هیچ شتێکی نەبێ له شوێنێك و خەڵکی ئەوی نەبێت، یان نەناسراو بێت لەوێ، واته غەریبه.

هەروەها (گانـه) پاشگریـشه بـۆ مەبەسـتی ژمـاره بـەکاردێت، کـه دەڵـێن: دووگانه، یان سێگانه، واته: دوانی و سیانی.

وشەی بێگانه له ئەدەبی کۆنیشماندا ڕابوردوویەکی دوور و درێـژی هەیـه و زۆر بـــەکارهاتووه و وشـــەیەکی هاوبەشـــه لـــەنێوان زمانـــه هینـــد و ئەوروپییەکاندا، وەکو هەزاران وشەی تر.

وشەی تریشمان هەیه که ئەویـشیان دەسـتکاری کـردووه بـۆ نموونـه وشـەی (یاریکەر)یان کردووه به (یاریزان) که له شوێنی خۆیدا باسی لێوەکراوه.

بینەقاقا : ئەم وشەیه باو و زانراوه. سێ بەشه:

بین + ه + قاقا

بین : لەوەدەچێ که (بن) یان (بەین) بێت.

ه : ناوگره.

قاقا : له (قهقهه)ی عەرەبییەوه هـاتووه و چـۆته زمـانی فارسیـشەوه بـه هەمان شێوەی خۆی و هەروەها بەشێوەی (قاەقاه)یش بەکاردێت، بەڵام لـه کوردیدا سوواوتر و نەرمتره و بـووه بـه (قاقـا). وەکـو دەڵـێن: دایـه قاقـای پێکەنین. ئێمه له زمانەکەماندا دەنگی (ق)مان نەبووه. بەڵام ئێـستا هەیـه و بەزۆری له عەرەبی و تورکییەوه هاتووه، بۆ نموونه: قەڵەم، قـەت، قوربـان،

هەڵقە، ... هتد، لە عەرەبییەوە هەروەها لە تورکیشەوە: قاڵدرمە، قەزاتمە، قابلەمە، قاچاخ، ... هتد. یان وشەکە لە بنەڕەتدا هەر کوردییە و لەژێر کارتێکردنی عەرەبی و تورکییەوە ئەو تیپی (ق)ە هاتۆتە ناو زمانەکەمانەوە، وەکو: ڕق، قین، قەڵەو، قرتاو، تاق و تەنیا، ... هتد، کە لەبنەڕەتدا بەم جۆرەن: رك، کین، کەڵە، کرتاو، تاکوتەنیا، .. هتد.

پاپووچ : ئەم وشەیە دوو بەشە: پا + پووچ

پا : واتە پێ، بە زۆری لە زمانی فارسیدا بەکاردێت و هەندێ جاریش لە کوردیدا بەکاردێت.

پووچ : گۆڕ دراوی وشەی (پووش) یان (پۆش)ە کە، پووش ڕەگی چاوگی پووشیدەن (= پوشیدن)ی. ف. یە و (پۆش) ڕەگی چاوگی (پۆشین)ی کوردییە.

پاپووچ = پاپووش = پاپۆش: واتە ئەوەی کە پێ دەیپۆشێت یان لەپێ دەکرێت.

پۆشتە و پەرداخ : بە یەکێ دەوترێ کە جل و بەرگی تەواو ڕێك وپێك و ڕازاوەی لەبەردابێت.

پۆشتە : واتە ئەوەی کە جل و بەرگی باشی لەبەردابێت و ئەم وشەیە لە چاوگی (پۆشین)ەوە وەرگیراوە.

پەرداخ : سوواوی وشەی پەرداخت (= پرداخت)ی. ف. یە. واتە ڕازاندنەوە و ئارایش کردن و جوان کردن.

لێرەدا بۆ نموونە دێڕە شیعرێ پیشان دەدەین کە وشەی (پەرداخ)ی بە واتای مەبەستمان بەکارهێناوە:

دارێ شەنگ و شۆخ شاخ و بەرگ پەرداخ

لەق و پۆ ئاوێز ناوکانی سەر زاخ[١٠]

پەرداخ : جوان ڕازاوە و ڕێك و پێك.

ئاوێز : شۆڕ بووەوە.

زاخ : تیشی بەرد.

بەلاّم وشـەی پەرداختـەن (= پـرداختن) کـە چـاوگی وشـەی نـاوبراوە، گـەلیّ واتای تریشی هەیە، کە هەنـدیّکیان دەسـازیّن لەگـەلّ وشـەی مەبەسـتماندا، وەکـو: پـارەدان بـە کەسـیّ بەشـیّوەی دراو، یـان نووسـراوی تـری نرخـدار، دانـــەوەی قـــەرز و شـــتی تـــری لـــەو بابەتـــە، دروســـتکردن و ریّکـــردن و هیّنانەکایەوە، ژەنگ لابردن لە فلزات، ساف کردن و بریقە لیّهەلّسان، بـەتالّ کردن، لیّکدانەوە، لیّدانی ئامرازی موسیقا و ئاواز خویّندن.

پەڕتووك، پەڕتووکخانە:

ئەم دوو وشەیە ئەمڕۆ تا ڕادەیەك بەکاردیّت، بـەلاّم بەشـی زۆری کـوردی زانان تائیّستا دانیان بەمـەدا نـەناوە و بـەکاری نـاهیّنن، وشـەی (پـەڕتووك) گۆڕدراوە و تیّکـچووی وشـەی (فـەرتووت)ە کـە لـە شـیعری کـۆنی کوردیـدا زۆرجار بەرچاو دەکریّت بە واتای: پیر و بەسالاّچوو، بیّهیّـز و ناتوانـا و پـەك کەوتە، شڕ و پڕ و ڕزیوو پوواو، لە کۆندا خویّندن لـە مزگەوتەکانـدا بـووە و، کتیّبیش بەزۆری دەستنووس یان چـاپی بـەردی (حجـری) و یـان چـاپی زۆر کـۆن بـە شـیّوەیەکی گـشتیش کـۆن بـوون و هەندیّکیـشیان لـە کۆنیـدا پەڕەکانیان پووا و ڕزیو بووە، کـە واتـای وشـەی(فـەرفووت) هـەمان ڕزیـو و پـــوواویش دەگریّتـــەوە، دوای تیّپـــەربوونی ڕۆژگـــار و زەمانـــە، بـــووە بـــە (پەڕپووت)، کە ئەمڕۆ زۆرباوە بە واتا کۆنەکەی وەکو باسکرا، ئینجا گۆڕانی تری بەسەرداهاتووە و بووە بـە پـەڕتووك و پەڕتووکخانەیـشی لیّداتاشـراوە، بەلاّم لیّکدانەوەی بـەگویّرەی زمـانی کـوردی ئـەمڕۆ، و شـیکردنەوەیان بـەم جۆرەیە:

پەڕ + تووك ، پەڕ + تووك + خانە

دیارە و ئاشکرایە هەموو کوردی زانیّکی ئاسایی دەزانیّ (پەڕ، تووك، خانـە) واتایان چییە، لە ڕاستیدا بەکارهیّنانیان بـەو جـۆرە لەگـەلّ سـەلیقەی کـوردی زان یان زمانەوانیّکدا ناگونجیّ، هەر دوو وشەی (پەڕ + تووك)، کەی لە بارەکە بە واتای (کتیّب) بەکاربیّت؟ یان وشەی (پەڕ + تـووك + خانـە) چ سـەلیقەیەك

ئەم وشە لێکدراوە بە گونجاو دەزانی بە واتای (کتێبخانە)، ماوەی ساڵەها لەمەوبەر تا ڕادەیەك (نامەخانە)یان بەکاردەهێنا لەجیاتی (کتێبخانە) ئەمەیان بەجێ بوو، چونکە وشەی (نامە) یان (نامەك) بە واتای (کتێب) بەکارهاتووە لەپێش ئیسلام و لەدوای ئیسلامیشدا.

لەڕاستیدا ئەگەر وشەی (پەڕتووکخانە) بەکاربهێنرێت بەواتای (دووکانی هەللاجی) گونجاوترە لەوەی کە بۆ (کتێبخانە) بەکاربێت، چونکە (پەڕ ، تووك) کەرەسەی سەرەکین بۆ ئەم پیشەیە.

پەشمەك : جۆرە شیرینییەکە، لەشێوەی کۆمەڵە خوری یان کۆمەڵە لۆکە و دەکرێت بەسەر دارەوە، یان بە کۆمەڵ کۆمەڵ دەفرۆشرێت و بەزۆری منداڵ دەیخوات و ئەم وشەیە دوو بەشە: پەشم + ك

پەشم : واتە خوری، بە زۆری لە فارسیدا بەکاردێت.

ك : پاشگرە و بۆ لێکچوون بەکاردێت.

پەمەیی = **پەمبەیی** : ناوی جۆرە ڕەنگێکە و زانراوە، وشەی (پەمە، پەمبە، پەنبە) واتە پەموو، لۆکە. بابزانین وشەی (پەمە) یان (پەنبە) چۆن لەگەڵ پاشگری (یی)دا واتایەکی تری دروست کردووە و ئەمڕۆ جۆرە ڕەنگێکە لە زمانی کوردیدا. جاران لە کوردەواریدا ژنان شت وەکی تایبەتیان هەبوو بۆ ئارایش و خۆ جوان کردن، یەکێ لەوانە جۆرە دەرمانێك بوو، ڕەنگێکی مەیلەو سوور یان سوورێکی کاڵی هەبوو، تۆپەڵێ لۆکەی تێدابوو، ئەو لۆکەیە ڕەنگی دەرمانەکەی گرتبووە خۆی، لەکاتی بەکارهێنان هەڵیان دەسوی لە دەمووچاویان، ئیتر وا ڕێك کەوتووە کە بۆ ئەم مەبەستە وشەی (پەمە، پەمبە) بەکاربێت لەگەڵ پاشگری (یی)دا، لە ڕاستیدا کە وترا پەمەیی، یان پەمبەیی، دەبێ بۆ ڕەنگی سپی یان ڕەنگی وەکو لۆکە بەکاربێت، وەکو چۆن دەڵێن: شیری، واتە سپی، وەکو ڕەنگی شیر، یان قاوەیی، واتە وەکو ڕەنگی قاوە، زەیتوونی واتە وەکو ڕەنگی زەیتوون.

بـەڵام ئـیتر وا ڕێـك كـەوتووە كـە پەمـەیی، یـان پەمبـەیی بـۆ ئـەو ڕەنگـە بەكاربێت كە ئەمڕۆ باو و زانراوە.

پێشنیار : ئەمڕۆ بەشێوەیەكی گشتی بەم جۆرە بەكاردێت و لەڕاسـتیدا هەڵەیـە و، وشەكە لە كۆندا (پێـشنیاز) بـووە و ئەمـەیان ڕاسـتەو، ماوەیـەكی زۆرە كـە خاڵی (ز)یەكە، كەوتووە و بووە بە (ر) وشەكە لە بنەڕەتدا دوو بەشە:

پێش + نیاز

پێش : ئاوەڵكاری شوێنە.

نیاز : واتا ئارەزوو، مەبەست، هیوا.

بەڵام ئەمڕۆ لەجیاتی نیاز وشەی (نیار) بەكاردێت كە هیچ واتایـەكی نییـە و بە هەڵە بەكاردێت.

پێشكەش، پێشكێش:

وشەی پێشكەش دوو بەشە: پێش + كەش.

پێش : ئاوەڵكاری شوێنە.

كەش : ڕەگی چاوگی كەشـیدەن (= كـشیدن)ی. ف. یـە، واتـە كێـشان و ڕاكێشان.

هەروەها پێشكێش دوو بەشە: پێش + كێش.

بەشـی یەكـەم بـاس كـراو، بەشـی دووەم كـە (كـێش)ە، ڕەگـی چـاوگێكی كوردییە كە (كێشان)ە.

پینەدۆز : واتای ئەم وشەیە زانراوە و باوە لە كوردەواریدا و دوو بەشە:

پینە + دۆز.

بەشی یەكەم كە پینەیە دیـار و ناسـراوە، بـەڵام بەشـی دووەمـی (دۆز)ە، یان (دووز) كە ڕەگی چاوگی دووختەن (= دوختن)ی. ف.یـە. واتـە دوورِیـن، پینەدۆز. واتە پینەدوور، ئەوەی كە پینە دەدوورێت.

تاریكە سەڵات : بە شەوێكی تاریك و نووتك دەوترێت، كە چاو چاو نـەبینێت، ئـەم وشەیە بە جۆرێكی سەیر واتاكەی لە كوردیـدا گـۆڕاوە و لـە بنەڕەتـدا (تـارك

الصلوة)ەكە بە تارك الصلاة، دەخوێندرێتەوە، واتە، ئەو كەسەی كە نوێـژی تەرك كردبێت و وازی لە نوێژ كردن هێنابێت.

توپین : چاوگە لە زمانی كوردیدا، بۆ مردنـی گیـان لەبـەران بـەكاردێت، بەتایبـەتی ئـاژەڵ و ڕەشـەوڵاخ و ... هتـد ئەگـەر بـۆ ئـادەمیزاد بـەكاربێت تـەنها بـۆ سووكایەتییە، ئەم وشەیە دوو بەشە: تۆپی + ن.

تـۆپی : گـۆڕدراوی وشـەی (تـوفی)ەی عەرەبییـە و لـە كوردیـدا تیپـی (ف)كـەی بـوو بـە (پ) و هەنـدێ گـۆڕانی تـری دەنگـی بەسـەردا هـاتووە، ئاساییە هەندێ جار لـە زمـانی كـوردی و زمانـە هیندۆئەوروپییەكانـدا تیپـی (ف) دەبێ بـە (پ). بـۆ نموونـە (وصـف)ی عـەرەبی بـووە بـە (وەسـپ) لـە كوردیدا و وشەی (فتیلە)ی عەرەبی كە لە بنەڕەتدا ئارامییە و چـۆتە زمـانی عەرەبییەوە، بەڵام لە زمانی كوردیدا بووە بە (پڵیتە)، دوای ئـەوەی هەنـدێ لـە پیتەكانیـشی پـاش و پـێش كـەوتووە، و (پیـل)ی هینـدی لـە كـوردی و زمانەكانی دراوسێماندا بووە بە (فیل) و .... هتد.

ن : نوونی كۆتایی چاوگە لە زمانی كوردیدا.

تەڕەتیزە : جۆرە سەوزەیەكە و تەڕەتوولەیشی پێ دەڵێن ئەم وشەیە دوو بەشـە: تەڕە + تیزە.

تەڕە : واتە سەوزە، كە ئەمیش وشەیەكی داڕێـژراوە و دووبەشـە: تـەڕ + ە. كە هەر دوو بەشەكە زانراوە.

تیزە : واتە تیژە، كە ئەمیش داڕێژراوە و دوو بەشە و زانراوە.

وشەی (تیز) گەلێ واتای هەیە، بەڵام لێرەدا بۆ تامی توند و تیژ بەكاردێت.

تێزاب : زاراوەیەكی كیمیاوییە، و واتە ئەسـیدی نیتریك، ئـەم وشـەیە دوو بەشـە: تێز + اب.

تێز : گۆڕدراوی وشەی (تیز)ە و، لە وشەی (تەڕەتیزە)دا باسكرا.

اب : ئاب، ئاو.

چاپەز، چاپەست :

چاپەز : چادان، چایدان، قۆری، چایچی.

((فرهنگ کوردستان ـ گیو موکریانی))

چاپەز : شتێکی دەسك و لوولەدارە لە مس یا لە فافۆن، چای تیا لێ ئەنرێ، چایچی. ((فەرهەنگی خاڵ))

چاپەز : کەسێ کە چا لێدەنێ، قۆری، چایچی، سەماوەر.

((هەنبانە بۆرینە))

بەشی دووەمی چاپەز، چاپەست (پەز، پەست) و (پەست)یش گۆڕدراوی (پەز)ە و بابزانین لە چییەوە هاتووە.

پەز : ڕەگی چاوگی پوختەن (=پختن)ی. ف.یە واتە کوڵان.

چەقەنە : ئەمە وشەیەکی زۆر باو و کۆنە لە زمانی کوردیدا و زانراوە و هەروەها ئامرازێکیش هەیە لە کوردەواریدا پێی دەڵێن (چەقەنەی ئاش)، ئەمە لە ئاشی ئاودا بەکاردێت و دارێکە بە شێوەی ستوونی کەمێ بە خواری لەسەر بەردی ئاشەکە جێگیر کراوە، کاتێ کە ئاشەکە ئیش دەکات و بەرداشەکە دەسوورێتەوە، ئەم دارە یەك لەدوای یەك لەسەری بەرداشەکە دەدات و تەقەی لێوەدێت. بەڵام ڕابوردووی ئەم وشەیە زۆر کۆنە و لەبنەڕەتدا ناوی جۆرە ئامرازێکی موسیقای ئێرانییە و پێی دەڵێن (چەغەنە) یان (چەغانە)، وەکو کەوچك وایە و چەند زەنگۆڵەیەکی پێوە شۆڕبۆتەوە و پێیشی دەڵێن (قاشوق). واتە کەوچك و لەگەڵ ئامرازەکانی تری موسیقای وەکو چەنگ و زەرب و تاردا لێدەدرێت، هەروەها ناوی پەردەیەکی موسیقا و ناوی ئاوازێکیشە.[11] ئەمە ئەوەم دێنێتەوە یاد، جارێکیان گۆرانی بێژی ناسراو خوالێخۆش بوو حەسەن جەزراوی، لەکاتێکدا کە گۆرانی دەوت دوو کەوچکی بە دەستێکییەوە گرتبوو، دەیکێشا بە دەستەکەی تریدا و، دەنگی تەقەی کەوچکەکانی لەگەڵ دەنگی ئامرازی مۆسیقاکانی تردا سازدەکرد.

هەروەها دکتۆر هەرەوی بەم جۆرە باسی (چەغانە) دەکات و دەڵێ:
جۆرە سازێکە لە خێزانی ئامرازی زەربیی (ئالاتی ئیقاعی)، کە جۆرە سەرەتاییەکەی پێکهاتبوو لە کوولەکەیەکی بچووکی وشك، کەوردە بەردیان دەخستە ناوی و دەسکێکی تایبەتیشی هەبوو، لەکاتی هەڵپەڕکی و سەمادا، لەگەڵ دەنگی ترپەی هەڵپەڕکێکەدا ڕایان دەوەشاند.[١٢]

لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە:

حافزی شیرازی دەڵێ:

به وقت سرخوشی ازآه و نالهٔ عاشق

به صوت نغمهٔ چنگ و چغانه یاد آرید [١٣]

واتە: لەکاتی شادی و سەرخۆشیدا، لەسەر ئاوازی چەنگ و چەغانە، ئاه و ناڵەی دڵداران بهێنەرەوە یادت.

دیسان حافز دەڵێ:

سحرگاهان که مخمور شبانه گرفتم باده با چنگ و چغانه[١٤]

واتە: دەمەو بەیانیان، لەکاتێکدا کە بەهۆی شەرابی شەوی ڕابوردووەوە هێشتا هەر مەست بووم، لەگەڵ ئاوازی چەنگ و چەغانەدا بادەم دەنۆشی.

خاکەناز : وشەیەکی لێکدراوی باو و زانراوە لە زمانی کوردیدا، لێرەدا ئەو بەشەی کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە (ناز)ە، ئەمیش کورتکراوەی (ئەندان)ە و ئەندازیش ڕەگی چاوگی ئەنداختەن (= انداختن)ی. ف.یە، واتە هەڵدان، تووڕدان، فڕێدان، تێگرتن، ... هتد.

خوارزا : واتە خوشکەزا، ئەم وشەیە دوو بەشە: خوار + زا

خوار : سوواوی وشەی خواهەر (= خواهر)ی. ف. یە، واتە خوشك.

زا : ڕەگی چاوگی زادەن، زاییدەن (= زادن، زاییدن)ی. ف. یە، واتە: زایین، لە دایك بوون.

ئەم ڕەگە لەکۆتایی زۆر وشەی کوردییەوە هاتووە، وەکو:

خوشکەزا، ئامۆزا، خالۆزا، برازا، پوورزا، .... هتد.

خەواڵوو : ئەو کەسەی کە خەو بیباتەوە و خەوی بێت، یان وەنەوز بیباتەوە.

وشەکە دوو بەشە: خەو + اڵوو.

اڵوو = ئالۆو، کورتکراوەی (ئالوودە)یە، واتە تێکەڵاو، گیرۆدە، کە دەڵێن: خەواڵوو، واتە تێکەڵاو بوون و گیرۆدە بوون بە خەو، ئەو کەسەی کە خەو خەریکە بەسەریدا زاڵ بێت، ئەو ماوە کەمەی پێش نوستن، ئێمە دەتوانین وشەی لێکدراوی ناوبراو بەراورد بکەین لەگەڵ وشەی (خواب آلود)ی فارسیدا، کە هەمان واتا دەبەخشێت. وشەکە لە فارسیدا دوو بەشە: خواب + آلود.

خواب : واتە خەو.

آلود : ڕەگی چاوگی ئالوودەن (=آلودن)ی. ف. یە، واتە تێکەڵ بوون، شتێ تێکەڵی شتێکی تر ببێت و کاری تێبکات.

دار : لە هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا، لە کۆتایی وشەوە بەکاردێت، بە مەبەستی خاوەن، بۆ نموونە:

خەزنەدار، ئاودار، ماڵدار، شاخدار، دەسکدار، کلکدار، .... هتد.

دار: ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ی. ف. یە، واتە هەبوون ، خاوەن.

داشت : لە وشەی لێکدراوی (یاداشت) و (نیوداشت)دا.

داشت : چاوگی کرتاوی داشتەن (= داشتن)ی. ف. یە، واتە: هەبوون، خاوەنی شتێ بوون، خاوەن بوون، وشەی (یاداشت) دوو بەشە:

یا + داشت.

یا : کورتکراوە یان سوواوی (یاد)ە، واتە: بیر، هۆش. ئەم وشەیە هاوبەشە لەنێوان کوردی و فارسیدا. لە فارسیدا دەوترێت (یاد داشت)، واتە ئەو بەسەرهاتانەی کە لە بیر و هۆشی کەسێکدا ماوەتەوە و کۆبۆتەوە و دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی درێژ، لە سەرەتاوە تاکۆتایی دەیاننوسێتەوە.

نیوداشت: واته کۆن و بەکاهێنراو، بەگوێرەی واتای وشە لێکدراوەکە، هەر شتێ کە ماوەی ئەوەندە بەکارهاتبێ کە بتوانرێت ئەوەندەی تر بەکاربهێنرێت، کەواتە (نیوداشت) واتە: نیوەماوە، ئەو شتەی نیوەی ماوەکەی ماوەتەوە بۆ بەکارهێنان.

دژوار = دشوار : واته سەخت، گیر و نالەبار.

بەشی یەکەمی هەردوو وشەکە (دژ، دش)ە، کە هەردوو بەمەبەستێ بەکاردێن و یەك سەرچاوەیان هەیە. لە پەهلەویدا (دوش)ە، واتە: بەد، ناشرین. (معین)

بەشی دووەمی وشەکە (وار)ە، کە پاشگرە و بە مەبەستی وەسف، یان خاوەن بەکاردێت.

دڵسۆز : وشەیەکی باوە لە زمانی کوردیدا، بەرامبەرەکەی لە فارسیدا، دلسووز (=دلسوز)ە، لە کوردیدا:

دڵ + سۆز.

دڵ : وشەیەکی کوردییە.

سۆز : گۆڕدراوی (سووز)ە کە ڕەگی چاوگیسووختەن (= سوختن)ی. ف. یە. واته سووتان، سووتن لە فارسیدا:

دل + سووز.

دل : واته دڵ، هەروەها کوردیشە.

سووز : (= سوز) باسکرا.

درامەت = درامەد : واته دەسکەوت، سەرەتا.

دەرامەد : کورتکراوەی دەرئامەد (= درآمد)ە کە چاوگی کرتاوی دەرئامەدەن (= درآمدن)ی. ف. یە. واته: هاتنە ناو، چوونەناو، گەیشتن، دەرکەوتن، ڕووان و سەوز بوون.

وشەی (دەرئامەد)یش دوو بەشە: دەر + ئامەد.

دەر : پێشگرە.

ئامـەد : چـاوگی کرتـاوی ئامـەدەن (=آمـدن)ی. ف. یـە. واتـە هـاتن، گەیشتن، گەڕانەوە.

هەروەها وشەی دەرامەد لە فارسیدا، واتە دەسکەوت، ئەو بڕە پارەیـەی کە لە ئەنجامی کار و کاسبیدا دەست بکەوێت.

دەرئەنجام : ئەمڕۆ بە هەڵە لـەجیاتی (ئـەنجام) بـەکاردێت، ئـەم وشـەیە هاوبەشـە لەنێوان کوردی و فارسیدا، ئێستا کردوویانە بە دوو بەش: دەر + ئەنجام.

دەر : واتـە لـە، وەکـو چـۆن لـە وشـەی (دەربـارەی)یـشدا هەیـە و واتـە (لەبارەی).

کەواتە (دەرئەنجام) واتە (لەئـەنجام)، زۆر کـەس لـەباتی ئـەوەی کـەبڵێ: ئەنجامی ئەم کارە ئەمەیە، کەچی دەڵێ: دەرئەنجامی ئەم کـارە ئەمەیـە ! ! سەیر ئەوەیە قوتابی بەشـی زمـانی کـوردی، دوای ئـەوەی کـە چـەند سـاڵێ زمانی فارسی دەخوێنێت، ئەگەر بگاتە خوێندنی باڵا و نامەی ماجستێر یـان دکتۆراکـەی تـەواو بکـات، لـەکۆتایی نامەکەیـدا کـە ناونیـشانی ئـەنجامی کارەکـەی دەنوسـێت، یـان دەنووسـی (دەرئـەنجام) وەیـان دەنووسـی (دەرئەنجامەکان) لەجیاتی ئەوەی کە بنووسی (ئەنجام) یان (ئەنجامەکان).

دەست بەرداربوون: واتـە دەسـت لێهـەڵگرتن، وازلێهێنـان، کـە دەڵـێن: دەسـت بەرداری نابێ، واتە: دەستی لێهـەڵناگرێ یـان وازیلێنـاهێنێ، وشـەی نـاوبراو سێ بەشە:

دەست + بەردار + بوون.

ئەوەی کـە مەبەسـتمانە بەشـی دووەمـی وشـەکەیە (بـەردار)ە و ئـەمیش ڕەگـی چـاوگی بەرداشـتەن (= برداشـتن)ی. ف. یـە، واتـە هـەڵگرتن، بەرزکردنەوە.

دەعبا : لە زمانی کوردیدا، بەشـێوەیەکی گـشتی بـە گیانلەبـەران و چـوار پێیـانی کێوی دەوترێت، هەندێجار بۆ ئادەمیزادی ناشیرین و ناقۆڵا و بەد خوو، یان بۆ شەرمگای ژن و پیاو بەکاردێت.

وشەی ناوبراو گۆڕدراوی (دابّة)ی عەرەبییە، واتە: چوار پێی و ولاَخ و هەر گیانلەبەرێکی لەو بابەتە.

دەماخ هەڵپێکان = دەماخ کردن = دەمامك = دەماخ هەڵدان = دەماخە هەڵدان : واتە هەڵبەستنی دەم و لووت بە جامانە، یان لەچك، یان بە هەر شتێکی لەو جۆرە.

دەماخ = دەماغ : کە بەشێکە لە وشەی لێکدراوی ناوبراو، واتە: لووت، کەپوو، بەڵام ئەمڕۆ وشەکە بە تەنهایی بەکارنایەت بۆ ئەم مەبەستە.

دەوڵەمەند : وشەیەکی باو و زانراوە و دوو بەشە:

دەوڵە + مەند.

دەوڵە : سوواوی وشەی (دەوڵەت)ە، بە واتای سامان و ماڵی دنیا.

مەند : پاشگرە، واتای خاوەن دگەیەنێت.

دێو و درنج : ئەم دوو وشەیەی کە بەم جۆرە بە یەکەوە هاتوون، بەشێوەیەکی گشتی باو وبیستراوە لەناو کوردەواریدا، لە چیرۆك و داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا هەندێ جار دەبیسترێت، لە قسەی سەرزارەکی خەڵکیشدا بەرگوێ دەکەوێت، ڕابوردووی هەر دوو وشەکە زۆر زۆر کۆن و دوور و درێژە، لە زمانە هیندو ئەورووپییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە سێ هەزار ساڵ، بەڵام لێرەدا بە کورتی لێوەی دەدوێین. بەشی دووەمی وشەکە (درنج)ە لە کوردیدا، بە کەمێ گۆڕانەوە ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە و ماوەتەوە، بەڵام زۆر دەگمەنە لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکانی ئەم سەردەمەدا.

لێرەدا بە کورتی دێینە سەر باسی هەر دوو وشەکە:

دێو : لە ئەڤیستادا ((دەئیو)) ناوی گشتی کارگوزران و یارمەتیدەرانی ئەهریمەنە، کە بەرامبەر بە کارە داهێنەرەکانی ئەهورایی ڕاوەستاون و بەجنێودان و بێ ئابڕوویی لەگەڵیدا دەجەنگن و ئەهریمەن بە ((دیوان دیو)) واتە گەورە و فەرمان ڕەوای دێوانی دادەنێن.

دێو لە ئایینی مەزدا پەرستیدا بە واتای ((دورووج)) واتە درۆ، هاتووە، بەو شێوەیە ((دەئیویەسنەی)) واتە ((دێو پەرست)، لەگەڵ ((درۆ پەرست)) یان ((دوروەند)) بە یەك مەبەست بەکاردێن، لەبارەی دێوان و جادووان و پەریان و کەویان (= لەگاهاندا، کەوی: ناو، یان ناونیشانی یەکێ لە فەرمان ڕەوایان و دوژمنی ئایینی زەردەشتە، کە هەمیشە بە خراپی ناوی دەبرێت.) کەرەپان (= کەرەپ: لەگاهاندا ناونیشانی پێشوایان و دێو پەرستان و دوژمنانی ئاینی مەزداپەرستیە.) ئەمانە بەزۆری بە یەکەوە ناو دەبرێن و هەموویان وەکو یەك بێزراو و ڕیسوا کراون.

دێو لای هیندییەکان و ئێرانییە کۆنەکان، کۆمەڵێ بوون، لە پەروەردگارە ستایش کراوەکان، بەم شێوەیە (دیو) یان (دیوا) تائێستا لە سەنسکریتدا بەواتای ((خوداوەند))ە، کە واتا ڕەسەنەکەی تیشك و ڕووناکییە، وەکو خۆی ماوەتەوە و بەهەمان گەورەیی و مەزنی دێرینەی خۆی بەرخوردارە، هەروەها بە خەتی سەنسکریتیش دەڵێن ((دیوانیگاری)) واتە: خەت، یان نووسینی دێوان، هەروەها لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی تردا، هاوڕیشەی ئەم وشەیە، بە هەمان واتای کۆن بەرچاو دەکەوێت، وەکو (زئوس) لە یۆنانی و (دیوس) لە لاتینی و (دییو) لە فەرەنسی و (دیوتس) واتە خودایان لە ئەرمەنیدا. بەڵام لە گۆڕانکاری ئاینی و بیریی ئێرانییەکاندا (گومان دەکرێ کە ماوەیەکی زۆر لەپێش زەردەشت.)، سروشت و بیر و ڕەوشتی دێوەکان گۆڕا بێت بە کارگوزاران و یارمەتیدەرانی ئەهریمەن و گومڕاکەرانی خەڵك و تێکدەرانی سروشتی باشی ئەهورایی، بەم شێوەیە کە ((ئەسوەرە))کان (= ئەهورە) لای هیندییەکان سروشتی ئەهریمەنیی و گومڕاکەرن.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، هیندییەکانی ئەمڕۆ، واتای (دێو) بەهەمان مەبەستی کۆن کە (خوداوەند)ە، بەکاردەهێنن و وشەی (دێوانە) کە لە هەمان ڕیشەیە، بە واتای شێت بەکاردێنن. [١٥]

دورووج : لــه ئەڤیــستادا ((دورووج)) یــان ((درووگ))ه و، لــه پەهلەویــدا ((درووز)) بــه واتــای ((درۆ)) دێــت و نــاوی دەڵــەدێوی درۆ و نادروســتیی و پەیمان شکێنه.

هەندێ جار مەبەست لەم وشەیە، نـەریتی درۆ، یـان ئـاینی دێوپەرسـتی، بەرامبــەر بــە ئــاینی مەزداپەرســتی و پــەیڕەوی ((ئەشــه)) واتــه ڕاســتی و دادگەری، و هەندێ جار فریو، یان پەیڕەوی نەریتی درۆ.

هەندێ له لێکۆڵەران، دوای پـشت بەسـتن بـەو کـار و لێکۆڵینەوانـەی کـه لەبارەی (دورووج)ەوه کراون، له ئەڤیستا و تێکسته پەهلەوییەکاندا، وای بۆ دەچـن کـه واتـای (دێـو) دەگەیـەنێت، بـۆ ئـەم مەبەسـته دەتـوانین ئـەم نووسینەی که له کتێبی ((روایت پهلوی))ی داهاتووه، بخەینه ڕوو که دەڵێ: (ئینجا دوو دورووجی وەك یەك، ئەهریمەن و چاوچنۆکی) بەو شـێوەیەی کـه لـەم نووسـراوەدا دەبینرێـت، ئەهریمـەن سـەرکردە و ڕابـەر و دروسـتکەری هــەموو دێــوان و دێوخــووان بــووه کــه بــەناوبانگترین دێوانــه، هــەردووکیان (دورووج)یان پێ دەڵێن.

بەلام له شوێنێکی تری هەمان تێکستدا هاتووه که ((دیاره که هەر شەو ئەهریمــەن و دێــوان و دورووجــان بــۆ مرانــدنی ئافەریــدگار هورمــەزد، لــه دۆزەخەوە هێرش دەبەن.)) که لێرەدا لـەبارەی ئەهریمەنـەوه لـه ڕابـەری و فــەرمان ڕەوایــی و، لــه دێــوان و دورووجانــەوه، لــەبارەی کــارگوزاری و لەشکرەکانیانەوه، بەجیا ناوبراوه.

له میهر یەشت به لێکدراوی ((میثـر و دروج)) بـه واتـای درۆزنـی لەگـەڵ میهر (= پـەیمان شکێن بەرچـاو دەکـەوێت، کـه لـه هـەموو شـوێنێکدا واتـای ((پـەیمان شکێن)) هەیه.[(١٦)]

میهر و دورووج : له ئەڤیستادا ((میثر و دورووج)) واته: درۆزنـی لەگـەڵ میهـردا، پـەیمان شـکێن، پـەیمان ناتـەواو، کەسـێ کـه لـه ڕێگـای ڕاسـتی و پەیمان ناسی بچێته دەرەوە.[(١٧)]

میهر : له ئەڤیستادا ((میثره))یە و له پەهلەویدا ((میتر)) یان ((میهـر))، له ئەڤیستای نوێدا خوداوەندی تیشك و ڕووناكی و پـەیمان ناسـی و یەكێكـه له گەورەترین خوداوەند له ئەفسانه كۆنەكانی هیندو ئێرانیدا.[١٨]

بۆ نموونه گۆرانی شاعیریش وشەی (درنج)ی بەكارهێناوه:

ئـــازادی خـوازگـری گـری

كەوته ژێر پێی درنج پەری[١٩]

ڕۆبیتان : ئەمه ناوه بـۆ كـوڕ لـه كوردەواریـدا، هەنـدێ جـار لـه دیـوانی شـاعیرانی كلاسـیكیماندا بەشـێوەی (ڕووبـین تـەن) بەرچـاو دەكـەوێت، بەتایبـەتی لـه دیوانی سالمدا.

وشەی ناوبراو گۆڕدراو و سوواوی وشـه (ڕوویـین تـەن)ە و وشـەكه سـێ بەشه:

ڕووی + ین + تەن.

ڕووی : جۆره فلزێكه، كـه ڕەنگەكـەی خۆڵەمێشی مەیلـەو شـینه، قـاپ و قاچاغی لێدروست دەكرێ، كـاتێ كـه لەگـەڵ مـسدا تێكـەڵ دەكرێـت، فلـزی (برنج)ی لێپەیدا دەبێت، كه ڕەنگی زەرده و، سەماوەر و هەندێ شـتی تـری لێدروست دەكرێت.[٢٠]

ین : پاشگره لێرەدا هاتۆته نێوان هەردوو وشەكەوه و واتای چوونه پـاڵ و لێكـچوون بـوون دەگەیـەنێت، وەك : زیـو ← زیـوین. ئاسـن ← ئاسـنین ... هتد.

تەن : لەش، جەسته.

ڕوویین تەن : واته ئەو كەسەی كه لەشێكی بـەهێز و داڕێـژراوی هـەبێت و زۆر بەرگەی لێدانی سەخت بگرێت.

ڕۆچ = **ڕۆچ** : به واتای ڕۆژ، خۆر، هەتاو، ئـەم وشـەیه بەشـێوەیەكی بـەرفراوان لـه زمانی كوردیدا بەكاردێت و زۆر كۆنه و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوه بۆ پـێش ئیسلام و پێش زایین و بگره پتر له سـێ هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر و ئـەمڕۆ لـه

گەلێ لە زمانە هیندۆ ئەورۆوپییەکاندا بەکاردێت، هەروەها لە زمانەکەماندا چۆتە قالب و واتای جیاجیاوە بەشێوەی وشەی لێکدراو و داڕێژراو، وەکو:

ڕۆجیار، ڕۆچیار = ڕۆژگار، زەمانە.

ڕۆجیارپەرست = گوڵەبەڕۆژە.

ڕۆچن = کلاو ڕۆشنە، کونی دیوار یان سەربان کە تیشکی ڕۆژی پێدا دێتە ژوورەوە.

ڕۆچنایی = ڕۆشنایی، ڕووناکی.

ڕۆجەوان = بەڕۆژوو، ڕۆژووەوان.

ڕۆچی = ڕۆچە، ڕۆژوو.

بەر بەڕۆچك = بەربەڕۆچکە = جێگەی خۆ هەڵخستن لەبەر هەتاو.(٢١)

گۆران لەم دێرە شیعرەدا وشەی (بەربەڕۆچکە)ی بەکارهێناوە:

کام بەر بەڕۆچکەی زۆر با سەفایە

چەشنی دڵی شاد دێیە ئاوایە(٢٢)

لێرەدا کۆمەڵە نموونەیەك پیشان دەدەین، کە چۆن وشەی ناوبراو لە زمانە کۆنەکانی پێش ئیسلام و پێش زایین و گەلێ دوورتریش و هەروەها لە زمانەکانی تردا بەکارهاتووە، کە هەموو لە یەك خێزان و سەرچاوەن:

پەهلەڤی ـ roc، پارسی باستان (کۆن) ـ raucah (ڕۆژ)، ئەڤیستا ـ raocah (ڕووناکی)، هیندی باستان (کۆن) rôcish (= ڕەونەق و ورشە، ڕووناکی)، ئەرمەنی ـ Lois (= ڕووناکی)، کوردی ruzh، ئەفغانی ـ vraj، بلووچی ـ rôc (= ڕۆژ، هەتاو)، وخنی ـ ráuj (مەشخەڵ)، گێلەکی ـ rūz، فریزندی ویرنی و نطنزی ـ rû، سمنانی ـ rûsh, rû، سنگسری ـ rûzh، سرخەیی ـ ruz، لاسگردی ـ rûz – ru، شەهمیر زادی ـ ru , ruz، ئەورامانی = هەورامانی ـ rô.(٢٣)

ڕۆغان : ئەو پێڵاو و جانتا و پشتێن و .. هتد، انەی، کە لە جۆرە چەرمێکی بریقەدار دروست کراون، و لەوە دەچن کە چەور کرابن، یان ڕۆنیان

لێدرابێت. ئـەم وشـەیە چـۆتە زمـانی عەرەبیـشەوە بەهـەمان واتـا، وشـەی (ڕۆغان) گۆڕدراوی وشەی ڕەوغەن (=روغن)ی. ف.یە. واتە: ڕۆن.

ڕۆڵە : ئەمڕۆ وشەیەکی باوە لە کوردەواریـدا و، دەچـێتەوە سـەر وشـەی (ڕوود) و، لە کۆندا بـە واتـای هـەمان وشـەی ڕۆڵـە بـەکارهاتووە و پاشـگری (ڵـە) یـان (ۆڵە)ی چۆتە سەر، کە بۆ بچووك کردنەوە و خۆشەویستییە و واتە بووە بـە (ڕوودڵە، ڕوودۆڵە) بە درێژایی ڕۆژگـار پیتـی (د)ەکـەی کـەوتووە، کـە ئەمـە یەکێکە لە تایبەتمەندێتی زمانی کـوردی و، ئینجـا بـووە بـە (ڕووڵـە، ڕۆڵـە). لێرەدا دێڕە شیعرێکی باباتاهیر بە نموونە دەخەینە ڕوو، کە وشەی (ڕوود)ی بەهەمان مەبەست بەکارهێناوە:

بــەر ئـون پیری همینالـەم دەرئین دەشت

کە (روود)انی جەوونەش موورده باشەند[٢٤]

واتە: بۆ ئەو پیرە دەناڵێنم لەم دەشتەدا، کە ڕۆڵە گەنجەکانی مردبن.

ڕەوش : ئەمە وشـەیەکی نوێیـە لـە زمـانی کوردیـدا و لـە فارسـییەوە وەرگـیراوە و بەمەبەستێکی تر بەکاردێت.

ڕەوش (= روش) لە فارسیدا ناوی چـاوگە و، واتـە: شـێوە، جـۆر، تـەرز، چۆنیەتی، جۆری ڕۆیشتن، ئەم وشەیە دوو بەشە: ڕەو + ش.

ڕەو : ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن)ی. ف. یە، واتە ڕۆیشتن.

ش : پاشگرە و کە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ ناو دروست دەکات.

ڕیسمان : ئەم وشەیە لە پەنـدێکی پێـشینانی کوردیـدا، بـەم جـۆرە بـەکارهاتووە: (ئاسمان و ڕیسمانە) واتە: بە دوو شتی وا ئەوترێ، کە زۆر لـە یەکـەوە دوور بن.[٢٥]

هــەروەها لــە زمــانی فارسیــشدا بــە هــەمان جــۆر و هــەمان مەبەســت بەکارهاتووە و دەڵێن: ئاسمان و ریسمان (= آسمان و ریسمان.)[٢٦]

بابزانین وشەی ڕیسمان واتای چییە و چۆن داڕێژراوە. وشەی (ڕێسمان) واتە: گوریس. وشەکە دوو بەشە لە فارسی و لە کوردیدا بەم جۆرە داڕێژراوە:

لە کوردیدا: ڕێس + مان.

ڕێس : ڕەگی چاوگی (ڕێسان)ە.

مان : پاشگرە و ناوی دروست کردووە لەگەڵ ڕەگدا.

لە فارسیدا : ریس + مان.

ریس : ڕەگی چاوگی ریسیدەن (= ریسیدن)ە واتە: ڕیسان.

مان : پاشگرە و ناوی دروست کردووە لەگەڵ ڕەگدا.

زا : لە کۆتایی هەندێ وشەی کوردییەوە دێت وەکو: شارەزا، میرزا، ئامۆزا، خالۆزا، خوشکەزا، خوارزا، برازا، .... هتد.

زا : ڕەگی چاوگی زادەن، زاییدەن (= زادن، زاییدن)ی. ف. یە، واتە: لە دایك بوون، هاتنە دنیاوە.

زاد : ئەمە بەشی دووەمی هەندێ وشەی لێکدراوە لە زمانی کوردیدا، وەکو: شێرزاد، نەوزاد، پاکزاد، بێهزاد، بێهنام: کە ئەم دوو وشەی دوایییە بە زۆری لە کوردیدا بە (بەهزاد، بەهنام) بەکاردێت، کە بەشی یەکەمیان (بیھ)، (بەھ)ە، واتە باش، چاك.

بابزانین (زاد)ەکە چییە؟

زاد : چاوگی کرتاوی زادەن (= زادن)ی. ف. یە، واتە لە دایك بوون.

زەردەخەنە : واتاکەی باو و زانراوە و دوو بەشە: زەردە + خەنە.

زەردە : لەم وشە لێکدراوەدا، واتای ئارامی و لەسەرخۆیی و نەرمی دەگەیەنێت.

خەنە : کورتکراوەی وشەی (خەندە)یە، واتە پێکەنینی ئارام و لەسەرخۆ، یان لە چاوگی (خەنین)ی کوردییەوە وەرگیراوە، واتە: پێکەنین، کە دوو بەشە بەم جۆرە: خەن + ە.

خەن : ڕەگی چاوگی (خەنین)ە.

ە : پاشگرە و چۆتە سەر ڕەگ، ناوی چاوگی دروست کردووە.

زەندەق چوون : لە زمانی کوردیدا زۆر باو و زانراوە و مەبەست ترسی زۆر لە وزە بەدەرە، بەشی یەکەمی وشەکە (زەندەق)ە، لەگەڵ وشەی (زەندیق) و (زەندەقە) کراو بە عەرەبین و ڕەگ و ڕیشەی پێش ئیسلام و پێش زایینیان هەیە.

زەندیق (زندیق)، کراو بە عەرەبییە، (لە پەهلەڤیدا zandīk و لە ئەڤیستادا sanda، واتە گوناه.) بە واتای پەیڕەوی مانی و بێدینی و دەهری هاتووە، ئەم وشەیە لە عەرەبیدا کۆیش کراوەتەوە و بوو بە: (زنادقە) و زەندەقە (زندقە). ع. زەندیق بوون، بێ ئاین، لە دەروونندا بێ ئاین بوون بەڵام خۆپیشاندان بە ئاییندار.[٢٧]

با لێرەدا فۆرمە کۆنەکانی بخەینە ڕوو:

زەند : (لە ئەڤیستادا azanti = لێکدانەوە و ڕوون کردنەوە.)، لێکدانەوەی ئەڤیستا بە زمانی پەهلەڤی لە سەردەمی ساسانییەکاندا.[٢٨]

زەند و ئەڤیستا : ئەڤیستا، کتێبی ئاینی زەردەشتە و، زەند : واتە لێکدانەوە و ڕوون کردنەوەی بە زمانی پەهلەڤی، لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەر دوو بەشەکە بەسەر یەکەوە بە واتای (ئەڤیستا) بەکارهاتووە.[٢٩]

زەندیك : لە ئەڤیستادا ((زەندە))، واتە کەسێ کە پەیڕەوی ئاینی مەزدایی نەبێت و یان لێی هەڵگڕابێتەوە. ئەم وشەیە بەزۆری لەگەڵ (جادوو)دا دێت، بە واتای (جادووگەر). مانی زانای گەورەی سەردەمی ساسانییەکان بووە، لەلایەن مووبەدانی زەردەشتیەوە بە هەمین وشەی (زەندیك) تاوان بار کرا، ئەمە کراو بە عەرەبییەکەی (زندیق)ە، لەسەرچاوەکانی دوای ئیسلامدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، (دکتۆر تفضلی) نووسیوێتی کە (زەندیك) بەو کەسە دەوترێت کە تێکستە ئایینییەکان بە

پێچەوانەی شەرع بەشێوەی ڕێگا نەدراو لێکبداتەوە. (مینو، ص١٣٥)، (وند. فر، ١٨، بند، ٥٥- زیر)[٣٠]

لێرەدا زۆر بە کورتی باسی مانی دەکەین:

مانی ناوی وێنەساز و نەقاشێکی کۆنە و، داوای پێغەمبەری خودای دەکرد، ناوی باوکی ((پتك)) یان ((فاتك)) بوو، کە لە شازادەکانی ئەشکانی بووە، دایکی ناوی مریەم بوو، مانی لەساڵی ٢١٦ز، لە دێی ((ماردنیر))ی نزیك بابل لەدایك بووە، کتێبەکەی ناوی ((ئەرژەنگ)) یا ((ئەرتەنگ))ە، کە بیروباوەڕی ئەوی تێدایە، ئەم کتێبە بە وێنە و نەقشی جوان جوان، ڕازاوەتەوە، مانی لەساڵی ٢٧٧ز لە (جوندی شاپوور) کۆچی دوایی کردووە.[٣١]

وەکو باس کرا، بەشی یەکەمی وشەکە (زەندەق)ە و، گەلێ واتای مەترسیدار دەبەخشێ، وەکو: بیدینی و ڕەفتار و کردەوە بە پێچەوانەی ئاین، ئەمە لەپێش ئیسلام و لەدوای ئیسلامیش، تاوانێکی گەورە و مەترسیدار بووە و ئەو کەسەی کە ئەمەی بەسەردا ساغ بووبێتەوە سزاکەی کوشتن بووە و، ڕوو بەڕوو بوونەوەیش بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیە لەپاش ڕۆژگارێکی دوور و درێژ بووە بە (زەندەق چوون) لە زمانی کوردیدا، کە بە واتای ئەو پەڕی ترس دێت.

زێراب : وشەکە زانراوە.

دوو بەشە: زێر + اب.

زێر = زیر : ژێر.

اب = ئاب : ئاو.

لە زمانی فارسیشدا (زیراب)ە، بەهەمان واتا.

سواڵکەر : زانراوە.

ئەم وشەیە دوو بەشە: سواڵ + کەر.

سواڵ : سوواوی وشەی (سؤال)ی عەرەبییە.

کەر :   بڕوانە وشەی: یاریکەر.

سەراب :   ئەم وشەیە چۆتە زمانی عەرەبیشەوە. کاتێ کە تیشکی خۆر دەدات لە بیابانێکی پان و بەرفراوان، دووبارە تیشکەکە دەداتەوە و، لە دوورەوە لە گۆماوێك دەچێت. سەراب واتا سەری ئاو، ڕووی ئاو، وشەکە دوو بەشە:

سەر + اب.

سەر : ڕوو.

اب = ئاب : ئاو.

سەرداب :   وشەیەکی باو و زانراوە و دوو بەشە:

سەرد + اب.

سەرد : سارد.

اب = ئاب : ئاو.

سەرسیر :   ناوی دێیکە لە ناوچەی سلێمانی سەر بە قەزای چوارتا. ئەم وشەیە دوو بەشە: سەر + سیر.

سەر : کورتکراوە، یان سوواوی وشەی (سەرد)ە واتە سارد.

سیر : پاشگرە و بەمەبەستی شوێن بەکاردێت.

سەرسیر : واتە شوێنی سارد، ناوچەی سارد، بەشی دووەمی ئەم وشەیە (سیر)ە، لە وشەی (گەرمەسێر)ی کوردیدا (سێر)ە و پاشگرە و بە هەمان مەبەست بەکاردێت.

سەقامگیر :   ماوەیەکە بووە بە وشەیەکی باوی ئەم سەردەمە لە زمانی کوردیدا، وشەکە دوو بەشە:

سەقام + گیر.

سەقام : گۆڕدراوی وشەی سیقام (=سیقام)ی عەرەبییە و کۆیە. واتە: نەخۆشییەکان، تاکی ئەم وشەیە سەقیم (= سقیم)ە، واتە نەخۆش.

گیر : ڕەگی چاوگی گرفتەن (= گرفتن)ی. ف. یە، واتە (گرتن) کە ڕەگی ئەمەیان (گر)ە.

ئەگەر وشەی لێکدراوی سەقامگیر ڕاستەوخۆ هەڵبگێڕینەوە سەر کوردی دەبێ بڵێین: نەخۆشییەکان گر! !

سیخوڕ : لە بیرم دێ کە خوالێخۆش بوو کامەرانی شاعیر دەیوت: بۆ یەکەم جار من وشەی (سیخوڕ)م بەکارهێناوە بە واتای جاسووس، دەیشی زانی، کە ناوی جۆرە گیانلەبەرێکە، لە کوردستاندا ناسراوە و بە فارسیش (سیخور، سیخول)ی پێدەوترێت، کە جۆرە گیانلەبەرێکە لە خێزانی ژیشك = ژووژوو، بەلأم لە ژیشك گەورەتر و، لە کوردەواریدا ڕاو دەکرێت و گۆشتی دەخورێت و لەشی داپۆشراوە بە دڕکی درێژی وەکو سیخ و ڕەنگی ڕەش و سپییە و دەڵێن گوایە ئەو دڕکانە دەوەشێنێت بۆ بەرگری کردن لە خۆی.

وشەکە دوو بەشە: سیخ + وڕ.

سیخ : هەر شتێکی درێژ و نووك تیژ کە لە فلز یان دار دروست کرابێت، ئەم وشەیە ڕەگ و ریشەی زۆر کۆنە:

لە زمانی سانسکریتدا ـ Cikha واتە (نووك، چزوو، دەنووك)، لە کوردیدا ـ Sîxû, Sîxî (فتیلە)، لە بلووچیدا ـ Sîh , Sî (= سیخ)، لە ئەفغانیدا ـ Sîx، لە گێلەکیدا ـ Sêx، کراو بە عەرەبییەکەی (سیخ)ە، لە تورکیدا ـ شیش، کە لە ئاسنی باریك و درێژ دروست دەکرێت و گۆشتی پێدەبرژێنن.(٣٢)

وڕ : پاشگرە بە واتای خاوەن.

شەوە زەنگ : واتە شەوی تاریك، بەشی دووەمی وشەکە (زەنگ)ە و گەلێ واتای جۆراوجۆری هەیە، بەلأم لێرەدا واتە تاریك، بە واتای ڕەشیش زۆر بەکارهاتووە، وشەی (زەنگی)ش هەر لەمەوە وەرگیراوە و بە یەکێ دەوترێت کە خەڵکی (زەنگبار) بێت و ئەمیش دوورگەیەکە لە ئۆقیانووسی هیند، نزیکی کەنارەکانی ئەفەریقا، کە دانیشتوانی قولەڕەشن، هەروەها بە

قولـەڕەش و پێـست ڕەشـیش دەوتـرێ، وشـەی زەنگـی چـۆتە زمـانی عەرەبییەوە و بووە بە (زنجی) واتە قولـەڕەش، وشـەی زەنـگ و زەنگـی لـە شیعری کۆنی کوردیدا بەو واتایانەی کە باس کراون، بەکارهاتووە.

عەرز و حال، **قەتڵ و عام** : ئەم دوو وشە لێکدراوەیـە، هـەر یەکـەیان دوو وشـەی عەرەبییە و تیپی (و) وا لە ناوەراستیاندا، کـە ئـامرازی خـستنە سـەرە و لـە شـێوە زاری هەورامییـەوە هـاتووە و، ئـەمڕۆ لـەجیاتی ئـەوە، لـە کرمـانجی خواروودا تیپی (ی)ی خستنە سەر بەکاردێت. ئەگەر هەر دوو وشەی نـاوبراو بەپێی رێزمانی ئەمڕۆ بەکاربهێنین دەبێ بڵێین:

عەرزی حاڵ، قەتڵی عام.

فەراهەم کردن : وشـەیەکی نوێیـە لـە کوردیـدا ئـەمڕۆ بـەکاردێت. بەشـی یەکـەمی فەراهەم (= فراهم)ی. ف. یە، گەلێ واتای هەیە وەك: ئامادە، کۆبـووەوە لـە شوێنێکدا، لەگەڵ یەکتریدا ... هتد.

قوبـوولی = **قـوبڵی** = **بـرنج** : هەنـدێ جـار بـیرم لـەم وشـەیە دەکـردەوە و نەمدەزانی لە چییەوە هاتووە و بۆچی ئەم وشـەیە بـە واتـای چێـشتی بـرنج بەکاردێت. دیارە کە تیپی (ق) لە کوردیدا نەبووە و هاتۆتە زمانەکەمانـەوە. نزیکەی (٣٠) سی ساڵێ لەمەوبەر، چەند دۆستێ لە شوێنێکدا دانیشتبووین، باس باسی زمان و ڕابوردووی هەندێ وشە بوو، پرسـیم و وتم: نـازانم وشـەی قوبوولی و قوبڵی لە چییەوە هاتووە؟

یەکێ لە دانیشتوان وتـی: لـە بـاوکم بیـستووە، دەیـوت: لـەکاتی خۆیـدا چەند بنەماڵەیـەکی ئـەفغانی لـە سـلێمانیدا نیـشتەجێ بـوو بـوون و جارەهـا لێیانم بیستووە، لەجیاتی برنج وشەی (کابولی)یان بەکاردەهێنا و دەیـان وت با (کابوولی)یەك لێبنێین،هەر ئەم کابولییە بوو، کە بوو بە قوبوولی و قوبڵی.

قەد : وشەیەکی نوێیە لە ڕێزمانی کوردیدا و لەجیاتی (چـاوگی کرتـاو) بـەکاردێت، وشەی (قەد) عەرەبییە و بە واتای بەژن وبالا بەکاردێت و، ئەم وشەیە چۆتە

بەشـی زۆری زمـانی نەتـەوە ئیـسلامییەکانەوە و هـەر بـە هـەمان واتـا عەرەبییەکەی بەکاردێت.

قەڵا دووشکان : واتە سەرشانەکان، ئـەوەی کـە لـەم وشـەیەدا سـەرنج ڕادەکێشێ وشەی (دووش)ە و واتا (شـان) قـەڵا دووشـکان واتـە سەرشـانەکان. وشـەی (دووش) ئـەمڕۆ لـە کوردیـدا بـە تـەنهایی بەکارنایـەت و لـە زمـانی فارسـیدا وشەیەکی باوە بە واتای شانی کوردی.

قەیران : وشەیەکی نوێی ئەم سەردەمەیە لە کوردیدا، لـەوە دەچـێ کـە لـە (قـیران kiran.)ی تورکییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، لە تورکیدا واتە: پەتا و ئەو نەخۆشییانەی کە لە یەکێکەوە تووشی یەکێکی تر دەبێت، بەتایبـەتی لەناو ئاژەڵدا.(٣٣)

کازیبوە : سەرەتای دەمە و بەیان، یان بـەرە بـەیان، وشـەی کـازیبوە، گـۆڕدراو و سوواوی وشەی (کاذبة)ی عەرەبییە، واتە درۆیین، و (کاذبة)ش کـورتکراوەی (الصبح الکاذب)ە، و لەگەڵ ئەمەشدا (الصبح الصادق)هەیە.

الصبح الکاذب : بەو دەمە و بەیانییە دەڵێن، کە لەپێش (الصبح الصادق)دا، دەمێکی کورت دەردەکەوێت و دوای ئەوە نامێنێت، واتە بەیانی درۆیین.

الصبح الصادق : ئەو کاتەیە کە ڕووناکی ڕۆژ لەناو تاریکی شەودا بەباشی دەردەکەوێت.

کلۆج : لـە وشـەی لێکـدراوی (بـە هـیچ کلـۆجی)دا، واتـە: بـەهیچ جـۆری، بـە هـیچ ڕەنگێ، وشەی (کلۆج)، گۆڕدراوی (کل وجە)ی عەرەبییە و سوواوە و چۆتە قاڵبێکی سادە و ئاسانەوە، کە ئەمەیان پتر دەگونجێ لە زمـانی کوردیـدا و، کە وترا بەهیچ کلۆجیێ، گەلێ لە بارتر و ئاسانترە لـەوەی کـە بـوترێ: بـەهیچ کولو وەجهیێ.

گارەگار، گاڵەگاڵ : وشەی گارەگار لە هەولێردا و، وشەی گاڵەگاڵ لە سلێمانیدا، بە واتای دەنگە دەنگ و هەرا و هوریا بەکاردێن، بەڵام (گارەگار) لـە سـلێمانیدا

تایبەتە بە دەنگی مریشك. هەر دوو وشـەی نـاوبراو لـە بنەڕەتـدا گـۆڕدراوی (قال قال)ی عەرەبین.

گفتوگۆ : وشەیەکی لێکدراوە و لەم بەشانە پێکهاتووە:

گفت + و + گۆ.

گفت : گۆڕدراوی وشەی گوفت (= گفت)ە کە چاوگی کرتاوی، گوفتەن (= گفتن)ی. ف. یە، واتە وتن، گوتن.

گـۆ : گـۆڕدراوی، گـوو (= گـو)ی. ف. یـە، کـە ڕەگـی هـەمان چـاوگی (گفتن)ە، کە باسکرا لە فارسیشدا دەڵێن: گوفـت و گـوو (= گفـت و گـو) بـە هەمان مەبەست.

گوێ بیست بوون : چاوگێکی داتاشراوی نوێی نابەجێیە و ئەمڕۆ زۆر بەکاردێت لـە نووسـینداو، لـە ڕادیـۆ و تەلـەفزیۆن و وتووێـژدا دەبیـسترێت لـەجیاتی (بیستن)، کە چاوگێکی سادە و ڕەسەن و زۆر باوی کوردییە، لەباتی ئـەوەی کە بڵێن: (بیستی)، کەچی دەڵێن: (گـوێ بیـستی بـوو)، خـۆ ئەگـەر لەسـەر هەمان دەستوور، ئەم چاوگە سادانە: (گرتن، دیتن، چەشـتن، گەسـتن، .... هتد)، دابتاشین، دەبێ بڵێین: (دەست گـرت بـوون، چـاو دیـت بـوون، زمـان چەشت بوون، دان گەست بوون، .... هتد)، ئینجا بەگوێرەی ئەم داتاشینە، ئەگەر بمانەوێت بڵـێن: (گرتـی، دیتـی، چەشـتی، گەسـتی، .. هتـد)، دەبـێ بڵێین: (دەست گرتی بوو، چاو دیتی بوو، زمان چەشـتی بـوو، دان گەسـتی بوو، ... هتد).

ئایا ئەمە چەندی بە چەندە؟!!

گیروگرفت : وشەیەکی لێکدراوی پێکهاتووە لە:

گیر + و + گرفت.

گیر : ڕەگی چاوگی گرفتەن (= گرفتن)ی. ف. یە. واتە: گرتن.

گرفت : چاوگی کرتاوی گرفتەن (= گرفتن)ە.

لێــدوان دان :   کـوا چـاوگی وا لـه زمـانی کوردیـدا هەیـە؟ ئەمـە چـاوگێکی نـوێی داتاشراوە، لەجیاتی: لێدوان، وتن، قسەکردن بەکاردەهێنرێت. هەنـدێ جـار دەبیسترێت، یان له نووسـیندا بەرچـاو دەکـەوێت و دەڵـێن یـان دەنووسـن: لێدوانێکی دا، لەجیاتی ئەوەی که بڵێن: دوا، وتی، قسەی کرد.

ماسوولکە :   سوواوی وشەی (ماسیولکە)یـە، واتـە ماسـی بـچووك، کـە دوو بەشـە: ماسی + ولکە.

بەشی یەکەم زانراوە و، بەشی دووەمیش پاشگرە و بە مەبەسـتی بـچووك کردنەوە بەکاردێت. بەرامبەر بە وشەی ماسولکە، وشەی (ماینچە)مان هەیە، کـە ئەمــەیان بـۆ ماسـولکەی ئـاژەڵ و مـەڕ و مـاڵات بـەکاردێت و ئەمـەیان گــۆڕدراو و ســوواوی وشــەی (ماهیــچە)ی. ف. یــە، ئــەمیش دوو بەشــە:

ماهی + چە.

ماهی : ماسی.

چە : پاشگری بچووك کردنەوەیە.

وشەی ماسی کوردییە و، مـاهی فارسـییە. وشـەی ماسـی ڕەگ و ریشـەی زۆر کۆنی هەیە لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا و دەگەڕێتەوە بـۆ ئەڤیـستا و هیندی کـۆن، کـە ڕابـوردووی نووسـراوی پـتر لـە سـێ هـەزار سـاڵی هەیـە و هــەروەها لــە شـێوە زمانـەکانی تـری کـوردیش دا هــەمان ڕەسـەنی بەرچـاو دەکەوێت، لێرەدا بۆ نموونە بەراوردێك دەخەینە ڕوو:

ئەڤیـستا ـ maya، پەهلـەڤی ـ māhîk، هینـدی کـۆن ـ mátsya، کـوردی ـ mâsî، بلووچـی ـ mâhîgh, mâhîg, mâhî، ئـەفغانی ـ mâhai، لوڕی ـ mûsî، زازا ـ mâsi، گێلـەکی ـ môhî، مازنـدەرانی و تالشی ـ môï، گەبڕی ـ mûsû، هەورامانی ـ mâs (ãwi).[٣٤]

ماڵ و مناڵ : له زمانی کوردیدا زۆر بـاوە و واتاکەیـشی زانـراوە لێـرەدا نموونەیـەك دەهێنینەوە:

کۆڵێ ماڵ و مناڵت   تەزاندوویەتی باڵت[٣٥]

له زمانی فارسیدا (مال و منال) به واتای، سامان و دارایی هاتووه، لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

گرتو می خواهی که معلومت شود رمزی ازآن
در خرابات من آی و ترك كن مال و منال

* * *

ترك كن مال و منال و دل و جان را در باز
پشت بر خلق كن و روی به درویشان كن

(علاء الدوله‌ء سمنانی، دیوان، ١٧، ٢٠٦)[٣٦]

واتە: ئەگەر تۆ دەتەوێت کە هێمایەکت لەمە بۆ ئاشکرا ببێت، وەرە بۆ وێرانەکەی من، یان مەیخانەکەی من و واز لە ماڵ و سامان بهێنە.

واز لە ماڵ و سامان بهێنە و دڵ و گیان دەربازکە و پشت بکەرە خەڵك و ڕوو بکەرە دەروێشان.

* * *

هەروەها (سیف القضات) دەڵێ:

میل به مال و منال بهرتو واز تو بود
بعد تو بر من حرام گلشن و باغ و عقار[٣٧]

واتە: ئارەزوو بۆ ماڵ و سامان، لەبەر تۆ و، بۆ تۆیە، لەپاش تۆ گوڵزار و باغ و سامان و دارایی لە من حەرام بێت.

هەروەها لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێران ـ دانانی ریپکا و ... هاتووە:

..... وی نەدر پی جاه و مقام بود، نەخواهان مال و منال .... [٣٨]

واتە: .... ئەو نە بەدوای پلە و پایەوە بوو، نەئارەزووی سامان و دارایی دەکرد ....

(مال و منال) عەرەبییە و چۆتە زمانی هەندێ لە نەتەوە ئیسلامییەکانەوە بە هەمان واتا عەرەبییەکەی و، هەندێ نموونەمان بۆ هێنایەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەنگ و واتاکەی گۆڕاوە و بووە بە (ماڵ و مناڵ، ماڵ و

منـدالّ) و بەشـی دووەمەکـەی، کـە (منـال)ە بـووە بـە (منـالّ، منـدالّ) و ئەمڕۆیش وشەیەکی زۆر باوە لە زمانەکەماندا.

ماندوونەناس : وشەیەکی داتاشراوی نوێیە لە زمانی کوردیدا، بەمەبەستی ئـەوە بـەکاردێت: کەسـێ کـە مانـدوێتی نـەزانی و مانـدوو نـەبێت و زۆر بەرگـەی ماندوێتی بگرێت، وشەکە دوو بەشە و هەردووکیان کوردین و زانـراون، بـەلاّم لە ڕاستیدا ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مەبەستە، ئەگەر وشەی (ماندوونـەناس) لێکبدەینەوە، واتە: ئەو کەسەی کە ماندوو ناناسێت.

ماندوو : ئـەو کەسـەیە کـە مانـدوو بـووە و ماندوونـەناس، ئـەو کەسـەیە، ئەوەی کە ماندوو بێت نایناسێت، دیارە ئەمە واتایەکی ئـەوتۆ نابەخـشێت و دوورە لـە مەبەسـتەوە. وشـەی (ماندوونـەناس) گوایـا وەرگێڕانـی وشـەی خەستە ناپەزیر (= خسته ناپـذیر)ی. ف. یە، وسێ بەشە:

خەستە + نا + پەزیر

خەستە : ماندوو.

نا : ئامرازی نەفییە.

پەزیر = پـەذیر : ڕەگـی چـاوگی پـەزیر و فتـەن (= پزیـرفتن)ی. ف. یـە، واتە: دان پێدانان، قوبوولّ کردن.

کەواتـە، خەسـتە ناپـەزیر (=خـستە ناپــذیـر) ئـەو کەسـەیە کـە دان بـە ماندوێتیدا نانێت و ماندوێتی قوبوولّ ناکات. نا بەو جـۆرەی کـە لـە کوردیـدا داتاشراوە، وەکو باس کرا.

ملاّك = **مراك** : واتا کەوچك، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا (ملعقە)ی عەرەبییە و، چۆتە زمـانی فارسیـشەوە بەشـێوەی مەلاقـە (= ملاقـە) و لـە فارسـیدا بـە واتـای کەوچکی گەورە بەکاردێت، ئێمە لە کوردیدا پێی دەڵێین (ئەسـکوێ) کـە لـە کەوچك گەورەتر و قووڵترە و بۆ تێکردنی شۆربا و شتی شلە بەکاردێت.

مەحموودی بێزەواد = **مەحمووی بێزەواد** : ئەمە لە زمانی کوردیـدا بـاوە و دیارە بە چ مەبەستێ بەکاردێت و لە پەندی پێشیناندا بەکاردێت و دەڵێن:

ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نییە

ئەمە بە یەکێك ئەوترێ کە لە شتێك بێ ئاگا بێ.[٣٩]

لەم وشە لێکدراوەدا، هەردوو وشەکە لە بنەڕەتدا عەرەبین و لە کوردیدا ئەو گۆڕانەی بەسەرداهاتووە، بابزانین (مەحموود) چییە و (بێزەواد) چییە؟

مەحموود : گۆڕدراوی وشەی : مەعبوود (= معبود)ی. ع.ە، واتە: پەرستراو، کە مەبەست خوایە.

زەواد : گۆڕدراوی وشەی: زەوال (= زوال)ی. عەرەبییە، واتە لەناوچوون، نەمان. بێزەواد (= بێ زوال): ئەوەی کە لەناوناچێ و نەمر و هەمیشەییە، کە مەبەست خودایە.

کەواتە، مەحموودی بێزەواد: گۆڕدراو و سوواوی مەعبوودی بێ زەوالە، واتە: ئەو خوایەی کە هەر هەبووە و هەر هەیە.

مێخەك : زانراوە و دوو بەشە:

مێخ + ك.

مێخ : بزمار، بەلاّم ئەمڕۆ بەو شیشە ئاسنە، یان دارە نووك تیژە دەوترێت کە نزیکەی ٣٠سم درێژە و دادەکوترێ بە دیواردا بۆ هەڵواسینی شت، یان دادەکوترێت بە زەویدا، بۆ بەستنەوەی ئەسپ و کەر و گا و .... هتد.

ك : پاشگرە بۆ مەبەستی بچووك کردنەوە بەکاردێت.

وشەی مێخەکیش لە بزمارێکی بچووك یان لە مێخێکی بچووك دەچێت، بۆیە پێی دەڵێن: مێخەك.

ناڵبەند : زانراوە، دوو بەشە:

ناڵ + بەند.

ناڵ : سوواوی وشەی (نعل)ی عەرەبییە.

بەند : ڕەگی چاوگی، بەستەن (= بستن)ی. ف. یە. واتە: بەستن. بەڵام ڕەگی چاوگی (بەستن)ی کوردی (بەست)ە.

نــاوزەد = **ناوزەنـــد** : وشەیەکی داتاشراوی نوێیە، لە زمانی کوردیدا، گوایا هەڵگەڕاوەی وشەی نامزەد (=نامزد)ی. ف. یە، و بەم واتایانە هاتووە: ناوبراو، کەسێکی دیاری کراو بۆ کارێ، دامەزراو، دەزگیران.

وشەی ناوبراو لە هەر دوو زمانەکەدا دوو بەشە:

ناو + زەد ، نام + زەد.

ناو : (نام)ە لە فارسیدا.

زەد : چاوگی کرتاوی، زەدەن (= زدن)ی. ف. یە، واتە: لێدان.

ئەمە ماوەی چەند ساڵێکە وشەی (نام زد)ی فارسییان کردووە بە (ناوزەد)، لە ماوەیەکی زۆر کەمیشدا بووە بە (ناوزەند)، ئینجا خوا دەزانێ لەپاش ماوەیەکی تر (ناوزەند) دەبێ بە چی؟!

ناياب : وشەیەکی باوە و زانراوە لە زمانی کوردیدا، و دوو بەشە:

نا + یاب.

نا : ئامرازی نەفییە.

یاب : ڕەگی چاوگی یافتەن (= یافتن)ی. ف. یە، واتە دۆزینەوە، پەیداکردن، بە دەست هێنان.

کەواتە هەر شتێ کە دەگمەن بێت و بە ئاسانی دەست نەکەوێت نایابە.

نشین : لە وشەی: (جێ نشین، خانەنشین، .... هتد)ی کوردیدا بەکاردێت و نشین: ڕەگی چاوگی نیشستەن (= نشستن)ی. ف. یە، واتە دانیشتن.

نمایش : وشەیەکی نوێی ئەم سەردەمەیە لە زمانی کوردیدا، واتە: پیشان دان، دەرخستن. وشەی نمایش دوو بەشە:

نمای + ش.

نمای = نەمای + ش.

نەمای : ڕەگی چاوگی نـەموودەن (= نمـودن)ی. ف. یـە، واتـە: پیـشان دان، دەرخستن، ئاشکرا کردن، هەروەها بە واتای کـردنیش دێـت لـە کۆتـای کاری لێکدراوی فارسیدا.

ش : پاشگرە و کاتێ کە دەچێتە سەر ڕەگ ناوی چاوگ دروست دەکات.

نوشتە : دوعا، چەند ئایەت و خواستێکە، کە لەسەر پارچە کاغـەزێ دەنوسـرێت و دەپێچرێتەوە و بەرگی موشەممای تێدەگیرێت، بۆ پیرۆزی و خۆپاراسـتن لـە بەلاّ و ... هتد، بەکاردێت. دیارە ئەم وشەیە لە نەویشتە (= نوشـتە)ی. ف. وە، وەرگیراوە، کە بە واتای (نووسراو) دێت، لە زمانی فارسیدا، (نوشـتە)ی کوردیش هەر جۆرە نووسراوێکە وەکو باس کرا. (نوشتە) پێکهاتووە لـە دوو بەش: نوشت + ە.

نوشت : چاوگی کرتاوی نەویشتەن (= نوشتن)ی. ف. یە، واتە: نووسین.

ە : پاشگرە.

نەوسن : چـلێس، ئـەو کەسـەی کـە زۆر ئـارەزووی خـواردنی هـەبێت، وشـەکە دوو بەشە: نەوس + ن.

نەوس : سوواوی وشەی (نفس)ی. عەرەبییە.

ن : پاشگرە، و واتای زۆریی ئەو وشەیە دەبەخشێت کە دەچێتە سەری.

وەرزش : وشەیەکی باو و زانراوە لە زمانی کوردیدا و دوو بەشە: وەرز + ش.

وەرز : ڕەگـی چـاوگی وەرزیـدەن (= ورزیـدن)ی. ف. یـە، واتـە وەرزش کردن، کارکردن، تێکۆشان، هەوڵدان.

ش : پاشگرە و لەگەڵ ڕەگدا ناوی چاوگ دروست دەکات.

هەسـت و نەسـت : گۆڕدراو و سـوواوی وشـەی هەسـت و نیـست (= هـست و نیست)ی. ف. یە، هەست و نیست: بریتییە لە هەموو دارایی مەردوم

((هەست و نیست)) فیسارم بە دەستە. (خاڵ)

لـه زمـانی فارسـیدا هەسـت و نیـست (= هـست و نیـست) واتـە: بـوون و نەبوون، دارایی و دەست کورتی، سامان و هەژاری.

سەیر ئەوەیە، وشەی (نەست) کە گۆڕدراوی (نیست)ە و، نیـستیش واتـە: نییە، کەچی ئەمە چەند ساڵێکە بەکاریدەهێنن بە واتای ناخ و دەروون.

یاریکەر = **یـاریزان** : مـاوەی چـەندەها سـاڵە ئـەم (یاریکـەر)ەیـان کـردووە بـە (یـاریزان)، تـەنها لەبـەر ئـەوەی کـە کۆتـایی دێـت بـە (کـەر)، بـەکارهێنانی ئەمەیان بە عەیب و شوورەیی داناوە، چونکە وایان زانیوە کە ئـەم (کـەر)ە، بە واتای (گوێدرێژ) هاتووە و گۆڕیویانە بە (زان)، کە ڕەگی چاوگی (زانین)ە و، بەم جۆرە وشەی داتاشراوی (یاریزان)یان دروست کردووە. ئەم (کـەر)ە، لە کۆتایی زۆر وشەی تری کوردییەوە هاتووە، چ لە ئەدەبی کۆنماندا، چ لـە شێوە جیاجیاکانی زمانەکەماندا، بەشێوەیەکی ئاسایی هـەر لـە زۆر کۆنـەوە بەکارهاتووە و، ئێـستاش هـەر بـەکاردێت، بـۆ نموونـە: ڕاوکـەر، چێـشتکەر، نانکەر، سواڵکەر، کارەکەر، ئیشکەر، ... هتد.

بابزانین ئەم (کـەر)ە چییە و لـە چـییەوە هـاتووە؟ ئـەم (کـەر)ە ڕەگـی کـۆنی چـاوگی (کـردن)ە و، تـا ئـەمڕۆ لـە زمانەکەمانـدا ماوەتـەوە و بەکارهێنانیشی زۆر ئاساییە لەگەڵ وشەدا، لەبەر ئـەوەی کـە ڕابوردوویـەکی پتر لە سێ هەزار ساڵی هەیە، ئەمە بۆتە هۆی ئـەوەی کـە ڕەسـەنایەتییەکی زۆر گرنگـی هـەبێت، لـەم بارەیـەوە بـیروڕای (م. کلێمـان هـوار M.Clement Huart) دەخەینـە ڕوو، کـە لـە ئـەنجامی کـار و لێکۆڵینەوەیەکی زۆردا، باوەڕی وایە، کە زمانی ئەڤیـستا، زمـانی مادەکانـە. (هـوار) شـیوە زمـانی چـوارینەکانی بابـا تـاهیری لـوڕ، دەباتـەوە بـۆ سـەر ئەڤیستا و هەوڵ دەدات، ئەوە بسەلمێنێ کە چەند شێوەیەك لە شێوە زمانە جۆراوجۆرەکـان، لـە شـوێنە دوور و شـاخاوییەکانی ئێـران، بەتایبـەتی لـە ڕۆژئـاوای ئێرانـدا، واتـە مـاد، (کـە کوردسـتانی ئێـران دەگرێتـەوە) بـەکاردەهێنرێت، لـە ئەڤیـستاوە هـاتوون و دەچـنەوە سـەر ئەڤیـستا، بـەم

شێوه زمانانه دەوترێت (مادی نویَ) ـ ئینجا هوار دەڵێ: لەم شێوه زمانانەدا (کەر) ڕەگی چاوگی (کردن) و لە ئەڤیستایشدا هەروایە و، وەکو خۆی ماوەتەوە. پرۆفیسۆر ئیدوارد براون لەم بارەیەوە دەڵێ: بەگوێرەی ئەم بۆچوونە زانستییە، توانا و داهێنان و بۆچوونی وردی (هوار)مان بۆ دەردەکەوێت، کە هێشتا لە ئێراندا، چەندەها شێوه زمان هەیە، کە زمانی ئەڤیستامان پێدەناسێنێت و لەوانەیش شێوه زمانی چوارینەکانی بابا تاهیرە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی یانزەهەمی زایین.[٤٠]

لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیرانمان دەخەینە ڕوو، کە (کەر)ی ڕەگی کۆنیچاوگی (کردن)یان بەکارهێناوە.

بابا تاهیر دەڵێ:

تەکە زوونی بە موو چارە بیا موز
کە ئێن تیرە شەوان واکی (کەر)ەم روز[٤١]

واتە: تۆ کە دەزانی چارەیەکم فێر بکە، کە ئەم شەوە تاریکانە لەگەڵ کێ ڕۆژ بکەمەوە.

بشوم ئالا لە زاران دل (کەر)ەم شاد
دیم ئالالە هەم داغی تە دیرە[٤٢]

واتە: بچم بۆ ناو گوڵاڵە زاران دڵ شاد بکەم، بینیم گوڵاڵەیش داغی تۆی پێوەیە.

ز دووشەم باری ئەرباری نەگیری
(کەر)ی سەر باری باروم تاکەی و چەند[٤٣]

واتە: ئەگەر جاریَ باریَ لەسەر شانم هەڵنەگریت، تاکەی و چەند باری تر دەخەیتە سەر شانم.

صەیدی هەورامی دەڵێ:

شەماڵ وێت (کەر)ە بە زوانوومن
واچە بە شیرین سۆی چە مانوومن[٤٤]

واتە: ئەی بای شەماڵ بە زمانی منەوە بڵێ بە شیرین: ڕووناکی چاوم.

مەولەوی دەڵێ:

جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون

مدۆ وە چەمدا بـەڵام چێش (کەر)وون[٤٥]

واتە: لە دووریت دەروونم پڕە لە شـەپۆلی دەریـای خـوێن، ئـەو شـەپۆلانە دەدات بە چاوەکانمدا، بەڵام من چی بکەم.

خانای قوبادی دەڵێ:

وێنـــەی نیــزامی ســـەیقــەل دەر زەینـــم

بە سورمەی دانش ڕەوشەن (کەر) عەینم[٤٦]

واتە: وەکو نیزامی بیر و هۆشم زاخا و بدەرەوە، یان بیر و هۆشم سـاف و بێگەرد بکە، بە کلی زانست چاوم ڕووناك بکەرەوە.

دەبـێ ئـەوە بـزانین کـە جیـاوازیش هەیـە لـە واتـای وشـەی (یاریکـەر) و (یـاریزان)دا، یاریکـەر، ئـەو کەسـەیە کـە یـاری دەکـات، یـان پیـشەی یـاری کردنە، بەڵام یاریزان، ئەو کەسەیە کە یـاری دەزانێـت و مـەرجیش نییـە کـە یــاری بکــات، خــۆ ئەگــەر وشــەی (یــاریزان) بــەکاربهێنرێت بــە مەبەســتی (مـدرّب)ی عـەرەبی، تـا ئەندازەیـەك باشـترە لـەو واتایـەی کـە ئێـستا بـۆی بەکاردەهێنرێت.

ئــەوەی کــە لێــرەدا ســەرنج ڕادەکێــشێ، ئەوەیــە، دەســتکاری کردنــی وشەیەکی کوردی کە مۆرك و ڕەسـەنایەتی پـتر لـە سـێ هـەزار سـاڵ لەمـەو پێشی پێوەیە، گۆڕین و گوم کردنی ئەو تایبەتمەندییە گرنگەی کە هەیـەتی، کارێکی زۆر نابەجێیە و ستەمێکە لە زمانەکەمان دەکرێت.

پەراوێزەکان

١ــ برهـان قـاطع ـ باهتمـام دکـتر محمـد معـین ـ چـاپ دوم ـ ١٣٤٢ بـه سـرمایه کتابفروشی ابن سینا ـ تهران.

٢ـ سەرچاوەی پێشوو.

٣ـ منتخب قابوسنامه ـ باهتمام آقای سعید نفیسی ـ ١٣٢٠ سر آغاز، ص٣٢.

٤ـ فرائد الادب در نظم و نثر منتخب ـ تالیف عبدالعظیم قریب ـ چاپ ششم، تهـران، ١٣١٧ ـ ص٨٧ـ ص٨٨.

٥ـ قابوسنامه ـ عنصر المعالی کیکـاووس بـن اسـکندر بـن قـابوس بـن وشمگـیر بـن زیار ـ باهتمام غـلا محسین یوسـفی، انتـشارات علمـی و فرهنگـی ـ چـاپ نهـم، تهران ١٣٧٧، ص١٧ـ ص٢١٧.

٦ـ برهان قاطع.

٧ـ شرح احوال و آثار دو بیتی های بابا طاهر عریان ـ سلسله انتشارات انجمن آثار ملی ـ ١١٣، چاپ دوم، به کوشش دکتر جواد مقصود، ١٣٥٤ خورشیدی، ص١١١.

٨ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ل١١٩.

٩ـ شیرین و خوسـرەو ـ خانـای قوبـادی ـ محەمـەدی مـەلا کـەریم، چـاپخانە کـۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا، ١٩٧٥، ل١٧٧.

١٠ــ گـرِی دەروون ـ د. عابـد سـیراجەددین نەقـشبەندی ـ بـەرگی سـێیەم، ئامادەکردنی: ئەسعەد نەقشبەندی، کوردستان ـ ٢٠٠٥، ل٨٩.

١١ــ فـرهنگ ده هـزار واژه از دیـوان حـافظ ـ باهتمـام دکـتر ابـو الفـضل مـصفی، شرکت انتشارات پازنگ ـ چاپ اول، تهران ١٣٦٩.

١٢ـ شرح غزلهای حافظ ـ نوشـته دکـتر حـسینعلی هـروی، مجلـد دوم، نـشر تنـویر، چاپ پنجم ـ تهران ١٣٧٨، ص١٠٠٠.

١٣ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ل١٠٠٠.

١٤ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ١٧٤٠.

١٥- اوستاكهن ترين سرود هاى ايرانيان - گزارش و پژوهش: جليل دوستخواه - انتشارات مرواريد، چاپ هفتم، ١٣٨٢ تهران، ص٩٨٨- ص٩٨٩.
١٦- سەرچاوەی پێشوو - ل٩٨٣.
١٧- سەرچاوەی پێشوو - ل ١٠٥٨.
١٨- سەرچاوەی پێشوو - ل ١٠٥٧.
١٩- ديوانی گۆران - بەرگی يەكەم - محەمەدی مەلا كەريم. چاپخانەی كۆڕی زانياری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٣٦.
٢٠- فرهنگ فارسى - دكتر محمد معين - شش جلدى - موسسه انتشارات امير كبير - تهران، ١٣٧٥، چاپ نهم.
فرهنگ بزرگ سخن - دكتر حسن انورى - تهران ١٣٨٢، چاپ دوم انتشارات سخن.
٢١- هەنبانە بۆرينە، فرهنگ كردى - فارسى - هەژار، چاپ اول: ١٣٦٩ - تهران، سروش.
٢٢- ديوان گۆران - ل١٢٩.
٢٣- برهان قاطع.
٢٤- شرح و احوال و آثار دو بيتى بابا طاهر عريان - ل١١١.
٢٥- پەندی پێشينان - شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی سێيەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ٢٠٠٠، ل١٨.
٢٦- امثال و حكم - على اكبر دهخدا، موسسه انتشارات امير كبير، چاپ سوم، ١٣٥٢، تهران - ص٣٤.
٢٧- فرهنگ معين.
٢٨- سەرچاوەی پێشوو.
٢٩- سەرچاوەی پێشوو.
٣٠- اوستا - جليل دوستخواه، ص٩٨٨.
٣١- فرهنگ دانشگر "اعلام" تاليف احمد دانشگر، انتشارات حافظ نوين -١٣٧٠.

٣٢ـ برهان قاطع.
٣٣ـ المعجم التركى ـ العربى، تاليف عبداللطيف بندر و د. ابراهيم داقوقى، وزارة الثقافة و الاعلام ـ ١٩٨٢.
٣٤ـ برهان قاطع.
٣٥ـ فەرهەنگى وشە دوانەكانى زمانى كوردى ـ تاهاى فەيزى زادە، انتشارات صلاح الدين ايوبى، چاپى يەكەم ـ ١٣٦٧.
٣٦ـ فرهنگنامه شعرى ـ تاليف دكتر رحيم عفيفى ـ چاپ دوم سروش ـتهران١٣٦٧.
٣٧ـ پارسى گويان كرد ـ تاليف صديق صفى زاده (بۆرەكەيى) چاپ اول، ١٣٦٦ـ ص٤٤.
٣٨ـ تاريخ ادبيات ايران ـ يان ريپكاو ديگران ـ از دوران باستان تاقاجاريه، ترجمه: دكتر عيسى شهابى، ص٤٠٤، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، چاپ دوم، ١٣١٨ ـ تهران.
٣٩ـ پەندى پێشينان ـ خاڵ، ل٢٣.
٤٠ـ تاريخ ادبى ايران، جلد اول، تاليف پروفيسور ادوارد بروان ـ ترجمه و تحشيه و تعليق: على پاشا صالح، چاپ دوم ـ انتشارات كتابخانه ابن سينا ـ تهران ١٣٣٥، ص٤٣ـ ٤٤.
٤١ـ شرح احوال و آثار دو بيتى بابا تاهير ـ ص١١٥.
٤٢ـ سەرچاوەى پێشوو ـ ل١٤٦.
٤٣ـ سەرچاوەى پێشوو ـ ل١١١.
٤٤ـ ديوانى صەيدى: ١١١٩ـ١٢٦٥ كۆچى ـ محمد ئەمين كاردۆخى، بە يارمەتى وەزارەتى كاروبارى ژوورو ـ ١٩٧١، ل١٤٠.
٤٥ـ ديوانى مەولەوى: حەسەن گۆران، موحەمەدحيجازى، دەزگاى رۆشنبيرى گۆران ـ چاپى يەكەم ـ ٢٧٠٤ كوردى، ل١٩٧.
٤٦ـ شيرين و خوسرەو ـ خاناى قوبادى ـ محەمەدى مەلا كريم، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد ـ بەغدا، ١٩٧٥ ـ ل١٤.

سەرچاوەکان

کوردییەکان:

١- پەندی پێشینان - شێخ محەمەدی خاڵ - چاپی سێیەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ٢٠٠٠.

٢- دیوانی صەیدی: ١١١٩_١٢٦٥ کۆچی، محەمەد ئەمین کاردۆخی، بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری ژوورو، ١٩٧١.

٣_ دیوانی گۆران - بەرگی یەکەم - محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٤- دیوانی مەولەوی - حەسەن گۆران - موحەمەد حیجازی، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران - چاپی یەکەم - ٢٧٠٤ کوردی.

٥- شیرین و خوسرەو - خانای قوبادی - محەمەدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٦- فەرهەنگی خاڵ - نووسراوی شێخ محمدی خاڵ، سلێمانی چاپخانەی کامەران - ١٣٩٤ك - ١٩٧٤ز.

٧- فرهنگ مردوخ - مصور - کردی، فارسی، عربی - تالیف: فاضل شهیر حضرت آیت الله آقای شیخ محمد مردوخ کردستانی - ناشر: غریقی سنندجی. چاپخانه حیدری - بهار ١٣٦٢.

٨- فەرهەنگی کوردستان - گیو موکریانی - ١٩٩٩ - دەزگای ئاراس.

٩_ فەرهەنگی وشە دوانەکانی زمانی کوردی - تاهای فەیزی زادە - انتشارات صلاح الدین ایوبی - چاپی یەکەم، ١٣٦٧.

١٠- گڕی دەروون - د. عابد سیراجەددین نەقشبەندی - بەرگی سێیەم، ئامادەکردنی ئەسعەد نەقشبەندی، کوردستان، ٢٠٠٥.

١١_ هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی - فارسی، هەژار، چاپ اول، ١٣٦٩تهران - سروش.

فارسییەکان:

١٢ـ امثال و حکم ـ علی اکبر دهخدا ـ موسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، ١٣٥٢، تهران.

١٣ـ اوستا کهن ترین سرودهای ایرانیان، گزارش و پژوهش جلیل دوستخواه، انتشارات مروارید، چاپ هفتم، ١٣٨٠ تهران.

١٤ـ برهان قاطع ـ باهتمام دکتر محمد معین ـ چاپ دوم ـ ١٣٤٢ به سرمایه کتابفروشی ابن سینا ـ تهران.

١٥ـ پارسی گویان کرد ـ تالیف صدیق صفی زاده (بۆرەکەیی) چاپ اول.

١٦ـ تاریخ ادبیات ایران ـ یان ریپکاو دیگران ـ از دوران باستان تاقاجاریه، ترجمه: دکتر عیسی شهابی، ص٤٠٤، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ دوم، ١٣١٨ ـ تهران.

١٧ـ تاریخ ادبی ایران، جلد اول، تالیف پروفیسور ادوارد بروان ـ ترجمه و تحشیه و تعلیق: علی پاشا صالح، چاپ دوم ـ انتشارات کتابخانه ابن سینا ـ تهران ١٣٣٥.

١٨ـ شرح احوال و آثار دو بیتی های بابا طاهر عریان ـ سلسله انتشارات انجمن آثار ملی ـ ١١٣، چاپ دوم، به کوشش دکتر جواد مقصود، ١٣٥٤ خورشیدی.

١٩ـ شرح غزلهای حافظ ـ نوشته دکتر حسینعلی هروی، مجلد دوم، نشر تنویر، چاپ پنجم ـ تهران ١٣٧٨.

٢٠ـ فرائد الادب در نظم و نثر منتخب ـ تالیف عبدالعظیم قریب ـ چاپ ششم، تهران، ١٣١٧.

٢١ـ فرهنگ بزرگ سخن ـ هشت جلدی ـ دکتر حسن انوری، تهران ١٣٨٢، چاپ دوم، انتشارات سخن.

٢٢ـ فرهنگ دانشگر "اعلام" تالیف احمد دانشگر، انتشارات حافظ نوین ـ١٣٧٠.

۲۳ـ فـرهنگ ده هـزار واژه از دیـوان حـافظ - باهتمـام دکـتر ابـو الفـضل مـصفی، شرکت انتشارات پازنگ - چاپ اول، تهران ۱۳٦۹.
۲٤ـ فـرهنگ فارسـی - دکـتر محمـد معـین - شـش جلـدی - موسـسه انتـشارات امـیر کبیر - تهران، ۱۳۷۵، چاپ نهم.
۲۵ـ فرهنگنامه شعری - تالیف دکتر رحیم عفیفی - چاپ دوم سروش - تهران۱۳٦۷.
۲٦ـ قابوسنامه - عنصر المعالی کیکاووس بن اسکندر بـن قـابوس بـن وشمگـیر بـن زیار - باهتمام غـلا محـسین یوسـفی، انتـشارات علمـی و فرهنگـی - چـاپ نهـم، تهران ۱۳۷۷.
۲۷ـ منتخب قابوسنامه - باهتمام آقای سعید نفیسی - ۱۳۲۰ سر آغاز، ص۳۲.

<u>تورکییەکان:</u>

۲۸ـ المعجم الترکی - العربـی، تـالیف عبـداللطیف بنـدر و د. ابـراهیم داقـوقی، وزارة الثقافة و الاعلام - ۱۹۸۲.

ملخص البحث

شرح وتجزئة ومقايسة لمجموعة من المفردات

د. محمد نوري عارف

البحث دراسة لمجموعة من المفردات والمصطلحات اوردتها كنماذج مختارة ضمن هذه الدراسة المختصرة، علماً بأن الكثير منها مفردات مركبة او مشتقة ترجع الى اصول عربية او فارسية او اشتقت مشوهة من اللغة الكردية او كردية اصيلة.

إنّ الباحث قارن شارحاً بعض هذه المفردات مع اللغات الهندو- اوروپيه موضحاً التغييرات التي طرأت عليها علماً ان بعض هذه المفردات يرجع تاريخها الى ماقبل الاسلام والميلاد مما يثبت لنا قِدَم واصالة اللغة الكردية.

Abstract

A comparative study of a group of words

Dr. M. N. Arif

The study is about a list of words and terms, mentioned as pattern, though most of them are derivational or compound words of Arabic or Persian origin, even some of them are originally Kurdish or derived distortedly from Kurdish.

The researcher compares these words with Indo-European group of languages shedding light upon changes and modifications came about.

Some of these words have been used before Islam which proves the authenticity and antiquity of our language.

کورد لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

"شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری: ١٨٨٠"

إفتتاح ناصری

نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ

١٢٩٨ کۆچی – ١٨٨٠ ز

و: لە فارسییەوە

محەمەد حەمە باقی

بەرایی-١ - ئەگەر مەڵبەندە زۆر و جیاجیاکانی کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەی مێژوویی لە ئێراندا، ئامارێکی زۆری بەڵگەنامەی هەمەبابەتەی ژیانی کوردیان تێدا پارێزراو بێ، بەڵام لە ناو ئەو بابەتانەدا، هیچ بابەتێکیان ئەوەندەی بابەتی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠ز) زۆر نین، چونکە هێشتا هیچ یەکێك لەو چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش و بزووتنەوە ئازادیخوازانەی گەلی کورد (کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویانداوە)، بەئەندازەی شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠ز)، لە لایەن شا و سوڵتانی دەوڵەتانی دراوسێ و سیاسەتمەدارانی دنیاوە، جێی گرنگیی پێدان و هەڵوێست وەرگرتن و سەرنج لێدان نەبوون و لە هەمان کاتیشدا هیچیان ئەوەندەی ئەم شۆڕشە، ڕاپۆرت و نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسییان لە لایەن نووسەرانی بیانی و کوردەوە لە بارەوە نەنووسراوە و هیچیشیان ئەوەندەی ئەم شۆڕشە و ڕابەرەکەی، بەڵگەنامەی لە ئەرشیفەکانی دنیادا لە دوا بەجێ نەماوە، کە بێگومان هۆی سەرەکی ئەم گرنگیی پێدان و نووسینە زۆرە؛ هەر دەگەڕێتەوە بۆ جۆری بەرنامە و سیستەم و هەڵبژاردنی جوگرافیای ڕاپەڕینەکە و جۆری هەڵکەوتن و بیرکردنەوەی تازە و هاوچەرخانەی ڕابەرە هۆشیارەکەی، کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە.شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کە لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا، وەك ڕابەرێکی ئایینی و سیاسەتمەدارێکی سەردەمی تازە، دەدرەوشێتەوە؛ کۆمەڵگەی کوردی، لەوپەڕی ژێردەستیی و پەرتەوازەیی و لێکدابڕان و هەژاریی و ژێر باری

زوڵم و زۆرداریی و باج و سەرانە و بێ کاریی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا دەینالاند. هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیش، کە نزیکەی چوار سەدە، لە ململانێ و شەڕێکی پچڕ پچڕی بەردەوامدا دەژیان، لە لایەکەوە زۆربەی شەڕ و بەیەکدادانەکانیان لەسەر خاکی کوردستان و لەسەر ئەستۆی مەزنان و ئێڵ و جەماوەری کوردستان بووە؛ کە جەماوەری کوردیش بەئارەزووی خۆیان بووبێت، یان بەزۆرەملێ، لەم شەڕانەدا تێوەگلاون و بوونەتە سووتەمەنی و پاشکۆی یەکێك لەم دوو دەوڵەتە و چونکە کوردستانیش کەوتبووە نێوان هەردوو دەوڵەتەوە، بوو بەیەکێك لە ڕێگە سەرەکییەکانی لەشکرکێشییە گەورەکانی هەردوو دەوڵەت، بۆ پەلاماردانی شار و مەڵبەندە ستراتیژی و گرنگەکانی یەکتری. لە ئەنجامی ئەمەشدا، ئاواییەکانی کوردستان وێران بوون، سامانی بەتاڵانی لەشکری داگیرکار دەبرا. بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵی دەفەوتا، زەرەری گیانیی زۆری لێ دەکەوت.(١) ئەم داروبارەش هەمیشە کوردستانی کردبووە مەیدانێکی وێرانە و کاولی زۆرانبازیی ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزە و ئەمەش هەمیشە دەبووە مایەی زیاتر دواکەوتنی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی" کۆمەڵگەی کوردەواری؛ کە سەرەڕای ئەمانەش، هەر ئەم دوو دەوڵەتە، لە دوای هەموو شەڕ و بەیەکدا هەڵپژانێکدا؛ کە بەڕێگەی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە، دوایی هاتووە، ئاکامەکانی مەرج و داخوازیی هەریەکەیان لەوی تر؛ بەبارێکی گرانتر، بۆ سەر کوردستان گەڕاوەتەوە.لە سەرەتای سەدەی پازدەهەم و دروستبوونی دەوڵەتی ئێران؛ واتە: دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١ز) و هەوڵدانی شا ئیسماعیلی یەکەم (١٤٨٧ز — ١٥٢٤ز)، بۆ فراوانبوونی سنووری دەسەلاتی، بەهەر چوار دەوری دەوڵەتەکەیدا و بۆ پەرەپێدان و بەزۆر سەپاندنی مەزهەبی شیعە (کە لە یەکەمین ڕۆژی شاهێتی خۆیەوە، شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەت)، لە زستانی ١٥٠٦ بەدواوە، لەو هێرش و لەشکرکێشییەدا، کە بەناو کوردستاندا بۆ سەر دیاربەکر و مووسڵ و بەغدا (١٥٠٨) و لوڕستانی کرد و داگیر و کاولی کردن؛ دەستی لە هیچ نەپاراست و قەتلوعامێکی ڕەشۆکییانە و بەربلاوی موسڵمانانی سوننی مەزهەبی کرد.(٢)ئەم کارانەی شا ئیسماعیل، هەڕەشە و

مەترسییەکی ڕاستەوخۆی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست کرد و سوڵتان سەلیم (١٥١٢ – ١٥٢٠ز)ی عوسمانیش لە ساڵی ١٥١٤ز- دا، بەلەشکرێکی گەورەوە، کە بەشێکی کوردی سونی مەزهەب بوون؛ ئەویش هەر بەناو کوردستاندا هێرشی بردە سەر تەورێز، (ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوی) و سەرانی لەشکری سەفەویش، بۆ بەرگری لە هێرشەکە، بەهێزەکانیانەوە کشانەوە دواوە و لە دوای خۆیشیانەوە، هەموو ئەو ناوچانە، واتە: (کوردستان)یان سووتاند و کاول کرد، تا لەشکری عوسمانی نەتوانێ خۆراکی لەشکر و تفاقی بارەبەرەکانی لێ دابین بکات.(٣)ئەم دوو لەشکرە، لە دەشتی (چالدیران)ی باکووری خۆرئاوای زەریاچەی (ورمێ) بەیەکدا هەڵپژان و دوای شەڕ و کوشتارێکی زۆر، لەشکری سەفەوی شکا و لە ئەنجامی ئەم شەڕەشدا بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی"سەرەڕای ئەمەش؛ لە سۆنگەی پشتیوانیکردنی کوردانی سونی، لە دەوڵەتی عوسمانی، لە دژی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی؛ شاکانی بەرودوای ئێران، ڕقێکی ئەستوور و مێژینەیان لە کورد هەڵگرت و بەڕێوەبردنی هەندێ لە میرنشینە میرایەتییەکانی کوردیان لە مەزنەکانی کورد سەندەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە سوڵتان سەلیم، لە بەرامبەر ئەم پشتیوانییەی کورد، بەراوێژی زانای ناوداری کورد؛ ئیدریس بدلیسی (١٤٥٢ – ١٥٢٠ز)، بەڕێوەبردنی میرنشینە میرایەتییەکانی کوردی بەمیرەکانی کورد سپاردەوە.نموونەی ئەمجۆرە زنجیرە جەنگ و کاولکارییە، کە نزیکەی بیست ساڵێك لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا خایاندی؛ لە ئاکامدا بەڕێکەوتننامەی: ئەماسیە (١٥٥٥ز)ی نێوان شا تەهماسب (١٥٣١ – ١٥٧٦ز) و سلێمان قانوونی (١٥٢٠ – ١٥٦٦ز) دوایی پێ هێنرا، کە بەگوێرەی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، کوردستان بەسەر هەردوو دەوڵەتدا ،دابەش کرا و بەمەش چەندان میرنشینی خۆجێیی نیمچە سەربەخۆی کورد (کە پێشتر هەبوون)؛ ئەوانەی بەری خۆرئاوا و باشووری کوردستان، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئەوانەی بەری خۆرهەڵاتیش، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سەفەوی.خاڵە سەرەکییەکانی ڕێکەوتننامەی (ئەماسیە) لە سەردەمەکانی داهاتوودا و پاش دروستبوونەوەی هەموو زنجیرە شەڕێکی تازەی نێوان ئێران و عوسمانی و

دەستپێکردنەوەی هەموو دانووساندنێکی ئاشتی؛ دەکرانە بنچینەی گفتوگۆ، بۆ ڕێکخستنی ڕێکەوتننامەی تازە.بەڵام ڕێکەوتننامەی لەمە ترسناکتر و دوای نزیکەی ٤٨ ساڵ شەڕ و بەیەکدادانی ناوبەناوی لەشکری عوسمانی و ئێران، ڕێکەوتننامەی ساڵی (١٦٣٩ز) بوو، کە بەڕێکەوتننامەی (زەهاو) بەناوبانگە و بەسەرەتای یەکەمین دابەشکردنی کوردستان دەژمێردرێ. چونکە لەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەو سنوورەی هەردوو دەوڵەت لەسەری پێکهاتبوون، لە ئاخسقەوە، لە قەفقاس بەناو مەڵبەندەکانی؛ کارس، وان، شارەزوور، بەغدا، بەسرا، تا سەر ئاوی کەنداو، بەناوجەرگەی خاکی کوردستاندا ڕادەبوورد و کوردستانی بەدوو بەشەوە دەکرد(٤).دوای زنجیرە شەڕێکی تریش، ڕێکەوتننامەی (١٧٤٦)ی نادر شا (١٦٨٨ — ١٧٤ز) و ڕێکەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم (١٨٢٣ز) و ڕێکەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم (١٨٤٧ز) بەهەمان شێوە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دووپاتە دەبێتەوە.بەڵام لە نێوان ئەم دوو ڕێکەوتننامەیەی دوایی و ڕوونتر، لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، کە ئەم ڕێکەوتنانە بوونە هۆی خاوبوونەوەی گرژیی نێوان عوسمانی و قاجاری و کەمتر کاریان بەکورد ما؛ ئیتر لە لایەکەوە: سولتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨ — ١٨٣٨ز) و سولتان عەبدولمەجید خان (١٨٣٩ - ١٨٦١)؛ هەموو میرایەتییە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردستانی عوسمانی: سۆران (١٨٣٧)، بابان (١٨٥١)، بادینان (١٨٣٤)، هەکاری (١٨٤٨)، بۆتان (١٨٤٨)، بتلیس (١٨٤٩) و لە لایەکی تریشەوە محەمەد شای قاجار (١٨٣٤ - ١٨٤٧) میرایەتییە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستانی ئێران: ئەردەڵان، لوڕستان و موکریانیان بەرودوا بەلەشکرکێشی و زنجیرەشەڕ و تێهەڵچوونێکی خوێناوی و کاولکاری تێکدا و لە جێی ئەوان، دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی و قاجارییان تێدا دامەزراندن. بەمەش ئەو هەندە ئازادییەی هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی قاجاری و عوسمانی هەیانبوو، لە دەستیان دا و وەك "کریس کۆچێرا" دەڵێ: "کوردیان بێ سەر هێشتەوە" و (٥) هەردوو دەوڵەتەکەش لە جێی ئەو میرنشینانە، کاربەدەستی ناکوردیان دامەزراند، کە ئەم کاربەدەستانە بێ ئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی: فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی" کۆمەڵگەی

کوردستان تێبگەن، کەوتنە بەڕێوەبردنێکی نەشارەزایانە و بێ بەزەییانە و زاڵمانەی کوردستان و بەئارەزووی خۆیان و بێ پەروا دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیان و باج و سەرانەی زۆرتریان، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەڵکشاوتر دەکرد، چونکە ئەگەرچی ئەم میرنشینانەی کورد، بەهۆی دابەشبوونی سیاسی کوردستان بەسەر دوو دەوڵەتی ناکۆکی سونی و شیعەدا، کە دوو زمانی ڕەسمیی جیاواز و دوو فەرهەنگی جیاواز و پێڕەوی دوو جۆر ڕێکخستنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری جیاواز و تۆپۆگرافی نالەباری ئەرزی کوردستان و" نەیانتوانیبوو هەنگاوی بەرەو هاوکاری و یەکێتی و یەکبوون و دارشتنی کار و بەرنامەی هاوبەش هەڵبگرن و زۆر جاریش بەدنەدان و نەخشەی سەرانی عوسمانی و ئێران؛ شەڕ و بەیەکدادانی خوێناوییان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانی خۆیشیاندا کردووە؛ بەلاّم لە هەمان کاتیشدا، ئەم میرنشینانە لە زۆر سەردەمدا سەرومڕ لە پێناوی دروستکردنی نیمچە سەربەخۆییەکی ناوچەیی و پاراستنی داد و ئاسایش و ئازادی دانیشتووانی سنووری ناوچەکانیان و پارێزگاری کردن و گەشەسەندنی فەرهەنگ و ئەدەب و داب و نەریتی کوردەواریدا، لەشکری ڕێکخراو و چەکدار و ئیدارەی چەسپاویان هەبووە و هەندێکیشیان پارە و سکەیان بەناوی خۆیانەوە لێداوە و لە نوێژی ڕۆژانی هەینیشدا، لەجیاتی ناوی سوڵتانی عوسمانی، ناوی میرەکان هێنراوە و زۆر جاریش هەستی پاکی نەتەوەیی و نیشتمانیی، هانیداون بۆ تەقەللای خۆ ڕزگارکردن لەو دوو هێزە و پێکهێنانی قەوارەی گەورەتری سەربەخۆیی، کە ئەمەیان بەئاشکرا، لە سەرەتای چارەکی دووەم، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، لە چەندان ڕاپەڕین و یاخیبوونی پچڕ پچڕ و ناوچەیی میرنشینەکانی: بۆتان، سۆران و بابانىدا خۆی نواندووە" بۆیە لەناوبردنیان بۆشاییەکی گەورە و ئاشکرای لە دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست کردووە و لەو بۆشاییە گەورەیەشدا، کە نزیکەی چل ساڵێکی خایاندووە، دەسەلاّتی بێگانە؛ چەوساندنەوە و بێدادی و زوڵمی زۆرتری هێناوەتە ناوچەکانیان و شیرازەی ئاسایش و ئۆقرەی ناوچەکانیشیان هەر بەرەو شێواوتر و دواکەوتووتر چووە.ئەم داروبارە، وەك "وەدیع

جویده" دەڵێ: زەمینەی بۆ دەرکەوتنی "شێخ"ەکان وەك ڕێبەرانی سیاسی خۆش کرد، کە دوای سەرکوت و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکان و ئاکامەکانی(٦) ئەو سەرکوتکردنە، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠ – ١٨٥٣ز) بەهۆی بنکەیەکی بەربڵاو و پێشینەی ئاینی بەهێز و زیرەکیی دووربینانەی خۆی و لە ئاکامی بەتەنگەوە هاتن و بەپیرەوەچوونی داخوازیی و تەنگوچەڵەمەکانی خەڵکی کوردستانەوە، لە دەیەی (١٨٧٠ – ١٨٨٠ز)دا دەبێتە بەرجەستەترین کەسایەتی مەزن و دەرەوشاوەی کوردستان و جەماوەریش وەك دەرەتان و بانگەوازێکی تازە و ڕزگارکەر بۆی بنوارێ و هیوای بەرنامە و ئامانجی سیاسی و چارەی کێشەی ڕەوای کوردی لێ بخوازن.دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵا، وەك کەسایەتییەکی دیار؛ نیشانەی هۆشیاری زۆرتری میللی گەرایی (ناسیونالیست)ی کوردە(٧).هەرچەندە پێشتریش هەستی میللی گەرایی لە ناو کورددا هەبووە، (بەڵام قسە ڕاشکاوەکانی شێخ، کە دەیوت: نیازی وایە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ؛ مەبەستی ئەوە بوو، ئەو حکومەتەی بەنیازە دایمەزرێنێ؛ زۆر جیاوازتر دەبێ لەوانەی پێشووتری خۆی؛ واتە: کەسانی وەك (میر بەدرخان بەگی بۆتان، کە مەبەستەکانی هەر لە بازنەی خودموختاریدا دەسووڕانەوە و(٨) لە دەیەی (١٨٢٠)، تا دەیەی (١٨٤٠) سەرومڕ حوکمی بەسەر چەندان ناوچەی خۆرهەڵاتی تورکیا و باکووری خۆرهەڵاتی (ئێستای) عێراقدا دەکرد و هەمان ئەو ناوچانە، دواتر کەوتنە ناو قەڵەمڕەوی حوکمی شێخ عوبەیدوڵڵاوە.بۆیە "وەدیع جویدە" پێی وایە: "دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵا، دەرکەوتنی جۆرە ڕابەرایەتییەکی نوێیە لە ناو کورددا. بەواتە: شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەمین و ڕەنگە گەورەترین ڕێبەری ئاینی - سیاسی کوردستان بێت."شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەردەم گێروگرفتی کەڵەکەبووی خەڵك و زوڵمی بەردەوامی کاربەدەستانی قاجاری و عوسمانیدا، بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی ڕێگەچارەیەك بۆ ڕزگاری خەڵك بدۆزێتەوە.لەم پێناوەشدا کە بەمێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینە بەرودواکانی کورددا دەچێتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەبێ شێوازێکی تازەی خەباتی ڕزگاری بگیرێتە بەر و هاوکاتیش لە دەیەی (١٨٧٠ - ١٨٨٠)دا، گەلانی

ئـەورووپا لـە بوارەكـانی ئـابووریی، سیاسـیی، فەرهـەنگیی و سـپاییدا، بـەخێرایی لـە پێشكەوتندا بوون و (نەتەوە) دەبووە بنچینەی دروستكردنی دەوڵەت و لەم بوارەشدا گەلانی باڵكان بەهۆی پشتیوانیی ڕووسیاوە توانییان دەوڵەتی نەتەوەیی پێك بهێـنن؛ كە بەچاولێكەریی لەم دەرفەت و تاقیكردنەوەیە، گەلی ئەرمـەنی هاوسـێی دێرینـەی كورد، لە دوا جەنگەكانی نێوان ڕووسیا - عوسمانیدا و بەتایبەتیش لە جەنگی ۱۸۷۷ - ۱۸۷۸، بەنهێنی و بەئاشكرا پـشتیوانییان لـە هێرشـی لەشكری ڕووسـیا، دژی دەوڵـەتی عوسمانی كرد و بەپێچەوانەشەوە گەلی كورد لە هەمان ئەو جەنگانە و بەتایبـەتیش لـە دوا جـەنگی ڕووسـی - عوسمانیـدا، شـێخ عوبەیـدوڵلا بـەدەم بانگـەوازی (غـەزا و جیهـاد)ی دەوڵـەتی عوسمانییـەوە دەچـێ و پـشتیوانیی لـە لەشـكری عوسمـانی دژی ڕووسیا دەكـات و جەنگەكـەش بەتێـكشكاندنێكی گـەورەی دەوڵـەتی عوسمـانی دوایـی دێت و بەدوای خۆیدا برسێتیی و هەژاریی و قاتوقڕیی و نەخۆشـیی و پەتایـەكی لـە ڕادەبەدەر دەهێنێ و دەبێتـە مایـەی بێزاریـی و یـاخیبوون و ڕاپـەڕینی جـەماوەر لـە زۆر جێگەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا و لە هەمان كاتیشدا هـەر دوا بـەدوای بڕانـەوەی جـەنگ، لـە سـەرەتای بـەهاری ۱۸۷۸ و لــە هــەردوو ڕێكەوتننامــەی ســان ســتیڤانۆ (۱۸۷۸/۳/۳ز) و بـەرلین (۱۸۷۸/۷/۱۳ز)دا، كـە ئاكامـەكانی جەنگەكـە سـەروبەر دەكـەن، ڕووسـیا لـە پاداشـی ئـەو چاكەیەدا، كـە گـەلی ئەرمـەن بەرامبـەری كـردووە، بەسـەر توركیاوە دەیكاتە مەرج، كە دەبـێ ریفـۆرمێكی شـێوە ئۆتۆنـۆمی لـە ناوچـە ئەرمـەن نـشینەكاندا بـۆ گـەلی ئەرمـەن جێبـەجێ بكرێ و بـەو پێیـەش كـە ئـەو شـوێنانەی ئەرمەنەكان دەیانویـست ئۆتۆنـۆمی تێـدا جێبـەجێ بكـەن، زۆربـەی كوردنـشینەكانی قەڵەمڕەوی عوسمانی بوو؛ ئەمـەش هەلۆێـستێكی دژواری بـۆ كـورد دروسـت دەكـرد. چونكە دوای ئەوەی ڕووسیا و ئینگلستان ئەم مەرجەیان لـە بەنـدی (١٦)ی كـۆنگرەی بەرلیندا دەچەسپێنن، دەوڵەتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش ئینگلـستان پـشتیوانیی ئـەم مەرجـە دەكـەن و گوشـاری جێبـەجێكردنی بـۆ سـەر عوسمـانی دەبـەن.دەوڵـەتی (عوسمانی)ش لەمە زۆر بێزار و تووڕە دەبێ و گەلی ئەرمەن بەمایەی دەستێوەردانی وڵاتانی ئەورووپا لە كاروباری ناوخۆی دەزانێ و بـەدوای ڕێگەچارەیەكدا دەگـەڕێ، تـا

تۆڵە لە ئەرمەن بکاتەوە. بەڵام چونکە لەو کاتـەدا وڵاتـانی ئـەوروپا پـشتیوانییان لـە ئەرمەن دەکرد، نەیـدەوێرا خـۆی ڕاسـتەوخۆ تۆڵـەیان لـێ بکاتـەوە، بـەڵکو دەیویـست دەرفەتی ئەو هەڵچوون و خرۆشانەی گـەلی کـورد بقۆزێتـەوە، کـە کێـشەکەی لەگـەڵ کێشەی ئەرمەندا ئاوقای یەکتر دەبوون و بەمەش لە یەك کاتدا دوو نیـشانی پێکـەوە دەپێکا و کوشتاری گەورە و خوێناوی لە نێوانیاندا ڕووی دەدا.شێخ عوبەیدوڵڵاش بۆ بەپیرەوەچوونی ئەم بارودۆخە نوێیە، لە بەهاری ١٨٧٨دا بانگهێشتنی سـەرانی ناوچـە جیاجیاکـانی کوردسـتان بـۆ بارەگاکـەی خـۆی لـە نـەهری دەکـات و دوای زنجیرەکۆبوونەوەیەکی بەردەوام، کە چەندان مانگ دەخایەنێ، بەڕابـەری و ڕێنـوێنی شـێخ عوبەیـدوڵڵا چـەند بڕیـارێکی گـرنگ دەدرێ: ١- کـاری سیاسـیی و ناسـاندنی کێشەی ڕەوای کورد بە دەوڵەتان دەست پـێ بکـرێ، بـۆ ئـەوەی بـەر لـە کۆکردنـەوەی هێز و لەشکر، بەڕێگەی دیالۆگ و ناردنی نوێنەر و نامە بۆ لای بـاڵوێز و نوێنـەرانی ئـەوروپا و ڕووسـیا و تەنانـەت بـۆ لای سـەرانی قاجاری و عوسمـانی؛ کێـشەی ڕەوای کوردیان بخرێتە بەردەم و ئـەو وێنـە بـەزۆر ناشـیرین کـراوەی کـورد، جـوانتر نیـشان بدەن، کە گـەلی کـورد نەتەوەیـەکی ئـازادی و ئاشـتیخوازە و نایـەوێ زیـانی بـۆ هـیچ کەس هەبێ و بۆ ئەوەش دڵنیابن شیاوی ئەوەیە، خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە ببـات، بۆ ماوەیەکی دیـاریکراو دەرفـەتێك بـەکورد بـدرێ و تـاقی بکرێتـەوە. ئەوسا ئەگـەر نەیتوانی خۆی بەڕێوە ببات، یان زیـانی بـۆ دەرودراوسـێی هـەبوو، ئـەوا ئامادەیـە لـە دادگاریەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێـت. ٢- یەکـەمین ڕێکخـراوی سیاسـیی کـوردی، بەناوی (یەکێتی کوردان)، یان (کۆمەڵی کوردان) دروست بکرێ. ٣- خەبات بۆ ڕزگاری لـە دەسـەڵاتی عوسمـانی و قاجـاری دەسـت پـێ بکـرێ و لـە هـەردوو ئـەو بەشـەی کوردسـتاندا، دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کـورد دروسـت بکـرێ.بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم بەرنامەیـەش، لـە سـەرەتادا شـێخ عوبەیـدوڵڵا بەرنامـەی ڕزگـارکردنی کوردسـتانی بندەستی عوسمانی هەبوو. بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان و بـەو هۆیەوە کە دەوڵەتی عوسمانی، تازە لە جـەنگێکی دۆڕاو ببـۆوە و لەبـەر زۆر هـۆ (کـە ئێرە جێی نییە)، (٩) بەچاك زانرا لە پێشدا شۆڕش لە کوردسـتانی ئێرانـەوە دەسـت

پێ بکرێ و دوایی دەست بەئازادکردنی کوردستانی عوسمانیش بکرێ.لەم پێناوەدا لە کۆتایی مانگی (٩) و سەرەتای (١٠/١٨٨٠ز)دا، لە دووقۆڵەوە لەشکری پێکهاتووی کورد لە جەماوەری هەموو ناوچەکانی کوردستان، کە نزیکەی (٤٠ تا ٥٠) هەزار کەس بوون، بەنیازی گرتن و ئازادکردنی کوردستانی ئێران، هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی موکریان و ئازەربایجان و ورمێ برد و لە سەرەتای هێرشدا لە قۆڵی موکریانەوە، کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ سەرکردایەتییان دەکرد، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانییان ناوچەیەکی فراوان: شنۆ، نەغەدە، سابلاغ، میاندواو، ئازاد بکەن. بەهیوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، کاربەدەست بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دادەنێن.لە قۆڵی (ورمێ)ش کە شێخ عوبەیدوڵلا خۆی سەرکردایەتی دەکرد و بەرنامەی گرتنی شاری ورمێی بوو، لە هەفتەی دووەم و سێیەمی تشرینی یەکەمی (١٨٨٠ز)دا، بەرەیەکی تری لە دەوری شار و قەڵای ورمێ کردەوە و دوای هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونێکی سەخت و خوێناویی، کە نزیکەی مانگ و نیوێکی خایاند، هەردوو قۆڵەکەی موکریان و ورمێ، نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و هەردوو هێزەکە بەتێشکاویی بەرودوا، لە دوای هەفتەی یەکەمی مانگی (١١/١٨٨٠ز) بەرەو مەرگەوەڕ و دواتر بەرەو نەهری پاشەکشێ دەکەن.لەم شەڕانەدا، سەرەتا هەموو دانیشتووانی ناوچە عەجەم نشینەکانی میاندواو، مەراغە، بناو و ورمێ و دواتریش هەموو لەشکر و هەموو سەرانی بەرجەستەی لەشکری ئێرانی، لە سەرتاسەری ئێرانەوە بەپەلە کۆکرانەوە و ڕەوانەی قۆڵەکانی ڕاپەڕین کران و بەرقێکی ئەستوورەوە، دژی هێزەکانی کورد شەڕیان کرد" پێ بەپێی ئەمەش، دەرباری قاجاری بەپەلە و پەژارەوە کاری دیپلۆماسی بۆ ڕازیکردنی ڕووسیا و ئینگلستان دەستپێکرد؛ تا ڕووسیا لەشکر بگەیەنێتە سنوورەکانی ئێران - تورکیا و هاوکاتیش ڕووسیا و ئینگلستان گوشار بخەنە سەر تورکیا، تا لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان بکات.ئەم شۆڕشە، جگە لەوەی لەبەر زۆر هۆ، بۆ ناوچەکانی ئەردەڵان و کرماشان و هەورامان نەتەنییەوە و نەبووە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری هەموو کوردستانی بندەستی قاجاری، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەو

ناوچـانەش کـە ئـازاد کرابـوون، بـەزوویی لـە لایـەن هێزەکـانی دەوڵـەتی ئێرانـەوە سـەندرانەوە؛ کـە ئەگـەر هۆیـەکانی تێـشکانی سـەربازییانەی شۆڕشـەکە بەسـەر بکەینـەوە، بـەم ئەنجامانـە دەگـەین: ١- هەیئـەتی ئـەرکان، یـان سـەرکردایەتییەکی شارەزای زانستەکانی جەنگ و تەجرەبەی جەنگینی نیزامـی نـەبوو. ٢- لـە دەسـتە و تیپی لەیەکچوودا، بێ گوێدانە خێڵ و ناوچە، کۆ نەکرابوونەوە و ڕێك نـەخرابوون. بەڵکو هێزی هەر خێڵە پێکەوە بەفەرماندەیی سەرۆکی عەشیرەتەکان کۆببوونەوە.

٣- نـە فەرمانـدەکانی هێزەکـە و نـە جـەنگاوەرانی لەشـکرەکە، مەشـقی جـەنگیی دانەنـدرابوون.٤- چـەکی قورسـیان نـەبوو. چـەکەکانی تریـان بـەزۆری خـراپ و بەشێکیشیان چەکی ئاگرداریان هەر نەبوو.٥- خۆراك و جلوبەرگ و پێویـستییەکانی تریـان دەبـوو لـە لایـەن خۆیانـەوە دابـین بکـرێ.٦ - لەشـکرێکی ناڕێکوپێـك، مەشـق نەدیو، بێ دیسیپلین، بێ تەجرەبـە" بـەئارەزووی خۆیـان کۆببوونـەوە و بـەئارەزووی خۆیـشیان بلاوەیـان لـێ کـرد.(١٠) بلاوەلێکردنەکـەش کـە هـەر زوو دەسـتی پـێ کـرد، لەبـەر دوو هـۆ بـوو: ١- لـە سـەرەتای هێـرش و پـەلاماردا بـۆ سـەر میانـدواو و دەوروبەری، هێزەکانی کـورد کەوتنـە کوشـتن و تـالانی و شـڕەخۆری ئـەو ناوچـانە و خـەریکبوون بەگواسـتنەوەی ئـەو تالانییانـەوە، کـە ئەمـە وای لێکـردن هـەر زوو بەرەکانی شەڕ بـەجێ بهێڵن و تالانییـەکان بگەیەننـە ناوچـەکانی خۆیـان.٢- زۆر لـە سەرۆك خێڵەکانی موکریان، بەنهێنی و بەئاشکرا، لە پـێش شۆڕشـەکە و لـە گەرمـەی شۆڕشــەکەدا، پێوەنــدییان بەلەشــکری دەوڵــەتی ئێرانــەوە کردبــوو، کــە دوای خۆبەدەستەوەدانی هەر دەستەیێکیان، دەبوونە مایەی دڵساردیی بەشدارانی شۆڕش و چـاولێکەریی بـۆ سـەرۆك خێـڵ و خـەڵکانی تـریش.بـەلام لـە ڕووی سیاسـییەوە سەرکەوتن و ئاڵوگۆڕی تازەی هێنایـە کایـەوە:١- شۆڕشـی ١٨٨٠ وەرسووڕانێکی نـوێ و هەمەلایەنەی سیاسیی، فەرهەنگیی، کۆمەلایەتیی، بـوو بەسـەر بزووتنـەوەی کـورددا هات. چونکە تێکڕای بزووتنەوەکانی پێشووتری کورد، هەر لە ڕاپـەڕینی ئـەمیرخانی برادۆست (١٦٠٩)، تا ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نێوان چارەکی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەی میرانـی: سـۆران، بابـان، بتلـیس، بۆتـان و ئـەوانی دواتـریش، کـە لـە دژی زوڵـم و

زۆرداریی عوسمانی و سەفەوی و قاجاری راساون؛ هەموویان ئەنجامی پیشخواردنەوە و تەقینـەوەی ئـەو هەسـتە مێژینەیـەی گـەلی کـورد بـوون کـە پێشتر لـە سـەردەمی شەرەفخانی بتلیسی (١٥٤٣ - ١٦٠٤) و دواتریش لـە سـەردەمی ئەحمـەدی خـانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧)دا، سەری هەڵدابوو. ئەم هەستەش بریتی بوو "لـە هەسـتی خۆبەبێگانـە زانـین لە ڕۆم و عەجەم، هەستی خۆبەکورد زانین، هەستی پێویستی یـەکبوون و پێکهێنـانی دەوڵەتی کوردی بەهێز، کە کـورد و کوردسـتان لـە دەسـتدرێژی و ململانێـی نـاڕەوای ئـەو دوو هێـزە بێگانەیـە بپـارێزێ"(١١).)بـەڵام لەبـەر نەخـەملێن و نەڕەخـسان و "نەگەیشتنی هەلومەرجی ئابووری، کۆمەلآیـەتی، فەرهـەنگی" ئـەم هەسـتە هـەروەك نـەبوو بەئایـدۆلۆژیای چـینی هەڵبـژاردەی کۆمـەڵ و نەیـشبوو بەخواسـتی خـەڵك و بزووتنـەوەی جـەماوەر". تـا لـە دواچـارەکی سـەدەی نـۆزدەدا "هاوزەمـان لەگـەڵ سـەرکەوتنی نەتـەوەکانی ئاڵمـان و ئیتاڵیـا، لـە پێکهێنـانی دەوڵـەتی نەتـەوەیی یەکگرتوودا و هاوزەمان لەگەڵ پەرەسـەندنی خـەباتی نەتـەوەکانی باڵکـان: بولگاریـا، سرب، ڕۆمانی، یۆنان"دا، بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستی تـورك و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە ناوەکییە قووڵانـەی لـە ڕووی ئـابووری، کۆمەلآیەتی، سیاسـیی"یـەوە بەسـەر خـەڵکی کوردسـتاندا هـات، خـەباتی کـورد چـووە قۆناغێکی نوێوە، کە دەگونجێ دابنـرێ بەسـەرەتای گـۆڕانی "هەسـتی نەتـەوەیی" بـۆ "هۆشـی نەتـەوەیی" و دانـانی بناغـەی سـەرەتا گـشتییەکانی چوارچێوەی سـتراتیژی کـاری نەتـەوەیی کـورد، لـە پێنـاوی ڕزگـاری و یەکگرتنـەوە و پێکهێنـانی دەوڵـەتی سەربەخۆدا" . ١٢)) ٢- ئەم بەرنامە تازەیەی شێخ عوبەیـدوڵلآ، مەترسـییەکی گـەورە و تازەشی بۆ هەردوو دەوڵەتی ئێـران و عوسمـانی و تەنانـەت بـۆ وڵاتـانی ئـەوروپا و بەتایبەتیش بۆ ئینگلستان و ڕووسیا پەیدا کـرد، کـە شـێخ عوبەیـدوڵلآ بـێ هـەدادان تەقـەللای دیپلۆماسـییانەی ئـەوەی لەگەڵیانـدا دەدا قایلیـان بکـا پـشتیوانیی لـە داخوازییەکانی بکەن؛ چونکە بەدیهاتنی بەرنامەکەی شێخ عوبەیدوڵلآ دەبـووە هـۆی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکراو و نەزانراوی تازە، لـە تـەرازووی هێزەکـانی ناوچـەکە و ئەو ململانێ بەتینەی ڕووسیا و ئینگلستان، لەسەر ئارام و دامرکاو ڕاگـرتنی ئێـران و

ئیمپراتۆری عوسمانی هەیانبوو، کە ئەم دوو هێزەی ڕووسیا و ئینگلستانیش لەو ڕۆژگارەدا گەورەترین زلهێزی جیهان بوون. لەبەرئەوە بەرنامەکەی شێخ عوبەیدوڵلا دەبووە تێکدانی تەرازووی هێزەکانی نێودەوڵەتیی، کە وەك "ئابۆت"ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز دەڵێ: "ئەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵلا دەبووە مایەی لەبەریەك ترازانی ئیمپراتۆری عوسمانی و بزواندنی عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش داوای جیابوونەوە لە عوسمانی بکەن"١٣))بۆیە گەورە باڵوێزی ڕووسیاش هەر سەبارەت بەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵلا دەڵێ: "شێخ دژی گەورە گەورەکان هەنگاو هەڵدەگرێ"١٤)) هەر لەبەرئەمەش بوو کە ڕووسیا و ئینگلستان، نەك هەر بەدەنگ بانگەوازە زۆرەکانی شێخەوە نەچوون، کە داوای لێدەکردن بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد، ددان پیانانێکی نێودەوڵەتییان لێ وەربگرێ، بەڵکو زۆر بەسەختی دژی داخوازییەکانی کورد وێستان و گەلەکۆمەکی نێودەوڵەتییان دەکرد.بەلاّم لە هەمان کاتیشدا شۆڕشی (١٨٨٠) سەرنجی دەوڵەتانی ئەورووپای بۆ لای کێشەی کورد و گرنگیی جیۆپۆلێتیکی کوردستان ڕاکێشا و لە جاران زیاتر بەچاوی بایەخ پێدانەوە بنوارنە کوردستان، کە تەنانەت شۆڕشی (١٨٨٠) بووە هۆی ئەوەی ولاّتێکی وەکو ئەمەریکا، بۆ یەکەمجار، دەوڵەتی ئێران بەشێوەیەکی ڕەسمیی بناسێ و دوو ساڵ دواتر، لە ساڵی (١٨٨٢)دا، بەناوی: بەرگری و داکۆکی لە ماڤی مەسیحییەکانی ناوچەکە، نوێنەری خۆی بۆ ئێران بنێرێ.(١٥)٣- بزووتنەوەی کورد لە هەردوو بەشی بندەستی قاجاری و عوسمانیدا، لە دوای لەناوبردنی میرنشینەکانی کوردەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ هێوربوونەوەیەکی بەسەردا هاتبوو. سەرانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری خەریك بوو شێوە لەبیرچوونەوەیەکی کێشەی کوردیان بەسەر خۆیاندا دەهێنا. بەلاّم ئەم شۆڕشە بۆ هەردوو دەوڵەتەکە وریاکردنەوە و بیرخستنەوەیەکی پێویستی لا دروست کردن، کە سەرانی عوسمانی هەر زوو کەوتبوونە خۆیان و دەیانویست بۆ بەرژەوەندی خۆیان، باوەشی درۆزنانە بۆ کورد بکەنەوە و لە پێش و لە گەرمەی شۆڕشەکەدا تەقەللای ئەوەیان دا، کێشەی کورد دژی ئەرمەن لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە وەك

گوشارێکیش بۆ هێنانە دی ئاوات و مەرجەکانی خۆیان، بەرامبەر ئێران بەکاری بهێنن" دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەش، سەران و میران و میرزادە و شێخ و مەلای کوردیان، لە خۆیان نزیك خستەوە و مووچەیان بۆ زۆریان بڕییەوە و دواتریش لە ساڵی (١٨٨٥) بەدواوە، هێزێکی گەورەیان بەناوی: سوارەی حەمیدییە، لێ پێکهێنان، کە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم هێزەدا بۆ سەرکوت و دامرکاندنەوەی شۆڕشی گەلانی باڵکان و ئاشنایەتی پەیداکردنی ئەفسەرانی کوردی ناو ڕیزەکانی سوارەی حەمیدییە، لەگەڵ ئەفسەرانی ناسیۆنالیزمی تورکدا، هوشیاریی نەتەوەییان زیاتر گەشەی کرد و بەناو ڕیزەکانی عەشایەر و شارەکانیشدا بڵاو دەبووەوە و" دواتریش ڕووناکبیرانی کورد کەوتنە دەرکردنی ڕۆژنامە بەزمانی کوردی و پێکهێنانی یانە و ڕێکخراوی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و دروستبوونی زنجیرە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی چارەکی دووەمی سەدەی بیست، کە دیارترینیان شۆڕشی (١٩٢٥) بوو بەسەرکردایەتی "شێخ سەعیدی پیران"ی هەمان پەیڕەوی سەر بەڕێبازگەی نەقشبەندی.٤- ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە دەمێکەوە و بەتایبەتیش لە دوای بڕانەوەی جەنگی (١٨٧٨)دوە، دەیویست لە ڕێگەی بەگژداکردنی کوردەوە، تۆڵەی سەخت لە ئەرمەن بکاتەوە، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا زۆر هوشیارانە گەلی کوردی لەم پلانە پاراست و بەهۆی گواستنەوەی جوگرافیای شۆڕشەکەوە، لە کوردستانی عوسمانییەوە بۆ کوردستانی ئێران، توانی (لە ڕۆژگاری خۆیدا) شانازیی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن بپارێزێ.بەڵام دواتر سەرانی عوسمانی لە ڕێگەی سوارەی حەمیدییەوە، ئەو کۆنە قینەیان، بەئەرمەن ڕشت و لە چەند شاڵاوێکی بەربڵاوی درێژخایەندا، کە دەبێتە (٥) جار: ١٨٤٩، ١٨٩٦، ١٩٠٥، ١٩١٥، ١٩١٨ قەتڵوعامێکی زۆر دڕندانەیان لە گەلی ئەرمەن کرد" ئەمەش ئەوەی دەرخست کە ئەگەر دەسەڵاتی کورد بەدەست ڕێبەرانی خۆیەوە بوایە، ئەو چەند شاڵاوە دڕندانەیەی بەهۆی سوارەی حەمیدییەوە کرانە سەر ئەرمەن، هەرگیز ڕوویان نەدەدا.
- ٢ - **ئەم بەڵگەنامەیە**دەستپێشکەریی دیپلۆماسییانەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەر زوو بووە جێی سەرنج و ئاوڕدانەوەی دۆست و دوژمن، لە وڵاتانی دوور و نزیك و

هەموویان بەچاوی بایەخدانی تازەوە، ئاوڕی تازەشیان لە کێشەی کورد دایەوە و بۆیان دەرکەوت؛ کە ئەگەر تا ئەو ڕۆژگارەش سەرنجێکیان لە کێشەی کورد نەدابێتەوە، ئەوا دەبێ بەهۆی شۆڕشی (١٨٨٠)وە، ئاوڕی تازە لە کورد بدرێتەوە. بۆیە "ئاپۆت"ی سەرکۆنسۆڵی ئینگلتەرا لە تەورێز، لە نامەیەکیدا، کە لە ڕۆژانی هەڵایسانی شۆڕشی (١٨٨٠)دا، بۆ (ئێرل گرانفێل)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرای ناردووە؛ دەڵێ: "من پێم وا نییە ئەوروپا دوایین دەنگی کێشەی کوردی بیستبێ؛ ڕەنگە دواڕۆژ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە: دەبێ لەگەڵ کوردستان چ بکرێ؟؟"(١٦))بۆیە ئەم ئاوڕدانەوەیە تازەیە، ئەو دەوڵەتانەی وا لێ کرد، بکەونە هەواڵ و ڕاپۆرت کۆکردنەوە لەسەر خودی شێخ و خۆ ئامادەکردنی بۆ ڕاپەڕینی (١٨٨٠ز) و لە گەرمەی ڕاپەڕینەکە و دوای ڕاپەڕینەکە و تا ئێستاش، هەر جێی باسوخواس و لەسەر نووسینە؛ کە هەموو ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە، وەك سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەنوارنە ئەم سەردەمەی کورد و ڕاپەڕینی (١٨٨٠ز) و ڕابەرەکەی. هەر لەم بوارەشدا نووسین و بەڵگەیێکی زۆر، لە ئەرشیفی ڕووسیا، ئینگلستان، دەرباری قاجاری و عوسمانی و لە لایەن سەرانی هەردوو لەشکرەکانیان و نووسەرانی تری ڕۆژگاری قاجارەوە، لەو ڕاپەڕینە و ڕابەرەکەی بەجێماون؛ کە تا ئێستا بەشێکی زۆر لەو نووسین و بەڵگەنامانە، بوونەتە کەرەسە و بابەتی هەندێ کتێب، یان فەسڵێك لە کتێب و لێکۆڵینەوە.بەڵام بەشە زۆرەکەی ئەم بەڵگانە، کە بەڵگەی قاجارین، ئەگەر تا ئێستا (هەندێکیشیان) لە دووتوێی کتێب و لە شێوەی کتێبیشدا چاپ بووبن، دیسان هەر کەرەسەی خاو بوون و سەروبەر نەکراون و بەگوێرەی مێژووی ڕووداوەکان ڕیز نەکراون و هێشتا ئەڵقەی پەرتوبلاو و لە یەکتر هەڵوەشاوەی ڕووداوەکانن و نەخراونەتەوە ناو زنجیرەی ڕووداوەکان و لە هەمان کاتیشدا بەو هۆیەوە کە زۆربەی ئەم بەڵگەنامانەی قاجاری، هێشتا ڕووناکییان نەدیوە و دەستی لێکۆڵەرەوە و توێژینەوەیان نەگەیوەتێ؛ بۆیە ئەو چەند کتێبەش کە تا ئێستا لەسەر ئەم ڕاپەڕینە دواون،(١٧) لەم بەڵگانە بێ بەشن.مەبەستیش لەم بەڵگەنامانەی قاجاری دوو جۆرن:١- جۆرێکیان ئەو نامە و یادداشتنامە و تەلگرافە ڕەسمییانەن، کە

دەوڵەتی قاجاری بەهەموو دامودەزگاکانییەوە (هەر لە ناسرەدین شاوە، تا وەزارەتی کاروباری دەرەوە و باڵوێز و کۆنسوڵ و کارگێڕ و هەموو بەڕێوەبەرایەتی قاجاری) لەگەڵ خودی دامودەزگاکانی خۆیان و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ڕووسی و ئینگلیسدا گۆڕدراونەتەوە.٢- جۆرێکی تریان ئەوانەن کە سەرانی لەشکر و نووسەرانی قاجاری، لە شێوەی بیرەوەری و کتێبی شەخسیدا نووسیویانن و بریتین لە یادداشت کردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ١٨٨٠، بەهەموو وردەکارییەکانییەوە، کە خۆیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ لەشکری قاجاردا، لە سەنگەری دژی ڕاپەڕینەکە بەشداربوون و شەڕیان کردووە.ئەگەرچی ئەم دوو جۆر بەڵگەنامانە بەگیانی ناحەزانە و دوژمنانەی ڕۆژگاری قاجارەوە نووسراون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن و پڕن لە زانیاریی تازە و شاراوە دەربارەی ڕاپەڕینەکە.بەو هۆیەشەوە کە ئەم بەڵگەنامانە، لە ئەرشیف، یان ناوەند و کتێبخانەیەکی دیاریکراودا نەپارێزرا بوون، بۆیە چنگخستن و کۆکردنەوەیان زۆر بەدژواری و لە ماوەی (٨ - ٩) ساڵی کاوەخۆدا هەموویانم چنگ خستوون.ئەم بەڵگەنامەیەی بەردەستتان، کە بەئەندازەی کتێبێکە و ناوی: "إفتتاح ناصری"یە؛ سەرهەنگ حاجی عەلی ئەکبەر نووسیوێتی، کە کوڕی (حیسامولولك)ە و خۆی و باوکی، لە ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای دەوڵەتی ئێران بوون و لە کاتی شۆڕشەکەی (١٨٨٠ز)دا، لە تێکڕای قۆڵەکانی: بناو، میاندواو، موکریان، سندووس، شنۆ، مەرگەوەڕ و لاجاندا، تا ڕۆژانی گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەموول، واتە: تا نزیکەی (٨ - ٩) مانگ ڕاستەوخۆ لە ڕیزی لەشکری ئێراندا دژی هێزەکانی کورد، شەڕ و بەشداریی بەردەوامیان کردووە و هەر لەو سەروبەندەشدا ئەم کتێبەی وەك بیرەوەری ڕۆژانی شەڕەکان و سەروەریی خۆیان نووسیوە و بەو هۆیەشەوە کە خۆی ئەفسەر بووە؛ زانیاریی بەرەکانی شەڕ و مێژووی شەڕەکان و ناوی بەشدارانی هەردوو هێزەکەی کورد و ئەفسەرانی دەوڵەتی ئێرانی زۆر بەوردی و ڕاستیی نووسیوە و وەك دیارییەك پێشکەشی ناسرەدین شای کردووە.زانیارییەکانی ئەم کتێبە، لە چاو سەرجەمی ئەو بەڵگە و بیرەوەری و کتێبانە دەوڵەمەندترن، کە تا ئێستا لەسەر شۆڕشی (١٨٨٠)

نووسـراون.ئـەم کتێبـە هێـشتا دەستنووسـە و نوسـخەیەکی کـە پێـشکەش (ناسـرەدین شای قاجار) کراوە، ئێستا لە کتێبخانەی میللی تاراندا، بەژمارە (٨٨٤ - ف) و پێرسـتی (ل - ٤١٨) پـارێزراوە. ئـەم کتێبـە (٧٩) لاپـەڕەی قـەوارە گەورەیـە، کـە ڕووبـەری لاپـەڕەکانی بریتییـە لـە (٢٥سـم * ١٥,٥سـم) و لـە هـەر لاپەڕەیەکیـشدا (١٦) دێـڕی بەخەتی شکستەی نەستەعلیق تێدا نووسـراوەتەوە. هـەموو کتێبەکـەش (١٢) بەشـە. بۆ یەکەمین جار ئەم دەستخەتە لە لایەن نووسەری ئـەم وتـارەوە، لـە سـاڵی (١٩٩١)دا، لە کتێبخانەی ناوبراوەوە بۆ کاری کتێبێکم بـەناوی: "شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵلا" لـە بەڵگەنامـەی قاجاریـدا، زانیـارییم لـێ وەرگـرت و پوختەیـەکیم لـە پاشـکۆی کتـێبی ناوبراودا بڵاوکردەوە و پێش ئەو کتێبە و دواتریش، هێـشتا لـە هـیچ سەرچاوەیەکی تـری بیـانی و کوردیـدا نەکراوەتـە سەرچـاوە و باسـی نـاوەرۆکی نـەکراوە، تـەنیا ئاماژەیەك بەپێناسە و نووسەرەکەی کراوە"

- ٣- ئەگەرچـی ئـەم کتێبـە بـەگیانێکی نەیارانـە و چەواشـەکردنی ڕووی ڕاسـتیی داخـوازیی و بەرنامـەی شۆڕشـەکەی شـێخ عوبەیـدوڵلا نووسـراوە، بـەڵام ئێمـە نـەك دەسـکاریی ناوەرۆکەکـەیمان نـەکردووە، بـەڵکو تاکـە وشەیەکیـشیمان لـێ نـەگۆڕیوە و کۆشـاوین بـەوجۆرەی تەرجەمـە نەکـەین، تـا خوێنـەری کـورد ڕازی بکـەین و بـەدڵی بێت، بەڵکو دەبێ خوێنەری وردبینی کورد، ئاگاداری ئەوە بێت، کە ئەم بەڵگەنامانـە، تەنیا کەرەسەی خاون و دەخرێنە سەر خەرمانی مێـژووی هێـشتا نەنووسـراوی ئـەم قۆناغ و شۆڕشانەی کورد، تـا کـورد دواتـر خـۆی بـەگوێرەی نووسـینەوەی بەرنامـەی مێژووی خۆی، کـەڵکیان لـێ وەربگرێـت، کـە مێـژووی گـەلانی دنیـاش هـەر بـەمجۆرە کۆکراونەتـەوە و نووسـراونەتەوە، چـونکە ڕاسـتگۆیی تەرجەمـەکردنی بەڵگەنامـە لەوەدایە؛ وەکو خۆی بەرچاو بخرێ و کاری هـەڵاوێردکردن و بـژار و سـاغکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانـەی بەڵگەنامـەکان، لـە ئەسـتۆی جۆرێکـی تـری پسپۆڕانی تــردان و پێویــستییان بــەجۆرە خوێندنەوەیــەکی دیکــە هەیــە.

- ٤ - نووسـەری ئـەم کتێبـە، مێـژووی ڕووداوەکـانی بـە"مێـژووی هیجـری (کۆچـی) نووسـیبوون، کـە ئێمـە هـەموویانمان بەمێـژووی (زایـین) گۆڕیـون و لـە هـەر

شوێنێکیشدا بەپێویستمان زانیبێ، پەراوێزمان بۆ زیاتر زانیاریی خوێنەران، بۆ زیاد کردووە.**بەناوی خوای مەزن ڕۆژنامەی هەواڵی ڕووداوێکی سەیروسەمەرە، کە ساڵی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠ز) لە "ئازەربایجان" ڕوویدا. باسی باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا و حاڵ و باڵی خۆی و یاخیگەرییەکەی و ئەو کەسانەی یارمەتییان دا و بەدەستهێنانی چەك و تەقەمەنی و ئەو پوول و پارانەی چنگی خستن و ڕووداوەکانی بەڕێکەوتنی لە "نوچە"(١)) و چوونی "حیسامولولك"(٢)) بەرەو "مەرگەوەڕ" و عەزیزوڵڵا خانی لایجان لەبەر بەختی بەرزی شاهەنشا، تەواوبوون و تیاچوونی "شێخ" و هاوڕێیانی و ئەو هۆزانەی تا کۆتایی ساڵی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨١ز) لەگەڵیدا بوون.**

بەشی یەکەم :

لە سەردەمی پاشایەتی شاهەنشای غازی: محەمەد شای خوالێخۆشبوو(٣)، شێخ تاها، کە شەیتانێك بوو لە بەرگی کوردانـدا، دەرکەوت و خۆی وەك یەکێك لە سەییدەکانی "طباطبايي" ناساندبوو. شێخ تاها دانیشتووی "نەهری"یە، کە گوندێکە لە "نوچە" و لە خاکی عوسمانی دایە، لەوێشەوە تا "مەرگەوەڕ"، کە سەر بەناوچەی "ورمێ"یە، چوار قۆناغەڕێیە.شێخ تاها لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە خۆی بەخزمەت شاهەنشای بەرز و بەڕێز گەیاند و ئەویش (٧) حەوت گوندی لە ناوچەی مەرگەوەڕ پێ بەخشی؛ تا ژیان و خانەقای دەروێشانی پێ بەڕێوە ببات. بەم شێوەیە (٣٠) ساڵ دەستی بەسەر داهاتی ئەم گوندانەدا گرت و مەزنایەتی لە ناو کوردە بێ عەقڵ و نەفامەکاندا بەدەست هێنا؛ تا گۆڕ بەگۆڕ بوو.دوای کۆچی شێخ تاها، شێخ "عوبەید"ی(٤) حەرامزادەی کوڕی، جبەی دەروێشی بەشاندا دا و عەشیرەت و کوردەکانی هەڵفریواند، تا کێشەیەك لە نێوان دەوڵەتانی ڕووس و عوسمانیدا پەیدا بوو.هەرکە هەواڵی شەڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی بیست(٥)، جەماوەرێکی زۆری لە عەشیرەت و خێڵەکانی کوردی کۆکردەوە و لەولاشەوە چەکی شەڕی بەناوی "جیهاد" و وەك ئەمانەت لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت و ڕووبەڕووی لەشکری ڕووس بوونەوە. ئەم عەشیرەتە کوردانە لە نزیك "حەسەن قەڵا" تووشی لەشکری ڕووس هاتن. بەڵام بەو هۆیەوە کە کورد بەپێی بەرنامە و

گەلاڵەیەك، شەڕیان نەدیوە و بەرنامە و یاسای شەڕ نازانن، بۆیە لە بەرامبەر لەشکری دەوڵەتی "ڕووسیا"دا، توانای خۆڕاگرییان نەهێنا و دوای دوو سەعات شەڕ و پێکدادان، هەڵاتن و ڕێگەی دەشت و دەریان لەبەر گرت و بەو چەك و تەقەمەنییانەی کە وەك "ئەمانەت" لە دەوڵەتی عوسمانییان وەرگرتبوو؛ لەگەڵ خۆیاندا بردیانن و بەدەم ڕێگەشەوە ئەو گوندانەیان تالان و ڕەشەکوژ کرد، کە لەسەر دینی حەزرەتی "عیسا" بوون، یان دانیشتووانی دەوڵەتی عوسمانی بوون.شێخ "عوبەید" کە سەیری کرد لەشکرەکەی تێکشکاوە و ڕیسەکەی لێ بۆتەوە بەخوری، خۆیشی لەگەڵ هەندێ خزم و کەس مابوونەوە؛ بۆیە لەگەڵ "سدیق"ی کوڕی(٦)، هەڵاتن و ڕوویان لە شارۆچکەی "وان" کرد، لەوێشەوە بەڕێبەرایەتی "شێخ جەلال"؛ کە یەکێکە لە شێخەکانی ئەهلی سوننەت، هەموویان پێکەوە دەچنە خزمەت "ئەحمەد پاشا"ی سەرفەرماندەی لەشکری دەوڵەتی عوسمانی.لە سەروبەندی تێکشکانی لەشکری دەوڵەتی عوسمانیدا، شێخ چاوی لە هاومەزهەبیی و نان و نمەکی دۆستایەتی نووقاند و دەستی دزیی و تالانی بۆ سەر چەك و جبەخانە و کەرەسەی جەنگیی لەشکری عوسمانی درێژ کرد و تەقەمەنی و چەکی ئەو لەشکرەی هەڵگرت و بەرەو "نوچە"ی ڕەوانە کردن، کە مەڵبەندی نیشتەجێبوونی خۆی بوو. لەم ماوەیەدا بەهۆی چەك و تەقەمەنی زۆر و گردبوونەوەی جەماوەری کوردیشەوە، دەستدرێژییان بۆ سەر هەموو شوێنەکان دەستپێکرد. خەڵکی ڕەشۆکییش، کە بۆ خۆنواندن و ڕشتنی خوێنی موسڵمانان، وەك ئاژەڵن؛ لە دەوری کۆبوونەوە و تا دەهات بنچینەی ناپاکیی و زۆرداریییان زیاتر پتەوتر دەکرد و خەیاڵی پیسیان لە مێشکدا دەهێنا و دەبرد. **باسی هەڵاتنی عەبدوڵڵاخانی زەرزا لە زیندانی نەوابی والا: معین الدولە و ناوبژیکردنی حاجی ڕەحیم خانی ورمێ و چوونی شێخ عوبەید بۆ "نوچە" و فەرمانڕەوایی "ئیقبالولدەولە"**.لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نەوابی والا: موعین دەولەدا لە ورمێ، لەبەرئەوەی عەبدوڵڵاخان و برایم خانی برای، لە شارۆچکەی "شنۆ" دەستدرێژییان بۆ سەر خەڵك کردبوو؛ دەستیان بەخراپەکاریی کردبوو، نەوابی والا لەگەڵ جەماوەرێك بۆ "شنۆ"

چووبوون، هەردووکیان دەگرێ و دوای تەمێکردن، لە زیندانیان دەخات. هەندێ ئاکار و ڕەوشتی نالەبار لە هاوڕێیانی نەوابی والا و کەسوکارەکانیان ڕوویدا و ئەوانیش لە زیندان هەڵاتن. کەچی هەر خودی ئەمانە، کە پێشتر لەگەڵ شێخ (عوبەیدوڵڵا) دوژمنایەتییان هەبوو، لە ترسی گیانی خۆیان و لە ترسی تووشبوونیان، پەنایان بۆ شێخ بردەوە. ئەم کارەش ئەوەندەی تر بووە هۆی چاوقایمی و ڕووهەڵماڵراویی "شێخ".مەحمەڵ ئاغای ڕەوەند، دانیشتووی "دەشتەبێڵ"٧))، کە هەندێك زەویوزاری لە "ئیقبالدەولە" بەکرێ گرتبوو، دوای بیستنی ئەم هەواڵە، هەندێ پوول و پارە و شتومەکەی ناوبراوی هەڵگرت و پەنای بۆ "شێخ" برد. خەسرەوخانی سەرهەنگ، کوڕی ئیقبالدەولە(٨)، دەستەیەك سەربازی دڵسۆزی بۆ گرتنی مەحمەڵ ئاغا بەرەو دەشتەبێڵ نارد و شێخیش بۆ پاراستن و پشتیوانیکردنی مەحمەڵ ئاغا، حەسەن بەگی "بەردەسوور"ی لەگەڵ چوارسەد (٤٠٠) تفەنگچی بۆ بەرەی شەڕ، تا دۆڵی "قاسملو" دەنێرێ.**بەشی دووەم**عەبدوڵڵاخان ماوەیەك لای شێخ دەمێنێتەوە و ناو و شۆرەتێك پەیدا دەکا. دەستی بەناوبژیکردنی نێوان خەڵك و شێخ کرد و چەندین نامەی بەملا و لادا نووسی و خۆشەویستیی "شێخ"ی دەرخواردی خەڵکی دەدا. بۆ نموونە: نامەیەکی بۆ حاجی ڕەحیم خانی ورمێ نووسی و بەناوی شێخەوە بۆ "نوچە"ی بانگهێشتن کرد. ناوبراویش بەدیاری و دەستی پڕەوە بۆ لای شێخ چوو. دوای گەڕانەوەی لە "نوچە"، باسی هیچی نەکرد، تا فەرمانڕەوایی "ورمێ"ی بۆ "ئیقبالدەولە" دەستەبەر کرد. ئیتر بەو هۆیەوە کە لەگەڵ ناوبراو خزم بوو، چەند شتێکی لە شێخ گێڕایەوە. ئیقبالدەولەش کە بێ ئاگا بوو لەوەی "الاقارب کالعقارب - هەر خزمە، لێت دەبێتە دووپشك"، فریوی ئەو بێ دینەی خوارد و داوای لە مەحمەڵ ئاغا و عەبدوڵڵاخان کرد، تا لەگەڵ ناوبراو سەردانی ورمێ بکەن. ئیقبالدەولەش لەبری خراپەی ئەوان؛ بەسەریکردنەوە و میهرەبانیی بەرامبەر نواندن، ئەو قەرزەش کە لەسەر مەحمەڵ ئاغا بوو، لێی خۆش بوو. دوای وتووێژێکی زۆریش بڕیاریاندا کە عەبدوڵڵاخان بانگهێشتنی "عەبدولقادر"ی کوڕی شێخ بۆ ورمێ بکات و

فـەرمانڕەوایی "مەرگـەوەڕ" و "شـنۆ"ی پـێ بـسپێرن و دوای دامەزرانـدنی ئـەو فەرمانڕەواییەش "شێخ" بۆ مەرگەوەڕ بهێنێ و ئیقبالدەولەش سەردانی ئەوێ بکات و هـەردووکیان لـە مەرگـەوەڕ چاویان بەیـەك بکـەوێ و بڕیـار و بـەڵێنی خۆیـان بدەن.دوای ڕۆیشتنی عەبدوڵلاّخان، محەمەد ئاغای مامش(٩) لەگەڵ (٣٠٠) سـوار بـۆ ورمێ دێن و وایان بڕیـار دا، کـە بـۆ سبەینێ سـەرلەبەیانی، لـە بـاخی "عـەلی بـەگ ئاجودان" تەنیا بن و پێکەوە قسەی خۆیـان بکـەن. سبەی بـۆ بـاخی نـاوبراو چـوو. محەمەد ئاغای مامش لەوێ ئەو نامە تایبەتییانەی نیشانی ئیقبالدەولە دا، کە شـێخ بـۆی نووسـیبوون و عـەرزی کـرد: ئەگـەر بتانـەوێ مـن ژێـر دەسـتەی شـێخ بم و فـەرمانڕەوایی مەرگـەوەڕ و لاجـان و شـنۆی بـدەیتێ، ئـەوا دەبێتـە کەڵـەگا. چـونکە ئەگەر هێلکەی قەلەڕەشکە، کە سروشـتی خـۆی هـەر ڕەش و تاریکـە؛ بیخەیتـە ژێـر تاووسی باخی بەهەشتیش، ئەوا کاتێ هێلکە پەروەردە دەکرێ و لە بـاخی بەهەشـت گەورە دەبێ و ئاوی لە کانی سەلسەبیل بدەیتێ و جوبرەئیلیش فوو بـەو هێلکەیـەدا بکات، سـەرئەنجام هێلکـەی قەڵەڕەشـکەکە، هـەر دەبێتـەوە بەقەلەڕەشـکە و تاووسـی داماویش ڕەنجی بەخەسار دەچێ.بەلاّم ئیقبالدەولە، ئـەم شـتەی بـەنێوان ناخۆشـیی ئەو و عەبدوڵلاّخان (ی زەرزا) لێکدایەوە. ئـەم مـشتومڕەش ماوەیـەك خایانـدی؛ تـا شێخ قادر و عەبدوڵلاّخانی زەرزا گەیشتنە ورمێ. ئیقبالدەولـە بـەبێ بیرلێکردنـەوە و دەستبەجێ فەرمانڕەوایی شنۆ و مەرگەوەڕی پێدا؛ کە ئـەوی ڕاسـتی بـێ لـە مـاڵی "ئەفشار" دایە!(١٠) و بەدەستی خۆی، خۆی لە چاڵاوی سەرسوڕمان داهێشت و بـووە هانـدەرێك بـۆ داگیرکردنـی ورمـێ و ئەفـشار. فـەرمانڕەوایی "لاجـان"یـش بـەحاجی ڕەحیم خان درا.محەمەد ئاغای مامش کە لەوە بێ ئومێد بوو فەرمانڕەوایی ورمێـی بدرێتێ؛ بەجێهێشت. ئیقبالدەولە و شێخ‌یش ئەم هەڵوێستەیان پـێ خـۆش نـەبوو؛ بۆیە بەمحەمەد ئاغایان ڕاگەیاند؛ کە ئەگەر سەری ملکەچکردن شۆڕ نەکاتەوە، ئەوا ئـیتر ئەگـەر قـسە و پـەیامێك لـە نێوانمانـدا مـابێ، هـەر قـسە و پـەیامی زمـانی شمشێرە!. محەمـەد ئاغـاش چونکە نزیکـی سابلاّخ ببووەوە، حـاڵ و بـاڵی خـۆی بـۆ "ئاغا شازادە"(١١)) بـاس کـرد، تـا بـەڵکو ئـەم قـسە و باسانە، لـە ڕێگـەی نـاوبراوەوە

بەخاکی پێی پیرۆزی حەزرەتی ئەقدەس و والا "وەلیعەهد"(۱۲)) بگاتەوە (ڕۆحمان بەفیدای بێ) و چارەیەکی دەردەکەی بکات. هەڵبەتە دواتر بەناچاریی سەری ملکەچکردنی شۆڕ کرد، تا بەڵکو بەم شێوەیەیان گیان و ماڵی خۆی بپارێزێ. ئەم شتەش بووە مایەی بەهێزتربوونی شێخ عوبەید. هەر کەسێکی تریش هەر بەحاڵ لە فەرمانی دەرچووبایە، ماڵی وێران دەکردن. کەسیش لە خێڵە کوردەکان توانای ئەوەی نەبوو سەرپێچی فرمانی بکات. ناوبراویش لە خۆی دڵنیا و بەرزەفڕ بوو، تا کارەساتەکەی "هەمزە ئاغای مەنگوڕ"ی(۱۳) بەسەرداهات.**بەشی سێیەم** کە ساڵی ۱۲۹۷ کۆچی (۱۸۷۹)دا، بەفرمانی ئەقدەس، وەلیعەهدی باڵای شازادە (ڕۆحمان بەفیدای بێ)، فەرمانڕەوایی سابلاخ، بەنەوابی "لوتف عەلی کوڕی موئەییدلدەولە" سپێردرا، هەمزاغا سەرۆکی خێڵی مەنگوڕ بوو. لەبەر خراپە و پیسیی، کە لە سروشتیدا هەبوو، هەمیشە لە کاربەدەستانی دیوانی باڵا دەترسا و لە فرمانەکانی شارۆچکەی سابلاخ هەڵدەهات. بەڵام لەبەرئەوەی لەگەڵ "مقلی میرزای کوڕی مەلەك قاسمی میرزا" ناسیاویی و ئاشنایەتیی لەمێژینەی هەبوو. شازادەش پیاوێکی جێگەی باوەڕ بوو، بۆیە دوای ئەوەی بەمەی زانی، فرمانی بەمقلی میرزا کرد؛ کە تۆ هەمزاغا لە لایەن منەوە دڵنیا بکە و بۆ شاری بهێنە و پێی بڵێن بەهیچ جۆرێ لە لایەن حکوومەتەوە ئازاری پێ ناگا؛ پاش بڕیاردانی باجی خێڵی مەنگوڕ، ساغ و سەلیم بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە.مقلی میرزا ئەم ئەرکەی قبووڵ کرد و دوای تەقەللایەکی یەکجار زۆر، هەمزاغای ڕازی کرد، تا لە حکومەت دڵنیا بێ. چونکە هەمزاغا جەزرەبەی زۆری لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە لێ درابوو. هاتە سابلاخ؛ لە کاتی گەیشتنیدا، دانیشتووانی شار بەرەو پیری چوون و پێشوازییان لێ کرد و بەڕێزەوە بۆ لای "ئاغا شازادە" بەرەو شوێنی فەرمانڕەوایەتییان برد و میهرەبانیی و سۆزی زۆریان بەرامبەر نواند.بەڵام "عەزیزی فەتاح"، کە لە ئاغاکانی موکری بوو؛ ئەویش لەبەر باج نەدان، لە زەمانی فەرمانڕەوایی حاجی مەحموود خانەوە، هەڵاتبوو؛ لەم هاتنەی هەمزاغادا، ئەویش بۆ شار هاتبوو. ئاغا شازادە دەستبەجێ گرتی و لە زیندانی کرد و داوای باجی لێ کرد. قادراغاش ئەم

هەواڵەی بەگوێی هەمزاغا گەیاند. هەمزاغاش نامەی بۆ ئاغا شازادە نووسی و ناوبژیی بۆ کردن. شازادە لە وەڵامدا وتبووی: من کارم بەسەر "عەزیز"ەوە نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە دەبێ سبەینێ حسابی لەگەڵ "میرزا تەقی"دا یەکلایی بکاتەوە و پاشماوەی باجەکەی بدات، لەوە بەدواوە ئیتر ئازادە" ئەو حەرامزادەیە (هەمزاغا) ئەم وەڵامەی بەدڵ نەببوو. خۆی و (١٠) کەس، لە نزیکانی خۆی، بەچەکەوە چوونە ناو فەرمانداریی و وتی: دەبێ عەزیز بەربدەن.شازادە کارەکەی بەمیرزا تەقی سپارد و وتی: با حسابەکەی خۆی بدات و دوایی ئەو (عەزیزی فەتاح) بەدەست هەمزاغا بسپێرێ. بەڵام بەدزیشەوە بەمحەمەد بەگی فەڕاشباشی دەڵێ: دەبێ کارێك بکەیت، ئەم حەرامزادەیە (هەمزە ئاغا) بێ چاوڕووە، زیندانی بکەیت. فەڕاشباشیش یەکسەر لەگەڵ دووسێ فەڕاشی تردا بۆ ماڵی هەمزاغا دەچن و زنجیرێکیان پێ دەبێ و پێی دەڵێ: بەفرمانی نەوابی والا، ئەم زنجیرە ماچ بکەن و لە ملی خۆتانی بکەن.هەمزاغاش لە ترسی ئەوەی دەستگیری نەکەن، ئاگای لە خۆی بووە و بەپارێز بووە. خزم و دۆستەکانی بەخەنجەرەوە هەڵدەکوتنە سەر فەرمانبەرەکانی دەوڵەت. لوتفعەلی ناوێکی فەڕاشباشیش دەست بۆ قەمەکەی دەبا و تۆزێك هەمزاغا بریندار دەکا.کە فەرمانبەرەکان جوامێریی و دەستبردی هەمزاغا دەبینن، لە ترسی گیانیان هەڵدێن. هەمزاغا خۆی بۆ لای دەرگا دەکوتێ، پاسەوانەکان ڕێی پێ دەگرن. بەخەنجەرێکی خوێنڕێژ یەکێکیان دەکوژێ. شەڕ لە نێوان هەمزاغا و پاسەوانەکاندا دەقەومێ. ئەحمەد ئاغای برازای هەمزاغاش بەگوللەیەك دەکوژرێ. کوردی ئەو دەوروبەرانە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن بکەونە کوشتنی پیاوانی دەوڵەت و ڕووتکردنیان.دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، مەلاکانی ئەو ناوچەیە، خۆیان دەگەیەننە هەمزاغا و لەم کارە ناشایستەیەی پەشیمان دەکەنەوە و پێی دەڵێن ئەم کارە دەبێتە سۆنگەی کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکی ناوچەکە. ئەویش ڕازی ببوو.ئەم ڕووداوە لە کاتێکدا بوو، کە پێشتر و تا ئەم کاتە، لەگەڵ شێخ عوبەید دوژمنایەتی هەبوو، سەری تاعەتی بۆ شۆڕ نەدەکردەوە. بەڵام لە ترسی ماڵ و سامان، دەستبەجێ دەستی هەڵگرت و ڕووەو "نوچە" بەڕێکەوت؛

سەری ئیتاعەتی شۆڕ کردەوە و باسی کارەساتەکەی خۆی گێڕایـەوە. ئـەم ڕووداوەش بووە هۆی زیاتربوونی دەسەلأت و چاوقایمیی شێخ.**بەشی چوارەم**کاتێك شێخ عوبەید زانـی هـەمزاغا ملکەچـێتی و عەشایەریش چاوەڕێی فرمـانن؛ چـەند فرمـانێکی بـۆ ئەملاولا نووسی، چەند پیاوێکی تایبـەتی بـەرەو ئێلـی مـەنگوڕ و زەرزا و هـەرکی و ڕەوەند و بناری و پیران و زوودی و شکاك و دەشتی و مـامش و دانیـشتووانی شـنۆ و لاجان و مەرگەوەڕ و موکری نارد. له ماوەیەکی کورتدا لەشکرێکی زۆری لـه خێـڵ و هۆزەکان کۆکردەوە. شێخ قادری کوڕی خۆی بەجێنیشینی خۆی دانا و هەمزاغایـشی بەسوپاسـالاری لەشـکر دەستنیـشان کـرد و بـەرەو ئازەبایجـانی ڕەوانـە کـردن. لەبەرئەوەش کە هەمزاغا دڵی له فەرمانڕەوای شارۆچکەی سابلاخ ڕەنجاو و تۆڵـەی کوشتنی برازاکەیشی هەر لە دڵدا بوو، بۆیە لە سەرەتادا لەشکری بەرەو سـابلاخ تـاو دا.دوای بلأوبوونـەوەی ئـەم هەواڵـە، ئاغـا شـازادەی فـەرمانڕەوای سـابلاخ، چـۆنێتی هەلومەرجەکـەی بەدەسـەلأتدارانی ئازەربایجـان ڕاگەیانـد و داوای هێـز و یارمـەتی کرد. بەلأم بەرپرسانی ئەو ناوچەیە پێیان وا نەبوو شۆڕشی کوردان گەیشتبێتە ئەو ئاستە؛ بۆیە فرمانیان دا: محەمەد سادق خانی ئاجودانباشی و محەمەد حسین خانی بەختیاری، لەگـەڵ (٣٠) سـوار و ڕەحـیم خـانی سـەرکردەی چـەلیبانی، لەگـەڵ (١٠٠) سوار، بەرەو سابلاخ بچن. ئاگاداری ئەوە نەبوون، کـە لەشـکری کوردان چـەندێکن و خراپەیان تا چ ئەندازەیەکە.کاتێك شێخ قادر و هەمزاغا له "نوچە"وە بەڕێکـەوتن، لە سـەرەتادا یەکراسـت بـۆ هـاتنی لەشـکر و دابینکردنـی کەلوپـەلی پێویـستی ڕێگـە، هاتنە ناو شاری "شنۆ". (٣)) ڕۆژ لەوێ مانەوە. بەرلـەوەش شـێخ (عوبەیـدوڵلا) بـۆ شارۆچکەی شنۆ بێت، محەمەد ئاغای مامش، سولەیمان ئاغای بـرازای بـۆ "نـەهری" نـارد، تـا هـەر کـاتێ شـێخ عوبەیـد بیـەوێ پـشتیوانیی لـە هـەمزاغا بکـا، هەواڵەکـە بنێرێ. ئەویش دەستبەجێ هەواڵی نارد، کە شێخ نامەی بـۆ دەوروبـەر نووسـیوە و خەریکی کۆکردنەوەی لەشکرە. محەمەد ئاغا بەپەلـە خـۆی گەیانـدە "سـندووس" و باسەکەی بۆ جەلال خانی حاکمی قەرەپەپاغ گێڕایەوە و تێیگەیانـد و بـرایم ئاغـای لەگـەڵ جـەلال خـان بـەرەو سـابلاخ نـارد. ئـەوانیش دوای گەیـشتنیان، باسـەکەیان

سەرلەبەر گێڕایەوە(١٤). ئاغا شازادە وەڵامی دانەوە: ئێوە بچن بەکۆکردنەوەی لەشکرەوە خەریك بن، منیش لەگەڵ جەماوەری "موکری" لە دواوە دێم.دیسان لە "مەرگەوەڕ"ەوە هەواڵی هاتنی شێخ قادریان هێنا بوو. محەمەد ئاغا لەگەڵ بیوك خانی کوڕی ئەسکەندەرخان بەپەلە بەرەو سابلاخ چوون و باسی ڕووداوەکانیان کرد. ئاغا شازادەش سەرانی موکری کۆکردەوە و داوای هاوکاریی لێکردن، تا بەرەو شنۆ بچن. بەڵام هەر کامێکیان قسەیەکیان کرد و بیانوویەکیان هێنایەوە. ناچار سەلیم خانی چاردۆڵی ئامادەیی خۆی نواند. بەدوای ئەودا: محەمەد سادق خان و ڕەحیم خانی چەلیبانی-ش ئامادەیی خۆیان دەربڕی و لەگەڵ محەمەد ئاغا (ی مامش) و بیوك خاندا نێردران. ئەمانە لەگەڵ چەند کەسێکی کەمی مامش و قەرەپەپاغ و" ... هتد، تا دۆڵی سندووس چوون و (٣) ڕۆژ لەوێ مانەوە.کاتێ شێخ (عوبەیدوڵلا) گەیشتە شنۆ، هیچ هێزێکی پشتیوانیی لە ورمێ و سابلاخەوە نەگەیشتبوون(١٥). لەم سەروبەندەشدا هەواڵی ئەوە بلاوبووەوە؛ کە شێخ (عوبەیدوڵلا) خۆی بۆ ئەوە تەیار و ئامادە کردووە تا سەرەتا هۆزی قەرەپەپاغ بکوژن و تالان بکەن. ئەمانەش هەرکە ئەم هەواڵەیان بیست، ترسان و محەمەد ئاغای مامشیان بۆ شنۆ نارد و خۆیان بەرەو سندووس گەڕانەوە. سەلیم خان زۆر هەوڵیدا ڕایانگرێ، گوێیان نەدایە. ناچار ئەویش بەتەنیا بەرەو سابلاخ گەڕایەوە.بەڵام شێخ (عوبەیدوڵلا) لە شارۆچکەی "شنۆ"وە بەرەو سندووس بەڕێکەوت.خەڵکی سندووس و قەرەپەپاغیش، کە بریتی بوون لە: جەلال خانی حاکم و بیوك خان نایبی ئاجودان و حەسەنعەلی خانی سەرهەنگ و خان کیش خان و ئیبراهیم ئاغا و عەباس ئاغا، لە هەواڵی هاتنی شێخ ترسان. هەر چۆنێ لێکیان دایەوە، دەرەقەتی شەڕی شێخ نایەن، بۆیە هەموویان سوارە و پیادە، چوونە پێشوازیی شێخ و بەم شێوەیە گیان وماڵی خۆیان پاراست. سەد خەروار گەنم و پەنجا خەروار جۆیان بەناو "سیورسات"ەوە(١٦) بەلەشکرەکەی شێخ دا. ئەویش بڕیاری دا، کە کەس ناتوانێ ئازاری دانیشتووانی گوندەکانی سندووس بدات.لەوێوە بەرەو سابلاخ کەوتنە ڕێ، قەرەپەپاغەکان تکای ئەوەیان کرد، لەبەرئەوەی

سوارەکانیان لە خۆراسان فرمانیان پێ سپێردراوە، دەبێ لەوە ببوورن، کە ئێمە ناتوانین بۆ سابلاخ بێین.شێخ قادر مۆڵەتی دان، بەلام بڕیار درا دەبێ سیۆرسات بۆ لەشکر دابین بکەن و بینێرن. شازادەش کە هەواڵی هاتنی شێخ قادری بۆ سندووس و پێشوازیی خەڵکی سندووسیشی بیستبوو، لەولاشەوە خەڵکی سابلاخ و خێڵەکانی موکریانیشی لەگەڵ شێخ هاودڵ بینی؛ لە هەلاتن زیاتر، هیچی تری شك نەبرد، بەناچاریی لە سابلاخەوە لەگەڵ محەمەد سادق خان و محەمەد حسێن خان و ڕەحیم خان بەرەو سابلاخ هەلاتن. شەو لە "میاندواو" مانەوە و بۆ بەیانی بەرەو "مەراغە" چوون. لەولاشەوە شێخ قادر و هەمزاغا لەگەڵ هۆزی مەنگوڕ و عەبدوڵلا خان و ئیبراهیم خانی زەرزا و عەلی ئاغا لەگەڵ هۆزی هەرکی، محەمەد ئاغا لەگەڵ ئیلی ڕەوەند، شێخ جیهانگیر لەگەڵ خێڵی بناری، مامەند ئاغای پیران، قەرەنی ئاغا لەگەڵ ئیلی زودی؛ قاسم ئاغای کوڕی عەلی خان لەگەڵ سوارەی شکاك، دەرویش ئاغای نەعمان ئاغای هەرکی، عەبداڵ بەگ لەگەڵ هۆزی دەشتی، قۆتیاس ئاغا لەگەڵ خەڵکی سۆمای برادۆست، محەمەد ئاغای مستکانی، کوێخا مولهیم لەگەڵ خەڵکی مەرگەوەڕ، عوسمان ئاغای گەورك، محەمەد ئاغا لەگەڵ خێڵی مامش چوونە ناو سابلاخەوە. خەڵکی شار و سەرانی موکری و مەلاکانی ئەهلی سوننە، پێشوازییان لێکردن. (٣) سێ ڕۆژ لەو شارۆچکەیەدا مانەوە. "خان بابا خان"ی کوڕی مەجید خانیان کردە فەرمانڕەوای سابلاخ و بەرەو میاندواو بەڕێکەوتن.ئەو کەسانەی (چ خەڵکی شار و چ سەرانی موکری) لەگەڵ شێخ (قادر)ا هاوکارییان کرد و بەرەو میاندواو لەگەڵیدا چوون، بریتی بوون لە: میرزا عەبدولوەهابی قازی، میرزا قادری قازی، میرزا قاسمی قازی، شێخ جەسیم (ئیمام جومعە)، شێخولئیسلام بایز ئاغای نەقیب، کوڕی مەلەکولقاسمی میرزا، عەبدوڵلا ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا، خەلیل ئاغا، کوڕەکانی محەمەد کەریم بەگ، فەتحوڵلا خانی کوڕی موزەففەرولدەولە، کوڕەکانی تری مەجید خان، ئەمین ئاغای کوڕی قادر ئاغا، سەلیم بەگ و کوڕەکانی فەیزوڵلا بەگ، عەزیزی فەتاح، حەسەن ئاغا، سەلیم بەگ و کوڕە بەناوبانگەکانی، ئاغا و خولەفا و شێخەکانی تری ئەهلی سوننە" لە شارەوە،

بەرەو گوندی "حاجی حەسەن" چوون؛ کە قۆناغەرێیەك لە میاندواوەوە دوورە و لەو گوندەدا (٥٠ هەزار) کەس سوارە و پیادە دابەزین.**بەشی پێنجەم**باسی هاتنی عەلی خانی حاکمی مەراغە، بۆ یارمەتیدانی خەڵکی میاندواو و کوشتن و تالآنکردنی میاندواودوای بلآوبوونەوەی هەواڵی هاتنی شێخ (قادر) بۆ شارۆچکەی سابلآخ و هاوکاریکردنی خەڵکی ئەویّ و نیازی بەرەو میاندواو هاتنی؛ عەلی خان حاکمی مەراغە، لەگەڵ محەمەد سادق خانی سەرکردەی سوارەی بەرەی پێشەوە و محەمەد حسەینخانی بەختیاری و محەمەد سادق خانی ئاجودانباشی ئەفسەری حەزرەتی وەلیعەهد و حاجی میرزا و ڕەزا قولیخانی ئیسفەهانی و ڕەحیم خانی فەرماندەی سوارەی چەلیبانی، بەگالیسکەیەك لە مەراغەوە بەرێ کەوتن. بەدەم ڕێوەش لەگەڵ سەلیم خانی چاردۆڵی(١٧) یەکدەگرنەوە و بەرەو میاندواو دێن.سیّ (٣) سەعاتی ڕۆژی دەمێنیّ، دەگەنە شار. تۆپ دەبەنە شار و بەرامبەر دوژمن لە "باستیان" دایدەنێن. خانووەکەی ئەحمەد خانیش (کە ئیدارەی دەوڵەتە) دەکەنە بارەگا و شەو هەتا بەرەبەیانی، تەگبیری کاری ئەو بیّ تەگبیرانە دەکەن.(٢٠٠) دووسەد کەس لە دەستەی سوارەی بڵباس، بەفرمانی شێخ قادر و بەسەرکردایەتی "نوری بەگ"ی(١٨) خاڵۆی ناوبراو، هێرش بۆ سەر میاندواو دەبەن. لەولاشەوە عەلی خان (ی حاکمی مەراغە) لەگەڵ هاوڕێیانی تری؛ وەك شێری شەرزە، دەستیان کردەوە. ئەو شێرانی شەڕە، تووڕەبوون و سەرلەبەری ئەندامەکانی لەشی دوژمنانیان تێکشکاند. لە نێوان سوارەکاندا لەبەر شەڕ و بگرە و بەردە، گوللەیەکی زۆر تەقێندرا، لە ئاکامدا خاڵۆی شێخ قادر، گوللەیەکی سەلیم خانی (چاردۆڵی) بەرکەوت و بەرەو جەهەننەم نێردرا و سوارەی بڵباس تێکشکان و ڕایانکرد.کاتێك شێخ قادر هەواڵی تێکشکانی سوارەی بڵباس و کوژرانی خاڵۆی خۆی بیست، وەك بەرازی پێکراو و ماری زامدار، خولی دەخوارد. فرمانی کوشتن و تالآنکردنی میاندواوی بەو لەشکرە زۆرەی دا. یەکەمین کەسێك، کە بۆ ئەم کارە ناخێرە ڕاست بووەوە، جەلیل ئاغای حەرامزادە بوو؛ کە هەر ئەم جەلیل ئاغایە، چاکە و نیعمەتی زۆری لە دەستی حەزرەتی ئەقدەسی والا: وەلیعەهد دیتبوو، چاوی لە نان و نمەك

پۆشی و بە(١٠٠ سەد) سوارە و (٣٠٠ سێ سەد) پیادەوە، بەرەو میاندواو چوون. کوردەکانی تر، بەهەمزاغا و ئەوانی تریشەوە، هەموویان بەشوێن ئەواندا بەرەو میاندواو بەڕێ کەوتن. عەلی خان و ئەوانی تر شەڕیان پێ نەکرا و جگە لە هەڵاتن، چارەیەکی تریان نەبوو. بەناچاریی تۆپیان بەجێهێشت و ڕایانکرد. خەڵکی شاریش، هەر کەس توانای ڕاکردنی هەبوو، هەڵات. ئەوانی تر بەردەستی دوژمن کەوتن.**شیعر**:لەبەر ئەو خەڵکە بێ ئەدەبە ڕۆژی خەڵکی میاندواو، وەك شەوی لێهاتلەبەر گولله؛ ئەوەندە سنگ و بەرۆك زامدار بوون دایك بیری مندالی خۆی نەما بووئەوەندە کوژراو لێرە و لەوێ کەوتبوون باوك سۆزی بۆ کوڕی خۆی نەما بوولە هەموو لایەکەوە خوێن ئەوەندە ڕژا بوو لە ئاژاوەی ئەو قەومە بێدادگەرەداکەس خۆی نەدەناسییەوەیەکێك خەنجەری ئاورەنگی بەدەستەوە بوو یەکێك دەموچاوی بەخوێن شتبووژنان: هاوار و واوەیلایان دەکرد لە هەموو سووچێکەوە هاوار هەڵدەستاکارەساتەکە بەجۆرێك بوو چاوی جیهان، بۆ حاڵی ئەو داماوانە دەگریامەریخی خوێنمژ، لە بێ بەزەیی ئەو بێ بەزەییانە پەرێشان حاڵ دەبووڕۆژگارێك بوو، کە لە پشت پەردەی عیسمەتیانەوە بای سەبا، بەحاڵە حاڵ هاتوچۆی دەکردکەچی لەوێ سەرپۆشی عیسمەتیان لەسەریان دەفڕاند و کیژە ناسکۆڵەکانیانکە لە لانکەی نازدا گەورە کرابوون بەدیل دەگرتنئالای زوڵمیان بەجۆرێك هەڵکرد و ئاگری زۆریان بەجۆرێك هەڵایساند، کە منالی شیرەخۆرە و کەم تەمەنیانلەگەڵ پیری لە پێ کەوتوو بەئاگری زوڵم دەسووتاندزوڵم لەوێ ئەوەندە ئالای هەڵکرد کە قەڵەم لە بەرامبەر نووسینیدا دۆش داماوەبەڵێ دوای سێ ڕۆژ و شەو، کە بەردەوام خەریکی کوشتن و تالآنکردن بوون، یەك کەس لە خەڵکی شاری میاندواو، لەو شارەدا نەما، ئیتر یان هەڵاتن، یان کوژران، یان بەدیل گیران.شێخ قادری حەرامزادە، نامەیەکی بۆ باوکی نووسی؛ کە لە سایەی سەری بنەماڵەی "تاها"١٩)) و بەختی حەزرەتی "شێخ"ەوە(٢٠)، لەو ڕۆژەوەی لە "نوچە"وە کەوتووینەتە ڕێ، تا ئێستا، ڕوومان لە هەر شوێنێك کردبێ، کەس لە فرمانمان دەرنەچووە؛ جگە لە خەڵکی میاندواو، کە کەمێك پێی بێ ئەدەبییان

درێژ کرد و سەرپێچیان کردین؛ بۆیە بوون و نەبوونیانمان وەك تۆز و خۆڵ بەبا کرد و ماڵمان لێ وێران کردن.هەمزاغا و فەرماندەکانی تریش، هەر وایان نووسی و بەپەلە بۆ "شێخ"یان نارد.**بەشی شەشەم**بەڵام پاش کوشتاری میاندواو، هەمزاغا و هەندێك لە سەرانی موکری و عەشیرەتەکان، لەبەر تاوان و خیانەتی خۆیان، لە غەزەب و تووڕەیی "حەزرەت - ظل الله - ڕۆحی عالەم بەفیدای بێ"، ترسان و وایان لێکدایەوە؛ کە ئەم شەڕ و خراپەکارییە، ناشاردرێتەوە و کەس ئەرکی ئەم مەترسییە، بەئەستۆ ناگرێ. لەبەرئەوە باشتر وایە خێڵی قەرەپەپاغیش بەهاوبەشی خۆیان دابنێن، کە بۆ هەوێنی ئەم خراپەکارییە، هەرچی زۆرتر بێ باشترە، چونکە شتی لاواز، بەشتی بەهێز تیا دەچێ؛ بۆیە هەموو پێکەوە بۆ بارەگاکەی شێخ (عەبدولقادر) چوون و وتیان: خێڵی قەرەپەپاغ دڵیان لەگەڵ دڵی شێخ نییە و لەم شتە دەترسین، نەوەك ببنە هۆی لەبەریەك هەڵوەشان و بڵاوبوونەوەی لەشکر و سەربازەکان، کەوایە وا باشترە هەموویان بۆ ئێرە بانگ بکەین، تا خەیاڵی سەرپێچی کردن نەکەن.شێخ قادر بۆچوونەکەیانی بەدڵ بوو. فرمانی بۆ جەلال خان و حەسەنعەلی خانی سەرهەنگ و بیوك خان نووسی؛ تا سەرکردەکانی بەسوارییی بۆ ئێرە بێن و تێکەڵ لەشکری ئێمە ببن؛ ئەگەریش درەنگ بکەن، بەدڵنیاییەوە دەبنە نێچیری گوللەی ئێمە.لە کاتی گەیشتنی نامەی شێخ قادردا، لای ئیقبالدەولەوە هەواڵ گەیشت، کە لەشکری "خۆی"، لەگەڵ شەجیع عەلی خان گەیشتوونەتە "ورمێ" و لەشکری "ئەفشار"یش ئامادەیە و مەترسن، بەیانی دەگەینێ.جەلال خان خێرا ئەم هەواڵەی بەوردی بەگوێی محەمەد ئاغای مامش گەیاند. ناوبراویش هەرکە ئەم هەواڵەی بیست، بەبیانوویەکەوە مۆڵەتی لە شێخ قادر وەرگرت و بەرەو "سندووس" بەڕێکەوت. بەڵام لەشکری کورد، بۆ گەیاندنی تالآنییەکانیان بۆ جێگا و ماڵی خۆیان، لە شێخ جیابوونەوە. شێخیش بۆ سابلاخ گەڕایەوە. بەڵام چونکە ئەو ڕێوی سیفەتانە، لە کوشتنی خەڵکی بێ دەسەڵات و بێوەژنان دەمە چێشتە ببوون و شتێکیان چنگخستبوو، دیسان لە دەوری شێخ کۆببوونەوە و بەتەمای سندووس بوون. خەڵکی سندووسیش لە نەگەیشتنی یارمەتی و بڵاوبوونەوەی ئەم

هەواڵەش(٢١)، زۆر ترسان و جەلال خانیان بە(١٥٠ سەد و پەنجا) سوارەوە ڕووەو سابلاخ نارد. محەمەد ئاغاش بەناچاریی چاوی لەو کرد.لەوێوە شێخ (قادر) بە(٥٠ هەزار) کەسەوە بەرەو "مەراغە" و "بناو" بەڕێکەوت. بەڵام هێشتا شێخ لە سابلاخ دەرنەچوو بوو، کە هۆزی "پیران" هێرشیان بۆ سەر قەڵای "لاجان" کرد و (١٠٠ سەد) سەرباز و تۆپچی ساخلوی ئەوێیان گرت و تۆپەکانیان شکاند و خستیاننە چاڵاوەوە و سەربازەکانیشیان بۆ لای شێخ هێنا. بەڵام محەمەد ئاغای مامش لەبەر نان و نمەك كردنی دەوڵەت و دۆستایەتیی لەگەڵ ئەفشار، لای شێخ (عەبدولقادر) تکای ئازادکردنی بۆ کردن و لە لایەن شێخەوە بەخشران و خوێنی نەڕشتن. بەڵام تفەنگ و کەلوپەلەکانیان لێ داماڵین و مەرەخەسی کردن؛ ئەوانیش بەرەو ورمێ گەڕانەوە.

بەشی حەوتەم

باسی ئاگاداربوونی بەرپرسانی حەزرەتی ئەقدەس ئەسعەد ئەرفەع والا: وەلیعەهدی لانکە کەیوان لە خرا پەکاریی کوردان و ناردنی لەشکری سەرکەوتوو لە تەورێزەوە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵیان و هەواڵ ناردن بۆ دار الخلافەی تاران و بەڕێکەوتنی لەشکری "عیراقی"، بەسەرکردایەتی نەواب ئەشرەف والا: حیشمەتولدەولە.دوای ئاگاداربوونی بەرپرسانی حەزرەتی ئەقدەس ئەرفەع والا: وەلیعەهد (ڕۆحمان بەفیدای بێ) لە چوونی شێخ (قادر) بۆ شارۆچکەی سابلاخ و هاوکاریکردنی لە لایەن خێڵەکانی قەرەپەپاغ و موکری و هەڵاتنی نەواب والا: ئاغا شازادە؛ وایان بەچاك زانی کە پیاوێکی عاقڵ و کامڵ و باش، بکاتە فەرمانڕەوای ئەوێ، بەڵکو بەدڵخۆشیی دانەوە، خێڵ و عەشیرەتەکان دڵنیا بکاتەوە و لە خەیاڵی خراپەکاریی، دووریان بخاتەوە و کار نەگاتە ئاستی شەڕ و کوشتن. لەبەرئەوەش کە "سەدردەولە" لە لایەن حەزرەتی والا؛ شانازیی پلەی ئێشك ئاقاسی باشی گەری پێ براوە و لە هونەری سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردن و خەڵك نەوازییدا دەستی باڵای هەبووە؛ ڕایانسپارد و لەگەڵ سوارەی کۆمەڵێکی تەهماسبقولی خان یۆزباشی، ڕەوانە کران. بەڵام دوای بیستنی هەواڵی بارودۆخی میاندواو و خەڵکی مەراغە و بناو، ترسان و

سکالاًنامەیان بۆ خاکی بەرپێی حەزرەتی والا نووسی و چۆنێتی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوونکردنەوە و یارمەتییان خواست. بەفرمانی حەزرەتی والا، ڕۆحمان بەفیدای بێ، مقّرب الخاقان: ئاغا خانی سەرتیپی ئەفشار و مقّرب الحضرەتی بالاً: لوتفعەلی خانی سەرهەنگ، بە(٤٠٠ چوارسەد) سەربازەوە لە فەوجی چوارەم و فەوجێکی ئەمیرییە، بەچوار گالیسکە تۆپەوە، ڕۆژی ٢٥ی مانگی شوال المکرمی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١٠/١ز)، لە تەورێزەوە بەڕێ کەوتن، بۆ سبەینێ: شەممە ٢٦ی مانگی شەوالی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١٠/٢ز)، محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیس، لە بەرەی موهەندیسیەوە ناردییانەوە و لە نزیك بارەگای خانەقا، کە لە پەنا "شاهی" دایە، ئاغا خانی سەرتیپ لەگەڵ "حاجی سەدرولدەولە"، یەکتر دەگرنەوە و پێکەوە بۆ "بناو" دەچن و لە ئاقار و دەوروبەری شارەکە سەنگە لێ دەدەن و لە هەر دۆڵێکیشدا تۆپ و سەرباز دادەمەزرێنن و خەریکی پاسەوانیی دەبن.دوای گەیشتنی ئەم هەوالاًنە بەدار الخلافەی تاران لە دەرباری هەمایۆن: ئەعلاحەزرەت شەهریاری (ڕۆحی من و ڕۆحی هەموو جیهان بەقوربانی بێ)، بڕیار درا کە میر میرانی گەورە: مستەفا قولیخانی ئیعتیماد سەڵتەنە (فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان) وەك سەرکردایەتی گشت لەشکر، بەڕێ بکەوێ، ناوبراویش لەگەڵ فەوجی "بەهادۆران"، بەیاوەریی سەیید محەمەد خان و فەوجی دووەمی تایبەت، بەسەرهەنگیی: مقرَب الحضرەتی بالاً: حاجی عەلی خانی کوڕی حاجی حسام الدولە و سێ دەزگا تۆپ و جبەخانە، بۆ ناو "بناو" هاتن. شەو لەوێ مانەوە. بۆ بەیانی محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیسی بۆ ئاقاری شار نارد، تا شوێنی سەربازگەکە دەستنیشان بکات. ئەویش دوای دەستنیشانکردنی شوێنەکە، ڕایگەیاند: فەوجەکان و تۆپخانە بەرەو کەنار شار بەڕێخەن.ئیعتیماد سەڵتەنەش بارەگای خۆی لە ناوەندی سەربازگەکە دامەزراند، کە ڕووبەڕووی ڕێگەی هاتنی کوردان و ڕووی لە مەیدانی شەڕەکە بوو. پشتەوەی لەشکرەکەشی بەمقرب الخاقان ئاغا خانی سەرتیپ سپارد. سەرکردایەتی لەشکرەکانی "بناو"یش بریتی بوون لە: میر میرانی هێژا ئیعتیماد سەڵتەنە، عمدە الامراو العظام: حاجی سەدرولدەولە، مقرب الخاقان ئاغا خان

سەرتیپ لەگەڵ (٤٠٠ چوارسەد) سەربازی فەوجی چوارەمی تەورێز، حاجی عەلی خانی سەرهەنگ لەگەڵ فەوجی دووەم، بەتایبەتیش سەیید محەمەد خانی یاریدەدەری فەوجی بەهادۆران، لوتفعەلی خانی سەرهەنگ لەگەڵ دەستەی ئەمیرییە، بیوك خانی سەرهەنگی مەراغە، محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیس؛ لەشکری سوارەش بریتی بوون لە: محەمەد حسێن خانی بەختیاری بە(٤٠٠ چوارسەد) سەربازەوە، ئیبراهیم ئاغا قەراجەداغی بە(٢٠ بیست) سەربازەوە. هەمووشیان سەنگەرەکانیان دامەزراند و چەندین مەتەرێزیان دروست کرد و تۆپ و تۆپخانەیان لە جێگای خۆیان دانا و ئامادەی شەڕ و چاوەنواڕی گەیشتنی دوژمنیان کرد.دوای ئەوەی هەواڵی دەرکەوتنی شێخ عوبەید بەدار الخلافەی تاران گەیشت، لە لایەن دەربـاری موعەدەلەت مەداری حەزرەت، سێبەری خوداوەند (ڕۆحی من و ڕۆحی جیهانی بەقوربان بێ)، فرمان درا، کە: حەزرەتی ئەشرەف ئەرفەع ئەمجەد والا: کامەران میرزای نایب السلطنەی ئەمیری گەورە، سوپایەکی خوێنرێژ، بەرەو ئازەربایجان بنێرێ، تا بوون و لە مانی خراپەکاران بەبای فەنادا بدات. بۆیە نواب ئەشرەف ئەمجەد والا: "حەمزە میرزای حیشمەتولدەولە"ی(٢٢) کردە سوپاسالاری لەشکر. دوو فەوجی ئازەربایجانیش، کە بەمحەمەد قولیخان حسام الدولە سپێردرا بوون، لە دار الخلافەوە (واتە: لە پایتەختەوە) بەڕێ کەوتن.نەوابی والا بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست (٣ سێ) ڕۆژ لە مەیدانی ئەسپ سواریدا، بەتۆپخانە و فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەمەوە مانەوە، ڕۆژی هەینی، ٩ی مانگی زیقەعیدە (١٨٨٠/١٠/١٥ز) لە ئەسپ سوارییەوە قۆناغیان بردە گوندی "کەن"، کە گوندێك بوو لە گوندەکانی دار الخلافە.بۆ بەیانی بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە لە گوندی ناوبراوەوە بەڕێ کەوتن. بەڵام دەستەگەلی ئازەربایجانی، کە بەر لە نەوابی باڵا بەڕێکەوتبوون، بۆ ئەوەی هێزەکان بگەن، لە گوندی "کەرەج" ڕاوەستان. هەر لەبەرئەوەش قۆناغی ئەو ڕۆژەیان لە گوندی کەرەج بوو. لەوێشەوە کە هێزەکان یەکیانگرتەوە، ئیتر لە ناو ڕێ ڕانەوەستان و شتێکی تازە ڕووی نەدا. ڕۆژی ١٤ی زیقەعیدە (١٨٨٠/١٠/٢٠ز) گەیشتنە "قەزوین".دەستەگەل و سوارە خەڵکی قەزوین

لەگەڵ "نصر الملك"، کە فرمانی پێ کرابوو لەشکر و سەرباز کۆبکاتەوە، بەرەو پیریان هاتن. نەوابی والا، بەوپەڕی سەربەخۆییەوە هەزار "جریب"ی(٢٣) بۆ شوێن سەربازگەکە دیاری کرد.ڕۆژێکیان بۆ کۆکردنەوەی سەربازی قەزوین و حەسانەوەی هێزی پیادە تەرخان کرد. ڕۆژی ١٦ی زیقەعیدە (١٨٨٠/١٠/٢٢ز) بۆ بەڕێکەوتنی لەشکر دەرکرا. جەماوەری لەشکرەکە دەستە دەستە وەك شەپۆلی زەریا بەڕێ کەوتن؛ جگە لە ڕۆژێك نەبێ، کە لە "قوتی ئاوا" بۆ حەسانەوەی هێزەکان ڕاوەستان. ئیتر شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا.ڕۆژی ٢٤ی زیقەعیدە (١٨٨٠/١٠/٣٠ز) گەیشتنە شارۆچکەی "بیجاڕ"، کە ناوەندی فەرمانڕەوایی ناوچەی "گەڕووس"ە و لە پەنا ئەم شارۆچکەیەدا باروبنەیان خست. حیسامولمولکیش کە چوار ڕۆژ پێشتر لە بەڕێکەوتنی نەوابی والا، بۆ بەڕێ خستنی (٤ چوار) فەوجی هەمەدان، لە دار الخلافەی بیجاڕییەکانەوە بەڕێکەوتن، ئەویش عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ، فەوجی مەنصووری بۆ ناردنی چادر و جلوبەرگ و کەلوپەلی پێویستی تر، لە دار الخلافە دامەزراند و خۆی بۆ هەواڵ ناردن دەچێ.لە هەموو جێگەیەك یالی ئەسپیان کردە سەرین و زینیان کردە جێگەخەو چادریان کردە ئاسمانی سەر سەریان. هەشت ڕۆژ دوای گەیشتنە "هەمەدان"، فەوجی شەشەم و مەنصوور و هەواڵنێران و (١٠٠ سەد) سواری تر، کە خۆیان داوای هاتنیان کردبوو، لە گوندی "قەهرومین"ی مەحاڵی هەمەدان (قۆناغەرێیەك لە بیجاڕەوە دوورە) ئامادەبوون. عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگیش بەخۆی و هەندێك کەلوپەلی ترەوە، هەر لەو گوندە تێکەڵ بەفەوجەکان بوو. ئیتر حیسامولمولك چاوەنواڕی گەیشتنی کەلوپەلی تری نەکرد و یەکسەر بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کەوت. ڕۆژێك بەر لە گەیشتنی نەواب ئەشرەف والا: حیشمت الدولە (هەمزە میرزا) گەیشتنە بیجاڕ. هەلومەرجەکانیشی بەتەلگراف عەرزی حەزرەتی ئەقدەس ئەرفەع والا: نایب السلطنە، ئەمیری گەورە کردبوو. ئەمەش دەقی وەڵامی تەلگرافی حەزرەتی ئەشرەفی والایە - ڕۆحمان بەفیدای بێ.مقرّب الخاقان حیسامولمولك، تەلگرافتان گەیشت و حەزرەتی پاشا چاوی موبارەکیان پێی کەوت. ئەم خزمەتەی ئێوە و گەیشتنی

فـەوجی شەشـەم و مەنـصوور و هـەواڵنێران و (١٠٠ سـەد) سـوار، بـەر لـە گەیـشتنی لەشکری گەورەی ئەکرەم کامکار: حشمت الدولـە، بـە"بیجار" زۆر بـەدڵی حـەزرەتی "شا" بووە، فـەرموویان تـەلگرافتان بـۆ دەنێـرم، سـەد هـەزار جار ئافـەرین بـۆ ئـەم خزمەتەتان، کە سەرنجی زۆریان پێ دەدرێ و خزمەتی ئێوەش بەچاوی موبارەکیـان ون و بێ پاداشت نابێ. هەرچەندە بڵێین گـەورەییيان فـەرموو. سـەبارەت بەئـەکرەم کامکار: حشمت الدولەش، بەجیاواز تەلگرافێ بۆ کراوە؛ کە بـەپێی فرمـان، خـۆراك و پێویـستی ئەسـپ و باربـەر (٠٠١ سـەد) سـوار، بـەپێی نرخـی ڕۆژ بـدەن و لـە لایـەن ئێمەشـــــەوە هـــــەواڵی ســـــەربازانی فـــــەوجی هەمـــــەدان بپرســـــن. (نایب السلطنە ئەمیر کـەمیر)لـە وەڵامەکـەدا، لەتـەك لـوتفی پاشـایەتیاندا، فرمـانی ڕاوەستانی لەشکریشیان دابوو، تا هێزەکەی حشمت الدولەش دەگات. لە کـاتی هـاتنی نەوابی والادا، هەرسێ فەوج و سوارە، لەگەڵ حیسامولملوك و فەرماندەکانی تردا، بـۆ پێشوازیی ڕەسمیـی، لـە سـەربازگەکە هاتنـە دەرێ و تەشـریفاتیان بـەجێ هێنـا. سـێ ڕۆژ لــە شارۆچــکەی بیجــاڕ مانــەوە. لــە بیجــاڕ نــەواب ئەشــرەف والا، تووشــی نەخۆشییەك هاتن، کە دواتر بەدرێژتر باسی دەکەین.**بەشی هەشتەم چۆنێتی پەنا هێنانی گوڵاوی ئاغای کوڕی مارف ئاغـــا، بـــۆ نـــاو لەشـــکری ســـەرکەوتووی ئیعتیمـــاد ســـەڵتەنە**.کـاتێ ئیعتیمـاد سـەڵتەنە گەیـشتنە "بنـاو"، دوای تـەواوبوونی کاروبـاری ســەنگەر و مەتــەرێز ئامــادەکردن، هــەر ئــەوە مــا چــاوەنوارێ لەشــکری شــێخ بکات" عەبدوڵڵا بەگ ناوێکی کورد هەبوو. ماوەیەك لای ئیعتیماد سەڵتەنە خەریکی خزمەتکردن بوو. چەند نامەیەکی بۆ سەرانی موکری و قەرەپەپاغ نووسی و بەرەو "میانـدواو"ی نـارد، کـە تیایانـدا نووسـیبووی: لـە تـووڕەیی حـەزرەتی "ظل اللهی" بترسن و بەفریوی فێڵ و تەڵەکەی ڕێوی ئاسای "شێخ" خۆتان مەکەنە نێچیری شێر و شمشێر، هەڵبەتە هەر کەسێکیش لەبـەر بـێ دەسـەلاتیی، پـەنامان بـۆ بهێنـێ، بـەر سێبەری بەخشینی پادشایانە دەکەوێ، چونکە لێبووردنی ئەم دەرگایە، لە ئەندازەی تـاوان گـەورەترە.دوای ڕۆیـشتنی عەبـدوڵڵا بـەگ و گەیانـدنی نامـەکان، بەخـەڵکی مـوکری و قەرەپـەپاغ، ئیـسماعیل ئاغـا، کـە یـەکێك بـوو لـە سـەرانی قەرەپـەپاغ،

گوێڕایەڵیی کرد و لەگەڵ هەندێ خزم و کەسی خۆیدا بۆ بناو هاتن. ئیعتیماد سەڵتەنەش سۆز و میهرەبانیی بەرامبەر نواندن و خەلاتی باشی کردن و پاشان فرمانی کرد: بگەڕێنەوە تا بەڵکو ئەوانی تریش بەمیهر و خۆشەویستیی هیوادار بکەن و لەگەڵ خۆتاندا بیانهێنن. تا سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ی مانگی زیقەعیدەی حەرام (١٨٨٠/١٠/٢٠ز) سوارێکی کورد هات و وتی: گولاوی ئاغای موکری(٢٤)، لە تووڕەیی و غەزەبی حەزرەتی ظل اللهی ترساوە و لە گیانی خۆی بووردووە و ئەوە ئێستا پەنای بۆ سوپای سەرکەوتوو هێناوە و داوای لێبووردن لە دەرباری عەدالەت مەداری حەزرەتی هومایۆنی ئەعلایە و چاوەنواڕی دڵنیایی و زامنی لەم لەشکرە هەیە.ئیعتیماد سەڵتەنەش دوای بیستنی ئەم هەواڵە، فرمانی بەحاجی ڕەزا قولیخانی ئیسفەهانی کرد، تا لە بارەگای سەربازگەکە بێتە دەرێ و لە لێبووردنی دڵنیای بکات و بۆ ناو لەشکری بەشکۆی بانگهێشتن بکات. حاجی ڕەزا قولیخانیش دەستبەجێ چوو، لە زامنکردن و لێبووردنی دەوڵەت دڵنیای کرد.کاتێ گولاوی ئاغا بەتەواوی دڵنیا بوو، لەگەڵ ناوبراو بۆ ناو سەربازگە هاتن" گولاوی ئاغا دەڵێ: ئەوە شێخ قادر و هەمزاغان، کە بەجەماوەرێکی زۆرەوە لە عەشیرەت و خێڵەکان دەگەنێ و ئەوەندە زۆرن، کە ژمارەی سەربازەکانیان لە ئەژمارکردن نایەن، ئەگەر ئاماریان بگریت، لە هەرچی بیر بکەنەوە، زیاترن.ئیعتیماد سەڵتەنە و فەرماندەکانی تر، دوای بیستنی ئەم هەواڵە، هەر کام لە سەنگەری خۆیاندا دامەزران و ئامادەی شەڕ بوون.**شیعر**:هەموو چاکی مەردایەتییان بەلادا کرد هەموو کەلوپەلی شەڕیان ساز کرد لەناکاو، لە دامێنی بەربلاوی دەشتەوە کێویکی تا بلێی قورس و قایم دەرکەوتوەك ئەستێرە بریسکەیان دەهات لە هەموو لایەکەوە ئالا دەبینراهەموو سوور و زەرد و کەوی و بنەوشەهەردوو سوپاکە ڕووبەڕووی یەك بوونەوە؛ لەم بۆ ئەو و لەو بۆ ئەم. سەدان قسە کرا، پاڵەوانانی پڵنگ کوژ، کە دڵیان وەك دڵی شێر بوو، بەخوێنی دوژمن خاك و خۆڵیان کردە قوڕاو. لەو دەشتە پڕ لە قینەدا، لەبەر دەنگی تۆپ، دەتوت زەوی دەمی داپچڕیوە، لە کوردان ئەوەندە کوژرابوون، دەتوت زەوی بۆتە تەپۆڵکەی مردوو.

دەستەیەك كە ڕووەو سەنگەر هێرشیان دەبرد، گەلێك جار ڕێدەكەوت سەریان دەبەخشی.خودی ئیعتیماد سەڵتەنە خۆی بەو پیرییەشەوە؛ لە شەڕدا خۆی نواند و بەجۆرێك لە بەربەرەكانێدا خۆی ڕاگرت، كە مەگەر هەر لاوان لەو پیرەپیاوەدا ئەو هیمەتە ببینن. بەڵێ ئەگەر بەپێوانەی دەشتێكیش ڕێوی هەبێ، یەك بەچكەشێر بەسە". بەكورتی تا (٣ سێ) ڕۆژ، هەوری بەلا، ئاسمانی تەنی و بارانی گوللە، وەك تەرزە دەباری، بەجۆرێك دنیا سەری سووڕ مابوو.دوای هەڵایسانی ئاگری شەڕ و بەرەنگاریی، هەندێك لە كوردەكان بەرەو شاری "بناو" هێرشیان هێنا و ئەوماڵانەیان وێران كرد و ئەو كەسانەشیان كوشتن، كە لە ئاقار و دەرەوەی شار بوون. لە سەروبەندی ئەم ڕووداوەدا بەفرمانی ئیعتیماد سەڵتەنە، چەند گوللەتۆپێك، لە سەنگەری دەرەوەی شارەوە بەرەو ڕوویان هاوێژرا. جەنابی حاجی میرزا عەلی قازی "بناو"یش، لەگەڵ خەڵكی شاردا، هێرشیان كردنە سەر و لە شار دەریانكردن.دوای (٣ سێ) ڕۆژ و شەو، شەڕ و كوشتنی كوردان، لەبەرئەوەی هەواڵی لەشكری "ئەراك"یشیان بیست و ئازایەتی ئیعتیماد سەڵتەنەیان بینی، ناچار بەزین و هەڵاتن". بەڵێ شەڕكردن لەگەڵ نەڕە شێر، بۆ ڕێوی پیر، ئازایەتی ناهێنێ.چەند ڕۆژێك دواتر جەنابی حەسەنعەلی خان؛(٢٥) وەزیری "فەوائید"، كە لەسەر داوای خۆی لە ناوچەی "گەڕووس"ەوە بەرەو ئەو شوێنە دەهات، لەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارەی "دویرن" و "قادر ئاغا"(٢٦))، كە بە(١٠٠ سەد) سوارەوە لە ناوچەی "سایین قەلا"وە تێكەڵ بەهێزەكەی وەزیر (ی فەوائید) ببوون؛ گەیشتن و لەوێشەوە دوای (١٤ چواردە) ڕۆژ ڕێ، بەرەو "قەرەقشلاق" بەڕێ كەوتن.لەم سەروبەندەدا شێخ قادر لە سابلاخ بوو، هەركە بیستی ئیعتیماد سەڵتەنە بەرەو "چلیك" بەڕێ كەوتووە و هەواڵی گەیشتنی هێزەكەی "ئەراك"یشی زانی؛ ئیتر خۆی پێ نەگیرا و خەیاڵی هەڵاتنی بەرەو "شنۆ"ی كەوتە سەر. خەڵكی سابلاخیش لە مەبەستەكەی گەیشتن و چوونە ماڵەكەی و وتیان: ئێمەت بۆ هەتا هەتایە لای دەوڵەت بەتاوانبار دانا و بووینە خائین، ئێستاش دەتەوێ هەڵبێیت!؟ ئێمە ئەو كارەمان پێ باش نییە؛ لەبەرئەوە یان دەبێ بەرگریی بكەیت، یان سەری

ئیتاعەتیان بۆ دانەوێنە. ئەگەر بێتو مەسەلەی لێبووردنی حەزرەتی ظل اللهي لە ئارادا مابێ، ئەوا هەردوو لامان دەگرێتەوە. ناچار شێخ قادر وەڵامی دایەوە، کە: هێشتا من ئەوەندە لاواز نەبووم، تا بیر لە هەڵاتن بکەمەوە. من بۆ دابینکردن و کۆکردنەوەی خواردەمەنی و یارمەتی بۆ ئێرە هاتووم، ئێوە نابێ بەوجۆرە بیر بکەنەوە، کە من هەڵدێم و ئەمە کاری پیاوانی شەڕ نییە؛ کە گەورەپیاوانی ئێمە لە کاتی گیانەلادا وتوویانە: النار والعار. ئەوانیش وەك عەوامی تێنەگەیشتوو، فریوی پیاوێکی بەئەزموونیان خوارد و بلاوەیان لێ کرد. شێخیش بەهەلی زانی و بەشەو بەرەو شنۆ هەڵات.لە قۆڵێکی ترەوە، کاتێ ئیعتیماد سەڵتەنە گەیشتە ناو مەحاڵی "چلیك"، دوو ڕۆژ لە کەنار "جەغەتوو"دا مایەوە، لەوێشەوە بەرەو "قەرەقشلاق" بەڕێ کەوتن، کە (٣ سێ) فۆناغەڕێیە (١٨ کیلۆمەتر). هەرکە هەواڵی شێخ قادریان بیست، سوارەکانی "شاهسەوەن" و "چەلیبانی" لەگەڵ جەماوەری قەرەپەپاغ، دوای شێخ (قادر) کەوتن. پاش شەڕێکی سەخت، کە نزیکەی (٢٠٠ دووسەد) کەس لە جەماوەری قەرەپەپاغ کوژران و بریندارکران، شێخ قادر لە کێوی باکووری شارەوە، بەرەو "مەرگەوەڕ" هەڵات. ئەمانەش لە شارەکەدا دەستیان بەکوشتن و تالانکردنی خەڵك کرد و بۆ "قەرەقشلاق" گەڕانەوە. تا کاتی تەشریف هێنانی حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم: سوپاسالاری گەورە و لەشکری "ئەراکی"، کە پاشان باسی دەکەین.**بەشی نۆهەم باسی گەیشتنی هەواڵی کوشتاری "میاندواو" بەمقلی خانی "ئیقبالدەولە" و چوونی شێخ عوبەید بۆ "ورمێ"**.کە هەواڵی گرتنی سابلاخ بە"ئیقبالدەولە"ی فەرمانڕەوای شاری "ورمێ" دەگات، کزە لە جەرگییەوە هەڵدەسێ و مووی لەشی وەك شیش ڕاست دەبنەوە. دەستبەجێ لەگەڵ فەوجی حەوتەم و هەشتەم بەفەرماندەیی خەسرەوخان و خان بابا خان و محەمەد ڕەزا خان سەرتیپی تۆپخانەی "موبارەکە" و دوو تۆپ، لە سێ کیلۆمەتری شاردا ئۆردوو دادەمەزرێنن. (٥ پێنج) ڕۆژیش دواتر شێخ عەلی خانی سەرتیپ، بەفەوجی "خۆی"یەوە دەگاتێ و تێکەڵ هێزەکەیان دەبێ. دوو ڕۆژ دواتر، هەواڵی کوشتاری "میاندواو" لە "ورمێ" بلاودەبێتەوە. ئیقبالدەولە پاش بیستنی ئەم هەواڵە

ترسناکە، بڕیار دەدا لەگەڵ تۆپخانە و فەوجەکان بەرەو میاندواو بەڕێ بکەون. بۆیە هەندێ لە گەورەپیاوان و سەرانی شار کۆدەکاتەوە و باسی ڕووداوەکەیان بۆ دەکا و داوای دڵنیاییان لێ دەکات، تا ئاگایان لە شار بێ. ئەو گەورەپیاوانەش بریتی دەبن لە: جەنابی ئاغا میرزا حسەینی موجتەهید، جەنابی ئاغا سەیید ئاغای پێشنوێژ و ئاغا میرزا محەمەد حسین نافم العلما، حاجی میرزا موحسین لەشکرنووس؛ کە لە ڕاستیدا یەکێکە لە گەورە سەرانی شار، لەگەڵ شەفیع خانی کوڕی جیهانگیر خانی بێگلەربێگی، عەبدولعەلی خانی سەرهەنگ و حاجی میرزا عەبدوڵڵای کەلانتەر.سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە، کە ڕۆژی یەك شەممە: ٢٧ی مانگی زیقەعیدەی حەرام ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١١/٢ز)، نزیکەی (٢٠٠٠ دووهەزار) سوار و پیادەیان لە دەرەوەی شار ئامادە کرد و دڵنیا دەبێ لەوەی کە ئاگایان لە شار (ورمێ) دەبێ. بەڵام کاتێ لەولاوە هەواڵی لاجان و سندووس و سابلاخ و کوشتاری میاندواو بەگوێی شێخ (عوبەیدوڵڵا) گەیشتەوە، بۆ ئەوەی تەگبیرێ بکا و فێڵێك ساز بکات، تا ئیقبالدەولە لە شار دەربچێ و خۆی بەبێ شەڕ بۆ ناو شار بچێ؛ شێخ محەمەدئەمین ناوێك دەکاتە فەرماندەی لەشکر و لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر لە ئیلی شکاك و" هتد، بەرەو قەڵای "سمایل ئاغا"یان دەنێرێ، کە لە شاری "ورمێ"وە دوو قۆناغەرێ دوورە.سەعاتێك لە شەو تێدەپەڕێ، کە ئەم هەواڵە بەگوێی ئیقبالدەولە دەگاتەوە، ناوبراو ناچار بەرەو میاندواو بەڕێ ناکەوێ و ڕوو لە قەڵای "سمایل ئاغا" دەکا و بۆ قایمکارییش شێخعەلی خانی سەرتیپ بەدەستەی "خۆی" لە "چەمەن خاتوون" دادەنێ، کە لە نزیکی شارە. دوای ئەوەی دەگەنە قەڵاکە و لەگەڵ هێزەکەی "شێخ محەمەدئەمین" ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، چوار ڕۆژی بەردەوام خەریکی شەڕ و کوشتن و پێکدادان دەبن. کاتێ هەواڵی زیادبوونی جەماوەر و لەشکری کوردان، بەگوێی شێخعەلی خان دەگاتەوە، دەستبەجێ دەچێتە دەرەوە و ئاقار شار و خۆی بەسەربازگەکە دەگەیەنێ. بەڵام کاتێ شێخ عوبەید هەواڵی بەرێکەوتنی لەشکری بیست، لەگەڵ جەماوەرێك لە عەشیرەت و خێڵەکان، ڕووی لە ورمێ کرد؛ کە ناوی هەندێ لە سەرانی ئەو عەشیرەت و خێڵانە بریتی

بوون لە:تەمیر ئاغای شکاك، ڕەشید خان بەگی نوچە، عەبدالّ بەگی نوچە، برایم خان، قادر بەگ، ئەمین بەگ، سەعید بەگ، سەمەد خان، وەهاب خان، عەزیز بەگی دەشتی، عەبدولسەمەد بەگی بناری، سەعید ئاغای هەرکی، خزم و کەسوکاری شێخ (عوبەیدوڵلاّ) کە لەگەڵی بوون، شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەید، شێخ عەبدولکەریمی مامی شێخ، شێخ ئەبولقاسم، شێخ بەهادین، شێخ نورەدین، حاجی عەلائەدین (لە بن ئامۆزاکانی شێخ)"نوێژی نیوەڕۆ لە گوندی "بارانەدوز" پەیدابوون. حاجی ڕەحیم خانیش هەر لەم گوندە بوو. دوای نانی نیوەڕۆ پێکەوە بەرەو شار دەکەونە ڕێ. خەڵکی شار کاتێ هەواڵی هاتنی شێخ عوبەیدیان بیست، وەك شێری شەڕ ڕاستبوونەوە و خۆیان بۆ بەرەنگاریی ئامادە کرد و تەدارەکی شەڕیان دابین کرد. یەکەمین کەسێ لەم کارەدا دەستپێشخەریی کرد و نان و نمەکی دەوڵەتی مەزنیان لە بیر نەکرد و هەقی کەوتە سەر ئەستۆی خەڵکی؛ جەنابی سەیید ئاغا و ئاغا میرزا محەمەد حسین (ناظم العلما)ی ورمێ بوون، کە ئەم سەرشۆڕییەیان بەخۆیان ڕەوا نەدی و چاکی مەردایەتییان بەلادا کرد، چونکە مردن و تیاچوون لە جەرگەی شەڕدا، لەوە باشترە بەدەستی دوژمن بەدیل بگیرێی، یان بکوژرێیت، کە ئەویان کاری پیاوانە و ئەمیشیان پیشەی ئافرەت. پیاو ئەو کەسەیە؛ دەمی ببەستێ و بازووی بەگەڕ بخات.لەگەڵ (٢٠٠ دووسەد) تفەنگچی لە خزم و کەسوکاری خۆیان، تەیاری شەڕ بوون. خەڵکی تریش کە ئەمەیان بینی، خوێنی پیاوەتییان هاتە کوڵ و دەماری غروورییان کەوتە لێدان. لە ئاغا و ڕەعیەت و ناوبەدەرەوە و بێ ناوبانگ و زانا و ڕەشۆکیی، ئەم قسەیەیان قبووڵ کرد و تیری دوژمنیان لە تانەی زمانی خراپەکاران بەباشتر زانی. بەڵێ: جِراحات السنان لها إلتيام ولا يلتأم ما جرح اللّسان. واتە: سنگی پیاوان بە سەرەنێزە بریندار بێ باشترە لەوەی کە گیرۆدەی دەستی تیری زمان بێ.هەموویان هاودڵ و هاوزمان بوون و قۆڵی هیمەتیان لێ هەڵماڵی. لەولاشەوە شێخ عوبەید گەیشتە کێوی "سیر"؛ کە قۆناغەرێیەك لە شارەوە دوورە. شەویش بۆ حەسانەوە، هەر لەوێ مانەوە. حاجی ڕەحیم خان بۆ ناوشار هات، کاتێ ئەو هەموو خەڵکەی بینی، زمانی تانەی بزوا و

وتـی: ئـەوە چـیتان بەسـەرهاتووە، وا لـە گیـانی خۆتـان بێـزارن و دەتانـەوێ وەك خەڵکی میاندواو ببنە نێچیری شمشێر!؟ چاوتان بکەنەوە و سەرنج بدەن؛ پەنجە لـە پەنجەی شێر خستن و شەپ لە شمشێر هەڵدان، کارێکی هـەروا سانا نییـە، ئەمـەش خۆی نیشانەی ئەوپەڕی نەزانینە؛ ئێستاش شێخ خۆی، بەنەفەسـی پـڕ بایـەخی بـۆ ئێرە دێت و وەك خەڵکی سندووس و سابلاخ، ملی بۆ کەچ بکـەن، تـا خاووخێزانتـان بەدیل نـەگیرێن وماڵتـان لـێ کاول نەبـێ.دوای بیـستنی ئـەم قسانە، هەنـدێ کـەس ڕازیبـوون، تـا خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن. پـەیتا پـەیتاش لـە لایـەن شـێخەوە، بـێ پسانەوە، نامە بۆ خەڵکی شار دەهات؛ کە ئەم زاتە (شێخ عوبەیدوڵڵا) کاری بـەگیان و ماڵی ئێوەوە نەداوە و لە هەموو ڕوویەکەوە دڵنیا بـن و مەترسـن. تـەنیا ئەوەنـدە هەیە، گەورەی ئێمـە، نوێـژێك لـە مزگـەوتی جامیعـە (گـەورە) دەکا و لەشـکرەکەی بـەرەو قـۆڵێکی تـر بەڕێـدەخا.هەرکـە هـەواڵی ڕازیبـوونی خـەڵك بـەحاجی مـیرزا موحـسینی لەشـکرنووس گەیـشت، ڕووەو مـاڵی ئاغـا مـیرزا جـەمالی شـێخ الاسـلام ڕۆیشت؛ کە خەڵکەکە لەوێ کۆببوونەوە و هـەواڵی ڕووداوەکـەی پرسـی؛ باسـەکەیان بـۆ گێڕایـەوە و ئـەو نامـە ناردراوەیـان پێـدا، کـە نووسـیبوویان و مۆریـان کردبـوو. ناوبراویش چونکە پیـاوێکی بەتەمـەن و ڕەنجکێـشی چاك و خـراپ دیـدەی گـەرم و سـارد چێـشتووبوو؛ دەسـتی بـەئامۆژگاریی کـرد و وتـی: ئـەم ڕازیبوونـە چ قـازانجێ بەئێوە دەگەیەنێ! ئەگـەر بـۆ پاراسـتنی گیـانی مـاڵ و منداڵتانـە، ئـەوا دوای ئـەوەی شـێخ و کـوردان بـۆ ئـەم شـارەتان دێـن، ئـیتر دەسـەڵاتی مـاڵ و منـداڵیش، لـە دەس خۆتاندا نامێنێ؛ سەرەڕای ئەمە شێخ عوبەید چ حەددی ئەم دەسـتدرێژییەی هەیـە و کوا توانا و دەسەڵاتی شەڕکردنی هەیە!. ئەوە هەواڵیشیان هێنـاوە، کـە لەشـکرێکی خوێنڕێـژ لـە "ئـەراك"ەوە، بەفەرمانـدەیی "حیـشمەت الدولـە" دێـت، هـەموو عەشیرەتەکانی تێکیشکاندووە و خەڵکی ئێرەش هەروا لـێ دەکات و دەکوژێ. باشـتر وایە چارەیەك بۆ ئەم کارە بدۆزینەوە، تا هەواڵ بەئیقبالدەولە بگات و بـۆ نـاو شـار بگەڕێتەوە. بۆیە ئاغا سەیید ئیسماعیل (سەرۆکی بازرگانان) و ئاغا میر جەعفـەری پێـشنوێژ و ئـەمین شـەرع و ئاغـا مـیرزا غـەفوور و حـاجی مـیرزا جـەباری

"ڕەوزەخوێن" بۆ لای شێخ (عوبەیدوڵڵا) دەنێرن و پێی ڕادەگەیەنن: ئێوە لەگەڵ سوڵتان شەڕتانە، یان لەگەڵ هاووڵاتی؟!. خۆ ئەگەر شەڕتان لەگەڵ دەوڵەتدایە، ئەوە لەشکری دەوڵەت لە ناو شاردا نییە، لەبەرئەوە چاوەنواڕ بن تا ئیقبالدەولە خۆی دەگات. دوایی خۆتان دەزانن هاووڵاتی هەقی بەسەر شەڕەوە نییە، ئەگەر دەتانەوێ شەڕیش لەگەڵ هاووڵاتیدا بکەن، ئەوا ئێمە توانای شەڕ و بڕستی بەرەنگاریمان نییە و هەمووومان لە بەردەستتدا ملکەچین. ئێستاش بۆ ئەوەی منداڵ و خاووخێزانمان نەترسن، لە ئیمڕۆوە تا سبەینێ ئێوارە، دەرفەتی هاتنمان بدەرێ، ئەوسا ئیتر ئارەزووی خۆتانە.هاوکات چەند سوارێکیشیان بەپەلە بۆ لای ئیقبالدەولە بەڕێ کرد، کە ئەگەر زوو بۆ ناو ماڵ و گیانی خاووخێزانت نەگەڕێیتەوە، پەشیمان دەبیتەوە.کاتێ ئەمانەش گەیشتنە لای شێخ و کارەکەیان تێگەیاند؛ شێخ لە وەڵامدا بۆی نووسین: ئێمە کارمان بەسەر هاووڵاتییەوە نییە و لە پاراستنی ماف هاووڵاتیش، مەبەستێکی ترمان نییە و بێ ئەوەش زیان بەتاکە کەسێکیان بگات، داخوازییەکەیان پەسەند دەکەم. تەنیا ئەوەندە هەیە، دوای گەیشتنە ناوشار، شەوێك لە شاردا دەمێنینەوە و کەسێکیش هەر لە خەڵکی شار، دەکەینە بەرپرس و ئەوسا بەرەو "تەورێز" دەچین.ئەوانەی لە لایەن خەڵکی شارەوە چووبوون، بەخۆشحاڵییەوە بۆ شار گەڕانەوە. شەویش بەنهێنی دەوروبەری قەڵایان دابەش کرد و سەنگەریان لێدا.بەڵام ئیقبالدەوله، دوای (٤ چوار) ڕۆژ شەڕ و تێهەڵچوون لەگەڵ هێزەکەی شێخ محەمەدئەمین، ڕۆژی پێنج شەممە: ١٥ی هەمان مانگ (١٨٨٠/١٠/٢١ز) دەمەو خۆرئاوا گەڕایەوە، چونکە بەرنامەی کوردان بەجۆرێك بوو، کە دوای خۆرئاوا دەستیان لە هێرش و پەلامار هەڵدەگرت و شەویش دەحەسانەوە" دیسان بەپێی بەرنامەی پێشوویان دەستیان لە شەڕ هەڵگرت. ئاغا بەگی یاوەر پەلە دەکات و لەناکاوێکدا سەربازەکان لە سەنگەرەکانیانەوە، بەکەنار گوندەکەدا بەرەو گوند دەگەڕێنێتەوە. کاتێ کوردان بەگەڕانەوەی سەرباز دەزانن، هێرش بۆ سەر تۆپخانە دەبەن، "عەلی بەگ سوڵتانی" تۆپخانەی موبارەکەیان کوشت و تۆپەکەشیان داگیر کرد. ئەم هەردوو هەواڵەش: هەواڵی هاتنی شێخ (عوبەیدوڵڵا) بۆ ورمێ و

داگیرکردنـی تۆپخانـە و کوشـتنی عـەلی سـوڵتان، بەدەسـتی شـێخ محەمەدئـەمین، بەپەلە بەگوێی ئیقبالدەولە دەگاتەوە.**شیعر**:لەم وتووێژە وەها سست بوو کە دەسـتی لە ماڵ و ژیان بەردالـە دەروونییـەوە بـۆ کـڕووز هەسـتا زەوی لای پیـاو، وەك ئاشـی لێهاتپیاو، گیانی کەوتە لەرزین لەبەر ڕق و قین، ئاسمـان و زەوی لـە بەرچاوی ڕەش بوونزمـان لـە نـاو دەمیـدا وشـك بـوو هـەم لەبـەر دەردی غـیرەت و هـەم لـە ترسـی گیانیناچار دەستی لە شەڕ هەڵگرت و بەرەو شار گەڕایەوە. کاتێکیش هـەواڵی هـاتنی ئیقبالدەولە بەشێخ عوبەید گەیشت، شێخ سدیقی کوڕی خۆی، بـەهێزێکی زۆرەوە بۆ شەڕ نارد، تا ئەوان سـەرقاڵی شـەڕ بـن و خـۆی بـچێتە ناوشـارەوە.لەبـەر بـەختی زینـدووی هومـایونیی، ئیقبالدەولـە بـەبێ ڕووبەڕووبوونـەوە و شـەڕ لەگـەڵ شـێخ سـدیقدا، شـەو گەیـشتە ناوشـار. کـە بـەیانی ڕۆژ بـووەوە و شـێخ عوبەیـد بـەهاتنی ئیقبالدەولەی بۆ ناوشار زانی، بۆی دەرکەوت خەڵکی شار فێڵیـان لـێ کـردووە. بۆیـە زۆر تـووڕە بـوو. لـە کێـوی "سـیر"ەوە بـەرەو بـاخی "سـیاوەش" چـوو. دوای نـانی نیوەڕۆ و نوێژکردن، سـەعاتێك بـەر لـە خـۆر ئـاوابوون؛ ڕۆژی شـەممە: ١٧ی هـەمان مـانگ (١٨٨٠/١٠/٢٣ز)، فرمـانی هێرشـی لـە قـۆڵی دەروازی "عەسـکەرخان"ەوە بـۆ ناوشـار، دەرکـرد.کـاتێ تۆپـچی و سـەرباز و خـەڵکی شـار، هێرشـی کوردانیـان بـینی، هـەموویان لـە سـەنگەرەکانیاندا خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامـادە کـرد. بـەڵام هیـچیان گوللەیەکیان نەتەقاند و تەقەیان لێوە نـەهات؛ بـەجۆرێك کـە کوردان پێیـان وابـوو لەم قۆڵەوە کـەس بـۆ شـەڕ نـەهاتووە. بـێ ئەدەبانـە دەسـتیان بەهـەراوهوریا کـرد و ڕووەو لای سەنگەرەکان هاتن، تـا ئـەو کاتـەی هـەموویان پێکـەوە نزیکبوونـەوە، لـەو کاتەدا لەناکاوێکدا فرمانی شـەڕ بەتۆپـچی و سـەرباز درا، بـەجۆرێك کـە هەنـدێ لـە کوردان هـەر بەگوللـەتۆپێك لەناوچوون. ئـەوانی تریـان دیـواری باخـەکانی شـاریان کردە سەنگەر و کەوتنە شەڕکردن.هـەر ئـەو ڕۆژە، شـێخ عوبەیـد فرمـانی دەرکـرد؛ ئاوی شاریان لێ بگرنەوە. هەردوولا پێـنج شـەو و ڕۆژ، بـێ هـەدادان نەحەسـانەوە و شەڕیان کرد. کوردەکان کە هەلومەرجەکەیان بەوجۆرە بینی، خۆیـان کوتایـە بـاخی "دلگوشـا"وە، کـە بـاخی خـودی ئیقبالدەولەیـە و هـەر پـەنجا هـەنگاوێك لـە شـاری

"ورمێ"وە دووره و كۆشكی بەرزی تێدایە و لە سەربانەكانییەوە، كە بەسەر شاردا زاڵن، سەنگەریان دامەزراند. ئیقبالدەولەش فرمانی بەتۆپچییەكان دا تا كۆشكەكە بڕووخێنن. بەگوللە تۆپ و تفەنگ، سەربان و دەروازەی كۆشكیان تێكوپێك دا. بەمەش دەستی كوردانیان لە سەركوتكردنی شار كورت كردەوە. ناچار شێخ لە باخ چووە دەرێ و لەسەر تەپۆلكەی ناسراو بە"جهوودلەر"، خۆیان قایم كرد. ئیتر لەمە بەدواوە، تا هاتنی "تەیموور پاشا خان"، بەڕۆژ بۆ تالانیی گوندەكان دەچوون و شەوانەش خەریكی هێرش دەبوون.

بەشی دەیەم باسی هاتنی تەیموور پاشا خان بۆ یارمەتیدانی دانیشتووانی ورمێ و چوونی شێخ عوبەید بۆ دەوروبەری شار

دوای گەیشتنی هەواڵی هاتنی شێخ عوبەید بۆ ورمێ و ئابڵۆقەدانی شار؛ لە لایەن ئەعلا حەزرەت قەدەر دەسەڵاتی ئەقدەس، سێبەری خوداوەند، گیانمان بەقوربانی بێ؛ بەتەلگراف فرمانیان بەتەیموور پاشا خان كرد؛ تا لەگەڵ فەوجی نۆیەمی "خۆی" و دەستەی "ماكۆیی" و سوارەی "ئێرانلو" و "سیستانی" و چریكی "خۆی"ی و "ماكۆیی" دەستبەجێ بەرەو ورمێ بەڕێ بكەون. ناوبراویش دەستبەجێ لەگەڵ جەماوەر و هێزی پشتیوان لە سوارە و پیادە، بەڕێ كەوتن.كاتێ شێخ عوبەید هەواڵی هاتنی تەیموور پاشا خانی(٢٧) بیست، ئەو لەشكرانەی لە دەوری ورمێ دایناببوون، جووڵاندنی و بەرەو "قەلا"(٢٨)) بەڕێ كەوتن، كە هەر لە سەرەڕێیاندا بوو، ڕێگای بەلەشكرەكەی تەیموور پاشا خان گرت. سەربازانی لەشكرەكەش هەركە ئەم ڕووداوەیان بینی، وەك شێری شەڕ هەڵچوون و فەرماندەكانی لەشكر لە جێی خۆیان ڕاستبوونەوە و لە دوو قۆڵەوە هێرشیان بۆ بردن. هەموو ئامرازێكی جەنگیان بەكارهێنا. لەبەر زرمەی تۆپ و گرمەی دەهۆڵ، لەشی خەڵك وەك گۆزەی لێهات و دڵیان وەك شەراب. مەگەر ئەو دەشت و دەرە نەبوو بەمەعدەن. كە تەرمی كوژراو لەو دەشتەدا، بوو بەعەقیقی یەمەن.دلێران و شێركوژانی بەدەستوبرد، دەستیان بەخوێنی دوژمن خەناوی كرد. دوای یەك سەعات شەڕ، نزیكەی (٢٠٠ دووسەد) كەس لە هێزەكەی شێخ، كوژران و بەدیل گیران. ناچار بەلەشكری تێكشكاوەوە بۆ كەنار شار گەڕانەوە.ڕۆژی دواتر، دیسان هێرشیان بۆ شەڕ و

بەربەرەکانێ هێنایەوە، تا گوندی "عەسکەرئاوا" گەیشتن و خەڵکی ئەم گوندەش دەستیان کردەوە و تێهەڵچوون. تەیموور پاشا خان، لە هاتنی بۆ ناوشار، درەنگی کرد. خەڵکی گوندەکەش دەرەقەت نەهاتن و توانای خۆڕاگرییان نەما. ئەو بێ بەزەییانەش کە دەرفەتی وایان کەم بۆ هەڵدەکەوت، کاتەکەیان بەهەل زانی و لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ سەر گوندەکە برد. هەموو دانیشتووانی ئەو گوندەیان بەژن و پیاو و تەنانەت منداڵی شیرەخۆرەشەوە کوشتن و ماڵ و سامانیشیان بەتاڵان بردن و خانووەکانیان بەئاگری زوڵم و ستەم، سووتاندن و دووبارە بۆ دەوروبەری شار گەڕانەوە. تەیموور پاشا خانیش لە قۆڵێکی ترەوە خۆی گەیاندبووە ناوشار و "شێخ عەلی خانی سەرتیپ"یش لەگەڵ فەوجی دەیەمی "خۆی"، پێش لە ناوبراو گەیشتبووە ناوشار. بەڵام لە شار دەردەچێ و تێکەڵ بەلەشکرەکەی ئەو دەبێ.ناوی ئەو سەرکردە و لێپرسراوانەی لەگەڵ تەیموور پاشا خان بوون، بریتی بوون لە:شێخ عەلی خانی سەرتیپ لەگەڵ فەوجی دەیەمی "خۆی"، حەیدەر خانی سەرهەنگ، لەگەڵ فەوجی نۆیەمی "خۆی"، فەوجی "ماکۆیی" بەسەرکردایەتی ئیسحاق پاشا خانی برای تەیموور پاشا خان. سوارەی ئێرانلوو بەفەرماندەیی ئاغا خان "ئێرانلوویی"، سوارەی "سیستانی" بەسەرکردایەتی عەباس قولیخانی سیستانی، سوارەی "ئەباجیقی" بەفەرماندەیی پاشا خان کوڕی خەلیفە قولیخان، سوارەی خێڵی "زیلان"، سوارەی خێڵی "حەیدەرانلوو"، پەنجا (٥٠) سوارەی شکاک بەسەرکردایەتی کوڕێکی عەلی خانی شکاک؛ کە کوڕەکەی تری لەگەڵ هێزێکی هەمان خێڵ، لای شێخ عوبەید بوو. چریکی "خۆی" و "سەڵماس"ی، چریکی "ماکۆیی" بەسەرکردایەتی ئەمانوڵڵاخانی کوڕی ئیبراهیم ئاغای ماکۆیی.بەڵام دوای گەیشتنی تەیموور پاشا خان بۆ ئاقار و دەوری شار، سێ ڕۆژی یەکەم، شەڕی نەکرد، تا وای لێهات لەشکری شێخ پرکێشیی کرد و هێرشی بۆ سەر هێزەکەی تەیموور پاشا خان برد. سەربازانی هێزەکە، کە پرکێشیکردنی شێخیان تا ئەو ڕادەیە بینی، خێرا دەستیان کردەوە و کەوتنە شەڕ، هەردوو هێزەکە تا دەمەو ئێوارە شەڕیان کرد و دوایی هەر هێزەیان بۆ سەربازگەکەی خۆی گەڕایەوە. بەمجۆرە ماوەی چوار

ڕۆژی بەسەربرد. ڕۆژی چوارەم، شێخ بارگە و بنەی لەشکرە بەزیوەکەی خۆی پێچایەوە و لە دەوروبەری شار دوورکەوتەوە. تەیموور پاشا خانیش چەند ڕۆژێك دواتر هێزەکەی خۆی پێچایەوە و ڕووی لە "مەرگەوەڕ" کرد و لەوێ تێکەڵ بەلەشکرەکەی "حسام الملك" بوو؛ کە وەك دواتر باسی دەکەین، حەزرەتی ئەجەل ئەشرەف ئەفخەم: موشیردەولە میرزا حسین خانی سوپاسالار ڕایسپاردبوو.بەڵام سەرلەبەری خەڵکی شار (ی ورمێ) لە دەستدرێژیی سەربازانی تەیموور پاشا خان داد و ناڵەیان بوو، کە ئەوان لە لەشکری کوردان زیاتر ئەم ناوچەیەیان وێران کرد و بەئەنقەست یارمەتی خەڵکی "عەسکەرئاوا"یان نەدا و بۆ گرتنی شێخ عوبەیدیش کەمتەرخەمییان کردووە.**بەشی یازدەیەم باسی بەڕێکەوتنی لەشکری "ئەراکی" لە گەڕووسەوە و کۆچی دوایی نەوابی والا: "حشمت الدولە"**.پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە نەوابی ئەشرەف، والا: حشمت الدولە، لە "بیجاڕ" نەخۆش کەوتبوو. سەرەڕای ئەوەش، دوای گەیشتنی وەڵامی تەلگراف، ڕانەوەستا. ڕۆژی ٢٨ی مانگی زیقەعیدە (١٨٨٠/١١/٣ز) بەهۆی ناخۆشیی ڕێگا و لەبەر لێشاوی سوپا، خودی نەوابی ئەشرەف ئەمجەد والا، لەگەڵ هەموو تۆپخانە و فەوجەکانی حاجی حسام الدولە و نصرالملك، کە بریتی بوون لە: دوو فەوجی ئازەربایجان و دوو فەوجی قەزوین، لەگەڵ فەوجی "شاسەر" و "ژریمانی یەکەم" و سوارە، لە "بیجاڕ"ەوە بەڕێ کەوتن (٣) فەوجی هەمەدان، کە "ابو الجمع حیسامولولك" بوو، لەگەڵ (١٠٠ سەد) سوارەی تێکەڵ، ڕۆژێك دواتر بەڕێ کەوتن. لە ناو ڕێگە، کە بریتی بوو لە قۆناغەڕێی "کولتەپە" و "عەلی ئاوا" و "جەعفەرئاوا" و قۆناغەڕێی "سەبیل"، کە سەرەتای ناوچەی "ئەفشار" بوو، شتێك کە بۆ نووسین و باسکردن بشێ، ڕووی نەدا، جگە لە نەخۆشیی نەوابی ئەشرەف والا؛ کە توندتر بوو. شەوێك لە قۆناغەڕێی "سەبیل" ڕایانگرت، بەڵکو کەمێك حاڵی چاك بێتەوە و هێزی ڕۆیشتنی تێبێتەوە" ئەو ڕۆژە حیسامولولك لەگەڵ فەوجەکانی هەمەدان تێکەڵ بوون، بەڵام بەهۆی توندتر بوونی نەخۆشیی نەواب و گەیشتنی هەواڵی پەیتا پەیتای زۆربوونی لەشکری شێخ و کوشتن و تاڵانکردنەوە، دڵەخورپە و نیگەرانیی، لای سەرلەبەری لەشکر پەیدا

بـوو. سـەربارى ئـەوەش بەهـەزار زەحمـەت، بـە"تەختـەڕەوان"، نـەوابى والا، تـا قۆناغەڕێى "كوك ئاغاج" دێنن. نەخۆشييەكەى لـەم قۆناغەڕێيـەدا تونـد دەبـێ و ئاڵوگۆڕى گشتى تووش دەبێ. بـەپێى فـەرموودەى ئايـەتى پـيرۆز: "إذا جاء أجلهم لا يـستأخرون سـاعة ولا يـستقدمون"" كۆچـى دوايـى كـرد، مـەرگ خـاكى حەسـرەتى بەسەردا بێژا، بەڵێن و پەيمان بەئەنجام گەيشت و پەرداخ پڕ بوو؛ ئەو لەشـە بـەناز پەروەردەيە و ئەو سەرە پڕ غرووره، بۆ غوسڵ و كافوور و گۆڕ بـەجێما. عـەيام و زەمانــە، ســەرى پەنجــە و شــان و بــاهووى بــەهێزيان، بەنــد بەبەنــد لــە كــار خست.(٢٩)دواى ئەو؛ حسام الدولـه و حـسام الملك و نـصر الملك و عـەزيزوڵڵا خـانى سەرتيپى شاهسەوەن، كۆبوونەوە و دارودەستە و پياوەكانى: نـەوابى والا، لەگـەڵ (٥٠ پـەنجا) سـوارەى ئەفـشارى شاهـسەوەن، بـەرەو دار الخلافـەى تـاران بـەڕێ دەكـەون و چۆنێتى ڕووداوەكـە، بـەخاكى بـەرپێى زێـڕينى ئـەعلا حـەزرەت، قـەدەر دەسـەڵات، شـەهريارى (ڕۆحـى مـن و ڕۆحـى عالـەمى بەفيـدا بـێ) و فـەرەج خـانى تفەنگـدار، بەتايبەتى عەرز دەكەن.مێژووى كۆچى دوايى نـەوابى والا حيـشمەتولدەوله، شـەوى شـەممە: پێنجـەمى مـانگى زيحەجـەى حـەرام ١٢٩٨ كۆچـى، ڕێكـەوتى ٧ى تـشرينى دووەم، لە گوندى (كۆك ئاغاج)، لە "ساين قـەڵا"ى هەوشـار(٣٠). دواى بەڕێخستنى تـەرمى نـەوابى والا، هـەر كـام لـە گـەورە فەرمانـدەكان تێكـەڵ بـەهێزەكانى خۆيـان بوون. قۆناغيان لە گوندى "ساينجوود" گرت؛ لەبەرئەوەش كە مـير ميرانـى گـەورە: محەمەد قوليخان حسام الدوله، تەمەنى خزمەتى لەوانى تر زۆرتر و لە هەمووشيان پيرتـر بـوو، بۆيـە حيـسامولمولك و نەصـرلمولك و عـەزيزوڵڵا خـانى سـەرتيپ و ئەوروپاييیەكانيش(٣١) كرديانە سەركردەى لەشكرى خـاوەن شـكۆ و نامەيەكيـشيان نووسى، كە هيچ كەسێك لە سەربازانى لەشكر، مـافى نافـەرمانى و سەرپێـچى نييـە و دەبێ لە قسەى ئەو دەرنەچن. لەم شـوێنەدا سـەليم خـانى چاردۆڵى و بيـوك خـانى كوڕەزاى سولەيمان خان، خۆيـان بـەناو لەشـكردا كـرد و سـەرى سـەربڕدراوى چـەند سـەربازێكى شـێخيان هێنـا و بـوو بەمايـەى دڵگـەرميى جـەماوەرى لەشـكرەكە. بـۆ ئێوارێ هەواڵ هات، كە فەيزوڵڵا بەگ(٣٢) (يەكێ بوو لە سـەرانى لەشـكرەكەى شـێخ

و لـه كولتەپـەی چـوار قۆناغـەڕێی گونـدی سـاینجوود بـوو) خـۆی بـۆ ئـەوە ئامـادە كـردووە، ئیمـشەو هێـرش بـێنێ.ئـەو شـەوە لەشـكرەكە، قـەرەوڵ لـە سـوارە و پیـادە، بـەجۆرێك دادەنـێن، كـە ئەگـەر دەهـەزار سـواریش بیویـستبایە هێـرش بهـێنێ؛ نـەیتوانیبا. تـا بەرەبـەیان سـەركردە و فەرمانـدە و سـەرباز، بەتفـەنگ و كەلوپەلیانـەوە، لـە نـاو سـەربازگەكەدا خـەریكی چاودێریی و پاسـەوانیی بـوون.بـۆ بەیانی، لەسەر ئەوەی كـە جێهێـشتن و خـۆ نـەبانكردن لـە فـەیزوڵلا بـەگ و دانـانی دوژمنی لە پشتەوەی سـەربازگە؛ كـارێكی خراپـە، حیـسامولدەولە و حیـسامولمولك و نەصرولملوك و عەزیزوڵلا خانی سـەرتیپ و فەرمانـدەكانی ئـەوروپایی، سـەرلەبەری فەرمانـدە ژێردەسـتەكانیان كۆكردنـەوە و باسـی ڕووداوەكانیـان بـۆ كـردن و پیـاوی جـەنگاوەریان لـێ ویـستن. هـەموو فەرمانـدەكان وتیـان: ئێمـە بـۆ گیانبـازیی و خزمـەتگوزاریی، نافرمـانیی ئێـوە ناكـەین و سـڵ لـە ئـاگریش ناكەینـەوە و ورە بـەرنادەین. بۆیـە گشت هێـزی تۆپخانـە و لەشـكری سوارە و پیـادە، بـەرەو "تیكـان تەپە" بەڕێ كەوتن.**شیعر**:شەیپوور گرماندی و نەی دەستی بـەناڵین كـرد دار، پـەیتا پەیتا لە سنگی دەهۆڵ دەدافەرماندەكانی لەشكر، بەخۆكەوتن سەرێكی پڕ لە قـین و دڵێكی كینەخوازتۆپ، كە دەتـوت ئـەژدیهای لـە دەمدایـە لەسـەر زەوی دایاننانلەبـەر تیشك و باق و بریقی تفەنگی لەشـكر زەوی ڕوون بـووەوە و هـەوا تاریـك بوولەبـەر خرمەی سمی سوارەی سم پۆلایین ئاسمان بەرنامەی سووڕانی لە یـاد چۆوەمەیدانی جەنگ، بەجۆرێك ڕازاندەوە و ئالاكانیان بەرزكردەوە كە مانگ لە ترساندا پەنای بۆ بورجی عەقرەب بردموشتەری، بوو بەموشـتەری بـورجی سـەرەتان پـاپۆڕی زوهـرە، ئازایـەتی خـۆی نوانـدئالا هـەڵگری سـەركەوتن و ئەجـەل، لـە پـێش شـەڕ قـەزا: لای ڕاست و قەدەر: لای چەپی هەڵبژاردهەر لەو ڕۆژەدا عەلی ئەكبـەرخانی سـەرهەنگ، بـۆ پاراسـتن و ئاگـاداری لـە بارگـە و بنـە و ئازووقـە و پاراسـتنی بەشـی پـشتەوەی لەشكر، دەستەی مەنسووری لە پـشتەوەی سـەربازگە دامەزرانـد و فرمـانێكی لەسـەر دەرچـوو، كـە دەقـی فرمانەكـە لێـرەدا یادداشـتكراوە:دوای بـڕینی دوو فرسـەخ (١٢كیلۆمەتر)، هەواڵ گەیشت كە فـەیزوڵلا بـەگ بـەهێزێكی زۆرەوە بڕیـاری هێـرش

هێنـانی داوە، بۆیـە لەشـکریان بەئامادەباشـییەوە پـۆلێن کـرد و ئامـادەی هێرشـیان کردن. کاتێ فەیزوڵلاّ بەگ لە دوورەوە لێشاوی ئـەو لەشـکر و ئـەو هـەموو سـوارە و پیادە ڕێکوپێکانەی بینی، وەك ئەم شیعرە دەڵێ: "هەلاّتن بـەوەختی خـۆی و سـەری نەبڕدراو، لە پاڵەوانێتی و سەری بـڕدراو باشـترە"، هـەلاّتنی لـە خـۆڕاگریی بەچاکتر زانی و هـەلاّت. هەنـدێك لـە سـەربازانی پیادەی، کـە لـە ترسـی گیانیـان، لـە پـەنا و پەسێر و چالاّوەکاندا خۆیان حەشار دابوو، بەگوللەی سەرباز، سەریان لەسـەر خـاکی ڕەش دادەنـا و ئــەو ئــافرەت و منداڵانــەی لــە گوندەکانــدا مابوونــەوە، بــەئاگر سووتان.(٣٣)**شیعر**:ئاگرێکی وایان لەو وڵاتە بەردا بـەردی ڕەق؛ وەك: مـۆمی لێهـاتپیر و لاو، هــەموو ســووتان ژن و منــداڵیان بەیەکــەوە لەناوبردئــەو کەســەی تووشــی بەتووشی سەربازەوە بوو سەری بێ لـەش و لەشـی بـێ سـەر، کـەوتئاگر و دووکـەڵ و بگرە و بەردەیەکی وەسا ساز ببوو دەتوت قیامەت هەڵساوەیەکێ داماوە، لە خـوێن و خۆڵــدا گــەوزاوە یــەکێکی تــر، بــەخوێنی دڵــی، تــەوێڵی وەك هەلاّڵــە ســوور هەڵگەڕابوودەســتەیەك؛ قـۆڵی شـەڕیان هـەڵماڵیبوو دەسـتەیەکی تـر؛ تـازە هیوایـان بەمانــەوەی خۆیــان نەبوودەمــە دەمــی ئێــوارە، دەســتیان لــە کوشــتار بــەردا. حیسامولدەولە و دەستەی شاسەر و ژریمان، بەرایی گوندی "قەرەتەپە"یان(٣٤) کـرد بەبارەگا، کە لە چەمی "خشنو"دا بوو. حیسامولملوك و نەصرولملوك بەهۆی تەنگیی جێ و ڕێ، لەگەڵ (٣ سێ) فەوجی هەمـەدان و (٢ دوو) فـەوجی قـەزوین و هەنـدێك لـە سـوارەکاندا، گونـدی "قاشـوق"یـان(٣٥) کـردە قۆنـاغ، کـە چارەکە قۆناغەڕێیـەك (١,٥کیلۆمەتر) لە "قەرەتەپە"وە دوور بوو. لە هەردوو سەربازگەکەشەوە پاسەوان و پێش قەرەوڵیان بـۆ دەوروبـەر نـارد.شـەو، حەسـانەوە و بـۆ بـەیانی، دوای گەیـشتنی حیسامولدەولە پێکەوە بەرەو "تیکان تەپـە" بـەڕێ کـەوتن. کـە گـزنگ لـە پـەردەی ئاسمانـەوە سـەری دەرهێنـا، مـار و مێـروو جمـان، لەشـکریش دەسـتە دەسـتە بـەڕێ کەوتن، وەك چۆن زەریا لەبەر بادا شـەپۆڵ دەدا، سـوارەی شاهـسەوەنیش لـە هـەموو شـوێنێ پـێش قـەرەوڵ بـوون و دەسـتەکانی تـریش؛ سـوارە و پیـادە، بـەڕێکوپێکی و شــکۆوە ڕێیــان دەکــرد. چــوار ســەعات لــە ڕۆژی هــەینی، (٨ی مــانگی زیحەجــە:

١٨٨٠/١١/١٢ز) تێپـەڕی بـوو، چـوونە "تیکـان تەپـە"وە. پیـاوانی فـەیزوڵلا بـەگ و ڕەعیەتەکانی، تا قەواریان نەمابوو، بەڵام خودی تیکان تەپە، گەورە و لە نێوان دوو کێودا هەڵکەوتبوو. خانووی باش و مزگەوت و حەمامی زۆر باشی تێدا بوو. بەر لەوەی گوندەکە جێ بهێڵن؛ کە نیازی شەڕیان لەسەردابوو، لە دەورووبەری گوند و سەر هەردوو کێوەکە، سەنگەری قایمیان لێدابوو. ئارد و گەنمێکی زۆریان کۆکردبۆوە، هەموویان پێشێل کران و زۆربەیان سووتاندبوون، بەجۆرێك کە هەموویان ببوونە کۆمایەك خۆڵ و خۆڵەمێش. لە هەموو لایەکەوە هەواڵی مەرگ و کاولکاریی، بەگوێی گیان دەگەیشت.دیسانەوە هەندێ سەرباز و سوارەیان کردەوە پێش قەرەوڵ و گەلێ سەنگەریان ساز کرد. بۆ شەوێ، عەلی ئەکبەر خان سەرهەنگی فەوجی مەنسووری هەمەدان، لەگەڵ وەلیخانی یاوەر، سوارەی چاردۆڵی، لە هەموو شوێنێکی سەربازگەکەوە پاسەوانیان دەرکرد.بۆ ڕۆژی دواتر، نزیکی چێشتەنگاو، هەندێ لە سەربازەکانی قەزوین، لەوانەی بۆ تالان لە سەربازگەکە دەرچووبوون، کەوتبوونە بۆسەی کوردانەوە. لەو کاتەدا نەصرولمولك لە بارەگای حیسامولدەولە بوو، دوای بیستنی ئەم هەواڵە، عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ دەنێرێتە لای عەزیزوڵلا خانی سەرتیپ و ڕووداوەکەی بۆ باس دەکات. ئەویش دوای بیستنی ئەم هەواڵە، هەموو سوارەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە و دەستبەجێ سواری ئەسپ دەبن. ئەسفەندیار خان (سەرتیپی سوارەی بەختیاری)یش لەگەڵ سوارەکانی خۆی بەدوایاندا ئاوزەنگی دەتەقێنن. هەموو شێرەپیاوانی مەیدانی شەڕ، کە لە شەڕدا بەپڵنگ دەڵێن: ڕێوی، سەرلەبەریان مەردایەتییان بالای کرد، بۆ یارمەتی لەشکر جیابوونەوە. کاتێ ئەم قسەیە لە ناو سەربازگەدا داکەوت، لە هەرچوار لاوە بووە هەرا و زەنا. لەبەر غیرەت، مووی لەشی پیاو، دەتوت نووکی ڕمن و لەسەر کراسەوە ڕواون.عەلیڕەزا خان (سەرهەنگی تۆپخانەی موبارەکە) بەدوو دەزگا تۆپ و سوارەی سەلیم خانی چاردۆڵی-یەوە بۆ یارمەتی سەربازەکان بەڕێ کەوتن و تا "جەوانمەرد"ی(٣٦) گوندەکەی ئاغا پاشای برازای قادر ئاغای موکری غاریان دا. ئەو سەنگەرانەی کە خەڵکی گوندەکە سازیان کردبوون،

بەگوللـەی تـۆپ و تفـەنگ، ویـران کـران.**شـیعر**:پیـاوی جـوامێر، کـاتێ ڕێـی کەوتـە "جەوانمـەرد" لەبـەر شـکۆی شـێر، ڕەنگـی زەرد هەڵگەڕاخـەڵکی "جەوانمەرد" وتیان: ئـەم پیـاوە کێیـە؟ جوامێرتر لـەم جوامـێرە نییەسەرتاسـەری دەشت، بەخوێن ڕەنگا خـەڵکی "جەوانمـەرد" جیهانیـان لێ بوو بە: چەرمە چۆلەکەناچار ئـەوەی تووشـی بەتووشـی گوللـە تـۆپی ئاگرینـەوە نـەبوو، هـەڵات، بـەڵام دوای سـەعاتێ، هـەواڵ هـات؛ کـە سـوارەی شاهـسەوەن، کەوتوونەتـە بۆسـەی کوردانـەوە، بۆیـە لەشـکری پیـادەش، ڕابـوون و ویـستیان بـچن یارمەتی بدەن، بەڵام هێشتا لە سەربازگە دەرنەچووبوون، کە هەواڵی سـەرکەوتنیان گەیـشت. سـەری سـەربڕدراوی چـەندین کوردیـان هـێنایەوە و تـاڵانێکی زۆریـشیان کردبـوون. شـەش (٦) سـوارەی شاهـسەوەن کوژرابـوون.ئـەو شـەوە، عـەلیڕەزا خـانی سەرهەنگ لەگەڵ سوارەکانی سـەلیم خـان (ی چاردۆڵی)، لەبـەر دووریـی ڕێگەکـە و پێڕانەگەیشتنەوە، گەڕانەوە. ڕۆژی دەیەمی مـانگی زیحەجـەی حـەرام (١٨٨٠/١١/١٤ز) بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە، لە "تیکان تەپە" دەمێننەوە. ئەوانەی ناو سەربازگەکە بەخۆشـیی ئـەعلا حـەزرەت، شـەهریاری (ڕۆحـی دنیـا بـەقوربانی بـێ) ئـەو ڕۆژە جەژنیان گرت و قوربانییـان کـرد. "سـەیفەدین خـان، کـوڕی سـەردار"٣٧)) و "ئاغـا پاشا" برازای "قادر ئاغـا" بـۆ نـاو سـەربازگەی سـەرکەوتوو هـاتن. کـاتێ سـەربازانی تورك بەهاتنی "ئاغا پاشا"یان زانی، خێرا ڕاپەڕین و ڕووەو ماڵەکەی بـەڕێ کـەوتن، تا بیکوژن و تۆڵەی خەڵکی "میاندواو"یان لێ بسێننەوە. حیساموڵولك بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە دەرگای ماڵەکەیان و نەیهێشت سـەربازەکان بیکـوژن.ڕۆژی یازدەیـەمی زیحەجە (١٨٨٠/١١/١٥ز)، حیسامولدەولە بەدوو فەوجی ئازەربایجان و ژریمـانی یەکـەم و تۆپخانەی ئوتریشی (نەمسایی)یەوە، لەگەڵ هەندێ سوارە، بەو هۆیەوە کە ڕێگاکە تەنگەبـەر بـوو، لـە پێـشەوە دەڕۆیـشتن، "بۆکـان"یـان کـردە قۆنـاغ، کـە گونـدی "سەیفەدین خانی کوڕی سەردار"ە. ناوبراو لە ڕووی میوانـداریی و پێڕاگەیـشتنەوە کەمتەرخەمیی و درێغیی نەکرد. لە گوندێکی نزیك بۆکان (١٥ پازدە) دیلـی خـەڵکی میاندواوی لێ بوون، کە سەربازەکان ئازادیان کردن و بۆ ناو سـەربازگەکەیان بـردن.

شەو لە بۆکان دەمێننەوە و بەیانی بەرەو گوندی "مەلاَلەر"٣٨)) بەرێ دەکەون. لەم قۆناغەرێیەدا "خان بابا خان"ی کوڕی "مەجید خان"، کە لە لایەن شێخ عوبەیدەوە، بەفەرمانڕەوای سابلاَخ دانرا بوو و دوای تێشکانی شێخ، پەنای بۆ سەربازگەی ئیعتیماد سەڵتەنە هێنا، ناوبراویش ئەو (خان بابا خان)ی بۆ پێشوازی لەشکری (ئەراکی) ناردبوو، تا لە ناو ڕێگە، خۆراك و ئاو و تفاق بۆ لەشکرەکە و باربەرەکان دابین بکات. لەشکر لە "قەلا"٣٩)) لایدا. سەربازەکان هەرکە ناوی "خان بابا خان"یان بیست، بەبێ پرسیار بەسەریدا دەبارێن و لەگەڵ (١٥ پازدە) کەسی تر دەیکوژن. خزم و کەسەکانی تری، پەنا بۆ گوندی "حەمامیان" دەبەن. سەربازەکان هێرش بۆ "حەمامیان"یش دەبەن. ئەوانیش دەست لە گیانی خۆیان بەردەدەن و دوو سەرباز بەگوللە دەکوژن. لایەکی دیوار هەڵدەدرن و بەشەو هەڵدێن. کاتێ ئەم هەواڵە بەحیسامولدەولە دەگاتەوە، کار لە کار ترازا بوو و خان بابا خان کوژرا بوو. بەلاَم هۆی کوژرانی ناوبراو، خەڵکی میاندواو بوون، کە لەگەڵ لەشکرەکە بوون.بەیانی لە "مەلاَلەر"ەوە بەرێکەوتن و لە (٦کیلۆمەتری سابلاَخ) لەنگەریان گرت. فەوجی شاسەر و ژریمان لە سەرەتادا لەوێ نەمانەوە و بەرەو "قەرەقشلاَق" چوون و تێکەڵ بەهێزەکەی ئیعتیماد سەڵتەنە بوون. بەلاَم نەصرولولك و حیسامولولك و عەزیزوڵلاَ خانی سەرتیپ و عەلیڕەزا خانی سەرهەنگی تۆپخانەی موبارەکە، بەر لەوەی لە "تیکان تەپە"وە لەشکر بەرێ بخەن، دوو فەوجی سەربازی مەنسوور لەگەڵ ئاغا حسین سوڵتان و ڕۆستەم سوڵتان و (٥٠ پەنجا) سوارەی شاهسەوەن و سەلیم خان، بۆ پاسەوانییان دەنێرن. چەند سەربازێکی تورك، کە بەنیازی تالاَنیی لە سەربازگە دەرچووبوون، کوردەکان شوێنیان دەکەون و دەیانکوژن. لەم نێوانەدا ئاغا حسین سوڵتان و ڕۆستەم سوڵتان لەگەڵ سوارەی سەلیم خان و شاهسەوەن ڕووبەڕوویان دەبنەوە و (٢٠ بیست) کەسیان لێ دەکوژن و سەربازەکانیشیان لە دەست دەرباز دەکەن. دوای ئەمە، گشت تۆپخانە و فەوجەکان و سوارە، بەرێکوپێکی بەرێ دەکەون، تا لە گوندی "مەلاَلەر" لەگەڵ حیسامولدەولە یەکدەگرنەوە.سەعات چواری ڕۆژی یەکشەممە: ١٧ی مانگی زیحەجە (١٨٨٠/١١/٢١ز)

دەگەنە قەرەقشلاَق. لەم کاتەدا هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو حیشمەتولدەولە، لە دار الخلافە (تاران)ەوە بەحەزرەتی ئەجەل ئەکرەم سوپاسالاری گەورە دەگا. ئەویش لەبەر ڕێکوپێکی هێزەکە، خێرا بەڕێدەکەوێ و ڕۆژێك بەر لە هاتنی لەشکری "ئەراکی" بۆ قەرەقشلاَق تەشریف دێنن.**بەشی دوازدەیەم باسی چوونی لەشکری سەرکەوتوو بەرەو محاڵی "مەرگەوەڕ" و "مەنگوڕ" بەفرمانی حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم حاجی میرزا حسین خانی موشیردەولە" سوپاسالاری گەورە و شوێن کەوتنی شێخ قادر و هەمزاغا و دڵخۆشیدانەوەی کوردانی شارۆچکەی سابلاَخ و موکری**.بەلاَم دوای تەشریف هێنانی سوپاسالاری مەزن و گەیشتنی هەموو هێزی "ئەراکی" بۆ قەرەقشلاَق، ڕۆژی دووشەممە، هەژدەیەمی هەمان مانگ (١٨٨٠/١١/٢٢ز) بەبۆنەی سەلامەتیی وجوودی پیرۆزی ئەعلا حەزرەت قەدەر دەسەلاَتی، شەهریاری (ڕۆحی عالەم بەقوربانی بێ) و جەژنی موبارەکی "غەدیری خوم"٤٠))، سەرلەبەیانی جەژنیان گرت، لێپرسراوان هەموو بەگەورە و بچووکەوە، بەخزمەت سوپاسالاری گەورە گەیشتن، هەریەکە بەشی خۆی، بەر ڕەحمەت و لوتفی، بەشیان پێ بڕا. دوای سلاَو گەیاندن بەگەورە بەرپرسان، داوای کرد کۆبوونەوەیەك ساز بکرێت، تا هێزێك بەشوێن هەمزاغا و شێخ قادردا بنێرن. ئەوانیش کۆڕێکی ڕازاوەیان ساز کرد و لە ئاکامدا ئەو کەسەی فیداکاریی نواند، حیسامولدەولە بوو، کە لەسەر خواستی خۆی، داوای کرد بۆ "مەرگەوەڕ"ی بنێرن. هەروەها عەزیزوڵلاَ خانی سەرتیپیش بەری لای "مەنگوڕ"ی هەڵبژارد.\ڕۆژی نۆزدەیەم (١٨٨٠/١١/٢٣ز) عەزیزوڵلاَ خانی سەرتیپ و عەلیڕەزا خانی سەرهەنگی تۆپخانە، بەچوار تۆپ و سوارەی قەرەپەپاغ، بەفەرماندەیی حەسەنعەلیخان، (٢٠٠ دووسەد) کەس دوێرن و ئێرانلوو و سوارەی بەختیاری و سوارەی یۆردچی و فەوجی قەهرەمانیە و حەوتەمی شوقاقی و فەوجێکی حەسەنعەلی خانی ژەنراڵ لە سەربازگەوە بەرەو "لاجان" و "مەنگوڕ" بەڕێ کەوتن. هەر ئەو ڕۆژە حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم سوپاسالاری مەزن، بۆ بەڕێخستنی ئەم لەشکرە، لە سەربازگەکە وەدەرکەوت و لە گەڕانەوەشدا بۆ ئەحواڵ پرسیی و بەسەرکردنەوە، تەشریفیان بۆ

ڕەشماڵەکەی حیسامولدەوله هێنا. حیسامولمولکیش ڕۆژی بیستەمی هەمان مانگ (١٨٨٠/١١/٢٤ز) لەگەڵ دوو دەزگا تۆپی ئوتریشی (نەمسایی) و کاپیتان "واگنەر" و دوو دەزگا تۆپی کۆن، لەگەڵ محەمەد ئاغای یاوەر، فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەم، لەگەڵ مسیۆبارون" و ئاغا خانی سەرتیپ لەگەڵ (٤٠٠ چوارسەد) کەس لە فەوجی چوارەمی تەورێز، فەوجی شەشەمی قەرەگوێزلو لەگەڵ فەزلوڵلا خانی سەرهەنگ، فەوجی مەنسوور لەگەڵ عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ، فەوجی موخبیران لەگەڵ میرزا عەلی لە لایەن جەنابی ناصرلملوك (١٠٠ سەد) کەس لە سوارەی قەرەگوێزلو، لەگەڵ دەلیخانی یاوەر، یوسف خان سەرتیپی شاهسەوەن بە(٤٠٠ چوارسەد) کەسەوە، خان کەشی خانی قەرەپەپاغ بە(٣٠ سی) کەسەوە، یوسف عەلیخان سەرکردەی خەڵخاڵی بە(١٠٠ سەد) کەسەوە، محەمەد قولیخانی شاهسەوەنی مشکین بە(١٠٠ سەد) کەسەوە، قوربانعەلی خان کوڕی فەزلعەلی خانی شاهسەوەنی مشکین بە(١٥٠ سەدوپەنجا) سوارەوە، قەراجەداغی عالیشان بەگ و سەردار بەگی قووجەبێگلو بە(٥٠ پەنجا) سوارەوە، تەهماسبقولی خان سەرکردەی سوارەی قەراجەداغی بە(١٠٠ سەد) کەسەوە بەرەو "مەرگەوەڕ" بەڕێ کەوتن.سەرلەبەیانی ڕۆژی بیست و یەکەم (١٨٨٠/١١/٢٥ز)، خودی حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم(١٤) تەشریفیان بۆ "قادر ئاوا" هێنا و دوای بەڕێخستنی هێزەکان، گەڕانەوە. بەڵام حیسامولملك ئیتر لە ناو ڕێدا (جگە لەوەی کە بۆ دابینکردنی خواردەمەنی لە دەربەندی سندووس ڕایانگرت) چیتر لە ڕێگادا ڕاگیر نەبوون.ڕۆژی بیست و چوارەم (١٨٨٠/١١/٢٩ز) گەیشتنە شنۆ. لەوێ بۆ مەبەستی شارەزابوون لە چۆنێتی ڕێگە و بەهۆی باران بارینیشەوە، دوو ڕۆژی تێدا مانەوە. لەوێ کاپیتان "واگنەر" بەرەو قەرەقشلاق گەڕانەوە و تۆپخانەکەشیان بەمسیۆ "بارون" سپارد.ڕۆژی بیست و شەشەم (١٨٨٠/١١/٣٠ز) بڕیار درا لەشکر لە شارۆچکەی "شنۆ"وە بەرەو گوندی "ئاغ بلاغ" بەڕێ بکەوێ. کە (٣) فۆناغەڕێ (١٨کیلۆمەتر) لەوێوە دوورە. کاتێکیش فەوجی سەرباز لەو دەشتەدا ڕیزبوون، دەتوت زەوی بۆتە زەریا و شەپۆلدان؛ لەبەر سمکۆڵانی ئەسپ لە چەپ و ڕاستەوە، هاوار لە ماسی ناو ئاوەوە هەتا ئاسمان ڕۆیی، لەبەر گرمەی تۆپ و نەڕەی قارەمانی

سوپا، ماسی گیانی دەلەرزی و مانگ گیرا. کاتێ هەواڵی لەشکریان بۆ "مەرگەوەڕ" برد، مەرگەوەڕ بۆ کوردان بوو بەمەیدانی مەرگ. سەرەتا سوارەی قۆجەبێگلو و فەوجی مقرب الخاقان ئاغا خانی سەرتیپ، بۆ پاسەوانیی و شارەزایی ڕێگا بەڕێ کەوتن. دوای ئەوان فەوجی ئوتریشی (نەمسایی) و تۆپە کۆن و تازەکان، لەگەڵ فەوجی شەشەم و دەستەی مەنسوور و هەموو کەلوپەل و بارگە و بنەیان بەڕێ کەوتن. ئەو ڕۆژە دەستەی "موخبیران" لە بەراییەوە دانرابوون و حیسامولمولکیش خۆی لەگەڵ سەرجەمی سوارەکانی و سوارەی یوسف خان و قەرەپەپاغ و" هتد، لە هەموو لایەکەوە، کە لە ناوەڕاستی لەشکرەکەدا بوون، پێ بەپێی تۆپەکان دەڕۆیشتن، لەوپەڕی ڕێکوپێکیدا تا داوێنی چیاکە سەرکەوتن. چوونە سەر کێوێکی وا؛ کە لەو سەرەوە دەیانتوانی بەدەستی ڕووتیی "جدی" و "حەمل" ڕاو بکەن.مسیۆ "بارون" کە فەرماندەی تۆپخانەی موبارەکە بوو، دوای ئەوەی لە ڕێگەکە وردبووەوە، وتی: لەم کێوە پڕ لە بەردەلآن و ڕێگا تەنگەبەرەوە، کە هەمووی بەرد و تەلانە، ئەم تۆپانە بەسەرباز و تۆپچی سەرناخرێن، باشتر وایە یەکڕاست بۆ شارۆچکەی شنۆ بگەڕێینەوە و بەشێکیش لەم لەشکرە، لەگەڵ تۆپخانە لە شنۆ بمێننەوە و بەشەکەی تری لەشکرەکەش لە سوارە و پیادە، بەرەو "مەرگەوەڕ" بەڕێ بکەون.حیسامولمولك ئەم قسەیەی نەسەلماند و فرمانی دەرکرد: تۆپەکان لە ئەسپەکان بکەنەوە و بەسەر شانی سەربازیاندا بدەن و بەمجۆرە ماوەی دوو قۆناغەڕێ (١٢کیلۆمەتر)، بەناو ئەو سەرما و بەفر و زریانەدا بەسەر ئەو کێوە ڕەقەن و دەربەندە تەنگەدا، کە مێرووله دەرفەتی ڕۆیشتن و نینۆکی پڵنگی لێ گیر نەدەبوو، شەش سەعات لە شەو تێپەڕی بوو، کە گەیشتنە سەربازگەکە.ڕۆژی دوایی؛ بۆ ئەوەی سەربازەکان پشوویەك بدەن، هەر لەوێ مانەوە و مسیۆ (بارون)یش بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکە، لەگەڵ دوو سەربازدا نزیکەی قۆناغەڕێیەك (٦کیلۆمەتر) سەرکەوتن و گەڕانەوە و وتی: ئەم تۆپانە لەم ڕێگەیەوە، بەشانی سەرباز بۆ سەر ئەم کێوانە سەرناخرێن؛ چونکە لە هەندێ جێدا، هەڵدێری وای هەیە، کە ناکرێ تۆپی پێدا بپەڕێنینەوە، لەبەرئەوە ئەگەر بۆ "شنۆ" نەگەڕێینەوە، ئەوا من ئەم

کاره بەئەستۆ ناگرم. هەواڵیش هاتبوو، کە قادری کوڕی شێخ، بە(١٠٠٠٠ دەهەزار) کەسەوە لەسەر ڕێدایە.مسیۆ بارون تۆپخانە و فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەمیان ئامادە کرد و وتی: ئەوا من بەڕەزامەندیی خۆم، خۆم لەم کارە کێشایەوە و ئیتر دەسەڵاتێکم نییە. هەر شتێکیش کە حیسامولولك بڕیاری لەسەر بدات، دەبێ ئێوەش گوێڕایەڵی بن و سەرپێچی لێ نەکەن. دوای ئەوەی ئەم قسەیەی لە خۆکێشانەوە کرد و بەرلەوەش لەشکر بەڕێ بکەوێ، سواری ئەسپ بوو و ڕێگەی گرتە بەر و لەگەڵ سەرباز و تۆپخانەکە گەیشتنە دامێنی کێوەکە.لە هەندێ شوێندا، کە هەڵدێر و تەلان بوو، بەفرمانی حیسامولولك، بەهەزار زەحمەت و کوێرەوەری و بەدەستی خودی حیسامولولك و سەرباز و بەپاچ و پێمەڕە تەختیان کرد و دیسانەوە تۆپەکانیان بەشانی سەربازدا دایەوە و پەڕاندیانەوە؛ بەجۆرێك کە زەین و ئەقڵی مسیۆ (بارون) و فەرەنگییەکانی تریش، وەك شای شەترەنج، لە بزووتنی پیادەی فیلەتەن، دوای ماندووبوونی ئەسپ، ڕامان و ڕۆحیان لە خانووی سەرگەردانیی جێهێشت و ناچار کەوتنە ستایشکردن.سەرەتای خۆرنشین بوو، کە بەمەحاڵی "مەرگەوەڕ" گەیشتن. هەموو خەڵکی ناوچەکە لە ترسی گیانیان، بۆ چیا و دەشت هەڵاتبوون، تاقە کەسێکیش لە "مەرگەوەڕ"دا نەمابوو. دەنگوباسیان عەرزی حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم: سوپاسالاری مەزن کرد. عەبدوڵلا خانی زەرزا، کە لە چیای باکووری "شنۆ"وە، هەواری هەبوو و فرمانێکی سەبارەت بەو و بەدانیشتووانی شنۆ نەفەرموو بوو، بەمجۆرە کاری بەناوبراو نەدا و هەر ئەم باسەشی عەرزی جەنابیان کرد.بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە مقّرب الخاقان: تەیموور پاشا خان، دوای بیستنی هەواڵی هاتنی لەشکر، بۆ مەحاڵی مەرگەوەڕ، لەگەڵ هەندێك لە فەرماندەکانی خۆی هاتن. شتێك وەك خواردەمەنی و کا و وێنجە، لە شار و گوندەکاندا نەمابوو. بەشەکانی لەشکر کەوتبوونە تەنگوچەڵەمەوە؛ کە بەخششی خوا گەیشت و عەبدولحسین بەگی نایب، کە بۆ هێنانی خواردەمەنی لە "باڵەخچی"ی مەحاڵی "سندووس" لە لایەن حیسامولولکەوە نێردرا بوو، لەگەڵ دەستەیەك سوارەی "قەرەگوێزلوو"، کە بە"وەلیخانی یاوەر"یان سپاردبوو، لەگەڵ

خۆیاندا (١٠٠ سەد) بار ئاردیان بەلەشکر گەیاند، کە پەنجا بار وشتریان لە لایەن حیسامولولك و پەنجا باریشیان لە "قەرەپەپاغ" بەکرێ گرتبوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ڕێگاش گیراو و بەبارستایی گەزێکیش زیاتر، بەفر باریبوو. هەر ئەم دەرفەتە لە بەختی بەرزی شای جێگە "جەم" و "عالەم پەنا" بووە مایەی دڵنیایی و هێمنایەتی لەشکر و هەلاتنی لەشکری شێخ. ماوەی (١٠ دە) ڕۆژ لە "مەرگەوەڕ"دا مانەوە، بەلام لەبەرئەوەی پێی وابوو لەم زستانەدا هیچیان پێ ناکرێ، بۆیە بۆ "ورمێ" گەڕانەوە و تێکەڵ بەسوپاکەی سوپاسالاری گەورە بوونەوە، کە ڕاستەوخۆ لە "سابلاخ"ەوە بۆ ناو لەشکرەکە دەهاتەوە.دوای چەند ڕۆژێك فرمان کرا کە حیسامولولك بۆ "خۆی" بچێ. قۆناغێکیان بڕی و هەر ئەو شەوە دوو گەز بەفر باری. سەرباری بەفر بارینیش، بۆ سبەی بەیانی فەوجەکانیان بەڕێخست. هێشتا بەدەم ڕێوە بوون، نامەیەکیان پێگەیشت؛ دەڵێ: هەمزاغا سەری هەڵداوەتەوە و کوردانیشی لەگەڵە. لەبەرئەوە چوونی ئێوە چاك نییە و باشتر وایە بگەڕێنەوە. هەر بەوحاڵ و دارویارەوە، بەوپەڕی شپرزەیی و شێواوییەوە بەرەو دوا گەڕانەوە و بۆ شاری "ورمێ" هاتنەوە. دواتر خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کرد، تا بەرەو "لاجان" بچن. کەچی هەواڵ هات درۆ بووە. بەپێی فرمان لە ورمێ مانەوە. سێ فەوجی هەمەدان و دوو فەوجی قەزوین، لەو زستانە تووش و سەختەدا، سەرەڕای گرانیی خەلە و خەرمان و نەبوونی بارەگا و جێ و ڕێ، دەستبەرداری پاسەوانێتی شار و دەرەوەی شار نەبوون و لەگەڵ دانیشتووانی ورمێدا بەوپەڕی نەرمونیانییەوە دەجووڵانەوە. بەلام لەبەر نەخۆشیی "تیفۆس"، هەندێ لە سەربازەکان مردن. هەرچەندە دکتۆرەکانی لەشکرەکە بەرپرسی دەرمانکردنی دەستەی نەخۆشەکان بوون و ئەوپەڕی چاودێریی و سەرپەرشتیان دەکردن و هەموو خزمەتێکیشیان دەکردن. (١٠ دە) سەربازی فەوجی شەشەم و مەنسوور لە ژێر ئاواردا مانەوە، بۆ ئاگاداربوونیش لە ڕووداوەکە، حیسامولولك خۆی گەیاندە ئەو شوێنە و (٧ حەوت) سەربازی لە مردن ڕزگار کرد و (١٠ دە) سەربازیان فیدای خۆڵی بەرپێی گەوهەرئاسای پیرۆز.زستان لە "ورمێ" مانەوە. بەردەوام "سدیق کوڕی شێخ"

پیـاوی دەنــارد و داوای لێبــووردنی دەکــرد. عــەرزی جــەنابی جــەلال ئاســای ئەمیرنیزامیان کرد، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئـەو دەیویـست، بەچاکیان زانـی کاریـان بەکوڕی شێخ نەدابێ. ئیقبالدەوله و نەصرولولك و حیـسامولولك، نـاو بـەناوێك لـە شـوێنێك کۆبوونـەوەیان دەکـرد و لەگـەڵ هەنـدێ لـە دانیـشتووانی شـاردا ڕاوێـژیان دەکرد و دەنگوباسیان دەگۆڕییەوە، دواییش هەواڵەکانیان بە"تەتـەر"دا ڕادەگەیانـد. دوای جەژن بەپێی فەرمان، لەشکر لـە دەوری شـار دامـەزرا و چاوەنواڕی گەیـشتنی فرمان و هاتنی ئیعتیماد سەڵتەنەیان کرد.لە کۆتایی مانگی جەمادی دووەم (کۆتایی مایـسی ١٨٨١ز)دا ئیعتیمـاد سـەڵتەنە گەیـشت. دوای هاتنیـان حیـسامولولك لەگـەڵ فەوجەکانی سێ قۆڵی عاشقلو و (١٠٠ سەد) سوارە و دەستەیەك مۆسیقاژەن و شـەش دەزگا تۆپ، بەسەرهەنگیی عـەلیڕەزا خـانی گەڕووسـی، لەوپـەڕی ڕێکوپێکیـدا بـەرەو "لاجان" چوون. (١٠ دە) ڕۆژ دوای بەڕێکەوتنی لەشکری "لاجـان" خـودی ئیعتیمـاد سـەڵتەنە لەگـەڵ نەصـرولولك و فەوجـەکانی "قـەزوین" و فـەوجێکی "ئەفـشار" و سوارەی ڕەحیم خان و فـەڕوخ خـانی چەلیبانلو لەگەڵ شـەش دەزگـا تـۆپی بـن پـڕ بەرەو "مەرگەوەڕ" بەڕێکەوتن.ئەم لەشکرانە بەوپـەڕی ڕێکـوپێکیی و ڕازاوەیـی، تـا مانگی شەعبان لە "لاجان" و "مەرگەوەڕ" مانەوە؛ کە جەنابی ئـەمیرنیزام، بـەپێی فرمان تەشریفیان بۆ "لاجـان" هێنـا. ڕۆژی تەشـریف هێنانیـان، فـەوج و سـوارەکان پێشوازییەکی وایان لە ئەمیرنیزام کـرد، کـە بەخەیاڵدا نـەدەهات.ئـەویش ئەوپـەڕی گـەورەیی خـۆی لەگـەڵ ئەنـدامان و نۆکـەران نوانـد. حـەوت ڕۆژ مانـەوە و هـەموو ڕۆژێکـیش بـۆ مەیـدانی مەشـق دەچـوون، جـارێکیش بەتایبـەتی تەشـریفیان بـۆ لەشـکری نیزامـی هێنـا و زۆریـان تـاریفی هەڵـسوکەوت و ڕێکـوپێکیی و پتـەویی سەنگەرەکان و پاك و خاوێنیی سەربازگەکە کرد و سەربازە نەخۆشەکانیشی خەڵات کرد و دەستی سۆزی بەسەردا هێنان. نانی نیوەڕۆیان لـە ڕەشماڵەکـەی حیـسامولولك خـوارد. مۆسـیقاژەنانی هەمـەدانی، بـۆ پیرۆزبـایی و بەبۆنـەی تەشـریف هێنـانی ئەمیرنیزامـەوە، بـەجۆرێکی وا مۆسـیقایان ژەنـد، کـە (٥٠ پـەنجا) تمـەنیان خـەڵات کـردن و عـەلی بـەگی سوڵتانیی (مۆسـیقاژەن) بەپلـەی یـاوەریی گەیـشت و مـزگێنی

مۆڵەتـدانی ئـەو ڕۆژەش، بەهـەموو نۆکـەرەکان گەیـشت. حـەوت ڕۆژ مانـەوە و پاشماوەی بڕیاری مۆڵەتدانی بۆ هەرکەسێ، بەئەندازەی گیانبازیی و فیداکارییەکەی پێ درا و دوایی تەشریفیان بردەوە" ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە، کـە خزمەتـەکانی حیـسامولولك بـاس دەکـا و بـۆ خزمـەت ئـەمیری گـەورەی نایـب الـسلطنە، وەزیـری جەنگ نێردراوە:قوربانی وجوودی موبارەکتـان بم. کاتێـك پلـە و پایـەی خزمـەت و شایان بوونی کەسێك بەوپەڕی خۆی گەیشت، ئیتر دەربەستی سـتایش و پێداهـەڵنان نابێ، بـەڵام دیـسانیش پێویـستە بـەکورتی باسـی خزمەتـەکانی سەرباشـقەی میرانـی مـەزن: حیـسامولولك لـە سـەفەری ئازەربایجان بکـەم، کـە نـاوبراو هـەر لـە بـەرایی ئەرکەکانی ئەم سەفەرەیدا، ڕۆژێك لەگەڵ خوالێخۆشبوو "حیشمەت دەولە"دا لە دار الخلافەوە بەڕێ کەوتوون، لە کاتێکدا کە شازادەی خوالێخۆشـبوو(٤٢) ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگـەی "گـەڕووس"ەوە بەڕێکـەوتبوو، حیـسامولولك دەسـتبەجێ لـە دار الخلافـە "تاران"ەوە خۆی گەیانـدە "هەمـەدان" و لـە مـاوەی پێـنج ڕۆژدا، هەرسێ دەسـتەی "قەرەگوێزلوو" و (١٠٠ سەد) سوارەی تـازەی خـۆی بەوپـەڕی شـکۆ و ڕێکوپێکییـەوە تـەیار و ئامـادە دەکـا و بەپەلـە بـەڕێ دەکـەوێ و چـەند ڕۆژێکـیش بـەر لـە هـاتنی شـازادەی خوالێخۆشـبوو، لـە گـەڕووس ئامـادە دەبـێ. حـەزرەتی والا دەزانـن کـە بەڕێخستنی ئەم سێ فەوجەو بەو خێراییە، کارێکی وا سانا نەبووە و کـاتێکیش لـە گەڕووسەوە لەگەڵ شازادەی خوالێخۆشبوودا بەڕێ دەکەون و لە ناوچەی "ئەفـشار = هەوشـار" ئـەو کارەسـاتە ڕوو دەدا و سـوپای دەوڵـەت، بەفەرمانـدەکان دەسـپێردرێ، سەرەڕای ئەو شێواویی و پەرێشانییەش، حیسامولولك لەشکری خـۆی لـە هـەموویان ڕێکـوپێکتر و جـوانتر بەڕێـدەخا و سـەربازگەی "قەرەقـشلاق" تێکـەڵ بەلەشـکری ناوەندی دەبێ. لەو ماوەیەدا، کە ئەرکـەکانی خـۆی لـە "مەرگـەوەڕ" بـەڕێوە دەبـرد (کە شوێنی نیشتەجێبوونی شێخ قادر بـوو)، گـەورەترین خزمەتـەکانی خـۆی لـەوێ کرد و لەگەڵ کەند و کۆسپی زۆریشدا ڕووبەڕووبووەوە. زۆر کەس ئـەو ئەرکـەی لـە ئەسـتۆ نـەدەگرت، بـەڵام حیـسامولولك ئـەو ئەرکـەی بـەدڵ قبـووڵ کـرد و لـە ناوجەرگـەی سـەرما و سـۆڵە و دژواریـی و بـەفری زۆر و قـات و قڕیـی خـۆراك و

بەسـەختییەکی زۆردا، لـە "شـنۆ"وە تێپـەڕ بـوو و خـۆی گەیانـدە "مەرگـەوەڕ" و ئەوەنـدە ڕۆژەی کـە پێویـست بـوو، لـەوێ مایـەوە. بـوو بەفەرمانـدەی ورمـێ. ئـەو ماوەیەش کە لە ورمێ نیشتەجێ بوو، وەك چۆن فەوج و سوارەکانی خۆی بەوپـەڕی ڕێکوپێکیی ڕادەگرێ، بەهەمان شێوەش خەڵکی ورمێ لە ئاکاری جوانی خۆی ڕازی دەکا و لەم دواییانەدا لە "ورمێ"، بەفەوجی "سێ قۆڵی" و سوارەی "خۆی"یـەوە، بۆ پشتیوانیی لەشکری "سابلاخ" و پێکهێنـانی هێـزی "لاجـان"، بـوو بەفەرمانـدەی شوێنە گرنگەکانی ئەم دەوروبەرە و نزیکەی (١٠٠٠ هەزار) سـوارەی "قەرەپـەپاغ" و "مامش"ی پێ دەسـپێردرێ. یەکـەم لەبەرئـەوەی بەوپـەڕی ڕێکوپێکیی و ئەوپـەڕی شـان و شـکۆوە لـە "ورمـێ"وە بـۆ "لاجـان" دەچـێ و دووەم لەبەرئـەوەی لـەوێ لەشکرێکی ڕێکوپێك، بەهـەموو پێویـستییەکانییەوە دادەمـەزرێنێ و ڕێکـی دەخـات. ئەمانەش لە هەلومەرجێکدا ئەنجامـدراون، کـە ئیلـی "قەرەپـەپاغ" و "مـامش" لـە هـاتنی هێـزی دەوڵـەت، بـۆ "لاجـان"، زۆر دەترسـان و سـەرەتا زۆربـەیان بلاوەیـان کردبـوو. بـەلام حیـساملولك بـەجۆرێك تەقـەللای هێورکردنـەوەیان و ڕێکخـستنی لەشکری داوە، کـە سـەرلەبەری ئیلـی قەرەپـەپاغ و مـامش، بوونـە دۆسـتی لەشـکر و لەوپەڕی ئاسایشدا کار و کاسبی خۆیان دەکرد. حیساملولك بۆ پاراستن و ئاگاداریی شـوێنە گرنگـەکانی ئـەم ناوچـەیە، لـە هـەموو کەسـێك باشـتر تێدەکۆشـا.هەرچـی پێداویـستی سـەرکردەیی ئـەو لەشـکرە و هەلومـەرجی پاراسـتن و پارێزگـاریی بـووە، هـەموویانی بـەجێهێناوە، بـەجۆرێك کـە جـەنابی "وەزیـری فەوائیـدی گـشتی"(٤٣)) ستایشی هەوڵ و تەقـەللا و بـەڕێوەبردنی ئەرکـەکانی دەکـرد و دەستخۆشـانەیان بـۆ دەنووسی.لەم سـەروبەندەدا، کـە ئـەم نۆکـەرە بـچووکەتان لـە سـابلاخەوە بـۆ لاجـان چووم و لە نزیکەوە بەچاوی خۆم هێزەکـەیم بـینی، بـەبێ لاف و گـەزاف عـەرزتانی دەکەم، کە تا ئێستا سەرباز و سوارەی (پـاش ٩ مـانگ خزمـەت)، ئـاوا هێـشتا تـازە و پاك و خاوێن و لەشکرێکی بەم ئاستە ڕێکوپێك و خاوەن لێپرسـراوگەلی ئـاوا شـایان و چـەکی وا تـازە و نـوێم نـەدیبوو، کـە لـە هـەموو ڕوویەکـەوە شـایانی سـتایش و ئافـەرینن. ئاشکراشـە ئەمانـە هـەمووی لـە ئاکـامی مانـدوبوون و لێوەشـاوەیی و

کارزانیی "حیسامولولك"ەوەیە؛ کە جگە لە گەورەیی بنەماڵە و ڕەسەنایەتی وەجاخزادەبوونی بۆ نۆکەریی "شاهەنشا"، بەوپەڕی خۆی گەیشتووە و لە ڕیزی سەرکردە و فەرماندەکانی سوپادا، مایەی شانازیی لەشکری دەوڵەتە. هەرچەندە من خۆم سەبارەت بەحیسامولولك خۆی و هێزەکەی؛ دەرگای سۆز و خۆشەویستیم بۆی ئاوەڵا بووە، بەڵام پاداشی ئەمجۆرە خزمەت و ماندووبوونانە، لەم سەفەرەی دەرخستنی لێوەشایی و کارزانییان، پێوەندی بەبەخشش و خەڵاتکردنی ڕەحمی شاهانە و چاودێریی تایبەتی حەزرەتی ئەشرەف والایە (ڕۆحمان بەقوربانی بێ).أمرکم الأشرف الوالا مطاع، ٢١/ی مانگی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨١/٥/٢٢ز)دوو ڕۆژ دواتر (٣٠٠ سێ سەد) سەرباز لە فەوجەکانی "سێ قۆڵیی"، ٣٠) سی) تۆپچی گەڕووس لەگەڵ غولام حسین خانی یاوەر، فەوجی "مەنصووری" بەفەرماندەیی حیسامولولك بۆ "سابلاخ" هاتن. سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکەیەك کە دانیشتووانی شاری سابلاخ هەیانبوو، بەوپەڕی ڕێکوپێکیی و میهرەبانییەوە بەڕێ کەوتن. دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە و پاشان ئەو هێزەیان بەرێخست و لە ڕێگەی "میاندواو" و "ساین قەلا" و "بیجاڕ"ەوە بۆ وڵات گەڕانەوە.خانەزاوی گیانفیدا: عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگی فەوجی مەنصوور، کوڕی حیسامولولك، بۆ ئاگاداریی هاوڕێیانی بارەگای موبارەکی ئەعلا حەزرەتی قەدەر دەسەڵاتی هومایۆنی (ڕۆحم بەفیدای بێ)، ئەم کتێبەی کە بەناوی "إفتتاح ناصری"یەوە ناودێر دەکرێ و ئاگاداری و زانیاریی پێشکەش بەخاکی بەرپێی موبارەك دەکرێ.کتێبی "نەصاری"یش، کە زەحمەتی کێشاوە و بەزبانی فەرەنسایی و هەر لەم بارەیەوەیە؛ ئەویش هەر بەدەستی موبارەکی ئەعلا حەزرەت ئەقدەس، سێبەری خوداوەند (ڕۆحمان بەقوربانی بێ) دەگات.(٤٤)

پەراوێزەکان:

(١) ســالّح محەمەدئــەمین، کــورد و عەجــەم، چــاپی دووەم، ســلێمانی ١٩٩٢، ل ٦٢. (٢) استانفورد. جی. شاو ازل کورال شاو، تاریخ امپراتوری عپمانی و ترکیه جدید، ترجمه محمود رمچانزاده، انتشارات معاونت فرهنگی آستان قدس رچوی، چاپ اول، ١٣٧٠ش.(٣) مجیر شیبانی (دکتر)، عالم آرای صفوی، تشکیل شاهنشاهی صفوی، دانگشاه تهران، ٦٤٣١ش، ص ٩١.(٤) سالّح محەمەدئەمین، ل ٣٩.(٥) کریس کوچیرا: جُنبش ملّی کُرد، ترجمه ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ اول، تهران ١٣٧٣ش، ص ٢٦.(٦) روبرت اولسن، ص ٢١، قیام شیخ سعید پیران، ترجمه ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه تهران چاپ، چاپ اول، ١٣٧٧ش، ص ٢١.(٧) هەمان سەرچاوە، ص ١٩.(٨) هەمان سەرچاوە، ص ٢٠.(٩) بۆ زانیاریی لەو بارەیەوە، بنوارە: حەمەباقی، محەمەد: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپەمەنی دەسگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠، لاپەڕە ١٦١ ـ ١٦٩ .(١٠) سالّح محەمەدئەمین، ل ١٦٨.(١١) هــەمان سەرچــاوە، ل ١٥٢ - ١٥٣.(١٢) هــەمان سەرچــاوە، ل ١٥٢ - ١٥٣ (بەهەنــدێك دەستکارییەوە).(١٣) حەمەباقی، محەمەد، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠؛ بنوارە پاشکۆی ژمارە (١٣)، نامەی ئابۆت بۆ گرانڤیل.(١٤) هەمان سەرچاوە، بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩١.(١٥) کریس کۆچێرا، ل ٢٧.(١٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٣.(١٧) بەتایبەتیش کتێبە ناوازەکەی دوکتۆر جەلیلی جەلیل (ڕاپەڕینی کوردەکان - ساڵی ١٨٨٠)، کە تایبەت و تەرخانە بۆ ئەم ڕاپەڕینە و هەروەها کتێبەکانی: دوکتۆر سەیید عەزیز شەمزینی (جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان) و (ن. خالّفین - خەبات لە ڕێی کوردستان)دا، کە هەریەکەیان فەسڵێکیان بۆ هەمان ڕاپەڕین تەرخانن. بەڵام کتێبەکەی سالّح محەمەدئەمین ئاوڕێکی زیرەکانەی لە بەشێکی زۆری ئەم بەڵگەنامانەی قاجاری داوەتەوە.

ئیسرا و میعراج ژ دوو پەیڤێن زمـانێ عـەرەبی پێکهاتینـە. ((ئیسرا ب رامانـا ب شـەڤ چوون، مەبەست پێ ئەوە کو ئەو شەڤا پێغەمبەر لە مەککەهێ سـواری بـوراقی بـووی و قەستا مزگەفتا ئەقسا ل قودسـێ کـری. هندیکـە میعراجـە. ب رامانـا چـوونە عـەسمانی دهێـت)) [٣٨]. ئـەڤ روویدانـە ل سـالا دەهـێ ژ پێغەمبەریـەتیا محەمـەدی (س.خ) هاتـە روویدان. بارا پتر ژ زانایێن موسڵمانا دوێ باوەرێدانـە. کـو ئـەڤ گەشـتە ب گیـان نـەبوو، بەڵکی ب لەش و گیان بوو.

پەرتوی گرنگیەکا ئێکجار زۆردایە ڤـی بابـەتی و د گەلـەك هـۆزانێن خـۆدا، ئامـاژە بـو کریـە و ب تێروتەسـەلی خـۆ بەردایـە دنـاڤ ڤـێ روویدانێـدا و ژ هـەمی لایەکیڤـە رۆنـاهی بەردایە سەر. هەروەکو دڤێ پارچا هۆزانێدا خویا دبیت:-

(قـرآن) ب (أمـر) و (نهـى) و ب ئـەحكام دل پزيـر
هەلكـــــر ژ (نـــور لطـــف) شـــەمالا رێيـــا هـــەدا
تەسليمى دەستى (روح القدس) كر بو جهێ (وحى)
كـر ئـەر مغـان حـب حـەبيبێ خـوە (مـصطفى)[٣٩]

د ڤێرەدا پەرتو ئاماژێ بو وێ چەندێ دكەت، كو هنديكە قورئانە ب فەرمان و خۆدانە پاش ژ كريارێن خراپ و ئەو ئەحكامێن تێدا هاتين دلێ مرۆڤـێ موسلمان حـەژێت كـەت و پەسەند دكەت. ل پەى وان ئەحكامان رێك رۆهن و ديار كرن و خۆشتڤيێ خۆ (پێغەمبـەر س. خ) ژ مەككەهێ بەرەف مزكەفتا قودسێ بر. ئينجا ژوێرێ پشتى پێغەمبەرى (س.خ) دوو ركعەت سونەت كرين. بەرەف جهێ هنارتنا وەحيێ بركـو ل ئاسمانـان ل بارەگـايێ پەروەردگارێ مەزن.

ئەڤ چەندە ژى وەكى موعجيزەكێ بوو، خودێ تعالا كريە ديـارى بـۆ ڤيانـا خۆشـتڤيێ خۆ مستەفاى. هەر د بەردەواميا هۆزانێدا هەكارى دبێژيت:-

گاڤـا گەهـشتە سـەروەرێ عالـەم ژ رويـێ (صـدق)
بوســـى وەلێ ژ رهـــشت بـــێ هـــۆش بـــو و مـــا
هـــشيار بـــو ب عـــەينێ عـــەليمى تەماشـــە كـــر
وى بەحرگـــە و ژ رەمـــز نـــە ئـــاخر نـــە (انتهـا)[٤٠]

دەمێ پێغەمبەر (س.خ) ل قودسێ بەرەف ئاسمـانێ ئێكـێ و دووێ و سـيێى چـوو تـا گەهشتيە قوناغا دوماهيكێ (سدره المنتهى) كو ئەڤ پەندە لدويڤ دەقين قورئانـا پـيرۆز و فەرموودێن پێغەمبەرى هاتيـە ئەنجامـدان و بـاوەرى پـێ هاتيـە كـرن و ل وێـرێ ئـەو تشتێن بەرچـاڤى پێغەمبـەرى (س.خ) كـەفتين، جهـێ سەرسـورمان و هەيبـەتێى بـوون. پشتى هەيامەكێنەشيا خۆ لبەر وێ چەندێ بگريت. بـەلێ دومـاهيكێ هـەمى تـشتەك بـۆ هاتە رۆهن و شرۆڤە كرن.

د پارچەکا دیدا، پەرتو بەحسێ زڤرینەڤێ دکەت ل ئاسمانی بۆ سەر عەردی هەروەکو دبێژیت:ـ

وەکـــــی ژێ دەرنەکـــــەڤتی دورا جـــــلا
ســـــبێ گۆتـــــە صـــــاحبان حـــــالێ معـــــراج
ژ جـــــان بالجملـــــە کـــــو صـــــدق نبیـــــا
وەرە پرتـــــو بگـــــر دامـــــانی رەحمـــــەت
کلبـــــدا (گـــــنج مطلبهـــــا در انجـــــا)[٤١]

دەمێ پێغەمبەر زڤرییەڤە ژ عەسمانا، ئەو چەنداوی دیتی بچاڤێ سەرێ خۆ، سپیدێ هەمی ب مرید و هەڤال و یاوەرێن خورا گۆت و ئەو سەرهاتی بو وان ڤەگێرا. هەمیان راستەوخو ژێ باوەرکر. چونکە پێغەمبەر ناڤدار بوو ب هندێ کو مرۆڤەکی راستگۆ و ئەمینە. جهێ باوەریا خەلکێ مەککەهی بوو. ئەوجا پەرتو دێ تۆژی وەرە خۆ ب دەهمانا دلۆڤانییێ ڤەکەو خۆ نێزیکی رەحما خودێ بکە. چونکە کلیلا چارەسەریا هەمی کێشا و گرفتا یاد هەندێدا کو مرۆڤ هەر خۆ نێزیکی رەحما خودێ بکەت و خۆ ژ رحماوی بێ بەهر نەکەت. چونکی کلیلا خەزینا هەمی تشتان یال وێرێ و مرۆڤێ موسلمان دڤێت باوەریەکا موکوم ب ئیسرا و میعراجێ هەبیت و ئەو چەندە مرۆڤی دێ سەرفیراز و سەربلند کەتن ل دین و دنیایێدا.

ئەنجام

ل دوماهیا ڤێ ڤەکولینێ، پشتی مە ناڤەرۆکێ ئایینی د هۆزانێن پەرتویێ هەکاریدا، لدویڤ زانیاری و پێزانینێن خۆ شرۆڤەکرین و رۆناهیی بەردایە سەر هندەك لایەنێن هۆزانێن وی ئەڤێن هزرا ئایینی تێدا هاتین. ئەز گەهشتمە ڤان ئەنجامێن خارێ:

١ـ ناڤێ هۆزانڤانی (مستەفا بەگێ هەکارییە) و (پەرتو) نازناڤێ وییە، ل سالا (١٧٥٦ز)یێ هاتیە سەر دونیایێ ل جولەمێرگی جهێ میرنیشیناوی، بەلی مرناوی نەیا دیارە، لێ هەتا سالا (١٨١٠ز) مایە و بەری سالا (١٨٣٤ز) مرییە.

٢ـ ناڤـەرۆكێ هۆزانـا وی، گەلـەك بابـەت بخۆڤـە ڤەگرتینـە، بـەلێ بابـەتێ ئـایینی و سۆفیگەری ژ هەمیا پترن و گرنگیەك و پویتەیەكا مـەزن پـێ دایـە و گەلـەك ب جـوانی و راشكاوی هزروبیرێن خۆ دباركرینە.
٣ـ بۆ مە خویا دبیت كو هۆزانڤان ژ ڤی لایڤە كەفتیە لبن كارتێكرنا هۆزانڤانێن بەری خۆ، نەمازە مەلایێ جزیری، و ئەڤ چەندە ژی یادیارە د هۆزانێن ویدا.
٤ـ پتریا هۆزانڤانێن كلاسیكی، هۆزان بڤی بابەتی ڤەهاندینە و گەلەك لسەر راوەستیاینە. چونكە پرانیا وان مەلا بوون و گەلەك ب ئایینەڤە نوسیابوون.
٥ـ ئەو هۆزانێن ئایینی ئەڤێن من ئاماژە پـێ كـری پتریـا وان، لبـەر تیروشـك و رۆناهیـا. ئایەتێن قورئان پیرۆز و فەرمودەیێن پێغەمبەری (س.خ) هاتینە ڤەهاندن.
٦ـ بۆ مە خویا بوو، كو پەرتوییێ هەكاری، شارەزایی د زمانێن دەوروبەرادا هەبووە مینـا زمانێ عەرەبی و فارسی و تركی. چونكە گەلەك زانیاری ب وان زمـان تێهـەلكێش كرینـە دناڤ هۆزانێن خۆدا. نەخاسمە زمانێ عەرەبی.
٧ـ ئەو پارڤەكرنا من دەستنیشانكری بۆ هۆزانێن وی یێن ئـایینی، لجـەم مـن راسـترە ژ گەلەك پارڤەكرنێن دی ئەڤێن د هەمان بواردا ڤەكولین لسەر وی بابەتی كرین.
٨ـ ئێك ژ سەخلەت و موركێن هۆزانا ئایینی ئـەوە، كـو پـڕن ژ ئایـەتێن قورئانـا پـیرۆز و فرمـودەییێن پێغەمبـەری (س.خ)، دگـەل بكارئینانـا گەلـەك پـەیڤێن عـەرەبی د هـۆزانێن خۆدا، چونكە بەرامبەری هندەكا هێشتا زاراڤە نەهاتینە دانان. ئەڤ دیاردە ژی دهـۆزانێن ویدا كارەكێ بەرچاڤ و ئاشكرایە.

ژێدەر و سەرچاوە:

١- تحسين ابراهيم دوسكى، المدخل لدراسة الادب الكردي، الجزء الثاني، ١٩٣٣، ص٣٨-٣٩.

٢- رشيد فندى، من ينابيع الشعر الكلاسيكى الكردى، الجزء الاول، مطبعة وزارة الثقافة - اربيل، من منشورات المجمع العلمي الكردستانى، ٢٠٠٤، ص١١٤- ص١١٥. هەروەسا بڕوانە مەسعوود حوسێن بۆتانی، جزیری و کارتێکرنا وی ل سەر پەرتویێ هەکار، گۆڤارا ڤەژین، ژ١٥، ١٩٩٩، ل٣٥-٣٦.

٣- تحسين ابراهيم الدوسكى، المدخل لدراسه الادب الكردى، ص٤١.

٤- دیوانا پەرتویێ هەکاری، بەرهەڤکرن و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، دەزگەها روشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی ژ(٣٤)، ل١٤-١٥.

٥- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری، شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی/ هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ل١٩٥.

٦- گوڤارا ڤەژین، ژ(٥)، ل٦٣.

٧- شعر العقيدة في عصر صدر الاسلام حتى سنة ٢٣ه، ايهم عباس حمودي، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٠، ص٣٠. هەروەها بڕوانە د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری، ل١٩٣.

٨- دیوانا پەرتویێ هەکاری، صادق بهاءالدین ئامێدی، ل ٢٩.

٩- شعر الصوفي - عدنان حسين العوادي - وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، سلسلة دراسات (١٩١)، دار الحرية للطباعة والنشر، ص١٤٣.

١٠- دیوانا پەرتویێ هەکاری، ل٤٥.

١١- ژێدەرێ بەرێ، ل٤٦.

١٢- ژێدەرێ بەرێ، ل٤٢.

١٣- القرآن الكريم/ سورة الاعراف، الاية١٥٦.

١٤ـ ديوانا پەرتويێ هەكاری، ل٤٣.

١٥ـ صادق بهاءالدين ئامێدی، هۆزاڤانێن كورد، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣٦٣. هەروەسا بڕوانە ديوانا پەرتوی، ل٨٢.

١٦ـ مسند الامام احمد بن حنبل، الجزء الثاني، طبعة القاهرة، ١٣١٣ه، ص٣٥٩.

١٧ـ ديوانا پەرتويێ هەكاری، ل٤٥.

١٨ـ ژێدەرێ بەرێ، ل٢٢.

١٩ـ حديث شريف.

٢٠ـ ژێدەرێ بەرێ، ل٥٦.

٢١ـ ديوانا پەرتويێ هەكاری، ل٧٦.

٢٢ـ ديوانا پەرتويێ هەكاری، ل٧٦.

٢٣ـ ژێدەرێ بەرێ، ل٢٠.

٢٤ـ ژێدەرێ بەرێ، ل٢٠.

٢٥ـ القرآن الكريم، سورة يوسف، الاية ٥٣.

٢٦ـ ديوانا پەرتويێ، ل٣٦.

٢٧ـ ژێدەرێ بەرێ، ل١٥٢.

٢٨ـ القرآن الكريم، سورة يوسف، الاية ١٨.

٢٩ـ القرآن الكريم، سورة الشرح، الاية ٥.

٣٠ـ ديوانا پەرتويێ، ل١٥٢.

٣١ـ القرآن الكريم، سورة الزمر، الاية ٥٣.

٣٢ـ ديوانا پەرتويێ هەكاری، ل ١٥٢ و ١٥٣.

٣٣ـ ژێدەرێ بەرێ، ل ٤٧.

٣٤ـ ژێدەرێ بەرێ، ل ٤٣.

٣٥ـ ژێدەرێ بەرێ، ل ٢١.

٣٦ـ ژێدەرێ بەرێ، ل ل٢١.

٣٧ـ ژێدەرێ بەرێ، ل ٤٤.

٣٨- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سوفیگەری، ل٢٥٦.

٣٩- دیوانا پەرتوییێ، ل١٩.

٤٠- ژێدەرێ بەرێ، ل ١٩.

٤١- ژێدەرێ بەرێ، ل ٢٩.

ملخص البحث

المحتوى الديني في شعر پرتو الهكاري

د. عبدالله ياسين ئاميدي

المحتوى الديني يعد من الاغراض الشعرية المهمة في الادب الكلاسيكي الكُردي. لأن معظم شعراء الكُرد الكلاسيكيين تطرقوا الى ذكر هذا الغرض في اشعارهم معبرين بذلك عن ارائهم وافكارهم في هذا المجال. غير ان هذا الموضوع لم يلق اهتمام الباحثين والمهتمين في هذا المضمار، ولهذا اخترت هذا الموضوع لكي اسلط الضوء على جوانب و مفاهيم هذا النمط الشعري لدى الشاعر پرتو الهكاري مستشهداً بنماذج رائعة من شعره بهذا الصدد.

Religious Purport in Pirto Hakari's Poetry

Dr. A.Y. Amedi

Religious purport has been a very significant purpose of Kurdish classic literature for most of Kurdish poets expressed their views and motifs by including their poety with religious purports. I have chosen this subject to shed light upon it because none of the researchers have felt concern about this subject, I concluded my study with some marvelous poetry of Pirto Hakari.

هۆزی گۆران
رۆڵی سیاسی و رۆشنبیریی
لەسەدەکانی ناوەراستدا

د. زرار سدیق تۆفیق

کۆلیجی ئاداب/ زانکۆی دهوك

- پوختە

گۆران یان جۆرە قان (الجورقان) هۆزێکی مەزن وکەونارو دێرینی کوردە، لە سەدەکانی ناوەراستدا لە ناوچەکانی پاوە، دەرتەنگ، کرماشان، ماهیدەشت، بەرزاییەکانی حەلوان و خانەقین و دەڤەرە شاخاوییەکانی خوارووی شارەزوور شان بە شان چەند هۆزێکی تری کورد ئاکنجی بووە و بەشێك لە نەتەوەی کورد پێکدەهێنێت - ئەم هۆزە لە چەرخی ئیسلامیدا رۆلی سیاسی و سەربازی و ژیاری و رۆشنبیری خۆی گێراوە، خاوەن دەسەڵاتی سیاسی خێڵەکی بووە، دەیان ناودار لە زانا و مامۆستا و فەقێ و دانەرو صوفی و پیاوی ئایینی پێگەیاندوە .

ئەم تۆژینەوەیەدا، لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیری هۆزی گۆران دەکۆڵرێتەوە و رولّیسیاسی و سەربازی نیوچە میرنشینی گۆران و ژیاننامەی میر و ناودارانی لە سەدەکانی چوارەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سەدی دەهەم تا سەدەی سیزدە هەمی زایینی دەخاتە روو، واتە لە دەستپێکی دەرکەوتنی هۆزی گۆران وەك هێزێکی خێڵەکی لە کوردستان تا رۆژگاری مەغول، بێئەوەی بچێتە سەر باسی نەژادو بنەرەتی پەیڤی گۆران و مەبەست و واتا جور بەجورەکانی چەمکی گۆران و ئەو گۆرانانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە.

یەکەم: ناساندنی هۆزی گۆران

أ- کوردبوونی هوزی گوران

رۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناودار ڤلادمیر ڤیودورڤیچ مینورسکی (١٨٧٧ - ١٩٦٦) تۆژینەوەیەکی لەسەر کوردی گۆران بلاوکردۆتەوە[١] بە پشت بەستن بە گەلێك بەلگەو سەرچاوەی کۆن و نوێ، لە بنەماو نەژادی گۆرانی کۆلیوەتەوە و ویستویەتی بناغەیەکی مێژووی بۆ پەیڤی ((گۆران)) بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە گەڵ چەند ناو و دەستەواژەی کۆن و مێژوویی بەراوردی کردوەو بە هەندێ ئەنجام گەیشتوە و رای خۆی لە مەڕ نەژادی کوردی گۆران دەربڕیوە[٢] .

مینورسکی بەم کارەی خزمەتێکی مەزنی دیرۆکی کوردی کردوەو یەکەم تۆژینەوەی قووڵی سەبارەت بە هۆزی گۆران ئەنجامداوە کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ هەر نوسینێك لە مەر ئەم هۆزە دێرینەی کوردەوە.

هەرچەند بەووردی مامەڵەی لەگەڵ سەرچاوەکاندا کردوە و تاووتۆی کەرەسەی بابەتەکەی کردوە و بە بەلگەوە سەلماندویەتی کە (الجورقان)ی ناو سەرچاوە عەرەبیەکان هەر گۆرانن، بەڵام مخابن لە هەندێ بواردا راستی نە پێکاوە و کەوتۆتە نێو هەڵەی زەقەوە، وەك ناجی عەباس وەرگێری بابەتەکە دەڵێت ((وە نەبێ هەموو قسەکانی ئەم زانایە لە گەل حەقیقەت و تاریخدا رێك بکەوێ، هەڵەی وای کردوە و نظرییەی وای داناوە کە قبوڵیان آسان نییە))[٣] .

مینورسکی لای وایە (الجابارقە) و (الجورقان) یەك هۆزن کەچی مەسعودی وەك باسکرا بە دوو هۆزی لێکجیا دایناون، لەمەش ترسناکتر لێ براوانە هەوڵی داوە گۆران لە کورد دابڕێ و بەمیلەتێکی جیاوازی دابنێت، راشکاوانە دەڵێت ((لوڕ و گۆران لە بابەت زمان و نەژادو بنچینەوە لە کورد بە جیاوازی دەمێننەوە))، گۆرانەکان ((بەزمانێك قسە دەکەن کە ئێرانیيە بەڵام کوردی نیيە))[٤] .

له شوێنێکی تری نوسینەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گۆرانەکان یەکێکن لە میللەتە ئێرانیەکانی نیشتەجێی هەرێمەکانی خوارووی دەریای خەزەر (قەزوین) گوایا لەوێوە کوچیانکردوە بۆ کوردستان[٥] .

وا دیارە ئاگاداری ئەو راستیە نیە یان فەراموشی کردوە کە سەرجەم مێژوونوس و گەرۆك جوگرافیەوانانی سەدەکانی ناوەراست ئەوانەی وا ناوی گۆرانیان هێناوە دوپاتیان کردۆتەوە کە گۆران یەکێکە لە دەیان هۆز و ئێڵ و خێڵ و تیرە و تایفەی کورد و هیچ گومان و دوودلییەکیان لەمبارەیەوە دەرنەبریوە[٦] .

له راستیدا گۆران یان جورەقان (الجورقان) وەك لەسەرچاوە عەرەبیەکانی سەردەمی عەباسی (١٣٢-٦٥٦ك/ ٧٤٩-١٢٥٨ز) هاتووە، یەکێکە لە هۆزە کوردە ناسراو و بەناوبانگەکان و لقێك پێکدەهێنێت لە چوار لقە سەرەکیەکەی نەتەوەی کورد[٧]، لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کوچی/ دەیەمی زایینیەوە بەردەوام ناو و هەواڵ و دەنگوباسی لە چەند ژێدەر و کتێبی مێژوویی‌دا تۆمارکراوە بەڵام ناویان بە جورەقان (الجورقان) یاداشت کردوە کە بێگومان هەر بە عەرەبیکردنی (تعریب)ی گۆرانە، لە هەندێ سەرچاوەدا (الجورقان) شێوێندراوە بۆ (الجوزقان)[٨] وەلێ هەموویان دووپاتیان کردۆتەوە کە هوزێکی کوردە، هاوکات لە ژێدەرێکی کۆنی فارسیدا کە لە دەوروبەری ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) نوسراوەتەوە ناوی ئەم هۆزە بە (گۆران) و (گۆرانان) هاتووە[٩]، ئەمەش وەك ئاشکرایە ناوی راست و رەسەن و دروستێتی، هەروەها مێژوونوسانی میسر و شام لەسەر دەمی مەملوکیدا (٦٤٨-٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز) جەختیان لەسەر کوردبوونی هوزی گوران کردوە وناویان هەر بە گۆران (الكورانية) تۆمار کراوە، وەلی مەقریزی بە هەڵەدا چووە کاتێك (الجورقان) و (الكورانية)ی بە دوو هۆزی کوردی لێکجیا داناون[١٠].

مەسعودی دەلێت هور جورێك — واتا هەر هوزێك — لە کوردەکان زمانێکیان هەیە کە کوردییە، شەرەفخانیش دەلێت میللەتی کورد لە چوار لقی گەورە پێکدێت کە یەکێکیان گورانە ، لە روی زمان و ئەدەب وداب ونەریتدا لێکجیان[١١].

ب- پەیڤی گوران و دەرکەوتنی هوزی گوران لە مێژووی ئیسلامیدا:

(گۆران) پەیڤێکی دیرۆکی کۆنە و رەگێکی قوول و ریشەیەکی دووری لە مێژوودا هەیە، وا دیارە گۆران لە (گەبران)ەوە داتاشراوە کە لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا واتای ئاگرپەرستان و پەیرەوانی ئایینی زەردەشتی دەگەیاند، چەمکی گەبران بە پێی بۆچوونی مینورسکی بەم پەیڤی شێوەیە گۆڕان و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە:

گەبران — گاوبارەکان — گاورەکان — گۆرەکان — گۆران[١٢] .

ئەوەی لێرە گرنگە و مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە، (گۆران — الجورقان) ناوی هۆزێکی گەورە و ناسراوی کورد بووە لە سەدە ناوەنجییەکان، لێرە لەمیانەی ئەم لاپەرانەدا هەوڵدەدەین ئەم راستیە بسەلمێنین و تیشك بخەینە سەر مێژوو و بەسەرهاتی.

کۆنترین ناوهێنان و ئاماژەی راستەوخۆ و راشکاو بۆ گۆران (الجورقان) وەك هۆزێکی کورد دەگەرێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی[١٣].

بەر لەم مێژووە دوو گەرۆکی موسڵمان ئیبن خوردازیبە (ابن خرداذبە) (م٢٨٠ك/ ٨٩٣ز) و ئیبن فەقیە (ابن الفقیە) (م٣٤٠ك/ ٩٥٢ز) زۆربەی هەرێمە کوردنشینەکان گەڕاون، یەکەمیان ئاماژە بۆ هۆزێکی کورد دەکات بە نێوی (الجابارقە) کە لە دەوروبەری حەلوان دەژیان دووەمیشیان باسی هۆزێکی کورد دەکات بەهەمان ناو کە دانیشتووی دەڤەرێکی سەر بە شاری هەمەدان بوون[١٤]، وەلی مەسعودی (م٣٤٦ك/٩٥٧ز) کە هەرێمی چیا (اقلیم الجبال)ی کوردنشین گەڕاوە و چاوی بە سەردارو سەرۆك هۆزە کوردەکان کەوتووە و ناوی ژمارەیەك هۆز و خێل و تیرە و تایفەی کوردی دانیشتووی هەرێمەکەی هێناوە، جیاوازی دەکات لە نێوان (الجابارقە) و (الجورقان) وبە دوو هۆزی سەربەخۆیان دەژمێرێت[١٥].

جـ- نیشتیمانی گورانەکان:

سەبارەت بە زێدو نیشتمانی گۆرانەکان لە سەدە ناوەنجییەکان، هەر چەند بەووردی ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت، بەلاّم دەشێین بڵێین لە دەرتەنگی حەلوان (عقبة حلوان)، پاوە، کرماشان (قرماسین)، ماهیدەشت، کەنگاوەر، شاپورخواست، بەرزاییەکانی حەلوان – خانەقین، ناوچە شاخاوییەکانی خوارووی رۆژهەلاّتی شارەزور ئاکەنجیبوو بوون[١٦]، وا دیارە ئەم دەڤەرانە بە (وەلاّتی گۆران)[١٧] ، و (چیاکانی گۆران)[١٨] ناسرابوون .

نیشتمانی گۆران لە رووی جیوپولەتیکییەوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بوو و بایەخ و تایبەتمەندی خوی هەبوو، رێگەی بازرگانی و سەربازی (بەغدا — خوراسان)ی پێدا تێدەپەری کە بە (طريق خراسان العظيم) دەناسرا، لەسەرەتادا و تا دەستپێکی سەدەی شەشەمی کۆچی هۆزی شازنجان (الشاذنجان) کۆنترۆلی ئەم رێگەیەی کردبوو، پاشان هۆزی گۆران ئەم رۆڵەی گێرا .

لە ساڵی ٤٠٥ك/ ١٠١٤ز چەکدارە گۆرانەکانی نێو سوپای میرنشینی حەسنەوی (٣٤٨ – ٤٠٦ك/ ٩٥٩ – ١٠١٥ز) پڕیاندایە سەر میر بەدری کوری حەسنەوەییە (٣٦٩ — ٤٠٥ك/ ٩٧٩ — ١٠١٤ز) و کوشتیان و لەترسی تۆلەسەندنەوە ولات و ملك و ماڵیان بە جێهشت و پەنایان بردە بە میر (شمس الدولة) (٣٧٨ — ٤١٢ك/ ٩٨٨ —١٠١٢ز)ی کوری (فخر الدولة)ی بوەیهی، فەرمانرەوای شاری هەمەدان، وا دیارە لەوێ بە یەکجاری گیرساونەتەوەو نەگەراونەتەوە ولاتی خۆیان، تەنانەت گوند و دەڤەرێکی نزیك هەمەدان تا ئیشتاش هەر بە جۆرەقان یان جۆزقان ناسراوە[١٩] لەمبارەیەوە مەلا محەمەد جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت ((بەم قسانەی [ابن الاثير] بۆمان دەردەکەوێ ناوچەی (جورقان)ی ئێستەی لای هەمەدان لە بنەرەتا (جورقان)ەکانی هەلاتووی (کوسجەد) ئاوەدانیان کردوتەوە کە پاشی کوشتنی (بەدر) هەلاتوون و لەوێ ماونەوە))[٢٠] .

سەرەرای ئەم دەڤەرانە هۆزێکی کورد بە نێوی گۆران لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەهەمی زایینی لە هەندێك شوینی ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەلاتی موسڵ و دەوروبەری ئاکرێ (العقر) دەژیا، بەپێی ئاخافتنی مەسعودی ئەمانە لەسەر ئایینی مەسیحی بوون[٢١] ، جێگەی ئاماژەیە گۆرانەکانی ئاکرێ حاڵی حازر هۆزێکی گەورەی کوردی موسڵمانە ودابەشیوە بەسەر چەند خێل و تیرەیەکدا بە (العشائر السبعة) ناسراون لە ناحیەی بەردەرەش سەر بە قەزای ئاکرێ و گوندەکانی نیشتەجێن .

هەروەها لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینی لەرۆژگاری هێرشەکانی مەغول بۆ سەر وەلاتی هەولێر، جارێکی تر ناوی کوردە گورانەکان هاتووە کە لە دەوروبەری هەولێر یان ووردتر لە دەڤەرەکانی نێوان ئازەربایجان – هەولێر نیشتەجێبوون[٢٢]، کە وادیارە مەبەست هەر

گۆرانەکانی دەڤەری ئاکرێ بن، چونکە لەو دەمانە ئاکرێ پتر بەهەولێرەوە پەیوەست بوو، وەك زانراوە سەرچاوەکان لە مەڕ ناوچە کورد نشینەکان بە شێوەیەکی گشتی دەدوێن، کەمجار بەلای دەستنیشانکردنی ووردو دروستی شوێنەکانەوە دەچن.

ژێدەرە مێژووییەکان روونیان نەکردۆتەوە چ پەیوەندییەك و خزمایەتیەك گۆرانەکانی ئاکرێ و هەولێر بە هۆزی گۆرانی گەورە دەبەستێتەوە؟ ئایە لەبنەڕەتدا چەند خێل و تیرەیەکن لە ئەو و بەهۆی روداوێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، یان هەر ئەگەرێکی دی بەدەستوری گۆرانە ئاوارە بووەکانی هەمەدان، ئەمانیش لە نیشتمانی خۆیان لە دەڤەرەکانی حەلوان و کرماشان وشارەزور پەراگەندەو ئاوارە بوونە؟ یان هۆزێکی سەربەخۆن و جگە لە هاوناوی هیچ پەیوەندییەك و نزیکایەتیەك گرێیان نادات بە هۆزی گۆرانەوە .

د- تیرە و خێلەکانی گۆران

بێگومان گۆران هەر لە کۆنەوە تا رۆژگاری ئەمرۆ هۆزێکی مەزن و فرەلق و بەربلاو بووە لە روبەرێکی شاخاوی و نیوچەشاخاوی بەرفرە بلاوبوتەوە، ژمارەیەك شار و شارۆچکە و قەلاو سەدان گوندی هەبوون و بەسەر دەیان لق وخێل و تیرە و بەرەباب و بنەمالەدا دابەش بووە، تەنانەت شەرەفخان هەموو هوزە کوردەکانی ئێرانی بەگوران داناوە ودەلێت ژمارەیان هێندە زوربووە — بێ ئەوەی رۆلی ئەوتویان گێرابێت — تا ئەو رادەیەی ناچار بووە ناوهێنانیان پشتگوێ بخات[٢٣] وەلێ ناوی زۆربەیان نەزانراوە، تەنها ناوی دوو تیرەیان بۆ ئێمە ئاشکرایە -:

١- بابونی، کە وادیارە لە گەنگاوەرو دەوروبەری بووە[٢٤].

٢- قوهی‌یان کوهی لە کرماشان[٢٥].

٣- هەروەها ئیبن فەزلۆلای عومەری (ابن فضل الله العمري) (م ٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز) ئاماژە بۆ دوو تیرەی هۆزی گۆران دەکات بێ ئەوەی ناویان بهێنێت[٢٦].

٤- لەلایەکی ترەوە بە پێی یەکێك لەو دوو ریوایەتەی وا لە شەرفنامە هاتووە، ئێلەکانی سیامەنسوری، چەنگنی، زەنگەنە بە نەژاد لە هۆزی گۆرانن[٢٧].

- دووەم: مێژووی سیاسی گۆران

أ- هوزی گوران لەسەردەمی بوەیهیدا (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز):

زانیاری و دەنگوباس دەربارەی هۆزی گۆران و سەرجەم هۆزەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەراستدا یەکجار کەمە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ژێدەرێکی تایبەت نیە روداو و بەسەرهاتی کوردو کوردستان بگێرێتەوە، سەرچاوە گشتیەکانی جیهانی ئیسلامیش تاك و تەرا و ناو بەناو و سەرپێییانە ئاماژەیان بۆ هۆزەکانی کورد کردوە، بۆیە چەند ئەڵقە ولایەنێکی مێژووی کورد بە شاراوەیی و نەزانراوی دەمێنێتەوە .

وەك ئاشکرایە لەسەر دەمی بوەیهی و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگوڕە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەتی عەباسی گرتەوە و بارو دۆخێکی نوێی هێنایە ئاراوە، ژمارەیەك میرنشینی نیوچە سەر بەخۆ و دەسەڵاتدارێتی خێلەکی و قەڵادارانی کورد دەرکەوتن و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان تەنیەوە، تەنها لە هەرێمی چیا (اقلیم الجبال) — پارێزگاکانی سلێمانی و سنە و کرماشانی ئێستا — ئەم بنەماڵەو کەسایەتیە دەسەلاتدارانە پەیدابوون :-

١- بنەماڵەی حەسنەویە لە هۆزی بەرزەکان .

٢- بنەماڵەی بەنوعەناز لە هۆزی شازنجان .

٣- بنەماڵەی وەرام لە هۆزی گاوان (الجاوانیة) .

٤- بنەماڵەی زوهمانی کوری هیندی.

٥- میر سەهلانی کوریمسافری کورد (عصمة الدولة) کە بە میری هەرێمی چیا (امیر الجبل) ناودەبرا.

٦- میر حوسین (خۆشین) کوری مەسعودی کورد خودانی قەڵای کۆسجەد .

٧- میر هیندی کوری سەعدی .

٨- میر ئەبو عیسا شادی کوری محەمەد[٢٨].

بێگومان هۆزێکی گەورەو بە دەسەڵاتی وەك گۆران لەم دیاردەیە بێ بەهرە نەبوو، ڤەکۆڵەرێك دەڵێت ((لەوانەیە میر ئەبو عیسا شادی لە سەرانی هۆزی گۆران بێت))[٢٩]، بوچوونەکەی لە جێگەی خویەتی و دوور نیە وابێت، چۆنکە وەك لە روداوەکانی ساڵەکانی

٣٩٧ك/ ١٠٠٧ز، ٤٠٠ك/١٠١٠ز دەردەکەوێت، میر ئـەبو عیـسا شـادی سـەردارێکی خێڵـەکی دەڤەرەکانی حەلوان، شاپورخواست، ئەسەدئابادی نزیك هەمەدان بـووە سـەر بـە مـیر بـەدری کـوڕی حەسـنەوەیە (٣٦٩ – ٤٠٥ك/ ٣٨٠ – ١٠١٤ز) بـوو، ئـەم ناوچـانەش وەك زانـراوە گۆراننشین بوون[٣٠] .

بەگوێرەی ئەو زانیاری و کەرستە کەمەی لەبەر دەستدایە لـە توانـادا هەیـە بڵـێین کـە گـۆرانیش دەستڕۆیـشتووی ناوچـەکەی خـۆی بـوو، سـەرۆکەکانی فـەرمانڕەواو و بەڕێوبـەری پارچەیەکی ناوچە شـاخاوییەکانی نێـوان سێگۆشـەی حـەلوان – شـارەزور – کرماشـان بـوون و دەسەڵاتدارییەکی خێڵەکی نیوچە سەربەخۆ و سنورداریان پێکەوە نابوو، کاروباری سـەربازیی و کارگێری شارۆچکەو قەڵا و باژێر و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد و بـاژێری دەرتـەنگ یان دەربەندی حەلوان[٣١] یان کردە بارەگـاو پایتـەخت، تەنانـەت هەنـدێك لـە میرانـی گـۆران بەخودانی دەرتەنگ یان دەربەند (صاحب الدربند) دەناسران[٣٢] .

لەسەرەتادا و کاتێك میرنشینی حەسنەوی بەرزیکانی (٣٤٨ – ٤٠٦ك/ ٩٥٩ – ١٠١٥ز) دامەزراو زۆربەی دەڤەرەکانی هەرێمی چیای کۆنترۆل کـرد، چـەکدارانی گـۆران چـوونە ڕیـزی سوپای حەسنەوی، هەر بەدەستی ئەمانیش میر بەدری کوڕی حەسنەوی ساڵی ٤٠٥ك/ ١٠١٤ز بەکوشت چوو[٣٣] .

بە پشتبەستن بەو پێزانینەکەمەی لەبەردەست دایە، دەشێت بلێین هـوزی گـوران لـە دوو شـوێن دەستڕویشتوو بوون:

١– لە باژێڕی شاپورخواست و دەوروبەری

دوای کــەوتن و لــەناو چــوونی دەســەڵاتی بنەماڵــەی حەســنەوی بــەرزیکانی لــە (٤٠٦ك/١٠١٥ز)، بەشـێك لـە زێـد و نیـشتمانی هـۆزی گـۆران کەوتـە ژێـر ڕکێڤـی میرنـشینی کاکەوییــەوە (٣٩٨ – ٥١٣ك/ ١٠٠٨ – ١١١٩ز)، علاء الدولـة کاکـەویی (٣٩٨ – ٤٣٣ك/ ١٠٠٨ – ١٠٤١ز) لـە سـاڵی ٤١٧ك/ ١٠٢٦ز، کـوڕە مـامێکی بـە نێـوی ئـەبو جەعفـەر کـردە بەرپرسی شاپورخواست وولاتی گـۆران، حـسێبی بـۆ هـۆزی گـۆرانیش کـردو لـە خـۆی نزیکـی خستنەوەو دەیزانی بێ ڕازیکردنی ئەوان ئاشتی بەرقەرار نابێـت و ناوچـەکە کـۆنترول ناکرێـت

بۆیە ئەبو فەرەجی بابونی بە میر و نوێنەری گۆران دەستنیشانکرد لەگەڵ ئەبو جەعفەری ئاموزای داینا، ئەبو فەرەج یەکەم میرە کە دڵنیاین لە هۆزی گۆرانە و ناوی لەسەرچاوەکان هاتبێتت، وا دیارە لە دەستپێکی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینیەوە تا ڕۆژی کوژرانی سەرداری گۆران بووە .

وەلێ زۆری نەبرد گرژی و ئاڵۆزی کەوتە نێوان ئەبو جەعفەر ئەبو فەرەجەوە، هەر چەند میر علاء الدولـة کەوتە بەینیانەوەو پێکی هێنانەوە، بەڵام تەناهی درێژەی نەکێشا و ناو بژییەکەی علاء الدولة سەری نەگرت،کار بەوە گەیشت ئەبو فەرەج بەدەستی ئەبو جەعفەر کوژرا(٣٤) .

پیاوان و چەکدارانی گۆران کاتێك بەمەیان زانی، کەوتنەخۆ و دەستیان گرت بەسەر ناوچەکەدا و هەڵیان کوتایە سەر دامودەزگاکانی میرنشینی کاکەویی و تالانیان کرد، علاء الدولـة بەمەبەستی قەلاَ چۆکردنی راپەڕینی گۆران سوپایەکی نارده سەریان بە سەرکردایەتی ئەبو مەنسوری برای ئەبو جەعفەرو فەرهادی کوڕی مەرداویج و عەلی کوڕی عومران، پیاوماقوڵانی گۆران کە لەم لەشکرکێشیە ئاگادار بوونەوە بەنێردەیەکە داوایان لە عەلی کوڕی عومران کرد هەوڵبدات پێکیان بهێنێتەوە لەگەڵ علاء الدولةدا، بۆ ئەم نیازە کۆمەڵی سەردار و پیاوماقول و دەمڕاست چوونەلای، ئەمیش ویستی بەم کارە رابێت، وەختێك ئەبو جەعفەر و فەردهاد بەم کارەیان زانی داوایان لە عەلی کوڕی عومران کرد نوێنەرانی گۆرانیان تەسلیم بکات، دەنا بەزۆر و بەزەبری هێز لە دەستی دەریان دەهێنن، عەلی ئەو داوا کارییەی رەتکردەوەو پەیوەندی بەگۆرانەکانەوە کردو بووە هاوپەیمانیان، لە نێوان ئەمان و سوپای علاء الدولة شەڕو لێکدان بەرپابوو و بە بەرژەوەندی عەلی کوڕی عومران و هۆزی گۆران کۆتایی هات و لە تۆڵەی ئەبو فەرەجی سەرداریان، ئەبو جەعفەریان کوشت و ئەبو مەنسوری برایشیان زیندانی کرد(٣٥) .

لە ساڵی ٤١٨ك/ ١٠٢٧ز علاء الدولـة هێرشێکی تری هێنایە سەر وڵاتی گۆران بۆ شەڕی عەلی کوڕی عومران و هاوپەیمانەکانی و توانی نێوانی لەگەڵ بەشێکی هۆزی گۆران هێوربکاتەوە و بۆلای خۆی رایکێشان، هەر لە درێژەی ئەم ناکۆکیەدا علاء الدولـة عەلی کوڕی

عومران و گۆرانەکانی هاوپەیمانی لە قەلاّی کەنگاوەری گۆراننشین بـە تونـدی گـەمارۆدا، عـەلی پاش ماوەیەك خۆقایم کردن و بەرگری، ناچار داوای رێککـەوتن و پێکهـاتنی لـە عـلاء الدولـة کـرد، ئـەویش بەدەسـتەوەدانی بکـوژانی ئـەبو جەعفـەری پـسمامی کـردە مـەرجی بنـەڕەتی رێککەوتن، ئەوە بوو مەرجەکەی سەری گـرت، بکـوژانی ئـەبو جەعفـەری لـە پیـاوانی گـۆران تەسلیم کرا و بێ سێودوو لە ملی دان و قەلاّی کەنگاوەری داگیر کرد[٣٦] .

وا دیارە ئالّۆزی و دوژمنداری نێوان هۆزی گۆران و علاء الدولةی کاکـەویی رەویوەتـەوە و پەیوەندییان باری ئاسایی خۆی وەرگرتۆتەوە، بەلّکو جۆرە هاودەنگیەك لە نێوانیاندا کەوتۆتـە ئاراوە، تەنانەت کاتێك علاء الدولـة لە سـالّی ٤٢٣ك/ ١٠٣٢ز رویکـردە شـاری شاپورخواسـت بووە میوانی سەردارانی گۆران، هەروەها فەرهادی کوڕی مەرداویج سەرکردە لە سوپای کاکەویی بە نامـە پەیوەنـدی کـرد بـەو سـەردارو چـەکدارانەی گـۆران کـە لەگـەلّ عـەلی کـوڕی عـومران مابوونەوەو قەناعەتی پێکردن واز لە عەلی بهێنن و بگەڕێنەوە نێو ڕیزەکانی سوپای کاکەوی[٣٧] .

٢- لە شاری کرماشان (قرمسین) و قەلاکانی دەوروبەری

بێجگـە لـە مالّبـاتی ئـەبو فـەرەج لـە خێلّـی بـابونی، مالّبـاتێکی تـر لـە خێلّـی کـوهی (القوهیة) سەربە هۆزی گۆران دەسەلاّتدارو فەرمانڕەوا بوون، وەك لە ئاخـافتنی (ابـن الاثیـر) دیارە دوو مـیری بـرا لـەم خێلـەی گـۆران کـە ناویـان نازانرێـت، خـودان سـوپاو دامودەزگـای سەربازی خۆیان بوون و هەردوو شاری کرماشان و خولنجان و قەلاّی ئەرنەبە (أرنبە)[٣٨] یان تـا سالّی ٤٣٠ك/ ١٠٣٨ز بە دەستەوە بوو[٣٩] ، تەنانەت یەکێکیان بە خودانی کرماشـان (صـاحب قرمسین) ناو دەبات، ئەوە بوو لەو سالّەدا ناوچەو ملّك و مالّی ئەم بنەمالّەیە کەوتە بەر هێرشـی میر فارسی کوڕی محەمەد کوڕی عەنازی شازەنجانی ناسراو بە (أبـو الـشوك) (٤٠١ – ٤٣٧ك/ ١٠١١ – ١٠٤٦ز) و هەمووی لێ زەوت کردن[٤٠] .

هۆزی گۆران بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینـی، هێزێکی خێلّـەکی نـاوخۆیی دەستڕویـشتووی پێکـدەهێنا، بۆیـە کاتێـك سـولّتان تـوغرل بـەگی سـەلجوقی (٤٢٩ – ٤٥٥ك/ ١٠٣٨ – ١٠٦٣ن) لـە سـالّی ٤٣٧ك/ ١٠٤٦ز ئیـبراهیم یـەنالی دایکبرای بە سۆپایەکەوە ڕەوانـەی هـەرێمی چـیاکردو داگـیری کـرد، کرشاسـفی کـوڕی عـلاء

الدولـةی کاکەوی لە شاری هەمەدان کشایەوەو پـەنای بـردە بـەر هـۆزی گـۆران و داڵدەیانـدا، ئیبراهیم یەنالیش درێـژەی بـە پێـشرەوی خـۆی داو بـەبیانوی داڵـدەدانی کرشاسـف پـەلاماری نیشتمانی هۆزی گۆرانیدا لەگەڵیانا جەنگا و بەزاندنی و تالانیکردن[41].

ب- هوزی گوران و هێرشە فراوانخوازیەکانی سەلاجیقە

شالاوی توندوتیـژ و یـەك لەدوایـەکی تورکـە سـەلجوقێکان بـۆ سـەر زێـدی گـۆران و سەرپاکی هەرێمە کوردنـشینەکان لـە سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی/ یازدەهـەمی زایینـی کـارێکی خراپی کردە سەر میرنشین و هۆزە کوردە خانەدانەکان بە گۆرانەوە و بووە ئەگەری لە ناوچـوون و فەوتانی زۆربەی میرنشینەکانی کوردستان کزبوونی ئـەوانیتر و لاوازکـردن و سـنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەردارو سەرۆك هۆزو قەڵادارانی کورد، سەرەڕای ئەم راستیە وەك ئاشـکرایە یەکێك لە ئەنجامەکانی شالاوە بەردەوامەکانی تورکە سەلجوقێکان بریتی بـوو لـە بـڵاو بوونـەوە نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری ئێڵ و گروپ و بنەماڵەی تورك و تورکمان لە ناوچە جـۆر بـە جۆرەکانی کوردستان[42] ، سەبارەت بە وڵاتی گـۆران، هـەردوو بنەماڵـەی بـورجم (بـرجم) لـە هـۆزی ئـەیواقی یـان ئـەیوائی لـە ناوچـەکانی حـەلوان و دەرتـەنگ و قەسرشـرین و کرماشـان وبنەماڵەی قەفجاقی هەر لـە هـوزی ئـەیواقی لەشـارەزور و کـەرخینی (کـەرکوك) دەسـتەڵاتیان گرتەدەسـت و چـەند بـاژێرو قـەڵایان بـۆ خۆیـان پـاوەنکرد و دەسـتیانگرت بەسـەر روبـەرێکی بەرفراوانی زەویوزاری گۆران و هۆزەکانی تری کورد، حوکمێکی سەربازیان تیایـدا دامەزرانـد، ئیبراهیمی کوڕی بورجم، سلێمانی کـوڕی بـورجم، بورجـوم کـوڕی مـەحمودی کـوڕی بورجـوم لەسەرکردە سەربازییە ناودارەکانی بنەماڵەی بورجمین و هەروەها قەفجاقی کوری ئەرسەلانتاشی تورکمانی و عیززە دین حەسەنی کورەزای لە میرە ناودارەکـانی بنەماڵـەی قـەفجاقین[43]، بۆیـە هیچ سەیر نییە ئەگـەر لـە ژێـدەرە مێژووییەکانـدا بـاس و خواسـی گـۆران و میرەکـانی بەرچـاو نەکەون، ئەم خامۆشییەش تا نیوەی دووەمی سـەدەی شەشـەمی کۆچـی/ دوازدەهـەمی زایینـی خایاند، واتە ئەو ساتەی سەر لە نوێ دەنگوباسی چالاکی و جموجۆلی میرانی گـۆران بـەر چـاو دەکەنەوە.

جـ- سەرهەلدانی نیوچەمیرنشینی گوران

دوای لاواز بوون و پارچەپارچەبوونی دەولەتی سەلجوقی لەگەلێك ناوچەی کوردستان میر و سەروك هوزە کوردەکان توانیان دەستەلأتی وراسی هوز و بنەمالەکانیان وەربگرنەوە و ژمارەیەك نیوچەمیرنشین و دەسەلأتداریتی خێلەکی دابمەزرێنن.

بەمردنی سولتان مەسعودی سەلجوقی لەسالی ٥٤٧ك/١١٥٢ز لەشاری هەمەدان ، سەلجوقیەکان پتر لاواز و بێدەسەلأت بوون، وهەڤرکی و کێشە ناوخوییەکان قولتربونەوە و بەمرنی "کامەرانی دەولەتی سەلجوقیش مرد و ئالایەك نەما تا لە دەوری کوببنەوە"[٤٤].

یەکێك لەو هوزانە گۆران بوو کە شیا دەسەلأت بگرێتە دەست و کاروباری سەربازی و کارگێری وولأتی خۆی بەریوە ببات، ونیوچەمیرنشینێك دابمەزرێنێت.
لەنێو میر و سەرەك هۆزو سەردار و دەسەلأتداری نیوچە میرنشینی گۆران تەنها ئەمانەیان بۆ ئێمە ئاشکران:-

١- میر عیزەدین خەسرەو کوڕی بورجم کوڕی خەسرەوی کورد

تەنها (ابن الفوطي) (م ٧٢٣ك/١٣٢٣ز) ئاماژەی بو ئەم میرەی گۆران کردوە و بەخودانی دەربەند (صاحب الدربند) — واتە دەربەندی حەلوان — بە یەکێك لەسوارچاکە ناودارەکان و جوامێرە ناسراوەکان وەسفی کردوە، لە مەڕ ژیان و سەردەمی ئەم میرە زانیاری لەبەرەستدا نییە[٤٥].

٢- میر مەکلوا کوڕی خەسرەو (؟ - ٥٩٥ك/ ١١٩٨ز)

ئەگەر ناو بکرێتە پێوەر ئەوا دەشێت مەکلوا کوڕی میر خەسرەو بێت، زیاد لەمەش وەك میر خەسرەو هەر بە خودانی دەربەند دەناسرا، ئەم میرە گەلێك بە هێزو توانا بوو، توانی قەلأکانی دەڤەری دەربەند و حەلوان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و کۆنترۆلی ئەو رێگە بازرگانی و سەربازی کرد کە بە دەربەندا تێدەپەڕی و وای لە قەلأدارو میرو فەرمانرەواکانی دەرهاوسێی کرد دان بە دەسەلأتی دا بنێن و خەلأت و دیاری پێشکەش بکەن و ناچاری کردن خۆیان لە گێچەل و ئاژاوەی بپارێزن، تەنانەت لەو سەردەمانەدا دەربەند بە ناوی ئەوەوە دەناسرا، تا لە مانگی رەجەبی سالی ٥٩٥ك/١١٩٨ز کۆچی دوایی کرد[٤٦] .

٣- میر موبارزەدین کەش تەغان کوڕی عەبدوڵڵای کورد (مبارز الدین ابو حرب کش طغان بن عبدالله الکردي الامیر)

کەش تەغان میرێکی تری نە ناسراوی کوردە، ئێمە بە دووری نازانین لە هۆزی گۆران بێت هەر چەند نازانرێت چ پەیوەندی و خزمایەتیەکی بە بنەماڵەی خەسرەوەوە هەیە، (ابن الفوطي) لە بارەیەوە دەڵێت ((فەرمانڕەوای سەرجەم کوردەکانی هەرێمی چیا بوو، لە بنەماڵەیەکی دێرین و شکۆدار بوو، شانازی و چاکەی بەسەر خەڵکی هەرێمەکەوە هەبوو، هەموو گوێڕایەڵی و پابەندی بوون))، کە چی ئەم میرە لە تافی لاوی لە تەمەنی سەرەوەی سی ساڵ سەری نایەوە[٤٧] .

(ابن الفوطي) ناو و نازناوی ژمارەیەکی زۆری میران و زانایان و کەسانی پلەو پایەداری کوردی لە کتێبەکەیدا یاداشت کردوە، بەلاّم زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەیان نادابەدەستەوە، تەنها ناو و نازناو و ستایش و پیاهەڵدانی تومارکردوە[٤٨] .

٤- میر حوسامە دین عەکە (حسام الدین عکە[٤٩]) فەرمانڕەوای دەرتەنگ و شالاّوەکانی مەغۆل (؟ - ٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز)

کوردستان و سەرپاکی هەرێمەکانی خیلافەی عەباسی لە رۆژهەلاّت، هەر لە ساڵی ٦١٧ك/ ١٢٢٠ز یەوە تا کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینی رووبەرووی زنجیرەیەك پەلامارو هێرشی ترسناکی مەغول بوونەوە، لە ساڵەکانی ٦٢٨ك/١٢٣١ز، ٦٢٩ك/١٢٣٢ز، ٦٣٥ك/١٢٣٨ز، ٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز، ٦٥٠ك/ ١٢٥٢ز، ٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز، هەرێمی چیاو شارەزور و حەلوان و دەرتەنگ بوونە ئامانجی لەشکرکێشیکانی مەغول[٥٠] .

لە ساڵی ٦٢٨ك/ ١٢٣١ز سوپایەکی مەغول لە ئازەربایجانەوە ئاوەدیوی دەڤەری هەولێر بوون و کەوتنە گیانی خەڵکی بێتاوان و سڤیل و دەستیان لە هیچ کەسێ و لە هیچ شتێ نەپاراست، بەدەم رێگاوە ژمارەیەك تورکمانی ئەیواقی و کوردی گۆرانیان کوشت[٥١] .

لە ساڵی ٦٥٠ك/ ١٢٥٢ز جارێکی تر گروپێکی زەبەلاحی مەغول پەلاماری هەرێمی چیایاندا و دەستیان کرد بە کوشتن و برین و رەشبگیری و تالاّنکردنی کوردەکانی هەرێمەکە[٥٢] .

له دەستپێکی ساڵی ٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز هۆلاکۆ بـە سـوپایەکی بـێ شـومارەوە و بـەیاوەری گەورە بەرپرسان و سەرکردەکانی سوپا بەرەو کرماشان و حەلوان کشا و له رۆژی (٢٧)ی شەوالی ٦٥٥ك/١٢٥٧ز له کرماشان مۆڵیدا[٥٣] . لەودەمانەدا حوسامەدین عەکه بـەرپرس و فـەرمانڕەوای دەرتەنگ بوو، خەلیفەی (المستعصم) (٦٤٠ – ٦٥٦ك/ ١٢٤٢ – ١٢٥٨ز) دانـی بـە شـەرعییەتی دانا بوو و به حـاکمی دەرتـەنگ و دەوروبـەری دایمەزرانـدبوو و رایـسپاردبوو بەرگـەی هێـرش و پێشرەوی مەغول بگرێ[٥٤] .

دەبێت حوسامەدین رۆڵێکی بەرچاوی گێرابێت له پێشگرتن و بەرپەچدانەوەی لەشکرکێـشێکانی مەغول، بۆیه هۆلاکۆ وەك رەشیدەدین هەمەدانی (٦٤٥ –٧١٨ك/ ١٢٤٧ – ١٣١٨ز) مێژوونوسی دەرباری مەغول دەڵێت داخ له دڵ بوو لێی و کەوته ترساندن و هەرە شـەلێکردنی و نـاردی بـە شوێنیدا تا خۆیبدات به دەستەوە، ئەمیش ناچار چـووە خزمـەتی و سـەعدی کـوڕی لەجێگـەی خۆی بەجێهێشت و پابەندی و گوێڕایەڵی و تاعەتی خۆی بۆ هۆلاکۆ راگەیاند، هۆلاکـۆش لێـی خۆشبوو و له سۆزی و مەرحەمـەتی خـۆی بەقـسەی رەشـیدەدین – بێبەشـی نـەکردو رێگەیـدا بگەڕێتـەوە بارەگـای خـۆی، بگـرە هـەردوو شـورای (حـصن)ی (وروده) و (مـورج)[٥٥] و چـەند قەلایەکی پێبەخشی، حوسامەدین که له دەرباری هۆلاکۆ گەڕایەوە لەشکری نـاردە سـەرقەلا و شورا و پێگاکانی ناوچەکە و هەمووی گرتن و خستنیە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە[٥٦] .

سەرەڕای ئەم هەلۆیستەی هۆلاکۆ و ئەوچاکەیەی وا نواندی بەرامبەر میر حوسـامەدین، بەلام میری دەرتەنگ له نیاز و مەبەستی هۆلاکۆ دڵنیانەبوو و دەیزانی جێی متمانەو باوەڕ نیه و ناکرێت پشتی پێببە سترێت، هەروەها نەیدەویست دڵی خەلیفەی لێبرەنجێت و لـە پەیوەنـدی کردنی بە هۆلاکۆوە زویرو دڵگیرببێت، بۆیە هاوکات نامـەی بـو (ابـن صـلایا العلـوي) حـاکمی هەولێر نارد تـا لـە گـەڵ خەلیفـە پێکیبهێنێتـەوە و داوای لێکـرد بـەزمانی ئـەوەوە بـە خەلیفـە رابگەهێنێت کە :

((تواناو لێهاتوویی هۆلاکـۆم مەزەنـدەکردوە، هەرچـی توندوتیـژی و هەرەشەوگۆڕەشـەی هەیە لای من بـەهیچ ناچـێت، ئەگـەر خەلیفـە خـاترم بخـوازێ و دڵنیـام بکـات، لەشـکرێکی سوارەم بۆ بنێرێت، ئەوا من لەلای خۆمـەوە نزیکـەی سـەد هـەزار پیـادەم لـە کـوردو تورکمـان

کۆدەکردەوە و هەموو ڕێگە و کەلێنێکم بە ڕووی هۆلاکۆدا دەگرت ونەمدەهێشت یەك مەغۆلی توخنی بەغدا بکەوێت وبچێتە ناو شارەوە))[٥٧] .

میر حوسامەدین بەم کارەی خۆی خستە نێو هەڵویستێکی ئالۆز وترسناکەوەو گران لە سەری کەوت وبووە مایەی کوژرانی خۆی و لەناوچوونی ماڵ وملك و سامان و دەسەڵاتی، لەلایەك خەلیفە هیچ پیتەیەکی بە داوا کارییەکەی نەداو پشتگۆیی خست و لەلایەکیترەوە بووە ئەگەری توڕەییو دوردۆنگی هۆلاکۆ و وورووژاندنی رق و کینەی کۆنی بەرامبەری و یەکسەر فەرماندەیەکی بە نێوی کیتوبوقا راسپاردو بە سێ هەزار چەکداری مەغۆلەوە ناردیە سەر میر حوسامەدین، لە ئەنجامدا میرو هەموو چەکداران و ولایەنگران و دارودەستەی بە فرمانی هۆلاکۆ بە کوشتچوون و زۆربەی باژێر و قەڵاو شورا و پێگاکانی کاولکران[٥٨]، تەنانەت شاری مەزن ودێرینی حەلوانیش لە وێرانکردن وخرابکاری دەرباز نەبوو[٥٩] .

٥- میر سەعد کوڕی حوسامەدین (٦٥٥ – ٦٥٦ك/ ١٢٥٧ – ١٢٥٨ز)

میر سەعد پاش کوژرانی باوکی و کاولکردن و روخاندنی قەڵاکانی دەرتەنگ، خۆی نەدا بە دەستەوەو لە قەڵایەك لەگەڵ چەکداران ویاوەرانی خۆی توند قایم کرد، بە پێچەوانەی باوکی بە پەیمانی ساختە و بەڵێنی درۆی هۆلاکۆ و فەرماندەکانی، چارەنووسی خۆی تەسلیم نەکردن و بەفرۆفێل و تەڵەکەبازیان فریوی نەخوارد و لە چیاکان درێژەی بە بەرهەڵستیدا، چەند ترساندیان و هەڕەشەیان لێکرد تا دەسخەڕۆی بکەن وبیخەنە داوەوە و قەڵاکەیان تەسلیم بکات، کەچی پێی دەگوتن ((پەیمان و بەڵێنتان درۆیە و باوەڕی پێناکەم))[٦٠] .

میرسەعد ماوەیەك لە چیاکانی حەلوان و دەرتەنگ مایەوە و پاشان رویکردە بەغدا و خەلیفە بەگەرمی پێشوازی لێکرد و ڕێزی لێگرت و لە جێگەی باوکی دانا، تا لە ساڵی ٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز لە سەروبەندی داگیرکردنی بەغدا بەدەستی مەغۆلەکان کوژرا[٦١] .

٦- میر محەمەد (نزیکەی ساڵی ٧٠٠ك/ ١٣٠٠ز)

دەسەڵاتی خێڵەکی گۆران لە دەرتەنگ و حەلوان وماهیدەشت تا پاش داگیرکردنی بەغدا و لە ناوچوونی خیلافەی عەباسی هەر بەردەوام بوو، پەلامارو شالاوە کوشندەکانی مەغول بۆ سەر دەڤەرەکە هەر چەند جەرگبڕ و زیانبەخش و خۆیناوی بوون و زیانی گیانی و ماڵی زۆریان

لێکەوتەوە و وزەو توانـاو نفـووزی هـۆزە کوردەکـانی کـزو سـنووردارکرد، وەلێ سـەرانی گـۆران و هۆزەکانی تری کوردستان لەو نسکۆیە هەڵسانەوە دەستیان گرتەوە بەسەر قـەلاّو بارەگاکانیانـدا، عومەری (العمري) لە میانی ئاخافتنی لە مەڕ هۆزەکـانی کوردستان (جبـال الاکـراد) ئامـاژە بـۆ دوو خێڵی دەسەلاّتداری هۆزی گۆران دەکات :

– خێڵێك لە (دیاوەشت – ئەندەشت – رەندەشـت)[٦٢] ی مـیر محەمـەد لـە چـیاکانی هەمەدان و شارەزور، کەمیرێکی تایبەت بە خۆیان هەیە ((لهم امیر یخصهم)) .

– خێڵێکی دی لە دەرتەنگ، ئەمانیش میرێکی تایبەت بە خۆیان هەیـەو نـاوی ئـەمیش هەر میر محەمەدە، چەکدارانی هەردوو خێلەکە پتر لە پێنج هەزار کەس بوون[٦٣] .

هیچ هەواڵ سۆراخێکی میر محەمەد لە سەرچاوەکاندا بـەدی ناکرێـت، نازانرێـت ئایـا هەر لە بنەماڵەی میر حوسامەدین عەکەیە یان نـا؟ وکـەی دەسـت بـەکار بـووە و کـەی کۆچـی دوایی کردەوە وکێ جێگەی گرتۆتەوە؟ لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین جەخت لـە سـەر ئـەوە بکـەین کە دەرتەنگ بە هەموو قەلاّو شورایەکانیەوە هەردەم لەلایەن پیاوانی گۆرانـەوە بـەڕیوە دەبـرا کـە تەنها ناوی یەکێکیان بۆ ئێمە ئاشکرایە ئەویش:

٧– میر عەبدولاّی کوڕی حوسامەدین سالارە (رسلان) کە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی لە میسر گرێدا بوو و لەلایەن سوڵتانی مەملوکیەوە بـە خـودانی مایيدەشـت (صـاحب رندشت) دەناسراوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا[٦٤]. ماوەتەو بلێین لەوانەیە میر عەبـدولاّ نـەوەی مـیر حوسـامەدین عەکـە بێـت، بـە واتـای لـەوە دەچـێت پەیوەندییـەکی خزمایـەتی لـە نێـوان حوسامەدینی باوکی میر عەبدوللاو حوسامەدین عەکە هەبێت.

هەرچەند میرانی گوران پەیوەندییان نەکرد بە پادشاکانی ئەیوبیەوە بە بەڵگـەی ئـەوەی دەنگ وڕەنگیان لە مێژووی ئەیوبیدا نادیارە، بەلاّم لە ئاکامی پەلامار و لەشکرکێشێکانی مەغولدا هندێکیان دەربەدەری شـام و میـسر بـوون و لەسـەر دەمـی مەملوکیـدا رول و پـشکداری خویـان هەبوو، لەنێو میرە کوردەکانی سەرەتای دەولەتی مەملوکی ناوی میر عززەدینی گـورانی بەرچـاو دەکەوێت[٦٥].

له لایەکی ترەوە، له دوماهیکی سەردەمی عەباسی و سەرەتای رۆژگاری مەغۆل، له پاڵ سەرداریێتی خێڵەکی گۆران، مەشێخەیەکی ئایینی له ناوچەکە دەرکەوت و رەگی داکوتا، شـێخ فەخرەدین ئیـبراهیم کـوڕی میکائیـل کـوڕی ئیـسماعیل کـوڕی عـەلی (فخر الدين ابو محمد ابراهيم بن ميكائيل بن اسماعيل بن علي العثماني شيخ الجبال) که خۆی بەنـەوەی خەلیفـەی راشـیدی سـێهەم عوسمـانی کـوڕی عـەفان دادەنـا، تـوانی جێگـەی خـۆی لـه نـاو دانیشتوانی حەلوان و دەرتەنگ و پاوە بکاتەوە و نفوزێکی روحی بـەهێزو بـەربلاو لـه نـاو خێـل وتیرەکانی گۆران پەیدابکات و خەڵکێکی زۆر له دەوری کۆبونەوە و بڕوایان بەکەشف کەراماتی هێنا، گەلێ موریدو تۆبەکارو دەروێش و خەرقەپۆشی له ناوچەکە هەبوو، پاش شـێخ فـەخرەدین کوڕەکەی قوتبەدین میکائیل بووە جێنشینیو درێژەی بەرێبازەکەیدا، شێخ قوتبەدین لـه سـاڵی ٧١٠ك/ ١٣١٠ز سەردانی بەغدای کرد و چاوی به مێژوونوس (ابن الفوطي) کەوت، ئـەمیش شەجەرەی بنەماڵەکەیانی بۆ نوسییەوە[٦٦].

سێهەم: رۆڵی زانستی وروشنبیری گۆران

أ- لەولاّتی چیا وعیراق (بلاد الجبال و العراق العربي)

سەرەڕای رۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی گۆران له سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، لـه بـواری روشەنبیری و زانستی ئاییندا رۆڵ و بایەخی کەم نییە و ژمارەیـەك کەسـایەتی نـاودار و زانـای ئایینی تیادا هەڵکەوتووە له مامۆسـتا و فـەقێ و خوتبـەخوێن و صـۆفی و خواپەرسـت و زاهیـدو شارەزایانی زانستەکانی قورئان و حەدیث که جێ پەنجـەیان دیـارە لـه خزمـەتکردنی ئـایین و رۆشنبیری ئیسلامیدا[٦٧] .

پێویستە بڵێین که زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە سەبارەت بـه بزاڤـی زانـستی و رۆشنبیری گۆرانەکان و هیچ دەنگوباسێك له سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێت دەربارەی مزگەوت و قوتابخانە و خوێندنگا له ولاّتی گۆراندا، بویە ئێمە لێرە تەنها له مەڕ ئەر ناودارانە دەدوێن وا لەو سەردەمە ژیاون که ئەم تۆژینەوەیە دەیگرێتەوە.

١- ئەبو عەبدولاّ حوسێن کوڕی ئیبراهیم کوڕی حوسێن کوڕی جەعفەری جۆرەقانی (گـۆرانی) (؟ - ٥٤٣ك/ ١١٤٨ز)

زانای ئایینی و موحەدیث و قورئانخوێن و فەقیهی حەنـەفی ئـەبو عەبـدولاّی گـۆرانی یەکێکـە لـە شـارەزا بـە ناوبانگـەکانی زانـستەکانی حـەدیث لەسـەدەی شەشـەمی کۆچـی/ دوازدەهەمی زایینی، ناو و ناودەنگی هۆزی گۆران لەم سـەدەیەدا تـا ڕادەیـەکی دوور پەیوەسـتە بەم زانا مەزنەوە، تەنانەت (ابن الاثیر) و (یاقوت الحموي) بەهۆی ئەمەوە پێناسەی هۆزی گۆرانیان کردوە[٦٨]، مێژوونوس (الذهبي) بـە ((ئیمـام وحـافزی قورئـان و ڕەخنـەگر)) وەسـفی کردوە، وەلێ بەهەڵەدا چووە لەوەی کە بەخەڵکی گوند یان ناحیـەی جورەقـانی لای هەمـەدانی داناوە[٦٩].

ئـەبو عەبـدولاّی گـۆرانی لـە سەردەسـتی ژمارەیـەك مامۆسـتاو زانـا و موحـەدیث زانستەکانی حەدیثی خوێندوە و حەدیثی گێڕاوەتەوە لەوانە:-

١- عبدالرحمن بن حمد الدوني، کە مەزنترین و ناودارترین مامۆستای بووە .
٢- يحيى بن احمد الغضائري .
٣- محمد بن طاهر المقدسي .
٤- اسماعيل بن أبي صالح المؤذن .
٥- شيرويه بن شهردار الديلمي .
٦- أحمد بن عباد البروجردي .
٧- ابو زكريا يحيى بن منده .
٨- عبدالملك بن بنجير .
٩- حمد بن نصر[٧٠] .

ئـەبو عەبـدولاّی گـۆرانی کتێبێکـی بـەناوی (الاباطیل) یـان (الموضـوعات مـن الاحادیث المرفوعات) داناوە دەربارەی حەدیسە هەڵبەستراوەکان (الاحادیث الموضـوعة) وتیایدا بە بەڵگەو ئیسنادەوە و بـە بـەراورد لەگـەڵ حەدیـسە ڕاسـتەقینەکان، حەدیـسە هەڵبـە ستراوەکانی دەستنیشانکردوە و ناوەڕۆکیانی ڕەتکردۆتەوە، هەندێك شارەزا دەربارەی ئـەم کتێبـە گوتویانە ئەبو عەبدولاّ ((باشی بۆ چووە))، هەروەها (ابـن الجـوزي) (٥١٠ - ٥٩٨ك/ ١١١٦ - ١٢٠١ز) لەسـەر بنـەمای ئـەم کتێبـە کتێبێکـی بـە نێونیـشانی (الموضـوعات)ەوە دانـاوە و

مێـژوونوس (الـذهبي) خوێندویەتـەوە و سـودی لێبینیـوە، هـەر چـەند لەگـەڵ هـەموو را و بۆچوونەکانی ئەبو عەبدولاّی گۆرانی کۆك نییە[٧١].

دانەیەك لەم کتێبە هەیە لـە نامەخانـەی شیـستەربتی بـە ژمـارە (٥٠٧٩) و دانەیـەکی تریش لە پەرتوکخانەی ئەزهەریە پارێزراوە[٧٢]، جگـە لـەم کتێبـە کتێبێکـی تـری بەناونیـشانی (التكليف في الفـروع) دانـاوە [٧٣] ئـەبو عەبـدولاّی گـۆرانی لـە هـەیڤی رەجـەبی سـاڵی ٥٤٣ك/ ١١٤٨ز کۆچی دوایی کردوە [٧٤] .

ب- لە ولاّتی شام و میسر

بـە ئەگـەری پـەلامارو شـالاّوە کوشـندەکانی مـەغول و ئـەو کوشـتوبڕ و تالاّنکردنـەی ئەنجامیاندا، چەندین هۆز و تیرە و بنەماڵەی کـورد ولاّتیـان بـە جێهێـشت و خۆیـان گەیانـدە پاشاکانی ماڵباتی ئەیوبیەوە لە شام و میسر[٧٥]، پێشتریش هـەر لەگـەڵ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئـەیوبی لەلایـەن سـوڵتان سـەلاحەدینەوە، پـەیتا پـەیتا مـەلا و فـەقێ و مـیرزا و قوتـابی و خوێندەوانی کورد لە شار و بـاژێر و گونـد و دێهاتـەکانی کوردسـتانەوە بـۆ خوێنـدن و فێربـوون رێگەی ولاّتی شام و میسریان گرتەبەر و لە شارەکانی حەلەب، دیمەشـق، قـاهیرە و شـارەکانی تر جێگیربوون و لـە بەردەسـتی گـەورە مامۆسـتایان و زانایـان، درێـژەیان بەخوێندنـدا، پاشـان ژمارەیەکیان بوون بە پێشنوێژو ئیمام و مامۆستا و خوتبـەخوێن و لـە مزگـەوت و قوتابخانـەکان دادەمزران[٧٦]، دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەندێ لەو مزگەوت و قوتابخانەو خوێندنگایانـە لەلایـەن پادشاکانی ئەیوبیو میرو سەرکردە کوردەکانی نێو سوپای ئەیوبیـەوە بنیـاتنرابوون[٧٧]، بێگومـان رێژەیەکی ئاوارەو پەراگەندەکان و ژمارەیەك لەو قوتابیانەی بۆ خوێندن روویانکردبوە ولاّتی شـام و میسر لە هۆزی گۆران بوون، بۆیە دەبینین چەندین ناوداری ئەم هۆزە بەرچاو دەکەون :

١- شێخ ئیسماعیل کوڕی عەلی گۆرانی (؟ - ٦٤٤ك/ ١٢٤٦ز)

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی سۆفی و زاهیدو پیاوچاکێکی کوردی پەڕیوەی ولاّتی شام بـوو، نیشتەجێی شـاری دیمەشـق بـوو، بەخواناسـی و لـەخۆ بـوردوویی و هەقبەرسـتی وراسـتگۆیی ناودەنگی رۆیشتبوو، لەلایەن هەموانەوە رێزی لێدەگیرا وقسەی دەبیسترا، پادشایان و مـیران و

وەزیران سەردانیان دەکرد، ئەمیش هەردەم ئامۆژگاری دەکردن کە ئیماندار و دادپەروەر و لەخواترس بن و لەکاتی پێویستدا سەرزەنشتی دەکردن(٧٨).

جارێکیان (ابو الحسن المتطبب السامري) وەزیری مەلیك سالحیٚ ئەیوبی (٦٣٧ – ٦٤٧ك/ ١٢٣٩ – ١٢٤٩ز) کە جوولەکە بوو و بڕوای بە ئایینی ئیسلام هێنابوو سەری لە شێخ ئیسماعیل گۆرانیدا، شێخ پێی گوت ((تۆ ئەگەر لەسەر ئایینی خۆت مابای چاکتر بوو، چۆنکە دەبوو پەیڕەوی بکەیت، کەچی ئێستا لە هەردوولا بویت، نەجولەکەی نە موسلمان))(٧٩).

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی لە مانگی شەعبانی ساڵی ٦٤٤ك/ ١٢٤٦ز لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی صۆفییەکان نێژرا(٨٠).

٣- عیمادەدین ئەبو بەکر کوڕی محەمەد کوڕی حەسەنی گۆرانی (؟ – ٦٥٨ك/ ١٢٦٠ز)

زانیاری لەسەر ژیان وپلەی زانستی عیمادەدین زۆر کەمە، ئەوەندە دەزانرێت لە سەرەتای ساڵی ٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز بە مامۆستا دامەزرا لە قوتابخانەی (الرواحية) (٨١) لە شاری حەلەب و لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو تا لە کارەساتی داگیر کردنی حەلەب لەلایەن مەغۆلەوە لە ساڵی ٦٥٨ك/ ١٢٥٨ز کوژرا(٨٢).

٤- شێخ ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی خەسرەوی گۆرانی (؟ – ٦٦٥ك/ ١٢٦٧ز)

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی پیاوێکی لە خواترس و ئیمانداربوو، لە ژیانی دنیایی دابڕابوو و خۆی تەرخانکردبوو بۆ خواپەرستی و عیبادەت و دینداری، سەرجەمی ژیانی لە خەلوەتگەدا دەگوزەراند، زاهیدو پیاوچاکێکی ناسراو بوو لە میسرو شام، لە جل پۆشین و خواردن و خواردنەوەدا پابەندی و پەیڕەوی شەریعەتی دەکرد و لەمبارەیەوە هەرگاڤ پرسیاری لە زانایانی ئایینی دەکرد، مێژوونوس یونینی (اليونيني) لە بارەیەوە دەڵێت ((لە سەردەمی خۆیدا نموونەی کەمبوو))(٨٣) .

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٧ز لە شاری غەزە کوچی داوایی کرد، کاتێك لە میسرەوە دەگەڕایەوە بەرەو شاری قودس، هەر لە غەزە بە خاك سپێردرا(٨٤).

ئەوەندە ماوەتەوە بلێین دوور نییە شێخ ئیسماعیلی کوڕی محەمەد کوڕی خەسرەو هەر لە بنەماڵەی میر مەکلوای کوڕی خەسرەو بێت .

٥- محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی بەهرامی گۆرانی (٦٢٥ - ٧٠٥ك/ ١٢٢٨ - ١٣٠٥ز)

فەقیهی شافعی و خوتبەخوێن و قورئانخوێن و قازی و پێشنوێژ و مامۆستا و موفتی ناسراو محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی بەهرامی گۆرانی لە ساڵی ٦٢٥ك/ ١٢٢٨ز لە دایکبووە، بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن چۆتە مەدینە و حەلەب و دیمەشق و زۆربەی شارەکانی حیجاز و شام ومیسر گەڕاوە و لە قوتابخانەکان و مزگەوتەکانی ئەم هەرێمانە خوێندویەتی، شارەزایەکی تەواوی مەزهەبی شافیعی بوو، ماوەیەك لە قوتابخانەکانی دیمەشق دەرسی دەگوتەوە، پاشان سەردەمانێکی درێژ قازی شاری حەلەب بوو، تەنها بەهۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ قەراسەنقەری حاکمی حەلەب لە قازێتی خراوە، کەچی تامردنی لە ساڵی ٧٠٥ك/ ١٣٠٥ز هەر خوتبەخوێن و موفتی حەلەب بوو، هەروەها محەمەدی گۆرانی کتێبی (مختصر في الخلاف)ی داناوە [٨٥] .

٦- شەهابەدین داود کوڕی سلیمان کوڕی داودی گۆرانی (؟ - ٧٣٠ك/ ١٣٣٠ز)

شێخ شەهابەدین گۆرانی پیاوێکی خواناس و زانست پەروەرو ئەدەبدۆست و فەقێهێکی شارەزا بوو لە فیقهی شافیعی، ماوەیەك لە قوتابخانەی (الشامية البرانية) لە دیمەشق کاریکردوە، پاشان روویکردۆتە شاری سەڵت و تیایدا جێگیربووە و لە قوتابخانەی (السيفية) دەرسی گوتۆتەوە، لەگەڵ هۆزی کوردی قەیمەری خزمایەتی کردوەو هاوژینەکەی خوشکی میر جەمالەدین یوسف کوڕی عیسای قەیمەری بوو، لە مانگی (جمادي الاخرە) ساڵی ٧٣٠ك/ ١٣٢٩ز لە شاری سەڵت کۆچیدوایی‌کرد و لە مزگەوتی شارەکە پاش خوتبەی رۆژی هەینی نوێژی لەسەر کراو بە خاك سپێردرا [٨٦] .

ئەنجام

١- گۆران لە سەدەکانی ناوەراستدا، یەکێك بوو لە هۆزە مەزن ودێرینـەکانی کـورد، هـەر لـە ناوەراستی سەدەی چوارەمی کۆچییەوە بەردەوام نـاو و دەنگوباسـی تۆمـارکراوەو شـایەنی ئەوەیە بکرێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی .

٢- لە نیوەی دووهەمی سەدەی شەشەمی کۆچـییەوە سـەردارانی گـۆران بـە دەسـتوری هـۆزە مەزن وبەهێزەکانی تری کوردستان دەسەلاتێکی خێڵەکییان دامەزراندو کاروبـاری سیاسـی و کارگێری و دارایی چەندین بـاژێرو شارۆچـکە و قـەلاو گونـدیان بـەریوەدەبردو بـاژێری دەرتـەنگیان کـردە پایتـەخت و بارەگـای خۆیـان و هەنـدێکیان وەك میرێکـی سـەربەخۆ هەڵسوکەوتیان دەکرد .

٣- شـالاَوو پـەلامارەکانی مـەغول کـە ولاَتـی شـارەزورو وزێـد و ناوچـەی گـۆران و هـەموو هەرێمەکانی کوردستانی گرتەوە و بوە ئەگەری هەڵکەندن و دەربەدەربوونی دەیـان ئێـل و ماڵبات و ینەماڵەی کورد بە گۆرانـەوە و ئـاوارە بوونیـان بـۆ ولاَتـی شـام و میـسر، بـەلاّم لەگەڵ ئەم راستیەشدا دوو خێڵی گۆران لە دەڤەرەکانی دەرتەنگ و ماهیدەشـت درێـژیان بە دەسەلاَتی سیاسی خۆیاندا .

٤- پاش دامەزراندنی دەولـەتی ئـەیوبی و دواتـریش بـەهۆی هێـرش و پـەلامارەکانی مـەغول ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیو خوێندەوارو روشنبیرو مەلاو میرزای کورد کۆچیان کـرد بـۆ شام و میسر کەرێژەیەکیان لە هۆزی گـۆران بـوون و تیایانـدا ژمارەیـەك فەقیـە و قـازی و سـۆفی و پیاوچـاك هەڵکـەوتن و نـاو دەنگیـان دەرکـرد و ژیـانی خۆیـان تـەرخانکرد بـۆ خزمەتکردنی ئایین و زانست .

- پەراوێزەکان

1) V.V. Minorisky, The Guran, Bulletin of the School of Oriental and African Stadies, Vol.Xl 1934, PP75-103 .

٢) بەرێز ناجی عەباس ئەم لێکۆڵینەوەیەی وەرگێراوەتە سەر کوردیو لـە ژمارەکـانی (٥-٩)ی سـاڵی پێنجەم (١٩٤٤)ی گوڤاری گەلاوێژ بلاَوکردۆتەوە، هەروەها رێزدار ئەنوەری سوڵتانی جارێکیتر وەرگێراوە و لە گەڵ چەند ڤەکوڵینێکیتری مینورسکی لە کتێبێکدا بلاویکردۆتەوە، بروانە :

مینۆرسکی و کورد (هەولیر ٢٠٠٢)، ل٨٣-١٥٦ .

٣) گۆڤاری گەلاْویژ، ژمارە (٥) ساڵی ١٩٤٤، ل٢ .

٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣-٤ .

٥) هەمان سەرچاوە، ژمارە (٧) ل٤-٦ .

٦) بڕوانە پەراویزی (٨) و (١٠) .

٧) شرفخان البدليسي، شرفنامه، الترجمة العربية محمد جميل الروژبياني،ط٢ (اربيل ٢٠٠٢)، ص٥٠ .

٨) المسعودي، مروج الذهب (بيروت ١٩٧٣)، ١٢٤/٢، التنبية والاشراف (بيروت ١٩٨١)، ص٩٤، ياقوت الحموي، معجم البلدان (بيروت ١٩٧٧)، ١٨٤/٢، ابن الاثير، الكامل في التاريخ (بيروت ١٩٧٨)، ٢٧٣/٧، ٣٢٥، ٣٢٧، ٤١/٨، ٣٨٥/٩، اللباب في تهذيب الانساب (مكتبة المثنى، بغداد)، ٣٠٧/١، ابن واصل، مفرج الكروب في اخبار بني ايوب (القاهرة ١٩٧٢)، ٣٢٨/٤ ، الذهبي، تذكرة الحفاظ (بيروت ١٩٥٦)، ١٣٠٨/٤، سير اعلام النبلاء (بيروت ١٩٩٧) ١٦/١٥.

٩) مجمل التواريخ والقصص، تصحيح ملك الشعراء محمد تقي بهار (تهران ١٣١٨هـ.ش)، ص٣٩٩-٤٠١، حسام الدين علي غالب النقشبندي، الكرد في الدينور وشهرزور (نامەی ماستەر)، جامعة بغداد (بغداد ١٩٧٥)، ص،٩٥،١٦٧ .

١٠) ابن فضل الله العمري، مسالك الابصار وممالك الامصار (دەستنوس)، ١٢٥/٣، القلقشندي، صبح الاعشى (بيروت ١٩٨٧)، ٣٧٣/٤، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة (القاهرة ١٩٦٩ - ١٩٧٢)، ٣٥٧/٦، ٢١/٧، السخاوي، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع (بيروت [د.ت]) ٢٤١/١، ٢١٣/٢، ٢٥٦/٣، السلوك لمعرفة دول الملوك، (القاهرة ١٩٥٦)، ٤/١ .

١١) گۆڤاری گەلاويژ، ژمارە (٥) ساڵی ١٩٤٤،ل٧-٨.

١٢) مروج الذهب ، ١٢٢/٢، شرفنامه، ص٥٠.

١٣) مروج الذهب، ١٢٤/٢، التنبيه والاشراف، ص٩٤ .

١٤) المسالك والممالك (بيروت ١٩٨٨)، ص٢٧،مختصر كتاب البلدان (بيروت ١٩٨٨)، ص٢٦٦، الجابارقة بۆتە الجابادق .

١٥) التنبيه والاشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢ .

١٦) معجم البلدان، ١٨٤/٢، الكامل، ٣٢٥/٧، ٣٢٧، ٢١/٨، اللباب في تهذيب الانساب، ٣٧٠/١، مسالك الابصار، ١٢٥/٣ .

١٧) الضوء اللامع، ٢٤١/١ .

١٨) السلوك، ٤/١ .

١٩) السمعاني، الانساب (بيروت ١٩٩٨)، ١١٤/٢، معجم البلدان، ١٨٤/٢، الكامل، ٢٧٣/٧ .

٢٠) حەلوان و فەرمانڕەوایانی لە مێژوودا، بەشی یەکەم، گۆڤاری کـاروان، ژمـارە (٢١)، حـوزەیران ١٩٨٦، ل١٨ .

٢١) مروج الذهب، ١٢٤/٢، دکتور حوسامەدین نەقشبەندی گومان لە راستی ئـەم ئاخافتنـەی مەسعودی دەکات و بـە هەڵـەی لـە قەڵـەم دەدات چـونکە کەسـیتر شـتی وای بـاس نـەکردووە، الكرد في الدينور، ص٩٥ .

٢٢) ابن الاثير، الكامل، ٣٨٥/٩، ابن واصل، مفرج الكروب، ٣٢٨/٤ .

٢٣) شرفنامة، ل٤٤، ٥٥٢.

٢٤) الكامل، ٣٢٥/٧ .

٢٥) هەمان سەرچاوە، ١٨/٨ .

٢٦) مسالك الابصار، ١٢٥/٣ .

٢٧) شرفنامة، ص٥٥١ .

٢٨) دەربارەی هەموو ئەم بنەماڵەو کەسایەتیانە بڕوانـە: الكامـل، ٣٧/٧، ٢٣٢، ٢٧٢، النقـشبندي، الكرد في الدينوروشهرزور، ص١١٦-٢٢٨.

٢٩) الكرد في الدينور وشهرزور، ص٢٧٢ .

٣٠) الكامل، ٢٣٢/٧-٢٣٣، ٢٤٧ .

٣١) دەرتەنگ هەر لەسەدەمی مەغۆلەکانەوە بەو ولایەتە دەگوترا کە لەسەر دەمی ئیسلامی بە حـەلوان دەناسرا، پاش خراپ بوونی حەلوان، دەرتەنگ جێگەی گرتـەوە کـە دەکەوێتـە نزیـك شـاری زەهـاو و ڕوبـاری ئەلوەند پێیـدا دەڕوا، مەڵبەنـدی دەڤـەری دەرتـەنگ شارۆچـکەی (ڕیـژاوە). شـرفنامە، ص٥٣٧،٤٣، محەمـەد جەمیل ڕۆژبەیانی، مێژوو حەلوان، گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٢) تەمموز ١٩٨٤، ل١٤ .

٣٢) ابـن الـساعي الخـازن، الجـامع المختـصر،جـ٩ (بغـداد ١٩٣٤)، ص١٥، ابـن الفوطي، مجمع الآداب، ١٨١/١.

٣٣) مؤلف مجهول، مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٩-٤٠١، الكامل، ٢٧٣/٧ .

٣٤) الكامل، ٣٢٥/٧ .

٣٥) هەمان سەرچاوە، ٣٢٥/٧ .

٣٦) هەمان سەرچاوە، ٣٢٨/٧ .

٣٧) هەمان سەرچاوە، ٢/٨ .

٣٨) بەدروستی نازانرێت شارۆچکەی خولنجـان و قـەڵای ئەرنەبـە دەکەونـە کوێـوە، سـەبارەت بـە خولنجان سەرچاوە جوگرافیەکان زانیاری وورد نادەن بەدەستەوە ولەگەڵ یەکترا ناکۆکن، قەڵای ئەرنەبەش لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا ناوی نەهاتووە بڕوانە: النقشبندي، الكرد في الدينوروشهرزور، ص٢١٤.

٣٩) شەرەفخانی بەدلیسی دەگێڕێتەوە کە میر (ابو الشوك) توانی لە ساڵی ٤٢١ك/١٠٣٠ز دەستبگرێت بەسەر شاری (قوما)دا. شرفنامە، ص١٢٠. نەقشبەندی پێی وایە مەبەست لە قوما (قرمسین)ە واتا کرماشان، الكرد في الدينور، ص٢١٢، کەچی رۆژبەیانی وەرگێری شەرفنامە پێی وایە مەبەست لە قوما شاری (قومس)ە، شرفنامە، ص١٢٠، پەراویزی (٣٢).

٤٠) الكامل، ١٨/٨ .

٤١) هەمان سەرچاوە، ٤١/٨ .

٤٢) هەمان سەرچاوە ٣٦٨/٨، ٦٦/٩، ابن الفوطي، معجم الاداب، ١٥٤/١–١٥٥، ٥١٥/٢ . سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە: نیشتمان بشير محمد، الكرد والسلاجقة (نامەی دکتورا)، جامعة صلاح الدين (اربيل ٢٠٠٠)، ص ٥٠–٧٧، ٦٠–٩٢، ١٨٦–١٨٧ .

٤٣) الكامل، ٣٦٨/٨، ٣٠٧/٩، ابن الساعي الخازن، الجامع المختصر، ١٣٠/٩، ٢٦٤، ابن الفوطي، مجمع الاداب، ١٥٤/١-١٥٥، ٥١٥/٢ .

٤٤) الكامل، ٣١/٩.

٤٥) مجمع الاداب، ١٨١/١ .

٤٦) الجامع المختصر، ١٥/٩ .

٤٧) مجمع الآداب، ٣٢٦/٤ .

٤٨) لە ناویاندا بەبۆچوونی ئێمە دوانیان وەك لە ناوەکانیانەوە دیارە لەوە دەچن لە میرانی گۆران بن :

١- میر عەلەمەدین وەردەسار کوڕی بەیامی کورد، کە یەکێك بوو لە میرە ناودار و کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد، ناوبانگی بە چاکە و پیاوەتی و دلێری دەرکرد بوو (مجمع الاداب، ٥٩٩/١) .

٢- میر عیمادەدین ئەسفەندیار کوڕی عەلی کوڕی جەنگەی کورد (مجمع الاداب، ٣٣/٢) .

٤٩) عەکە لەوانەیە عەلەکە بێت کە داتاشراوی ناوی (علي)ە لەلایەن ئەو کەسانەی کە کتێبی (جامع التواريخ) یان نوسیوەتەوە شێوێنرابێت .

٥٠) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث (بيروت ١٩٩٧)، ص٤٨-٥١، ١٣٨-١٣٩، ٢٨٥-٢٨٦، ٣٠٤، رشيد الدين فضل الله الهمداني، جامع التواريخ (وەرگێڕاوی عەرەبی) (القاهرة ١٩٦٠)، ٢٧٧/١/٢- ٢٨٥.

٥١) ابن الاثير، الكامل، ٣٨٥/٩- ٣٨٦ .

٥٢) كتاب الحوادث، ص٣٠٤ .

٥٣) جامع التواريخ، ٢٨١/١/٢-٢٨٢ .

٥٤) هەمان سەرچاوە، ٢٧٧/١/٢، هەروەها بڕوانە: عباس العزاوي، العراق بين الاحتلالين (طهران ١٤١٠هـ)، ١٦٢/١-١٦٤ .

٥٥) مورج: دیاره مەبەست (مرج القلعة)یەکە قەڵایەکی مەزنە و دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و تووش لەسەر ڕێگەی حەلوان – کرماشان لە ناوچەیەکی مەترسیدار بەهۆی کوردەکانەوە . ابن روستة، الاعلاق النفيسة (بيروت ١٩٨٨)، ص١٥٥ .

٥٦) جامع التواريخ، ٢٧٧/١/٢.

٥٧) هەمان سەرچاوە، ٢٧٨/١/٢ .

٥٨) هەمان سەرچاوە ٢٧٨/١/٢، العراق بين الاحتلالين، ١٦٣/١ .

٥٩) القزويني، آثار البلاد واخبار العباد (بيروت ١٩٦٠)، ص٣٥٧، حمد الله المستوفي القزويني، نزهة القلوب (طهران ١٣٣٦هـ.ش)، ص٤٢ .

٦٠) جامع التواريخ، ٢٧٨/١/٢ .

٦١) هەمان سەرچاوە، ٢٧٨/١/٢، العراق بين الاحتلالين، ١٦٣/١ .

٦٢) ناوی ئەم شارە لە دەستنوسی سەرچاوە مەملوکیەکاندا بە شێوەی جیاواز هاتووە بەمجۆرە، لە (مسالك الابصار،١٢٥/٣)،دیاوشت، لە کتێبی (صبح الاعشى)بەم شێوانە هاتووە: دیاوشت (٣٧٣/٤)، اندشت (٣٧٩/٤)، رندشت (٣٠٩/٧)، بەرای ئێمە مەبەست باژێری ماهیدەشتە.

٦٣) مسالك الابصار، ١٢٥/٣، قەلقەشەندی کە هەموو زانیارییەکانی کتێبی (مسالك الابصار) سەبارەت بەکوردستان (جبال الاكراد) هێناوەتە نیو کتێبەکەی خۆیەوە و هەندێ دەستکاری ئاخافتنی عومەری (العمري) کردوە بۆ نمونە عومەری دەڵێت ((عدة القوم تزيد على خمسة الاف)) کە چی ئەم دەڵێت ((والطائفتان جميعا لاتزيد عدتهم على خمسة الاف رجل))، صبح الاعشى، ٣٧٣/٤ .

٦٤) صبح الاعشى، ٣٠٩/٧ .

٦٥) المقريزي، السلوك، ٦٧٢/١، ٧٣٦.

٦٦) ابن الفوطي، مجمع الاداب، ٥٢٣/٢-٥٢٤، ٤٤٨/٣-٤٤٩ .

٦٧) کەسایەتیە زانستی وسیاسییە ناودارەکانی هۆزی گۆران لە ولاتی شام و میسر پتر لە سەدەکانی هەشتەم و نویەمی کوچی ودواتر دەرکەوتن، بڕوانە: السخاوي، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ١٧٨/١، ٢٤١-٢٤٣، ٢١٣/٢، ٢٤٧، ٢٥٢، ٢٥٦/٣، ٢٧/٦-٢٨، ١٠،٢٥٢/٣٢-٣٣... هتد، خيرالدين الزركلي، قاموس الاعلام (بيروت١٩٨٠)، ٢٤٠/٨ .

٦٨) اللباب في تهذيب الانساب، ٣٠٧/١، معجم البلدان، ١٨٤/٢ .

٦٩) تذكرة الحفاظ، ١٣٠٨/٤، سير أعلام النبلاء، ١٦/١٥-١٧ .

٧٠) هەمان دوو سەرچاوە .

٧١) هەمان دوو سەرچاوە، اسماعيل باشا البغدادي البابانى، هدية العارفين (بيروت١٩٩٠)، ٣١٣/١ .

٧٢) قاموس الاعلام، ٢٢٩/٢-٢٣٠ .

٧٣) هدية العارفين، ٣١٣/١ .

٧٤) تذكرة الحفاظ، ١٣٠٨/٤، هدية العارفين، ٣١٣/١، قاموس الاعلام، ٢٢٩/٢-٢٣٠ .
٧٥) المقريزي، السلوك، ٤/١ .
٧٦) ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة،جـ١ (دمشق ١٩٩١) ص٢٤٦، ٢٥٠، ٢٥٤-٢٥٧، ٢٦١، ٢٨٢،٢٧٧ .
٧٧) هەمان سەرچاوە، ١٩٨/١-٢١٥، ٢٥٩-٢٦٠، ٢٦٢، المنذري، التكملة لوفيات النقلة (بيروت ١٩٨٨)، ٦٩٥/١، ١٦٢/٢-١٦٣ .
٧٨) الذهبي، العبر في خبر من غبر (بيروت د/ت)،٢٥١/٣، اليافعي، مرآة الجنان (بيروت ١٩٩٧)، ٨٧/٤ .
٧٩) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، جـ٨ (حيدر آباد الدكن ١٩٥١-١٩٥٢)، ص٧٨٤، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢١/٧-٢٢ .
٨٠) العبر في خبر من غبر، ٢٥١/٣، النجوم الزاهرة، ٣٥٧/٦ .
٨١) قوتابخانەی ڕەواحی (الرواحية) لە لایەن (زكي الدين ابو القاسم هبة الله بن محمد بن عبدالواحد الحموي)یەوە لە شاری حەلەب بنیاتنراوە ابن شداد، الاعلاق الخطيرة، ٢٥٥/١ .
٨٢) الاعلاق الخطيرة، ٢٥٦/١ .
٨٣) ذيل مرآة الزمان (حيدر آباد الدكن ١٩٥٤-١٩٥٥)، ٣٦٤/٢ .
٨٤) هەمان سەرچاوە، ٣٦٤/٢، العبر في خبر من غبر، ٣١٢/٣، مرآة الجنان، ١٢٤/٤.
٨٥) ابن قاضي شبهه، طبقات الشافعية (بيروت ١٩٨٧) ٢، ٨٩، ابن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة في اعيان المئة الثامنة (القاهرة ١٩٦٦)، ٢٨٩/٤، ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب (بيروت د/ت)، ١٣/٦ .
٨٦) الجزري، تاريخ حوادث الزمان وانبائه (بيروت ١٩٩٨)، ٧٠٤/٣ .

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

- ابن الاثير، عزالدين ابي الكرم علي بن محمد بن عبدالواحد الجزري (ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٣م)
  ١- الكامل في التأريخ، دار الفكر (بيروت ١٩٧٨) .
  ٢- اللباب في تهذيب الانساب، مكتبة المثنى (بغداد د/ت) .
- البباني، اسماعيل باشا البغدادي (ت ١٩٢٠م) .
  ٣- هدية العارفين واثار المصنفين، دار الفكر (بيروت ١٩٩٠) .
- البدليسى، الامير شرفخان بن شمس الدين (ت١٠١٠هـ/ ١٦٠١م) .
  ٤- شرفنامه، الترجمة العربية محمد جميل الروژبياني، ط٢ (اربيل ٢٠٠١) .

- ابن تغري بردي، جمال الدين ابو المحاسن يوسف (ت٨٧٤هـ/ ١٤٦٩م)
٥- النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب العربية (القاهرة ١٩٦٩-١٩٧٢) .
- الجزري، شمس الدين ابي عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابي بكر (ت٧٣٩هـ/ ١٣٣٨م)
٦- تاريخ حوادث الزمان وانبائه، المكتبة العصرية (بيروت ١٩٩٨).
- ابن حجر العسقلاني، احمد بن علي (ت ٨٥٢هـ/١٤٤٨م).
٧- الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة (القاهرة ١٩٦٦).
- حمد الله المستوفي، حمد الله بن ابي بكر بن محمد القزويني (ت ٧٥٠هـ/ ١٣٤٩م) .
٨- نزهة القلوب، بكوشش محمد دبير ساقي (طهران ١٣٣٦هـ.ش)
- ابن خرداذبه، ابو القاسم عبيدالله بن عبدالله (ت٢٨٠هـ/ ٨٩٣م) .
٩- المسالك والممالك، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٨) .
- الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت ٧٤٨هـ/ ١٣٤٧م)
١٠- تذكرة الحفاظ (بيروت ١٩٥٦) .
١١- سير اعلام النبلاء (بيروت ١٩٩٧)
١٢- العبر في خبر من غبر، دار الكتب العلمية (بيروت د/ت) .
- ابن رسته، علي بن عمر، (ت ٢٩٠هـ/ ٩٠٣م).
١٣- الاعلاق النفيسة، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٨) .
- ابن الساعي الخازن، ابن طالب علي بن انجب (ت ٦٧٤هـ/ ١٢٧٥م) .
١٤- الجامع المختصر في عنوان التاريخ وعيون اليسر،جـ٩ (بغدد ١٩٣٤) .
- سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابي المظفر يوسف بن قزاوغلي (ت٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م) .
١٥- مرآة الزمان في تاريخ الاعيان، جـ٨ (حيدر اباد الدكن ١٩٥١-١٩٥٢) .
- السخاوي، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن (ت ٩٠٢هـ/ ١٤٩٧م) .
١٦- الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، (بيروت د/ت).
- السمعاني، ابو سعيد عبدالكريم بن محمد بن منصور (٥٦٢هـ/ ١١٦٧م) .
١٧- الانساب، دار الفكر (بيروت ١٩٩٨) .
- ابن شداد، عزالدين محمد بن ابراهيم (٦٨٤هـ/ ١٢٥٨م) .
١٨- الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، جـ١، تحقيق يحيى زكريا عبارة (دمشق ١٩٩١) .
- ابن العماد الحنبلي، ابو الفلاح عبدالحي (ت١٠٨٩هـ/ ١٦٧٨م) .
١٩- شذرات الذهب في اخبار من ذهب، دار الكتب العلمية (بيروت د/ت) .
- ابن فضل الله العمري، شهاب الدين احمد بن يحيى (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م) .
٢٠- مسالك الابصار (مخطوط) مكتبة المجمع العلمي العراقي .
- ابن الفقيه، ابو بكر بن محمد (ت ٣٤٠هـ/ ٩٥٢م) .
٢١- مختصر كتاب البلدان، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٨) .
- ابن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن احمد (ت٧٢٣هـ/ ١٣٢٣م) .
٢٢- مجمع الاداب في معجم الالقاب (طهران ١٤١٦هـ) .
- ابن قاضي شبهة، ابي بكر بن احمد بن محمد بن عمر (ت ٨٥١هـ/ ١٤٤٨م) .
٢٣- طبقات الشافعية، دار الندوة الجديدة (بيروت ١٩٨٧).

- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت ٦٨٢هـ/ ١٢٨٣م) .
٢٤- اثار البلاد واخبار العباد، دار صادر (بيروت ١٩٦٠).
- القلقشندي، احمد بن علي (ت ٨٢١هـ/ ١٤١٨م) .
٢٥- صبح الاعشى في صناعة الانشا، دار الفكر (بيروت ١٩٨٧) .
- المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين (ت٣٤٦هـ/٩٥٧م) .
٢٦- التنبيه والاشراف، دار مكتبة الهلال (بيروت ١٩٨١) .
٢٧- مروج الذهب ومعادن الجوهر (بيروت ١٩٧٣) .
- المقريزي، تقي الين احمد بن علي (ت ٨٤٥هـ/ ١٤٤١م) .
٢٨- السلوك لمعرفة دول الملوك، لجنة التأليف والطباعة والنشر (القاهرة ١٩٤١-١٩٤٢) .
- المنذري، عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت ٦٥٦هـ/١٢٥٨م).
٢٩- التكملة لوفيات النقلة (بيروت ١٩٨٨).
- مؤلف مجهول.
٣٠- كتاب الحوادث، تحقيق بشار عواد معروف وعماد عبدالسلام رؤوف، دار الغرب الاسلامي (بيروت ١٩٩٧).
- مؤلف مجهول.
٣١- مجمل التواريخ والقصص، بتصيح ملك الشعراء محمد تقي بهار (طهران ١٣١٨هـ،ش) .
- الهمذاني، رشيد الدين فضل الله (ت ٧١٨هـ/ ١٣١٨م).
٣٢- جامع التواريخ، الترجمة العربية محمد صادق نشأت واخرون (القاهرة ١٩٦٠) .
- ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/١٢٩٧م).
٣٣- مفرج الكروب في اخبار بني ايوب (القاهرة ١٩٧٢).
- ياقوت الحموي، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م) .
٣٤- معجم البلدان، دار صادر (بيروت ١٩٧٧).
- اليونيني، قطب الدين موسى بن محمد (ت ٧٢٦هـ/ ١٣٢٦م).
٣٥- ذيل مرآة الزمان،مجـ١ (حيدر آباد الدكن ١٩٥٤-١٩٥٥).

– دووەم: سەرچاوە نۆییەکان:

- الزركلى، خير الدين
٣٦ — قاموس الاعلام، دار العلم للملايين (بيروت ١٩٨٠).
- العزاوى، عباس
٣٧ — العراق بين الاحتلالين، ج١ (طهران ١٤١٠هـ)
- النقشبندي، حسام الدين علي غالب
٣٨ – الكرد في الدينور و شهرزور، اطروحة ماجستير، جامعة بغداد (بغداد ١٩٧٥).

– سێیەم: گۆڤار:

ڕۆژبەیانی، محەمەد جەمیل.

٣٩– حەلوان و فەرمانڕەوایانی لە مێژوودا، بەشی یەکەم، گۆڤاریکاروان، ژمارە (٢١) حوزەیران ١٩٨٤، بەشی دووەم، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٢) ئەموز ١٩٨٤.

– مینورسکی، ڤ، ڤ.

٤٠– گۆران، وەرگیرانی ناجی عەباس، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارەکانی (٥–٩) ساڵی پێنجەم ١٩٤٤.

ملخص البحث

قبيلة گۆران

ودورها السياسي والثقافي خلال القرون الوسطى

د. زرار صديق توفيق

إن هذه الدراسة تحاول استناداً الى المصادر التاريخية الموثوقة ان تثبت ان قبيلة گۆران هي قبيلة كردية كبيرة معروفة مدحضاً بذلك رأي بعض المستشرق الذين يؤكدون على انها ليست قبيلة كردية، وتلقي الاضواء على دور قبيلة گۆران السياسي والثقافي خلال القرون الوسطى، حيث لعبت دوراً يستحق الذكر في التاريخ الكردي الوسيط واسست زعامة قبلية متنفذة في انحاء درتنك وحلوان وماهيدشت خلال النصف الثاني من القرن (٦هـ/ ١٢م) واستمرت الى ما بعد العهد المغولي على الرغم من حملات السلاجقة والمغول المدمرة،وبرز منها امراء وقادة، وصار بعضهم يمارس حكمه أمير مستقل فعرفوا بـ((صاحب الدربند))، كما انجبت العديد من المشاهير والاعلام في العلوم الاسلامية المختلفة الذين خدموا الديانة والثقافة الاسلامية ببلادهم وبالديار الشامية والمصرية خلال العصر العباسي والايوبي والمملوكي .

'Abstract'

Goran Tribe and its Political Cultural Role During the middle ages

Dr. Zirar Sdeeq

Goran was a big well - Known Kurdish tribe during the Islamic era. It played an outstanding role in the middle Kurdish history. It founded a powerful leadership in Halwan, Dertung and Mahidasht during the second half of the century (6 A.H /12 A.D). Many princes and leaders came from this tribe. Moreover, the tribe gave birth to many well - known figures and scholars in different religious sciences in their countries and in Egypt and Syria .

This study , relying on historical sources, endeavours to prove that Goran is one of the well - known kurdish tribes and refutes the orientalist Minorisky's claim that Goran is not a kurdish tribe .

The study also sheds light on the scientific and cultural role of Goran tribe during the Abbasid, Ayubid and Mamluks period.

ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی

پ.ی.د. دلێر ئیسماعیل حەققی شاوەیس

پێشەکی

نەوت یەکێکە لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی جیهان، تەنها سەرچاوەیەکی هەرزان نییە بۆ وزە، بەڵکو کەرەستەیەکی خاویشە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پیشەسازی گرنگ، هەر لە پیشەسازییەکانی کیمیاگەری و پلاستیك و ... هتد تا دەگاتە بەرهەمهێنانی خۆراك.

سەرەڕای ئەوەش سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی سەرمایەیە بۆ پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوتدا[1]. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەشە نەوت ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا و بەشێکی بەرچاوی وەرچەرخانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بەبوون و نەبوونی نەوتەوە هەبووە.

ئەوەتا نەوت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بۆتە بابەتێکی ململانێی نێو دەوڵەتی و هۆکاری ژمارەیەکی زۆر لە شەڕ و جەنگی خوێناوی[2]، هەر بۆ نموونە لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهان، جەنگی عێراق ـ ئێران ١٩٨٠ـ١٩٨٨ و جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم فاکتەری نەوت لەبەر چاو بووە و، وا دیارە لە ڕووداوەکانی ئێستا و ئایندەشدا ڕۆڵی نەوت لە جاران کەمتر نابێت.

ئەم بابەتەی لەبەر دەستی خوێنەری هێژادایە بۆ ئەوە نییە باس لە ڕۆڵی نەوت بکات لە ململانێی نێو دەوڵەتیدا، یان کێشەی کوردستان و ڕۆڵی نەوت لەو مەسەلەیەدا شی بکاتەوە .... بەڵکو بۆ بەدواداچوونی ئەو وتەیەی کلیمەنسۆی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسایە لە ٢٢ی مایسی ساڵی ١٩١٩دا ڕایگەیاندووە: گەر بیزانیایە ئەو ناوچەیە هێندەی نەوت تێدایە هەرگیز دەستبەرداری نەدەبوو[3]، (مەبەستی لە ویلایەتی مووسڵە. د. ش).

لەبەر ئـەوەی زۆر لـە توێـژەر و مێژوونووسـان ئـەو وتەیـەی کلیمەنسۆیان وەك خـۆی و ڕاستییەکی بێ گرێ وەرگرتووە و دەیلێنـەوە بـێ ئـەوەی شـەن و کـەو بکرێـت، کـە بـە بۆچـوونی ئێمـە جێگـەی گومانـە و دەشـێ تـاووتوێ بکرێـت. مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەش هەوڵدانێکە لـەو ڕووەوە بـەپێی زانیارییـەکانی ئێمـە تائێسـتا لـەو بـوارەدا کارێکی وا ئەنجام نەدراوە و نەبۆتە بابەتێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە.

بۆ لێکۆڵینەوەکە و سەلماندنی بیر و بۆچوونەکانمان وا پێویست بوو کە باس لە هەنـدێك بابەت بکرێت وەك: نـەوت لـە مێـژوودا، نـەوت لـە کوردسـتاندا، ململانێـی نێـو دەوڵـەتی لەسەر چاڵە نەوتەکان، ڕۆڵی نەوت لە گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا... هتد.

لەبەر ئـەوەی هەریەکـە لـەم باسـانە چـەندین لێکۆڵینـەوەی سـەربەخۆ هەڵـدەگرن و بـۆ ئەوەی لە بابەتە سەرەکییەکەمان کە ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچوونێکە دوور نەکەوینەوە، خوێنەری بەڕێز دەگێڕینەوە بۆ سەرچاوەکان و خۆمان لە درێژەی ئەو باسانە دەپارێزین کە لە بابەتە سەرەکییەکە دوورمان دەخاتەوە، هەر لەبەر ئەو مەبەستەشە توێژینەوەکە دابـەش کـراوە بـۆ پێـشەکییەك و چـەند زانیارییـەکی پێویـست و ئـەنجام، ئەمـەش لـە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا شتێکی نوێ نییە.

چەند زانیارییەکی پێویست

زانیارییە ئەرکیۆلۆژییەکان ئەوەمان نیشان دەدەن کە مرۆڤ هـەر لـە دێـر زەمانـەوەو لـە ناوەڕاستی چاخە بەردینەکانەوە بایەخی نەوتی زانیوە دانیشتوانی کوردستانیش لەمێژە شارەزای نەوت بوون و سوودیان لێ وەرگرتووە و بەلای هەندێکەوە ئاگری باباگوڕگوڕ لە کەرکووك ئەو ئاگرە هەمیشەییە نەمرەیە کـە لـە گەشـتەکەی دانیـاڵ پێغەمبـەردا بـاس کراوە(٤).

ئاورووپاییـەکانیش لەمێـژەوە شـارەزای نـەوت بـوون، سـوودیان لـێ وەرگرتـووە وەك سەرچاوەیەکی وزە و ڕووناکی یان بۆ دەرمان و هەندێ پیـشەسازی. بـەڵام لـە سـەدەی ١٩ نۆزدەوە گرنگی نەوت زۆر زیـادی کـردووە، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی ماشـێنی دیـزڵ

هاتـە ئـاراوە و خواسـت لەسـەر بەرهەمـەکانی نـەوت زیـادی کـرد بـۆ بـەکارهێنانی لـە بەگەڕخـستنی شـەمەندەفەر، پـاپۆڕ، ئۆتۆمبیـل و ماشـێن و ئامێرەکـانی کارگـە و کارخانەکان بۆیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئـیتر نـەوت بـوو بـە یـەکێك لـەو بەرهەمـە ستراتیژیانەی کە لایەنێکی بەرچاوی لە ململانێی نێو دەوڵەتاندا گرتەوە[٥].

لە ساڵی (١٨٨٢)دا فیشەری سەرکردەی هێزی دەریایی بەریتانیا لـە راپۆرتێکدا ئامـاژە بەوە دەکات کـە «بـەکارهێنانی پـترۆڵ لـە بـری خـەڵووزی بـەردی وەك سـووتەمەنی بـۆ کەشتییە جەنگییەکان هێز و توانایان زیاد دەکا و دەتوانرێت هـەر لـە نێـو دەریـادا ئـەو سووتەمەنییە بگەیەنرێتە کەشتییەکان و ژمارەیەکی تریشی لـە سـوودەکانی پـترۆڵ بـە بەراورد لەگەڵ خەڵووزدا باس کردووە، بەکارهێنانی خـەڵووزی بـەردی بـۆ گواسـتنەوە و گەیاندن لای ئینگلیزەکان بەراورد دەکـات بـەو پێـشکەوتنەی لـە ئـەنجامی بـەکارهێنانی هەڵمەوە بەدەست هات بۆ بە گەڕخستنی پاپۆڕ لە بری کەشتی چارۆکەدار»[٦].

وینیـستۆن چەرچـل لـە سـاڵی (١٩١٣)دا و لـە ئەنجومـەنی گـشتی بـەریتانیادا ئـەوەی راگەیانـد کـە «دوا پلانمـان ئەوەیـە وەزارەتـی کاروبـاری دەریـایی دەبێـت خـاوەن و بەرهەمهێنـەری راسـتەوخۆی پێداویستەکانمان بێـت لـە سـووتەمەنی نـەوت ... دەبێـت خاوەن یان بەلانی کەمەوە بالادەست بێ بەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی ئـەو نەوتـەی پێویستمانە»[٧].

ئەوەی جێگەی سـەرنجە لـە ململانێـی زلهێزەکانـدا ئەڵمانـەکان یەکـەم کـەس بـوون کـە توانییان خۆیان بگەیەننە نەوتی کوردستان.

لە نێوان ساڵانی ١٨٧١-١٩٠٢دا چەند پۆستەیەك لە شارەزا و پـسپۆر و رۆژنامەنووسـانی ئەڵمانی هاتوونەتـە ناوچـەکە و راپۆرتـەکانیان جـەخت دەکەنـە سـەر دەوڵەمەنـدی ئـەو دەڤەرە و بـوونی نـەوتێکی زۆر کـە بەشـی ئـەڵمانیا دەکـا و باشـتر و بەسوودتریـشە لـە نەوتی روسیا[٨].

لە ٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٨دا حکومەتی عوسمـانی چیاوگی هێڵـی ئاسـنی بـەرلین - بەغـدای لەگـەڵ بـانکی ئەڵمانیـدا مـۆرکرد. ئـیتر هـەر لـە سـاڵی ١٨٩٠ەوە ململانێـی نێودەوڵەتی لەسەر نەوتی کوردستان، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هێڵـی ئاسـنی بـەرلین -

بەغداد دا گەرم بوو[٩]. پرۆفیسۆر نانسی جیوگرافی ناسی بەناوبانگ لە ساڵی ١٩١٣دا ئاماژەی بەوە کردووە کە «دەبێ خوارووی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ و باکووری سووریا و باکووری مێزۆپۆتامیا دروشمی لەمەو دوامان بێت»[١٠].

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان و ئەنجامەکانی و تێکشکانی ئەڵمانیا لە جەنگدا و داگیرکردنی هێزی سوپای هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە جێ پێی ئەڵمانەکانی لاواز کرد و بەریتانیا و فرەنسا جێگەیان گرتەوە.

بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ خوارووی کوردستان - ویلایەتی مووسڵ دەکەوتە نێو بەرژەوەندییەکانی فرەنسا ئەگەرچی سوپای بەریتانیا بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە مێزۆپۆتامیا شاری مووسڵی داگیرکردبوو[١١] دواتریش بەریتانیا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا خوارووی کوردستان بلکێنێ بە دەوڵەتی عیراقەوە کە لە ژێر دەستی خۆیدا دروست کرا و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو پاساوێکی دەهێنایەوە[١٢].

ئەنجام:

ئەو زانیارییە مێژووییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین:

١- دەستکەوتە ئارکیۆلۆژییەکان و زانیارییە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ نیشان دەدەن کە لە دێرزەمانەوە نەوت لە کوردستاندا هەبووە. ئەو زانیارییانەش لەلای فرەنسییەکان شاراوە نەبووە و خۆیان بەشدارییان لە گەلاڵە کردنیدا هەبووە.

٢- لە کوردستاندا هەر لەمێژەوە سوود لە نەوت وەرگیراوە و بەمەبەستی ئابووری دەرهێنراوە، هەر بۆ نموونە ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠دا ئاماژە بەوە دەکات چۆن لە ناوچەی گەرمیاندا نەوت دەرهێنراوە[١٣].

٣- لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە راپۆرتێکی زۆر لەلایەن ئاوروپییەکانەوە نووسراوە سەبارەت بەبوونی نەوتێکی زۆر لە خوارووی کوردستاندا، ئەمە جگە لەو راپۆرتانەی گوڵبەنکیان نووسیویەتی. نەك هەر ئەوە بەڵکو لە سەردەمی مەدحەت پاشای والی عوسمانێکان لە بەغدا ١٨٦٩-١٨٧٢دا و بە هاوکاری پسپۆرە ئەڵمانەکان گەشە بە

بەرهەمهێنانی نەوت دراوە و لە باقووبە پالأوگەیەکی نەوت دامەزراوە بۆ ئەو نەوتـەی لـە مەندەلی بەرهەم هێنراوە[١٤].

٤ـ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە کۆتایی سەدەی ١٩ نۆزدەدا فرەنسا خۆی هاوکار بووە لـە گەشـەپێدانی بەرهــەمهێنانی نـەوت لــە ناوچــەکانی گــەییارە و دووزخورمــاتوو و باباگوڕگوڕ[١٥].

٥ـ پێویستە ئەوە بوترێت کاتی خۆی لـە دانوسـتاندنەکانی نێـوان بـەریتانیا و فرەنـسا و رووسیادا، کە دواتر پەیمان نامەی سایکس ـ پیکۆی لێ کەوتەوە و بەریتانیا هەوڵی داوە هێزێکی وەك فرەنسا لـەنێوان ناوچـەی ژێـر دەسـەلأتی رووسـیا و بـەریتانیادا هــەبێت و ببێتە سەنگەر و پەرژینێك لێکیان جودا بکاتەوە و رووسـەکان لـە کەنـداو دووربخاتــەوە، چونکە بەریتانیا بوونی رووسەکانی لەو ناوچانەدا بە مەترسییەکی گەورە دەزانـی، بۆیـە کاتی خۆی نەرمییەك بەرامبەر بە بوونی دەسـەلأتی فرەنـسا بەسـەر ویلایـەتی مووسـڵدا لەلایەن بـەریتانیاوە نیـشاندراوە. کـاتێکیش لەسـاڵی ١٩١٧دا دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، رووسیا کشایەوە لەو پەیمانە ئیتر بەریتانییەکان ئەو مەترسییەیان لە رووسیا نەمابوو.

٦ـ کاتێك لوید جۆرج داوای لە کلیمەنسۆ کرد، چاو بخـشێنێتەوە بـە پـەیمانی سـایکس ـ پیکـۆدا، کلیمەنـسۆ ئامـادەیی خـۆی نیـشان دا، کـە ناوچـەکانی ویلایـەتی مووسـڵ و فەڵەستین چاویان پێدا بخشێنرێتەوە بە مەرجێك:

a - فرەنسا بەشی خۆی لە نەوتی مووسڵ وەرگرێت.

b - بـەریتانیا پـشتگیری تـەواوی فرەنـسا بکـات لـە هــەموو گازنـدەکانی ولأتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

c - ئەگەر کار بە سیستەمی ماندات کرا، دەبێـت ناوچـەکانی دیمەشـق و حەلـەب، ئەسکەندەرۆنە و بەیروت، بخرێتە ژێر ماندانی فرەنساوە[١٦].

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت، لەکاتی جەنگدا و لەگەڵ ئـەوەدا کـە پـشکێکی زۆر لــە قەڵــەمڕەوی دەوڵــەتی عوسمــانی، درابــوو بــە فرەنــسا لــە ناوچــەکانی: بـاکووری کوردستان، ئەنادۆڵ و خوارووی کوردستان.

فرەنسا زۆر جەختی دەکردەوە سەر ئەوەی دەبێت بەرژەوەندییەکانی لە سووریا و ئەسکەندەرۆنە و ئەدەنەدا بپارێزرێ[17].

٧- بەریتانیا لەمێژ بوو ئەوەی نەدەشاردەوە کە سنوورەکانی رۆژئاوای هند بە فوراتدا تێدەپەڕێت و تەنیا لە ڕێگەی مووسڵەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت[18].

بۆیە بەریتانیا و فرەنسا لە کۆتایی جەنگدا ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی پێی دەوترا ((ناوچەکانی کار)) لە رووسیا کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کوردستان دەکەوتە نێو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە[19].

٨- بەریتانیا بە کردەوە ویلایەتی مووسڵی داگیر کردبوو فرەنساش مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا دەکرد.

٩- ئەوەی ئاشکرایە کلیمەنسۆ سەرەك وەزیرانی فرەنسا بوو، رۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی و سەردەمێکی زۆر چارەنووسسازدا گێڕاوە و جێگە پەنجەی بەسەر رووداوەکانەوە بەجێهێشتووە چ لەسەر ئاستی نێو خۆی فرەنسا و ئاورووپا و جیهانیش. جگە لەوەی بە سیاسەتوانێکی سەرکەوتوو و وریا ناسراوە، ناکرێ بە جۆرێکی تر هەڵسەنگێنرێت.

لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و دەرەنجامانەی پێشتر ئاماژەی بۆ پێکرا دەتوانین بڵێین، ڕێگەی تێناچێ کلیمەنسۆ بەو هەموو وریایی و بە ئاگایی و زانیارییەوە، وەك سەرۆك وەزیرانی فرەنسا بێ ئاگا بووبێ لەو ڕاستییە مێژووییانە و کەسیش نەبووبێ لە فرەنسادا ئاگاداری بکاتەوە لەو بارەیەوە و ڕێنماییەکی بکات!!! بۆیە دەبێت ئەو وتەیەی کلیمەنسۆ وەك ڕاستییەکی بێ گرێ وەرنەگیرێت و بێ لێکدانەوە جێگەی متمانە نەبێت بەڵکو وەك هەوڵدانێك بۆ چاوبەستکردنی گەلانی ناوچەکە و چەواشەکردنی ڕای گشتی وڵاتەکەی خۆی لێکبدرێتەوە.

پەراوێزەکان:

١- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

a - د. محمد ازهر السماك، اقتصاديات النفط، جامعة الموصل ١٩٨٠ ص٢٧-٣٨.

b - ئـەکادیمیای زانـستی یـەکێتی سـۆڤیەت. ئەنیـستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسـی، دۆلارەکـانی نـەوت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی نزیـك و ناوەڕاسـت. مۆسـکۆ ١٩٧٩ (بـە زمـانی ڕووسی).

c - د. آزاد النقشبندي، اهمية حقول كركوك النفطية، گۆڤاری مەتین ژ. ٦٦ تەموز ١٩٩٧.

d - زێڤارۆڤ ف. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە کۆمـاری عیراقـدا. مۆسـکۆ ١٩٧٩ (بـە زمانی ڕووسی).

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a - Nasrollah Saifpour Fatemi, Oil diplomacy, New Yourk 1954.

b - د. ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو.

c - د. نوری عبدالحميد خليل، التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق، بیروت ١٩٨٠، ص٤٤.

٣- لەم بارەیەوە بڕوانە:

a- Ander Tardieu, "Mossul etle petrole" inl, illustration, CLV, pp381-382.

لە د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، بغداد ١٩٦٧، ص٩ وەرگیراوە.

زۆر لە نووسەر و توێژەرانی تریش هەر لەو بیر و ڕایەدان کـە کلیمەنـسۆ نـەیزانیوە نـەوت لـە خـوارووی کوردستاندا هەیە دەنا دەستبەرداری نەدەبوو بۆ بەریتانییەکان.

بۆ نموونە بڕوانە:

- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا ١٩٧٣، ل٥٦.

- Charles A. Hooper, L, Iraq etla societe des Nation, p.18

٤- د. عبدالحميد العلوجي و خضير عباس اللامي، الاصـول التاريخيـة للـنفط العراقـي ج١، بغـداد ١٩٧٣، ص٣٥.

- هەروەها بڕوانە د. عبدالله غفور، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٥٩.

٥- بۆ زانیاری بڕوانە:

Richard Coke, The heart of the middle east, London. 1952 p.p.103-179.

٦ـ الجمهورية العراقية ـ وزارة الاعلام ـ مديرية الاعلام العامة، بدايات الصراع الاستعماري على نفط المنطقة، بغداد ١٩٧٢، ص١٢.

٧ـ محسن الموسوي، النفط العراقي ـ دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التاميم، بغداد ١٩٧٣، ص١٤.

٨ـ د. نوری عبدالحمید خلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

٩ـ بڕوانە:

a - الجمعية الالمانية ـ العربية في جمهورية المانيا الديمقراطية، الالمان والعرب، برلين ١٩٦٩، ص١١.

b - کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠ـ١٩٣٢، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٥٠ـ٧١.

١٠ـ الالمان والعرب ل١١.

١١ـ د. فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

ـ د. كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، بغداد ١٩٧٨، ص١٣٤.

١٢ـ د. فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩ـ١٣١.

ـ کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١ـ٢٣٣.

١٣ـ ریچ کلودیوس جیمس، گەشتی ریچ بۆ کوردستان، و. محەمەد حەمە باقی، تەورێز ١٩٩٢، ل٥٤ـ٥٥.
شایانی باسە ئەم کتێبە کاتی خۆی لە ساڵی ١٨٣٦ لە لەندەن بە دوو بەرگ چاپکراوە.

١٤ـ د. نوری عبدالحمید خلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

١٥ـ هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو کە وەرگیراوە لە:

- Longrigg S.H., Oil in the middle East, London 1961, p.14.

١٦ـ بڕوانە:

a - بدايات الصراع الاستعماري على نفط المنطقة، ص١٠.

b - د. فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨ـ٩.

١٧ـ د. کمال مظهر احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

١٨ـ د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، بغداد، ١٩٧٧، ص ١٩٤ـ١٩٥.

١٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.

ملخص البحث
تصحيح خطأ تاريخي

د. دلير حقى شاويس

ضمن عملية تقسيم العالم بين الدول الاستعمارية وبموجب اتفاقية سايكس - بيكو كانت ولاية الموصل من حصة فرنسا. الا ان البريطانيين سيطروا على مناطق واسعة من الولاية ومن ضمنها مدينة الموصل. وفيما بعد وبموجب تسوية بين البريطانيين والفرنسيين تنازلت الاخيرة عن ولاية الموصل لبريطانيا الا ان رئيس وزراء فرنسا كليمنصو اعلن في ٢٢ مايس ١٩١٩ ((لو كان ادرك قيمة ماتنازل عنه لما فعل)).

وقد اعيدت هذه العبارة من قبل الكثير من الباحثين و المؤرخين الكورد والعرب والاوروبيين كحقيقة مطلقة.

ان هذا البحث محاولة لمناقشة مدى صحة ماصرح به كليمنصو رئيس وزراء فرنسا في حينه حول جهله باهمية ولاية الموصل. وقد توصل الباحث بان النفط كان معروفا لدى العراقيين و غيرهم منذ القدم، كما ان النفط كان من اهم اسباب الصراع بين الدول الاستعمارية للسيطرة على المنطقة منذ قرن التاسع عشر اضافة الى مشاركة فرنسا في دراسة المنطقة واستخراج وتكرير النفط فيها. كما ان الفرنسيين اخذوا حصتهم من النفط المستخرج من ولاية الموصل بعد تنازلهم عنها لبريطانيا.

لذلك لايمكن ان نسلم بصحة هذا التصريح وجهل رئيس وزراء فرنسا باهمية ولاية الموصل وانما يمكن اعتبار ذلك ضمن عملية اعادة توزيع الحصص بين المستعمرين وتضليل الرأي العام في بلدانهم.

Abstract

Correction of an error

Asi.prof. dr.diler shaweys

According to Sajks-picot agreement, Mwsol state (wilayat) was to be the share of France. But at the end of Ist world war, the Britains controlled most of the area including Musol, that made the France concession and waived his right of Musol to Britain.
In 22na of May 1919 Climanso, the France prime minister announced that "If he knew the worth of what he offered he never did".
This study is a discussion about the credibility of this declaration and the France prime minister ignorance of Musol wilayat's importance.
The researcher concludes his study that petrol was well known by the Iraq is and the other nations since along time ago.
So, petrol was the basic factor of the struggle among the Imperialist countries to control the area since 19th century.
The France, themselves participated in studying the area to exploit petrol (extraction and reefing) so they, the France, had their share in Musol petrol. So we cannot agree with the France primeminister, but we can say that was only a bargain of the shares among and redistribution of the imperialistic countries, and an attempt to mislead the public opinion of these countries.

پرۆژەی
ستانداردکردنی زمانی کوردی

ئەم نووسراوەیە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی زمانەوانییە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی زمانی ستاندارد نیشان دەدات لە پێکهاتەی نەتەوەیی و خولقاندنی دەوڵەتدا.
دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانەدا چەند پێشنیارێکی پراکتیکانە کراوە بۆ یەکخستنی دیالێکتەکانی کوردی و هێنانە دی زمانێکی ستاندارد.

غازی عەلی

١. سەرەتا:

زمان بابەتێکی گەلێك سەرنج ڕاکێشە و بەدرێژایی مێژووی شارستانیەت هۆش و بیری مرۆڤایەتی داگیرکردووە. لە دەوروبەری ئێمەدا هەزاران زمان ودیالێکت هەن کە چەندین بۆچوونی فیکری و وێژەیی و هونەری دەردەبڕن. مرۆڤ بەهۆی زمانەوە پلانی دواڕۆژ دادەنێت. هەروەها دەچێتە ناخی مێژووەوە بۆ زانینی چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوەی نەوەکانی پێشوو.
هەر لە مێژەوە مرۆڤ بە پەرۆشەوە ڕوانیویەتی بۆ سەرچاوەی دروستبوونی زمان، بەلاّم بێ هوودە تاکو ئێستا نازانرێت چۆن، لە کوێوە کێن ئەوانەی بۆ یەکەمین جار پەیڤین .
لە پێشدا پەیوەندی نێوان ئایین و زمان ڕێگە خۆشکەر بوو لە هێنانە دی کولتووری مێژوویی، بۆیە نامۆ نییە، کە بیرکردنەوە سەرەتاییەکان (تاکو ئێستاش) زمانیان وەکو دیارییەك خەملاّند لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤایەتی. زمان هەمیشە وروووژێنەری پرسیار و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و جۆرەها تاقیکردنەوە بوو.

هەرچۆنێك بێت ئەمڕۆ لە جیهاندا فرە زمانی هەیە. ئەمەش مانای جیاوازییە. فرەزمانی مانـای فەلـسەفەیەکی، میتـافۆرێکی زانـستی و شـێوە ژیـانێکی تـر دەبەخـشێت. جیاوازییـەکان لـە شـێوازی دەربڕینـی زمانـە جۆراوجۆرەکـانی مـرۆڤ ڕاسـتییەکە بـەڵام تێکڕای زمانەکان هەمان سترەکتورە وە هەمان ئەرکی جیاجیا جێبەجێ دەگەیەنێت.
نەتەوە، لەبەر ئاڵۆزی و بەربڵاوی ماناکەی، چەندین پێناسەی بۆ کراوە. یـەکێك لەوانـە نەتەوە پەیوەست دەکەن بە چەند پێکهاتەیەکی بنەڕەتی وەکو زمان، ئایین و ڕەگـەز. ئەم پێناسەیە سنووردارە، چونکە دیارە مرۆڤێك یان گرووپێـك بـە چ زمانێـك دەپـەیڤن بەڵام کاتێك نەتەوە دەبێت بە فاکتەرێکی گرنگی ژیانی پێناسەکەی دژوار دەبێت لەبەر جۆرەها هۆکار بۆ نموونە خەڵکی ناوچەی تۆرنادالی سەرووری وڵاتی سوید خۆیـان بـە سـویدی دەژمـارد لـە ترسـی ئـەوەی پێیـان نـەوترێت فنلەنـدی، دانیـشتوانی ڤـین لـە خواروویی وڵاتی نەمسا نایانەوێت بژنەڤن زمانەکەیان دیالێکتێکی سلۆڤاکییە، خـەڵکی ئێرلاند و ئینگلیز لەیەك جیا دەکرێنەوە هەرچەند هەمان زمانیان هەیە.
ئـاین کرێتریایـەکی ئاشـکرای نییـە لـە دیـاریکردنی ناسـنامەی نەتەوەییـدا، بـەڵام لـەو شـوێنانەی پەرسـتگا و کڵێسە یـان مزگـەوت ئەرکـەکانی دروسـتکردنی کۆمـەڵ بـەجێ دەگەیەنێت ئەوا ئایین دەبێتە ئامرازێکی گرنگ لە یەکخستنی مرۆکان یان جیاکردنەوەی ئەوانەی هەمان بڕوایان نیە. کرێتریای ڕەگەز بەنـدە بـەو بیرۆکـە دزێـوەی کـە شـێوەی لەشی مـرۆڤ بـە خـاڵی یەکلاکـەرەوەی ئینتمـای نەتـەوەیی دادەنێـت. دزێـوەی ڕەگـەز پەرستی لەوەدایە کە خاوەن میکانیزمێکی لە کەنارخەر و زۆردارانەیە بەرامبەر بەوانەی کە خاوەن هەمان شێوە و ئاکار نین.
سەرنج ڕاکێش تـرین تیـۆری نەتـەوە یـان پێکهاتـەی نەتـەوەیی لـە لایـەن کـارڵ دویـچ پسپۆڕی دەوڵەتناسی ئەمریکییەوە لە سـاڵی (١٩٥٣) داڕێـژراوە بـەوەی کـە دەبێـت " پێکهاتەی نەتەوە لە ڕوانگەی ئەرکەوە function سەیر بکرێـت". لـە وڵاتێکـی بـە برەو و فرە، کە دانیشتوانەکەی ڕەزامەندی پابەندبوونی خۆیان نیشان بدەن لـەوەی کـە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دروست هەیە لە نێوان هەموو ئەندامەکانیدا بەوەی هەر یەك ڕۆڵی جیای هەیە لە کۆمەڵگادا، بۆ نموونە دانیشتوانی سویسەرە خۆیان بە سویسەری

دەناسـن هەرچـەندە خەڵکەکـەی سـەر بـە چـەندین زمـان و ئـاینی جیـاوازن. لێـرەدا پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری هۆکاری یەکخستنی کۆمەڵە نەك زمان.

هەرچۆن بێت ئەم وولاّتە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ وولاّتەکانی دراوسێیدا بەوەی کە خاوەنی هەمان زمان و کولتوورن. تیـۆری ئـەرکی بـێ خـەوش نییـە، چـونکە بـاش کارکردنی دەزگاکان لە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەیی یەکساندا مانـای پەیوەسـت بـوون نییە بەو وولاّتەوە. مرۆکان لێرەشدا خولیای ولاّتێکی نەتەوەیی خۆیان هەن. لێرەدا دژە بۆچوون هەیە چونکە خەڵکانی ئەم ولاّتە بنەمایەکی پتەوی هەستی نەتەوایـەتیان نییـە بۆ ولاّتەکە. هەسـتی نەتەوایـەتی هەمیـشە دیاردەیـەکی لـە بەرچـاوە، بـۆ نموونـە ئـەو ولاّتانەی، کە بە شێوەیەکی سروشتی ئاوێتەی پێکهاتەی نەتەوەیـەکن وەکـو سـوید لـە باری ئاساییدا هەڵگری بۆچوونێکی نێونەتەوەیین بەلاّم لە کاتی هەستکردن بە مەترسی هەڕەشە ئەدرنیاڵی نەتەوە پەرستان بەرز دەبێتەوە وەکو هەستکردن بە هەڕەشەیەکی دەرەکی یان زیاتربوونی ژمارەی کۆچبەران بە تایبەتی لە کاتی قەیرانی ئابووریيدا.

هەندێك جار وشەی نەتەوە بە هەڵـە بـەکاردێت بـۆ نموونـە کاتێـك ولاّت گرێـدەدەن بـە نەتەوە. ولاّت مەرج نییە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی یەك نەتەوە بێت. دانیـشتوانی ولاّتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا پێیـان ئەسـتەم نییـە لـە لـە ناسـاندنی خۆیـان بـە ئـەمریکی هەرچەندە ئەم وولاّتە پێکهاتەی دەیان ولاّتە. بە مانایەکی تر کێشەی نەتەوایەتی لێرەدا بەدی ناکرێت. لـە بەرامبـەردا دانیـشتوانی بـەلجیکا و ڕۆمانیـا بەئاشـکرا دابـەش بـوون بەسەر چەند هەڵوێستێکی دژ بەیەکی نەتەوایەتیدا، لەگەڵ ئەوەشـدا بـانگ دەکـرێن بـە بەلجیکی و ڕۆمانی. هاوولاّتیانی ولاّتێك مەرج نییـە خـاوەن ئێتنیکێکـی نەتـەوەیی بـن تەنانــەت بــە پێــی تیــۆری دویــچیش دانیــشتوان نەتــەوە پێــك نــاهێنن، چــونکە پەیوەندییەکانی مرۆیی ئەم کۆمەڵگایانـە نـەك هـەر لاوازە، بـەڵکو ویـست و بۆچـوون و ئامانجــەکانیش دژ بەیەکــە. لــەم ولاّتــانەدا تیــۆری دۆیــچ (ئەرکی functionalism) مانای خـۆی ون دەکـات. ناخۆشـترین پرسـیار، کـە ڕووبەڕووی مرۆڤانی سەر بە نەتـەوەی بـێ وولاّت دەبێتـەوە " خـەڵکی کوێیـت" خـەڵك ناسنامەی ولاّتی پـێ دەبەخـشێت نـەك نەتـەوە. ئاشـکرایە ناسـنامەی زۆربـەی ولاّتـان گرێدراوی زمانێکە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ولاّتەکە ڕاستەوخۆ ناوی زمانەکە هەڵنەگرێت.

دەوڵەت ، بە پێی زۆربەی پێناسەکان، ئۆرگانێکە کە دەسەلآت و سەرداریيەتی هەبێت بە سەر ناوچەیەکی دیاریکراودا، جا ئەم دەسەلآتە بە زۆرەملێ بێت یان بە ڕەزامەندی خەڵکی ناوچەکە یان بەهۆی هەردووکیانەوە. ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری دەسەلآت دەکەوێتە ژێر ڕکێفی چەند کەسانێك داروو دەزگایەك وە یان کۆمپانیاکان. زەقترین جۆری ئۆرگانەکان ئەوانەن، کە نوێنەری هەرێمە جیاکانی ئەو ناوچەیە دەکەن وەکو پارێزگاکان و کۆمونەکان بۆ نموونە ئەڵمانیا لە چەند هەرێمێکی یەکگرتوو پێکدێت و هەر هەرێمێك تا ڕادەیەکی بەرچاو دەسەلآتی بەڕێوەبردنی خۆی هەیە. سویسەرە لە چەند هەرێمێکی جیا پێکدێت و ڕێك کەوتوون کە دەسەلآتی خۆیان کەم بکەن لە قازانجی دەسەلآتێکی یەکگرتووی بەهێزی ناوەند.

دەستەواژەی دەوڵەت تۆزێك ئاڵۆزە بەتایبەتی لە کاتێکدا کە زۆر لە ولآتان بەشێك لە سەربەخۆیی خۆیان داوە بە ئۆرکانی تر. وولآتە فیدرالیەکان دەستەواژەی دەوڵەت ئاڵۆزتر دەکەن. پێوەرێکی ناجێگیر هەیە لە نێوان ئەوەی کە ولآتێك لە چەند بەشە ولآتێك پێکدێت وە چەندین وولآت هاوکاری یەکتربکەن. بە شێوەیەکی ڕەسمی دەکرێت ئەم پێوەرە یەکلا بکرێتەوە بەلآم لە پراکتیکدا ناکرێت دەستنیشانی ئاستەکانی ئازادییە ڕاستەقینەکانی ئەم پێوەرە بکرێت. لە سوید دەسەلآت ناوەندییە، بەلآم لە پراکتیکدا کۆمونەکان ئازادی تەواویان هەیە. لە سۆڤیەتی کۆن سیستەمێکی فرە ولآتی ناوچەیی، هەرێمی سەربەخۆ هەبوو، بەلآم لە ڕاستیدا دەسەلآتی ئەم ولآتانە لە گرووپێکی فرە نەتەوەیی هەڵپەڕکێ و سەما زیاتر نەبووە. لەم دواییەدا زۆربەی ولآتان سیستەمێکی نیمچە فیدڕالیان دامەزراندووە بۆ هەندێك ناوچە، کە ڕەگەز و زمانیان جودایە. هەڵبەتە ئەم ناوچانە جۆرە سەربەخۆییەکیشیان پێبەخشراوە، بۆ نموونە لە ساڵانەی دواییدا ئیسپانیا دەسەلآتی ناوەندی خۆی کەم کردەوە و سەربەخۆییەکی سنووردارکراویشی داوە بە هەرێمەکانی باسك، کەتالۆنیا، سەردینیا و ئاوستا.

٢. مەبەست:

ئەم نووسراوەیە توێژینەوەیەکی زمانەوانییە بە مەبەستی دانانی میکانیزمێکی پراکتیکانە بۆ ستانداردکردنی (یەکخستنی) زمانی کوردی. هەروەها بەکورتی باس لە

گرنگی پێشهاته ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکات لە بەدیهێنانی ئەم مەبەستە.

٣. زمان بەگشتی:

أ . گرنگی زمان:

زمان ئامرازی تێگەیشتنە لە نێوان مرۆڤاندا، بەهۆی زمان مرۆڤ لە خۆی و کۆمەڵگاکەی دەگات وەچارەسەری گەلێك کێشە دەکات لەوانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. زمان هەر وەك چۆن هۆکاری نزیکخستنەوەی کۆمەڵگاکانە، هەرئاواش ڕێگرێکە لە نێوانیاندا.

هەر وەك دەڵێن کاری سەرەکی زمان " نزکخستنەوەی هزرەکانە"، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا زمان چەندین کاری گرنگی تریش بەجێ دەگەیەنێت وەکو:

کاری گەیاندن: زمان بەکاردێت بۆ گەیاندنی زانیاری ، بیروڕاو کونترۆڵکردنی خووی کەسانی تر. لێرەدا باس لە زمان دەکرێت وەك ئامرازێکی گەیاندن، دەربڕین و دەرپەڕاندن.

أ. کاری ئامادەباشی هزری: زمان یارمەتی مرۆڤ دەدات لە تێگەیشتن و وەرگرتن و دامەزراندنی هەڵوێستەکان لە ژیاندا، هەروەها لە چارەسەرکردنی گرفت ، هۆشیاری، فەرمان و مامەڵەکردندا.

پ. کاری ئۆرگانیزەکردنیکۆمەڵ: زمان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پێوانەکردنی پەیوەندی توێژەکانی کۆمەڵ بەکاردێت وە سیمبولێکیشە بۆ دەستنیشانکردنی پلەی کۆمەڵایەتی کەسەکان بۆ نموونە " باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەمەن، پیشە، نەتەوە، ئاین، ڕەگەز.. هتد".

ت . کاری دەربڕینی هەستەکانە: بەهۆی زمان مرۆڤ حەز، خولیا، ویست و ئاواتەکانی دەردەبڕێت بۆ بەرامبەر و دەوروبەرەکەی، جا ئەم هەستانە باش بن یان خراپ، تایبەت بن یان گشتی.

ج. کاری تۆمارکردنی ڕاستیەکان: زمان بۆ پاراستنی زانیاری بەکاردێت بۆ نموونە زانیاری مێژوویی، زانستی، بازرگانی، دارایی، یاسایی... هتد. تۆمارکردنی خاڵی هەرە

گرنگی کاری زمانە چونکە زۆربەی زانیارییەکان دەپارێزرێت بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەی . شێوازی داڕشتن لە تۆمارکردندا سادەیە، ڕوونە و ناکەسایەتییە.

جگە لەو خاڵانەی سەرەوە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردن و پەرەپێدان و پاراستنی کەلتووری نەتەوایەتیدا.

ب. زمان و بیر:

نزیکایەتیەکی زۆر لە نێوان زمان وهزردا هەیە. ڕۆژانە چەندەها نیشانە بەدی دەکرێت، کە مرۆڤ بە هۆی زمانیەوە بیردەکاتەوە. بە پێچەوانەوە دۆخی واش بەدی دەکرێت، کە مرۆڤ یەکەم جار بیردەکاتەوە دواتر بەرگ دەکاتە بەر بیرکردنەوەکانی و لە ڕێگای ووشە و ڕستە دەریدەبڕێت. بە شێوەیەکی تر زمان ئامرازێکی سەرەکییە لە دەربڕینی هزردا. جۆرەها شێوەی بیرکردنەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموویان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە زمانەوە هەبێت. هیچ بەڵگەیەك نییە ئەو بسەلمێنێت کە زمان پەیوەندی لە دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤدا هەبێت لە کاردانەوەی بۆ بابەتێك یان ڕووداوێك. لێرەدا زمان بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەری ڕووداوەکە یان بابەتەکە بەکاردێت و دەربڕینی هەستەکە هیچ پەیوەندی بە زمانەوە نییە ! بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە بەڵگەی زۆر هەیە، بۆ نموونە زمان شتێکی بنەڕەتی نییە بۆ ئەوانەی کە خەریکی چالاکی هونەرین، یەکێك لەمانە ئاوازدانەرەکانن کە دەڵێن ئێمە" گوێمان" لە مۆسیك دەبێت پێش نووسینی. هەروەها ڕۆژانە جۆرەها فەنتازیا و خەیاڵ بێ بیرکردنەوە جێبەجی دەبێت. لەلایەکی ترەوە زمان لە داڕشتنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤدا گەلێك چالاکە. مرۆڤ بەهۆی زمانەوە بیردەکاتەوە لە گێڕانەوەی چیرۆکێك، چارەسەکردنی گرفتێك یان پلاندانانی کارێك بۆ نموونە بە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا پێش گوتنێك یان کردارێك. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە پێی دەوترێت بیرکردنەوی لۆجیکی چونکە هەردوو توخمی " دیدەکتیف و ئیندەکتیف"ی تێدایە [1].

---

(1) Deductive elements کاتێك گرفتێك یان هاوکێشەیەك چارەسەر دەکرێت بە پێی مەرجی پێدراو وەکو هاوکێشەی ژمێریاری .

Inductive elements: کاتێك گرفتێك ماملەوە چارەسەردەکرێت بە پێی زانیاری زانراو وەکو شوێنێکی کار لە کۆمپانیایەك.

زمـان بـۆ ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەانـە گرنگـە چـونکە یارمەتیـدەرێکی سـەرەکییە لـە ئۆرگانیزەکردن و پێشکەشکردنی ئەوەی مرۆڤ بیری لێکردۆتەوە، کە بیلێت.

ئاشـکرا نییـە تـاکو چـەند زمـان خـۆی لـە چـۆنیەتی داڕشـتنی بیرکردنـەوەکانی مـرۆڤ و تێگەیشتنی لە ڕاستیەکانی ژیاندا هەڵدەقورتێنێ . بەشێوەیەکی گشتی هەموو زمانـەکان هەمان سترەکتوریان هەیە، هەمان توانایان هەیە لە دابینکردنی پێویستی و ئەرکەکانـدا. کاراکتـەری زمـانی مـرۆڤ تـاکو ڕادەیـەکی زۆر بایۆلۆژیانـە داڕێـژراوە. پێکهاتـەی زمـان بریتییە لە دەنگ و وشە و ڕێزمان. جیاوازییەکانی نێوان یەکـەکانی پێکهاتـەی زمانـەکان مانـای بیرکردنـەوە و زیرەکـی جیـاواز نابەخـشێت. منـداڵ بـە گـشتی هـەمان مـاوەی دیاریکراوی دەوێت بـۆ فێربـوونی زمـانی زگمـاکی بـەبێ ڕەچـاوکردنی جـۆری زمـان. بـە کورتی هەڵگرانی بیروباوەڕی گەردوونییەکان **universalistic** دەڵـێن زمـان هـیچ ڕۆڵێکی نییە لە چـۆنیەتی بیرکردنـەوە و تێگەیـشتنی مـرۆڤ لـە ڕاسـتییەکانی ژیانـدا، وە ئەوان پێیان وایە کە هەموو زمانەکان خاوەن هەمان بنـەمای یەکـسانن. بـە پێـچەوانەوە گریمانەیەکی تر هەیە لەلایەن ڕێژەییەکانەوە **relativism** کـە دەڵێـت بیرکردنـەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە زمانەوە. بە پێی بۆچونەکانیان هـەر زمانێك کاراکتەری سیفات و نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە زمـانێکی تـر جیـای دەکاتـەوە. لێـرەدا زیـاتر مەبەسـت لـە یەکـەکانی پێهاتـەی زمانـە، بـۆ نموونـە جیـاوازی نێـوان دیالێکتـەکانی زمانێك جـوانترین نموونـەن. نموونەیـەکی بەرچـاوی تـری هـەڵگرانی ئـەم بۆچوونە ئەوەیە کـە گەشەسـەندنی تواناکـانی کۆگنـاتیفی **congnitive abilities** منداڵ دەبەستنەوە بەو زمانەی کە فێری دەبێت [٢] .

بـەکورتی دەکرێـت بگوترێـت بیرکردنـەوەی مـرۆڤ و شـێوازی بـەکارهێنانی زمـانی تـا ڕادەیـەکی زۆر بەنـدە بـەو ژینگەیـەی کـە تێیـدا دەژی، بـە شـێوەیەکی تـر بەنـدە بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەکانی کۆمـەڵگا. کاتێـك نەتەوەیـەك زمـانێکی یەکگرتووی ئاخاوتنی نەبێت، پەیوەندییـە کۆمەڵاییـەتی و بەرژەوەندییـە ناوچـەییەکانی جیاواز بێت کەواتە بیرکردنەوەشیان جیاواز دەبێت.

---

[٢] Cognitive ability : لە سایکۆلۆجی، پەیوەستە بە توانای پرۆسەکانی ژیریی تێگەیشتنەوە.

٤. گۆڕانکاری لە زماندا:

أ. زمان گۆڕینەوە:

لە جیهاندا خەڵکێکی زۆر بە پێی جیاوازی زمانیان شان بەشانی یەکتر دەژین. لە زۆربەی دۆخەکاندا سیستەمە(سیاسی ـ کارگێڕی ـ ڕامیاریە- بەڕێوەبەرایەتیەکە ئەم خەڵکانەی لە یەك کۆکردۆتەوە، جیاکردۆتەوە یان خەڵکێکی یەك زمانی دابڕاندووە بۆ چەند بەشێك. بە شێوەیەکی تر، چەند خەڵکێکی زمان جیاوازی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا کۆکردۆتەوە یان کۆمەڵێك کە خاوەنی یەك زمانە بەسەر چەند وڵاتیکدا دابەش کردووە. هۆکارەکانی یەکخستن و پەرتبوونی کۆمەڵگاکان مێژوویە ، بۆ نموونە کوردستان بە درێژایی مێژوو پەرت دەکرێت و جۆرەها زمان و کلتووری بێگانە بە سەردا دەسەپێنرێت و زمانی کوردی کە زمانی ڕەسەنی دانیشتوانەکەیە هەرگیز بە شێوەیەکی ڕەسمی پێناسە نەکراوە.

لەباری کونتاکتی زمانی لەم چەشنەدا **language contact situation** زۆر جار بە دوای چەند نەوەیەکدا کۆمەڵێك خەڵك کۆتایی بە بەکارهێنانی زمانیان دێنن و دەبن بە هەڵگری زمانی خەڵکێکی تر. ئەم حاڵەتە پێی دەگوترێت زمان گۆڕینەوە **language change** وەك ئەوەی بەسەر خەڵکی گالیکدا **Gaelic** هاتووە لە باکوور و ڕۆژئاوای بەریتانیای گەورەدا. زمان گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت تاکو هەست بە مەترسی لە ناوچوونی نەکرێت لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە. زۆر جار هەوڵدان بۆ پاریزگاریکردن و مانەوەی زمانێك بێ هودەیە چونکە ئەو زمانە چیتر ناتوانێت پێویستە زمانییەکانی بەکارهێنەرانی دابین بکات بۆیە خەڵك ناچار دەبێت ببێت بە هەڵگری زمانێکی تر.

زمان گۆڕینەوە لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و جیهانەوە دیاردەیەکی سروشتیە. وازهێنان لە زمانێك وە تواندنەوەی لە بۆدەقەی زمانێکی تردا هەبوو و هەر دەبێت، بۆ نموونە لەم سێ سەدساڵەی دووایی‌دا دەیەها زمان لەناوچوون بەهۆی‌کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیەکانەوە. لە ناوچوونی زمانێك تەنها مانای زیان نییە بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەمە زیانێکە بۆ سەرجەم شارستانیەت، کە پێکهاتەکەی فرە زمانییە. جگە لەوەش هەر زمانێك هەڵگری کلتوورێکی ، فەلسەفەیەکی وە شێوازی ژیانێکی دیاریکراوە.

هۆکارەکانی مردنی زمانێك یان دیالێکتێك دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، دیمۆگرافی کۆمەڵگا. گۆڕینی هەیکەلی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و خێڵەکی بەیەکێکی تری نوێی پیشەسازی یان نیمچە پیشەسازی دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری گەورە لە زمان و کلتووردا چونکە خەڵك لە گەلێك ناوچەی جیاوازەوە تێکەڵاو دەبێت. لەپاڵ ئەمەشدا دامەزراوەی نوێ و کارگەو دەزگاکانی بەڕێوەبردن و ماس مێدیا و پرۆسەی فراوانبوون و گەشەسەندن برەو دەدات بە زیادکردنی جووڵەی کۆمەڵایەتی و تێکەل بوونی دانیشتوان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی وڵات و توێژەکانی کۆمەڵ، بۆ نموونە بە هۆی ژن هێنانەوە. ئەمانە هۆکاری گرنگن لە لاوازکردنی دیالێکتەکان وە بەهێزکردنی یەك زمانی وڵات. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، زمانی زۆرینە زیاتر بەکادێت وە تاکو دێت زمانی کەمینە لاوازتر دەبێت بەوەی کەمترو کەمتر بەکاردێت. ئەم بارە لە زۆر لای جیهان ڕوویداوە و مردنی گەلێك زمانی بە خۆوە دیوە، چونکە خەڵك ناچار دەبێت لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بژێوی خۆی پەیدا بکات وە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری بۆ ناهێڵرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە هەرچەند بە ڕواڵەت وا دیارە سروشتییە بەڵام هەمیشە ڕامیارییەکی داڕێژکراوی وڵاتی زمانی باڵادەستی لە پشتە بۆ تواندنەوەی دیالێکتەکان/ کەمینەکان.

بەکارهێنانی زمانی کەمینە هەمیشە سنووردارە بە بەراورد لە گەڵ زمانی زۆرینە، چونکە زمانی کەمینە لە سیستەمی ڕامیاری، دەزگا و فەرمانگاکان و خوێندندا بەکارنایەت، بەڵکو تەنها لە حاڵەتی نارەسمی وەکو هێمایەك بۆ ئەمەك و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بەکاردێت. ئەمە وا دەکات کە کەمینە هەرچی دۆمینی کارکردنی زمانی باڵادەست هەیە بزانێت وە بەکاربهێنێت کە هەڵبەتە لە زمانەکەی خۆیدا نییە یان پێی نازانێت. جگە لەوەش بارە ئابووریە کۆمەڵایەتییەکە مرۆکان ناچار دەکات کە دووزمان بن بۆ ئەوەی چالاك بن لە ژیاندا بۆ نموونە بۆ دەستکەوتنی کارو پیشە. دوو زمان زانی(دوو زمانە) بە قۆناغی یەکەم دەژمێررێت لە پرۆسەی زمان لە دەستدان، لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قسەکەرانی زمانی کەمینە وە ئەمەش واتای مردنی زمان یان زمان گۆڕینەوە دەدات.

وازهێنان یان تواندنەوەی زمانێك بە تێكەڵبوونی كەمینە لەگەڵ زۆرینە دەست پێدەكات كاتێك كەمینەبە خۆشی بێت یان ناخۆشی لە هەموو پرسیارەكانی كۆمەڵدا چالاكانە رۆڵ دەبینێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر كەمینەیەك نەیویست چالاك یان هەڵسووڕاو بێت لە كۆمەڵدا و خۆی دووەرپەرێز گرت یان دووره پەرێزیان كرد ئەوا گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و هۆشیاری فەرهەنگی كەمتر تێیدا ڕوودەدات و لەلایەن زۆرینەوە خەڵكەكەی بە تەمەڵ و دواكەوتوو ئاست نزم ناوزەد دەكرێت.

زمانی باڵا دەست لە عێراقدا عەرەبییە وە كورد زمانێكی **standard** یەكگرتووی نییە تاكو پێویستییەكانی زمانی مرۆڤی كورد دەستەبەر بكات. لە عێراقدا هەم كورد ناچارە زمانی عەرەبی بەكاربهێنێت وە هەم عەرەب بەرنامەی داڕێژكراوی تەعریبی هەیە هاوكات لەگەڵ بەرنامەكانی ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدان.

ب. زمان ودیالێكت.

پێناسەیەكی گشتی بۆ دەستنیشان كردن یان جیاكردنەوەی دیالێكت لە زمان نییە، بەڵام ئەگەر كۆنتاكتی پێوەرێك بێت بۆ لە یەك گەیشتن وە كۆنتاكتی زمان بۆ ناتێگەیشتن ئەوا زۆر زەحمەتە هێڵێك لە نێوان هەردووكیاندا بكێشرێت. لە هەندێك شوێندا زاراوە جیاجیاكانی زمانێك بە دیالێكت دادەنرێت ئەگەرچی هیچ جۆرە تێگەیشتنێكیش ڕوونادات بۆ نموونە لە نێوان دوو كەس لە چین، ئەگەر یەكێكیان لە پەكینی پایتەخت بێت وە ئەوی تریشیان لە شاری گەورەی شەنگەهای . هەردوو زاراوەكە بە دیالێكت دەژمێرێت لە هەمان سیستەمی زماندا، چونكە هەردووكیان هەمان ڕێنووسیان هەیە و سەر بەهەمان سیستەمی ڕامیاری و بەڕێوەبەرایەتین لەلایەكی ترەوە زمانی پورتگالی و ئیسپانی لە لایەك و زمانی سویدی و نەرویجی لە لایەكی تر بە دوو زمانی جیاواز دادەنرێت هەرچەندە قسەكەرانی ئەم دوو زمانە " هەریەك لە لایەك" لە یەكتر تێ دەگەن. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نموونە سوید و نەرویج دوو وڵاتی جیاوازن و دوو ڕێنووسی جیاوازیان هەیە.

بەكورتی زمان لە دیالێكت جیادەكرێتەوە بەهۆی ئەوەی زمان لەلایەن هەموو خەڵكەوە بەكاردێت، دیسان زمان ڕێنووسێكی ستانداردی هەیە. ڕێزمانی هەیە و بەكاردێت لە فێرگەو دامەزراوەكان و ماس مێدیا و.. هتد. لەبەرامبەردا دیالێكتەكان لەلایەن خەڵكێكی كەمتر

پـەرەوازە و دوورەپــەرێز بــەکاردێت. لــە هــەموو گــرنگتر دیالێکــت " بەرهــەمێکی" سروشــتی ناوچەیەکی دیاریکراوە، بەڵام زمان " بەرهەمێکی" دەستکرد و پلان دارێژراوە (دەکرێت بگوترێ کـۆکراوەی هـەموو دیالێکتەکانـە) و ئاراسـتەی هـەموو ناوچـەکانی وواڵت دەکرێـت و ئامـانجی رامیاری لە پشتە، بۆ نموونە زمانی X لە چوار دیالێکت پێك دێت (بڕوانە سکێچی ١).



D C B A

سکێچی ١ زمانی X

زمـانی X لـە چـوار دیالێکـت پێـك دێـت. ئاسـتی تێگەیـشتن لـە نێـوان قـسەکەرانی دیالێکتی A وB و B و C وە C و D بۆ هەموو دیالێکتەکان باشە.

ت. مرۆڤی دوو زمانەو کەسایەتی:

دەستەواژەی دووزمانە بەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەبێت کـە بتـوانن دوو زمـان قـسە بکەن لە ئاستی کەسێك بۆ زمانی زگماك. ئەم پێناسەیە کەم کـەس دەگرێتـەوە چـونکە نزیکەی هەمیشە کەسانی دوو زمانە جۆرە دابەشکردنێکی زمانیـان هەیـە لـە ئەرکـەکانی گوتاردا، بۆ نموونە گوتارەکان لە بابەتێکدا سروشـتییانە دادەرێـژرێن لـە زمـانی یەکـەم تاکو دووەم. بەم شێوەیە دەکرێت بگوترێـت ئاسـتی توانـای زمـان دەگۆرێـت لـە نێـوان هەردوو زماندا.

لە بارەی ئاستی توانای دوو زمانی جۆرەها بۆچوون هەیە. نەخشەی خـوارەوە کورتـەی نیشاندانێکی چوار ئاستە، هەریەکەو خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە:

خەسڵەت	زمانی دایک ئەو زمانەیە که مرۆڤ	ئەو کەسە دوو زمانە کە
a. سەرچاوە	فێری بووە	a.لەمنداڵییەوە فێری دووزمانی بووە لە خێزانێکی دوو زمانە. b. لە منداڵییەوە دوو زمانی بەکارهێناوە بۆ پەیوەندی کردن.
b. توانای شارەزایی ئامادەباشی	باشترین توانای هەیە	a. توانای دوو زمانی هەیە بە تەواوی. b توانای دوو زمانی هەیە هەر وەك زمانی زگماك. c توانای دوو زمانی هەیە هەر وەك یەك. d. توانای بەرهەم هێنان و دەربڕینی مانای تەواوی هەیە لە زمانی دووەمدا. e. بەلایەنی کەمەوە زانیاری و توانای هەیە لەسەر پێکهاتەی ڕێزمانی زمانی دووەمدا. f. کۆنتاکتی پەیدا کردووە لەگەڵ زمانی دووەمدا.
c. ئەرکەکانی زمان بەکارهێنان	زۆر بەکاری دەهێنێت	دوو زمان بەکار دەهێنێت (یان دەکرێت بەکاری بهێنێت) لە زۆربەی دۆخەکاندا (بەپێی ئارەزووی خۆی یان ویستی کۆمەڵەکەی).
d. هەڵوێست و بۆچوون ناساندن و ناسان	a. خۆی پێ دەناسێنێت. b. لە لایەن کەسانی ترەوە وەکو قسەکەرێکی زگماك دەناسرێت.	a. خۆی پێناسە دەکات وەکو دووزمانە، وەکو خاوەنی دوو زمان یان دوو کەلتوور. b. پێناسەی دەکرێت لە لایەن کەسانی ترەوە وەکو کەسێکی لەدایکبووی دوو زمانی زگماك.

نەخشەی ١

ئاستی توانای مرۆڤی دوو زمانە

بـەپێی خەسـڵەتی سەرچـاوەیی ئـەو کەسـەی دوو زمـانی بـەکارهێناوە لـە سـەرەتای منداڵییەوە دوو زمانەیـە. بـەپێی خەسـڵەتی شـارەزایی، ئاسـتی توانـای دوو زمـان پێـوەرە بـۆ کەسێکی دوو زمانە. لەم خاڵـەدا پسپۆرانی زمـان ڕێـك نەکـەوتوون لەسـەر چـۆنیەتی دەسـت نیشانکردنی خەسڵەتی شارەزایی، بەڵام بە کورتی دەڵێن" دوو زمان ئەو کەسەیە کە جگـە لـە زمانی زگماك، بەلایەنی کەمەوە لە کاتی گفتوگۆدا توانـای بـشکێت بەسـەر زمـانی دووەمـدا، هەڵبەتە لەگەڵ جۆرە تەتەڵەیەکـدا". خەسـڵەتی سـێیەم ــــ خەسـڵەتی ئـەرکی زمانـەوانی ــــ ئەوەیە، کە چۆن کەسێك بتوانێت هەریەك لە زمانی یەکەم و دووەم لە جۆرەها دۆخدا بـەپێی پێویست بەکاربهێنێت. خەسڵەتی چوارەم ـ خەسـڵەتی بۆچـوون و هەڵوێـست ـ ئەوەیـە کـە کەسێك خۆی یان لە لایەن کەسانی ترەوە بە دوو زمـان (خـاوەنی گوتـاری دووزمـان) پێناسـە بکرێت.

بەشێکی زۆری دێباتی ڕەسمی لەسەر دوو زمانی بـاس لـە باشـی و خراپـی دەکـات. ئاشکرایە زۆربەی خـەڵکی لەسـەر ئـەوە ڕێـك کـەوتوون، کـە تـاکو مـرۆڤ زمـانێکی زیـاتر بزانێـت هـەلی باشـتری دەسـت دەکـەوێت لـە بەشـداری کردنـی جۆرەهـا کلتـور و هـزر و چالاکی جیهانیدا. هەڵبەتە ئەمە شتێکی باشە و ولاتان پارە و کاتێکی زۆر دەبەخشن بۆ ئـەوەی ڕۆڵـەکانیان فێـری زمـانی بێگانـە بکـەن. خاڵـە باشـەکانی مرۆڤـی دوو زمانـە بیرکردنـــەوەی هەمەلایەنانەیـــە – **diverse thinking** –، نـــەرمی هزریـــە – **cognitive flexibility** ـ. مەبەست لە بیرکردنەوەی هەمەلایەنانە توانـای بینینـی گرفتە لە زۆر لای جیاواز و نادیارەوە، واتـە دۆزینـەوە و داهێنـانی چارەسـەری نـامۆ بـۆ گرفتوکـان نـەرمی هزریـە بـە گشتی پەیوەسـتە بـە خولقانـدنی زیرەکـی بزێوانـە. جگـە لەوەش مرۆڤ هەڵوێستێکی کراوە و نەرمی دەبێـت بەرامبـەر بـە زمانـەکانی تـر. سـیفاتە خراپەکانی کاردادنەوەی دوو زمانی لەسەر کەسایەتی مرۆڤ زیـان گەیاندنـە بـە هەسـت و سۆزی مرۆڤ و توانای ژیری. خۆ ئەگەر زمانی دووەم زمانی نەتەوەیـەکی داگیرکـەر بێـت بە زۆر سەپێندرابێت بەسەر خـەڵکانێکی ــ نەتەوەیـەکی ـ تـردا ئـەوا زیانـەکانی قـووڵتر دەبێت و ڕۆڵی دەبیچت لە تێکشکانی کەسایەتی مرۆڤدا و بەوەی دەروونی مـرۆڤ ئـازاری

پێدەگات و هەمیشە هەست بە بچووکی و ملکەچی و زۆرداری نەتەوەی سەردەست دەکات.

٥. زمانی ڕەسمی، زمانی نەتەوەیی، زمانی ستاندارد

زمان دەکرێت لە کۆمەڵگادا جۆرەها ئەرکی "function" هەبێت. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەرکەکانی و سیفەتەکانی زماندا هەیە. زمان دەبێت بە زمانی ڕەسمە ئەگەر خاوەنی پلەیەکی بەرزی ستاندارد بێت لە گفتوگۆ و نووسین و هەموو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی ڕامیاری ، بەڕێوەبردن و فێرگەییدا. هەروەها دەبێت شێوازی ستاندارد لە لایەن زۆرینەی ڕۆشنبیران و خوێندەواران زانراو و پەیڤکراو بێت.

بۆ ئەوەی زمان وەکو زمانێکی نەتەوەیی بەکاربێت، مەرج نییە قسەکەرانی زمانەکە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆبن، دەبێت زمانەکە لەلایەن ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوان پەیڤ بکرێت و لە ئاڵوگۆڕ و دەمەتەقێی ڕۆژانەدا بەکاربهێنرێت. دیسان دەبێت زمانەکە وەکو سیمبوولێکی ئێتنیکی یان پێناسەی نەتەوەیی بەرجەستە بووبێت لە هەمان کاتدا دەبێت زمانەکە بوونی ئاستێکی بەرزی ستانداردی تیدابێت وەکو زمانێکی (ڕاستەقینە) سەیر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی دەرخات وەکو هەڵگری هەموو بنەماکانی زمانی ڕەسمی لە وڵاتێك یا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی. لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان هەردوو دەستەواژەی زمانی نەتەوەیی یان ڕەسمی. لە پراکتیکدا وڵات زمانی ڕەسمی هەیە بەڵام نەتەوەکە مەرج نییە خاوەنی وڵات بێت، دەکرێت خاوەنی زمانی نەتەوەیی بێت.

زمان دەبێت ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و ستانداردی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە زمانی وانە وتنەوە و ئامرازێك بێت بۆ گوتنەوەی زمانی زگماك لە فێرگە و دەزگاکانی تری خوێندندا. هەڵبەتە دەبێت پەرتووك و کەرەستەی مۆدێرن و پێشکەوتوو فەراهەم کرابێت لە ئەنجامدانی چالاکییە زمانیەکاندا.

زمانی ستاندارد وەك دیالێکتەکانن خۆڕسك نییە، بەڵکو دەستکرد و بەبەرهەمهێنراو و گەشەپێدراوە " یان بەرهەم دێت و گەشەی پێ دەدرێت" لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دیاریکراودا بۆ گەیشتن بە مەبەست و ویستی خوازراودا. زمانی ڕەسمی یان ستاندراد لە ئەنجامی پلان دانانی شارزایانی نەتەوەیەك یان ئێتنیکێکی دیاریکراو پەیدا دەبێت. پیتەکان، وشەسازی و فەرهەنگی ووشە بە گوێرەی داخوازی و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی ڕێزمان و بانکی وشەوە دادەنرێت. زمانی ستاندری زۆربەی نەتەوەکان پلان دارێژراوە و هەمیشە خزمەت دەکرێت لە لایەن ئۆرگانە ڕامیارییەکانەوە، وەکو ئەکادیمیای زمان.

جگە لەسوودە ئاشکراکانی پراکتیزەکردنی زمانی گەشەکردووی ستاندراد، زمانی ستاندارد ئەرکی گرنگ دەبینێت لە خزمەتکردنی یەك دانیشتوانی بە تایبەتی لە هێنانە دی یەك وتاری هاوبەش کە بە پێویستییەکی ژیانی دادەنرێت بۆ نەتەوەکان. زمانی ستاندارد " ئەو زمانە پاکە" زیاتر بە مێژووی خەڵکەکەوە گرێدراوە بە تایبەتی ئەو نەتەوە یان وڵاتانەی کە خۆیان بە خاوەنی مێژوویەکی کۆن دەزانن. بەهای سیمبۆلی زمان لە یەکخستنی قسەکەران و دەست نیشانکردنی سەربەخۆیی و جیاوازییان لە لە بەرامبەر وڵات و نەتەوەکانی تر دایە.

زمانی ستاندارد دوای چەند هەنگاوێکی یەك لە دوای یەك دروست دەبێت هاوگن (Christopher Stroud ,p44 kenneth hyltenstam)Haugen پێشنیاری چوار توخمی سەرەکی دەکات بۆ بەدیهێنانی زمانی ستاندارد: هەڵبژاردن selection، کۆددانان codifiction

ئەرکەکانی تاقیگەیی the fuction of laboring و ڕازی بوون accepting. لە توخمی هەڵبژاردندا دیالێکتێك یان چەند دیالێکتێك هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی ببێت بە بنچینە بۆ زمانی ستاندارد. ئەم هەڵبژاردنە پشت بە هەڵوێستی ڕامیارانە دەبەستێت زۆر جار لە هەڵسەنگاندنی زمانەوانی دوورە.

کۆددانان - ستانداردکردن - واتە چۆنیەتی قاڵب وەرگرتنی فۆرمی نووسین لە زمانی ستانداردا

(ڕێزمان، بانکی وشە و ڕێنووس). دوای ماوەیەك زمانی ستاندارد دەبێت بە نۆرمێکی ئاسایی نووسین و قسەکردن. هەڵبەتە نووسینی ستاندارد دەبێت بە پارێزراو **conservative** بە بەراورد لەگەڵ قسەکردنی ستاندارد، چونکە قسەکردن زیاتر لە نووسین ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. گۆڕانکاری لە نووسینی ستانداردا پەیدا دەبێت ئەگەر بەکارهێنانی (نووسەران) نووسینەکانیان بە پێی گۆڕانکارییەکانی قسەکردن بگۆڕن.

مەبەست لە ئەرکەکانی تاقیگەیی پەیوەندی زمانی ستانداردە بە بواری بەکارهێنانەوە کە بۆ یەکەم جار لە دەزگا ڕسمییەکاندا (پەرلەمان، دادگاکان، خوێندنگاکان، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەو .. هتد) جێبەجێ دەکرێت. بۆ ئەوەی زمانی ستاندارد لەگەڵ داواکاری هەموو بوارەکاندا بگونجێت پێویستە بانکی وشە گەشەی پێبدرێت بۆ بەرجەستەکردنی مانای نوێ، بۆ نموونە لە بوارەکانی زانستی و بەڕێوەبەرایەتیدا، وەك دەڵێن نوێ خوازی **modernizition** وە هەروەها زیاتر کردنی نەرمونیانی زمانی ستاندارد.

بەهای زمانی ستاندارد پشت بەوە دەبەستێت کە تا چەند قسەکەران پێی ڕازین یان ڕازی دەکرێن. توانای قسەکەران لە بەکارهێنانی زمانی ستانداردیش بەندە بە دابینکردنی پێویستیەکانی خوێندنەوە. هەڵبەتە مسۆگەرکردنی چەند ساڵێکی خوێندن بەردی بناغەی ئەم پرۆسەیە دەبێت. لێرەدا ناکرێت ڕۆڵی ماس مێدیا و ڕیکلام و چالاکییە هونەری و گەیاندن و بازرگانییەکان فەرامۆش بکرێت.
وا دەردەکەوێت کە جیاوازی نێوان زمانی ستاندارد و دیالێکتەکان دیکۆتۆمی بێت [٣] . لە ڕاستیدا زمانی ستاندارد دەکرێت جۆرەها شێوەی دووری پەرەسەندن وەربگرێت،

---

[٣] dichotomy جیاکردنەوەی دوو گرووپ یان دوو شت کە تەواو پێچەوانە و جیان لە یەکتر.

بۆیە ماوەی هەنگاوەکانی ئاڵوگۆڕ لە دیالێکتەکان بۆ ستاندارد کۆنتنیۆمە [٤] . کلۆس/ فاسۆڵد klos & fsold

(سەرچاوەی پێشوو، لا 45) پێنج پلەیان داناوە لە پرۆسەی ستانداریز کردنی زماندا:

١. زمانی تەواو پەرەسەندووی ستاندارد: لەم قۆناغەدا لە سەر ئاستی زتنکۆکان زانیاری نوێ ئاڵوگۆڕ دەکرێت. زمانی ستاندارد زمانی ڕەسمی وڵاتە.

٢. زمانی ستاندارد لە گرووپی (نەتەوەیەکی) کەمدا: ئەگەرچی لەم قۆناغەدا زمانی ستاندارد لەمێژە هەیە، بەڵام وتاری هاوبەش زۆر کەمە و ناتوانێ زۆربەی بوارەکانی ژیان بگرێتەوە.

٣. زمانی ستانداردی گەنج: لەم قۆناغەدا زمان دەست بە کۆدکردنی دەکرێت. ئەرکەکانی تاقیگەیی هێشتا لە سەرەتادایە. زمانی ستاندارد دەکرێت بۆ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بەکار بهێنرێت بەڵام نەك بۆ قۆناغی بەرزتر.

٤. زمانێکی ناستاندارد لە گەڵ ئورتۆگرافی: سیستەمی نووسینی هەیە بەڵام یاساکانی ئەم سیستەمە دانەڕێژراون لە کتێبەکانی خوێندنی زماندا.

٥. زمانی پێش نووسینی هونەری: زمانێك کە هێشتا پرۆسەی پەرەسەندنی زمانی ستانداردی بە خۆوە نەدیوە.

هەموو ئەو خاڵانەی (پلە) سەرەوە لە کەمینە زمانەکانی جیهاندا دەبینرێت، هەر چەندە پلەکانی ٢ تاکو ٥ ئاسایی ترینیانە (ئەم بۆچوونە زمانی کوردیش دەگرێتەوە).

٦. ئێتنیك Ethnic و نەتەوە Nation

لە زۆربەی فۆرمێلەکردنەکاندا کاتێك باس لە پاراستنی زمان دەکرێت گرووپی کەمینە و ئێتنیکی بەرامبەر یەك دەکرێن، هەرچەند ئێتنیك دەکرێت زۆرینە بێت و خاوەنی وڵاتی

[٤] continuum زنجیرەیەك نایتمی " بابەت" لەیەکچوو بە شێوەیەك کە نایتمی یەکەم لە دووەم دەچێت وە دووەم لە سێیەم دەچێت تاکو ئەوەی دواهەمین نایتم زۆر جیاواز دەبێت لە یەکەم.

سەربەخۆی خۆی بێت. هۆکارەکانی ئـەم بەرامبەرکردنـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە کەمینە لە زۆرینە هۆی زیاتری هەیە بۆنیشاندانی خەسڵەتەکانی ئێتنیکی.

پێناسەیەکی گشتی بۆ ئێتنیك بریتییە لە " هەستی هاوهەمەهەنگی لەگەڵ گرووپێك کە بنچینەکەی خەسڵەتی هاوبەشە وەکـو زمـان ، ئـایین، ڕەگـەز ". خـاڵی نێوەنـدی ئـەم پێناسـەیە بریتییـە لـە هەسـتە خـودی و دەروونـی کۆمەڵایـەتی هاوبەشـە وەکـو پێویـستییەکی یەکلاکـەرەوەی ئێتنیکـی. نیـشانە بابەتییـەکانی ئێتنیکـی وەکـو کارەکتەرەکانی کولتووری کۆمەڵایەتی، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە چەند خـاڵێکی گـرنگ بدرێت:

١. سەرچاوەیەکی هاوبەش .
٢. ناوچەیەکی دیاریکراوی هاوبەش.
٣. کولتوورێکی هاوبەش.
٤. ئایین، باوەڕێکی هاوبەش.
٥. زمان.
٦. بەتەنگەوەبوون، ئەمەك و شۆفینزم.
٧. فۆرمی خێزان دروستکردن ، بونیادی خێزانی.
٨. ژنهێنان لە چوارچێوەی گرووپێکدا endogamy.

نەتەوە و ئێتنیك گەلێك خاڵ کۆیان دەکاتەوە، بـەڵام دەکرێـت بـە نەتـەوە بگوترێـت " ئێتنیکێکی هۆشیار" ، " ڕێکخستنێکی هاوئاهەنگی ئیتنۆکـەلتوور " یـان" ئێتنیکیکـی ناڕازی کە داخوازی جیابوونەوە دەکات ". هەر چۆنێك بێت چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە بۆ پێناسەکردنی نەتـەوەیی **nationalism** , بـەپێی پاوڵـستۆن **Paulston** (سەرچاوەی پێشوو، ل 26) بریتییە لە :

١. هەستکردن بە یەکبوونێکی گرووپی بەهێز.
٢. هەوڵدان بۆ مافی خۆبەڕێوەبردن.
٣. بوونی یان هەوڵدان بۆ بوونی هەرێمێك.

٤. هەرەشەیەكی هەستپێكراو لە لایەن گرووپێك یان چەند گرووپێكی ترەوە.
٥. خاوەن پێشرەوانێكی بەرز و خوێندەوارو بەهێزە.

خاڵێكی جیاوازی تری نێوان نەتەوە و ئێتنیك ئەوەیە كە نەتەوە نەك هەر داوای یەكسانی دەكات لەگەڵ نەتەوەكانی تر بەڵكو هەوڵ دەدات مەرجەكانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت.

لە ڕوانگەیەكی مێژووییەوە ئاشكرایە كە سێ كوچكەی ئایدۆلۆجی نەتەوەیی بریتییە لە یەك زمان و یەك وڵات. ئەم ئایدۆلۆژییە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵداوە و زۆربەی نەتەوەكانی جیهان ئەم قۆناغەیان لە مێژە بڕیوە. كورد نە یەك وڵاتی هەیە، نە یەك زمانی (ستاندارد) هەیە وە تیۆری خەڵكەكەی یەك هزری نەتەوەیی هەیە بەڵام بە كردەوە هزری خێڵەكی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرییەتی سەلماندووە.

٧. وێنەیەكی گشتی
أ. زمانی كوردی:

زمانی كوردی سەر بە كۆمەڵەی زمانە ئێرانییەكانە لە چوار دیالێكتی سەرەكی پێكدێت " كرمانجی باكوور، كرمانجی ناوەڕاست، كرمانجی خواروو و گۆرانی (فواد حمە خورشید،1985، لا 40). هەر دیالێكتێك پێكهاتەی چەند زاراوەیەكی بچووكی ناوچەییە. ئاستی تێگەیشتنی نێوان قسەكەرانی دیالێكتەكان بۆ یەكتر دەگەڕێتەوە بۆ نزیكی جوگرافی، ئاڵوگۆڕی ئابووری و هونەری و وێژەیی و هەروەها ڕادەی هۆشیاری و پلەی خوێندن و ویستی قسەكەران و دۆخی كات و شوێنەكە وەك هەر زمانێكی تر لە جیهاندا.

ڕاستییەكی ئاشكرا ئەوەیە كە تاكو ئێستا " سەرەڕای هەموو شۆڕش و ئاڵوگۆڕەكان" ئاستی تێگەیشتنی نێوان قسەكەرانی دیالێكتەكانی كوردی لە یەكتری كەمە " لێرەدا

باس له زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد ناکەم چونکە نییە". هۆکارەکانی ئەم کەم یان ناتێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆ لەوانە مێژوویی وەك شەڕ و دوژمنایەتی ناوخۆیی، دامەزراوەیی (administration)

وەك نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی کوردی، ئایینی وەك بوونی شیعە، سونی، عەلەوییی، یەزیدی، و کاکەی، ناهۆشیاری وەك گوندەیی و کەل لەرەقی لە ئەنجامی نەزانی، تاکەکەسی وەك نەبوونی داو و دەزگاو کۆمەڵە کە بە کردەوە نوێنەری توێژە جیا جیاکانی جەماوەر بێت، دەروونی وەك دڵپیسی و قین و باوەڕ بە یەك نەبوون، کلتووری باڵادەستی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان و ..هتد. لە پاڵ ئەمانەدا نەخوێندەواری، هەژاری، نەبوونی یان کەمی ڕێگا و بان و ئامرازی هاتوچۆ، دابڕانی کورد لە یەکتر بە پێی یاسا و بڕیاری پلاندانراوی مەبەستدارانە. ئەمانە هۆکاری ڕیشە داکوتراون لە کۆمەڵگای کوردیدا و نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان درێغی ناکەن و نەیان کردووە لە ڕژاندنی تۆویی براکوژی و دووره پەرێزەکردن ودابەشکردن و سووککردنی مرۆڤی کورد بە دەستی کورد بە مەبەستی کوشتنی ڕوحی هاوکاری و یەکسانی و خۆشەویستی لە کۆمەڵی کوردەوارییدا. لە بەرامبەردا کورد پلانێکی نەخشە بۆ کێشراوی ڕوون و دیاریکراوی نییە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم پلانە دوژمنکارانە بەوەی کە لە هزر و بیر و دەروونی هەر مرۆڤێکی کوردا ئایدۆلۆژییەکی ڕەسەن و پاك و پتەوی کوردانە بروێنن کە سەربەخۆ و جیای بکاتەوە لە هزر و زمان و کلتووری نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ نموونە گەنجی کورد ڕابهێنرێت لە گوێگرتن بۆ گۆرانی و مویسیکی کوردی بە مەبەستی هێمن کردنەوەی مێشك و فراوانکردنی هزری و ڕوحی و گیانی خۆشەویستی " لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هونەری موسیکی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تری جیهانی لە ئاستێکی بەرزی چلۆنایەتی و چەندایەتی نییە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گوێگرتنی مرۆڤ کورد لە موسیکی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان " یان لە شاری هەولێر و خانەقین بێگانە ناچار بێت کوردی بپەیڤێت نەك وەکو ئێستا هاووڵاتی کورد بە شەوقەوە پێشوازی لە کەسێکی بێگانە دەکات تا بە زمانەکەی قسە بکات تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنی بۆ نموونە زمانی عەرەبی دەزانێت بێ

ئەوەی هەست بە هیچ ملکەچییەك بكات.ئایدۆلۆژییـەك كـە كەسـایەتی كـورد دروسـت بكات، باوەڕ و هیوا و دڵخۆشی پێببەخشێت و وویست و خۆشەویستی و ئارەزووی زانین وتێکەڵاوبوونی لە گەڵ دیالێکتەکانی تـردا لا بروێنێـت تێگەیـشتنی یـەك زمـان و هـزری دەخولقێنێت.

بەپێویـستی دەزانم بـە كـورتی بـاس لـە شـوێنی جـوگرافی دیالێکتـەكان بکـەم پـێش باسکردنی زمانی ستادارد،ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. دیـالێکتی کرمـانجی بـاکور: وەك بایەیزیـدی، هـەکاری، بۆتـانی و.. هتـد. لـە کوردستانی تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران. زۆرینە پێك دێنێت.

٢. دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست: وەك گەرمیانی، سۆرانی ، موکری ..و هتـد. لـە کوردستانیعێراق و ئێران.

٣. دیالێکتی کرمانجی خواروو: وەك لوڕی، بەختیاری، لەك و..هتد. لە کوردستانی عێراق و ئێران .

٤. دیـالێکتی گـۆرانی: لـە دوو بـەش پێـك دێـت، بەشـی یەکـەمیان بریتییـە لـە هـەورامی، گـۆرانی ڕەسـەن و باجـەلانی وە دەکەوێتـە هـەردوو بەشـی ئێـران و عێراقەوە. بەشی دووەم زازایی دەکەوێتـە کوردسـتانی تورکیـا. سـەرەڕای دووری جوگرافی نێوان هەردوو بەشەکە گەلێك بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانی (وشە، ڕستە و فونەتێك) هەیە هەردوو بەشەکە لە یەك چوارچێوەدا کۆبکاتـەوە. مـن خێزانێکـی ئاشنای زازاییم هەیە، کە زۆر شارەزای زمانن وە گەلێك جار باسی ئـەم بابەتـەمان کردووە. هەڵبەتە ئەوان گەلێك بەڵگەی ورد و درشتیان لایە بـۆ سـەلماندنی بـوونی زازا وەکو پێکهاتەیەکی دیـالێکتی گـۆرانی. مـن ئـەم ڕوونکردنـەوەم نووسـیوە بـۆ بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵـە کوردێك کـە یارمـەتی وەردەگـرن لـە دوژمنـانی کـورد و دەڵێن زازا زمانێکی سەربەخۆیە وەك هەر زمانێکی تر. ئەم دیالێکتـە کەمینـە پێـك دەهێنێت.

هەر چۆنێك بێت، دەکرێت زمانی ستانداردی کوردی وەکو زۆربەی زمانـەکانی تـری جیهانی لەم دیالێکتانە پێك بهێنرێت. سکێچی ژمارە (٢) دووری و نزیکی دیالێکتـەکان

له یەکتر له لایەك وه چۆنیەتی نزیکخستنەوەی ئەم دیالێکتانه له یەکتری به مەبەستی خولْقاندنی زمانی ستاندارد له لایەکی تر نیشان دەدات.



سکێچی ژماره (٢)

وەك له ڕوونکردنەوەکانی پێشوو و سکێچی سەرەوەدا دەردەکەوێت دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست تێکەلاْوی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەلْ هەموو دیالێکتەکان. ئەم دیالێکتە دەکرێت بکرێت به هەلْقەی گرێدراوی دیالێکتەکان لەبەر شوێنی جوگرافی (دەکەوێتە ناوەڕاستی هەمووان) ەوه مێژووی تێکەلاْوی ئەم دیالێکته له هەموو ڕوویەکەوه لەگەلْ ئەوانی تر. له هەمووی گرنگتر، ئێستا ئەم دیالێکته خاوەنی زۆرینەی کەرستەی خوێندن و دوکومێنت و پەرتووك و نووسینه له هەموو بوارەکانی هونەری و وێژەیی و زانستیدا. دیسان کۆددانان و ئەرکەکانی تاقیگەیی ئەم دیالێکته له وانی تر گەلێك پێشکەوتوو تره ودەکرێت ببێت به جێگەی ڕازیبوون و پەسەندی هەموو لایەك. به کورتی کام دیالێکت کۆنتاکتی زیاتر هەبێت لەگەلْ ئەوانی تر ئاستی تێگەیشتنیشی زیاتر دەبێت، لەبەرئەوه تواناشی زیاتر دەبێت بۆ بوونی به زمانی ستاندارد. هەر چۆنێك بێت ئەمه ئەوه ناگەیەنێت که دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بسەپێنرێتت بەسەر ئەوانی تردا، بەلْکو دەبێت سوود لەو شارەزایی و تا ڕادەیەك لێك تێگەیشتنه وەربگیرێت که له نێوان کرمانجی خواروو، ناوەڕاست و گۆرانی لەلایەك وه له لایەکی تر کرمانجی باکوور، ناوەڕاست و گۆرانی (زازا) هەیه بۆ دانانی نۆرمێك (ڕێزمان و بانکی وشه) بۆ زمانی ستاندارد.



سکێچی (٣)

دەسەلأت گرنگترین فاکتەرە لە دانانی زمانی ستانداردا. ئێستا لە کوردستانی عێراقدا باشترین زەمینە خولقێندراوە بۆ کارکردن بۆ ئەم مەبەستە. پێش هەموو شتێك لەم بەشەی کوردستاندا ڕێژەیەکی باشی دانیشتوان هەیە لە هەر چوار دیالێکتەکە، ئەمە جگە لە ڕێژەیەکی باشی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕامیارناسان و بوونی چەند زانکۆ و.. هتد. جگە لە بنەما و خەزینەیەکی باشی زمانەوانی و فەرهەنگی، لێرەدا کورد خاوەنی زۆرترین دەسەلأتە و توانای دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم کارەی هەیە بە تایبەتی لە دابینکردنی دارایی و شوێن و جێی تاقیگەی دیمۆگرافی و پێکهێنانی ئەکادیمیای زمانی. هەروەها ویست و بڕوایەکی بەهێز و پەنگ خواردووی لە مێژینەش ناکرێت لە بیر بکرێت. دیسان کارکردن بۆ ئەم مەبەستە لە بەرژەوەندی دەسەلأتی کوردییە لە بە دیهێنانی وتارێکی هاوبەش و دروستکردنی باوەڕ و متمانە بە یەکتری و بەهێزکردنی دەسەلأت و توانایان لە بەرپەرچدانەوەی ڕامیاری بەردەوامی بە عەرەبکردن یاخود ڕازی نەبوون بە ئیرادەی عەرەبی کە بەغدا هەمیشە دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر هەولێردا. بە کورتی لە دروستکردنی زمانی ستانداردا بەرژەوەندی نەتەوەیی هەیە وە دەبێت ئیرادە و ویست و بەرژەوەندی ڕامیاریش هەبێت بۆ بەهێزکردنی دەسەلأتی پێشڕەوانی نەتەوەیەك وە ئەم مەرجانەش لە دۆزی ئێستای کورد و پێشڕەوانی بەدی دەکرێت و کار نەکردن بۆ ئەم مەبەستە مانای بێ هێزی و لەناوچوون دەبەخشێت.

ب. هەڵوێست و ووتاری هاوبەش:

سەرەڕای هەموو مەینەتییەك، كورد بە گشتی، تەنانەت ئەوانەی كە ناتوانن بە زمانی ڕەسەنی خۆشیان بپەیڤن، شانازی بە كوردایەتییەوە دەكەن. ئەمە خاڵێكی گرنگە بەڵام بەس نییە بۆ دروستكردنی وتاری هاوبەش. سێ خاڵی بنەڕەتی هەیە لە دەست نیشانكردنی وتاری هاوبەشدا:

1. **دەبێت ئەو گرووپە یەك زاراوەی زمانی هاوبەشی هەبێت، واتە نۆڕمێكی هاوبەش لە بەكارهێنانی زمان و ڕێزو بەهایەكی بەرزی هاوبەش لەو زاراوەیە و زاراوەكانی تر. زاراوەی ستاندارد دەبێت بۆ زۆرینەی دانیشتوان یەكەم زاراوەی بەكارهێنراو بێت.**
2. **دەبێت هەر كەس خۆی بە ئەندام و هەڵگری ئەو زمانەی ستانداردە بزانێت و لە لایەن ئەندامەكانی تری كۆمەڵەوە بە ئەندام وەربگیرێت.**
3. **دەبێت كەسەكان هەمیشە كۆنتاكتی لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا هەبێت وە ئەمەش گرنگترین خاڵە.**

بۆ دروستكردنی كۆنتاكتی هەمیشەیی ئەم زاراوەیە لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵكدا دەبێت بەهای perstige ئەم زاراوەیە بەرز بنرخێنرێت بۆ نموونە ببێتە زمانی ڕەسمی دەزگا تایبەتی و گشتییەكانی هەرێم. هەروەها دەبێت سترەكتوری ئەركەكانی زمانی ستاندارد بەهەمی وێژەیی و هونەری و زانستی بگرێتە خۆ و زیاترین بەكارهێنانی هەبێت لە هەموو بوارەكانی بژێوی مرۆكاندا وەكو ماس مێدیا، فێرگەو زانكو و پەیمانگا و دامەزراوەكاندا. هەروەها دەبێت زمانی ستاندارد ڕێزمان و بانكی وشەی دەوڵەمەند و دەستەواژە و شێوازی دیاریكراوی نووسینی هەبێت بۆ هەموو مرۆڤێكی كورد فەراهەم كرابێت. بە شێوەیەكی تر دانانی فەرهەنگێكی كوردی - كوردی، ڕێزمانی زمانی ستانداردی كوردی كە تیایدا یاساو ڕێساكانی فۆنەتیك و وشەسازی و ڕستەسازی كۆنكریتانە ڕوون كرابێتەوە. هەڵبەتە دەبێت هەموو فەرمانبەران و كارمەندانی هەرێم توانای نووسین و ئاخاوتنی زمانی ستانداردیان هەبێت.

ئاسـاييیە، کـە زمـانی سـتاندارد بـە شـێوەیەکی ڕەسمـی لـە ڕێگـەی خوێنـدنگا و دەزگاکانی هەرێمەوە دەست پێبکات و دواتر لە بۆنە نارەسمییەکاندا ببێتـە زمـانی خەڵك تەنانەت ببێـت بـە زمـانی ئاخـاوتن لـە هـەموو مـاڵێکی کـوردا. لـەم ئاسـتەدا پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەو کەسانەی زاراوەی دیالێکت بەکاردەهێنن مانـای کـەمی ئاستی خوێندن و پلەی کۆمەڵایەتی نیـشان بـدات بۆیـە ناچـار دەبـن خۆیـان فێـری زاراوەی ستاندارد بکەن.

ت. هەندێك پێشنیاز:

یەکێك لە خاڵە یەکلاکەرەوە گرنگـەکانی نێـوان نەتـەوە و ئێتنیـك ئەوەیـە کـە نەتـەوە مـەرجی خـۆی دەسـەپێنێت بەسـەر نەتـەوەی تـردا بـەڵام ئێتنیـك مـەرجی بەسـەردا دەسپێنرێت. بۆ ئەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا مەرجی خۆی بسەپێنێت و مـەرجی بەسەردا نەسەپێنرێت دەبێت ئاڵوگۆڕی دیموگرافی و کۆمەڵایەتی دروست بکـات کـە لـە بەرژەوەندیدا بێت. بەجێ نەهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕانـە لـە لایـەن کـوردەوە مانـای پێـدانی هەلە بە ڕەگەز پەرستانی عەرەب بۆ ئەنجامدانی ئەم ئاڵوگۆڕە کە مسۆگەر لـە سـوودی کورددا نابێت. دەکرێت زۆر پێشنیازی نایاب بخرێتە بەردەم، بەڵام من بە سێ پێشنیاز ئەم بابەتە دەورووژێنم. هەرچۆنێك بێت ئەمە کاری دەزگا و لێژنەیە نەك تاکە کەس:

١. ئەمڕۆ لە شارە عەرەب نشینەکانی عێراقدا یەك تاکو دوو ملیـۆن کـورد هەیـە. ئەم کوردانە لە زێدی خۆیـان ڕەویـان پێکـراوە بـە مەبەسـتی بەعـەرەبکردنیان لـە ناوچە عەرەب نشینەکاندا و لە هەمان کاتدا بچووککردنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕووبـەری کوردسـتان لـە ئـەنجامی نیـشتەجێکردنی عـەرەب لـە بـری ئـەو کـوردە دەرکراوانە. هێنانەوەی ئەم کوردانـە و نیـشتەجێکردنیان بـە شـێوەیەکی نەخـشە بۆکێشراو ئەرکێکی زۆر پێویستە، بـۆ نموونـە دروسـتکردنی گـەڕەکێك بـۆ کـوردی فـەیلی لـە شـاری دهـۆك لەبـەر ئـەوەی ئاسـتی تێگەیـشتن لـە نێـوان فەیلییـەك و دهۆکییەك ۆزر کەمە(ئەگەر هەبێت) ئەمەش پرۆسـەی خولقانـدنی زمـانی سـتاندار پێش دەخات. لە هەمان کاتدا ئەم کوردانـە لـە قـوڕگی تـەعریب و هـزری عـەرەبی ئیسلامی ڕزگار دەکەین.

٢. دووری نێوان هەر دوو شاری کەرکوك و موسڵ لە شارە عەرەب نشینەکانی عێراق زیاترە تاکو شارە کورد نشینەکان. لە ڕاستیدا ئەم شارانە بە لادێ و شارۆچکەی کوردییەوە دەورە دراون و بە کوردستانەوە لکێندراون. هێنانەوەی کوردەکان و دروستکردنی کۆمەڵگای نوێ لە نزیك ئەم شارە کوردانە و گرێدانیان بە سنووری هەرێمەوە پێویستە. ئەمە کارێکی بەجێیە تەنانەت ئەگەر لە داهاتووشدا عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنەوە. من پێم وایە گەڕانەوەی عەرەبەکان تاکو ڕادەیەکی زۆر بەندە بە هاتنەوەی کوردەکان.

٣. دروستکردنی بنکەیەکی لوڕی لە شاری خانەقین بە مەبەستی خرۆشانی هزری نەتەوەیی لە لوڕستانی گەورەدا. ڕزگارکردنی کوردی لوڕی لە هزری فارسی ئیسلامیەنەك هەر ئەرکێکی نەتەوەییە بەڵکو گەرەنتیەکیشە لە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی عێراقدا. لێرەدا دەکرێت سوود لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا وەربگیرێت وەکو جووڵانەوەیەکی نەرمی جەماوەری بە بێ کێشە دروستکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراندا [٥].

٨. دواو وتە: زمانی ستاندارد پێگەی سەرەکی بیری نەتەوەییە. هەر نەتەوەیەك زمانێکی ستانداردی نەبێت بەهای نەتەوایەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و ئومێدی دروستکردنی دەوڵەتیشی کەمتر دەبێت.زاراوەی ستاندارد سەرچاوەی لێك تێگەیشتن ویەك خوویی و بیرو کاری هاوبەشە. دیسان زاراوەی ستاندارد هاوکاری و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی و خەمخۆری نێو ئەندامەکانی کۆمەڵ زیاد دەکات وە ئەمەش باوەڕ و دڵنیایی دەبەخشێت بە تاك و کۆمەڵ .بۆ بونیادنانی سیستەمێکی نەتەوەیی و یەکخستنی ماڵی کورد ئەم خەسڵەتانە پێویستی ژیانن.

دوو توخمی سەرەکی هەیە لە خوڵقاندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرهەم هێنانی زمانی ستاندارد، یەکەمیان ئاڵوگۆڕی ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی و دیمۆگرافیە ئەویش بە جێگۆڕکێ و تێکەڵاوی دیالێکتەکانە کە تیایدا منداڵان و

---

[٥] multi kulti melodi festival لە نووسینی دانەر ، ستۆکهۆلم، ٢٠٠١ . ڕۆڵی موسیك لە کۆمەڵگادا.

گەنجان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهاتنی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد. هەڵبەتە لێرەدا خوێنـدن و مـاس مێـدیا و چـالاکییە هونـەری و وێژەییـیەکان یارمەتیـدەری گرنگن. دووەمیان دروستکردنی ئەکادیمیای زمانی کوردییە، کە ئـەرکی هێنانـە دی زاراوەی ستاندارد لە هەناوی دیالێکتەکانـەوە بـۆ داهێنـانی نـۆرمێکی نووسـین، کـە لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانەوە پەسەند بێت لە زمانی ستانداردا تاکو ڕادەیەکی زۆر شێوازی قسەکردن و نووسین یەك دەبێت.

دەبوایە لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا (دوای ڕاپەڕین) بیر لە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەم جۆرە بکرایەتەوە، کـە نـەکراوە ئێستا هـەلی باشـتر ڕەخساوە. ئـەم پرۆژەیـە پێویستی بە بڕیـاری ڕامیـاری و یارمـەتی داراییـە. میللـەت خـاوەنی زۆر پـسپۆر و شارەزای زمانەوانی و زانـستە کۆمەڵایەتییەکانـە، ئەمـە بێجگـە لـەم دۆزە ئارامـەی ئێستا . ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەم جۆرە نەك هـەر ئـەرکێکی نەتەوایەتییـە بـەڵکو سەرچـاوەی بـەهێز بـوونی دەسـەڵاتی کـوردە لـە عێراقـدا. ئەمـە پرۆژەیـەکی پراکتیکانەیە بۆ کەسێك، کە ویست و باوەڕی کوردانەی هەبێت. هیمـەت و ویـژدانی دەسەڵاتداران هەنگاوی یەکەمە.

سەرچاوەکان

Bergman, Gosta (2003), Kortfattad svensk historia.

Goteborg, printed av Elanders Digitaltryck AB.

Crystal, David (2003), The Cambridge Encyclopedia of language. Italy, fifth edition, printed by G. Canale & C.S.p.A.

Gellerstam, Martin (1994), ordforradets harledning. I: Arv och lan I svenskan. Sju uppsayer om ordfaradet I kulturstommarnas perspektiv. Svenska Akademien. Stockholm: Nostedts. Sid. 1-11.

Helgander, jhon(1994), Dalamal i upplosning – Bakgrund och forklaringsmodeller, (1994) Ungdom,

dialect och sparkfor’ndring. I: Kotsias, Ulla- Britt & Helgander, jhon (utg.) dialektkontakt, sprakkontakt och sprakforandring I norden. Mins 40. Stockholm: instituitoen for nordiska sprak.
(sid. 121- 134).

Hyltenstam, Kenneth och Stoud, Christopher (1991), Sprakbyte och sprakbevarand. (kap.1-5. Sid. 9-60).

Lundin, Thomas (1993), Sprakens landskap i Europa. Lund, studentlittratur (sid. 7-25).

Nystrom, staffan, (1996), Introduktion till dialektologin. Stockhoolms universitet, instiution for nordiska sparak.

Perridon,Harry (1994), sprakpolitik och sprakutveckling.

Spakbytet I svenska Tornedalen. I: Kotsinas, Ulla- Britt & Helgander, jhon (utg.) Dialektkontakt, sprakkontakt och
sprakforandring i norden. MINS 40. Stockholm : Institutionen for nordiska sprak. (sid. 107-115).

Trudgill, peter (1994), language contact and dialect contact i
linguistic change. I : kotsinas, Ulla- Britt & Helgander, jhon (utg.) Dialektkontakt, sprakkontakt och sprakforandring i norden. MINS 40. Stockholm: Instituationen for nordiska sprak
(sid 13-22) .

عەبدوڵلا غەفور (٢٠٠٠) جوگرافیای کوردستان . چاپی دووەم، چاپ و ئۆفیسێتی سەردەم، سلێمانی.

فوئاد حەمە خورشید و حەمە کەریم هەورامی (١٩٨٥). زمانی کوردی — دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی آفاق عربیة، بغداد.

ملخص البحث

مشروع اللغة الكردية الموحدّة (الفصحى)

غازي علي

اللغة الموحّدة أو مايسمّى بالفصحى ركن اساسي من اركان وجود الأمة، حيث أنّها تقّرب مختلف فئاتها وشرائحها من بعضها البعض وتوحّد مشاعرها القوميّة تجاه مايقاسيه المجتمع من حلّو الحياة ومرّها. إنها أداةٌ رئيسة لتوحيد الأمة وبناء كيانها وأمالها في تقرير المصير.

إنَّ التبادل التجاري والنشاطات الفنية والأدبية والرياضية و وسائل الأعلام المختلفة لها دور كبير في تكوين اللغة الفصحى أما تأسيس اكاديمية اللغة الكوردية فهي من أجل وضع المصطلحات بأنواعها نحو لغة يستسغها معظم ابناء الأمة التي تمتلك طاقة هائلة من الأختصاصيين لتنفيذ هذا المشروع العظيم الذي لايفتقر تنفيذه الاّ الى قرار سياسي ودعم مالي.

Abstract

Kurdish Standard Language

Ghazi Ali

The standard language is the basic element of a nation's existence and brings different sections of the nation close together and unifies their feelings towards each other and their society.

Commercial exchange, arts, literature and athletics play a great role forming a standard language, but establishing an Academy of Kurdish Language is very important to coin terms towards a fluent and easy language.

Our nation has a great deal of specialists to achieve this national project but it needs only a political decision and financial support.

گەشتێك بەنێو ڕێزمانی کاری (دان)دا

د. شێرکۆ بابان

پرۆفیسۆری هاریکار

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان

دەستپێك:ـ

لە زمانی کوردیدا، ڕێزمانی کار زۆر ئاڵۆز و چڕ و دژوارە. لە ئەم ڕوانگەیەوە، کاری (دان) بریتییە لە یەکێك لە ئەو گلێنە ڕێزمانییە ئاڵۆزەی کە بە ئاسانی روون نابێتەوە و ڕەنگە ڕێزمانی تۆمارکراویش نەتوانێت دادی بدات. بەداخەوە، ئەو ڕێزمانەی کە ئێستا هەیە و دەگوترێتەوە بریتییە لە توێژاڵێکی زۆر تەنك و بچڕبچڕ لە ئەو ڕێزمانە ئەستوور و دژوارەی کە لە بیری هەر هەموومان هەیە و زمانی هەر هەموومانی پێ دەکەوێتە گەڕ.

سەبارەت بە کاری (دان)، ئەم کارە گرنگە ڕێزمانەکەی وردە و پڕە لە پێچی ڕێزمانی و پڕە لە گێژەنی واتاسازی. لە ئەم نووسینەدا، دەمانەوێت، بە وردی ڕێزمانی کاری (دان) لێك بدەینەوە، تائەو ڕادەیەی کە نهێنییەکانی دەکەونە سەر ئاوی تۆژینەوە. بە هیواین، بتوانین خوێنەری ئازیز تێبگەیەنین و بتوانین وای لێ بکەین کە بابەتەکە بەراورد بکات لەگەڵ ئەو ڕێزمانەی کە ئێستا دەگوترێتەوە.

١ـ سەرەتایەك لەسەر کاری (دان):

کاری (دان) بریتییە لە کارێکی (تێپەڕ) و لە ڕستەدا بەرکارێك داگیر دەکات، وەك:

من (پارە) دەدەم

من (پارە)م دا

له دیوی (بکەر نادیار)دا، ئەم کارە دەبێت بە (دران) و دەشێت بگوترێت:

(پارە) دەدرێت

(پارە) درا

بێگومان، وەك (بکەر نادیار) تێنەپەڕە، ئەم رستانەی دوایی بکەری (مـن) دەکـەن بـە (نادیار) و بەرکاری (پارە) دەکەن بە (جێگری بکەر).

<u>٢ـ کاری (دان) بەرووتی:</u>

وەك لە کۆپلەی پێشوودا باسکرا، کاری (دان) بریتییـە لـە کـارێکی (تێپـەڕ) و بـەرکار داوا دەکات. لە ئەم هەڵوێستەدا، ئەگەر رستەکە رووت بکەینەوە لە (بـەرکار)ەکـە، ئـەوا واتای کارەکە دەبەسترێت بە (بەرکار)ێکی نادیارەوە و ئەو جۆرە (بەرکار)ەش دەکەونە بەر واتای (تـابۆ). واتـە، ئـەو وشـانەی کـە ناشـیرینە لـە گوفتـاردا گـۆ بکرێـت، چـونکە کردەوەی بێ رەوشتی دەردەخات. تەنانەت، گۆ کردنی چاوگی (دان) بەبێ (بەرکار) لـە ئەم نموونانەدا:

(پارە)دان، (هان)دان، (سەر)دان، (کوڵ)دان، .... هتد

دەبێت بە هۆی چەواشە بوونی واتاکەی لە بـیری هەمووماندا بـەرەو واتایـەکی (تـابۆ) و ناشیرین. ئەم جۆرە واتایەش هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە و بە ئەم چەشنە پەیدا دەبێت:

<u>یەکەم</u>: ئەگەر (بەرکار)ێکی بەرجەستە لە ریزی رستەکەدا نەبێت.

<u>دووەم</u>: ئەگەر کاری (دان) پاشگری دووپـاتی (ەوە)ی پێـوە نـەبێت، بـۆ نموونـە، کـاری (دانەوە) واتاکەی چەواشە نابێت بە دیوی (تابۆ)دا، هەرچەندە (بەرکار)ی پێوە نەبێت.

<u>سێیەم</u>: ئەگەر کاری (دان) هیچ پێشگرێکی واتـاگۆڕی پێـوە نـەبێت، بـۆ نموونـە، کـاری (هەڵدان، دادان، ڕادان، لێدان، تێدان... هتـد) بـەرکاریان پێـوە نییـە، بـەڵام واتاکـەیان چەواشە نەبووە بە دیوی واتایەکی (ناشیرین)دا.

بە کورتی، ئەم جۆرە واتایە، کاتێك پەیدا دەبێت کە کاری (دان) رووت ببێتەوە، چی لە (بەرکاری جودا) و چی لە پاشگری دووپاتی و چی لە پێشگری واتا گۆڕ. وەك نموونەیەکی بەکار، دەتوانین ئەم کارە شرۆڤە بکەینەوە:

(سەر هەڵدانەوە): سەر ـ هەڵ ـ دان ـ ەوە

ئێستا، هەتا هەر سێ وشەی (سەر)، کە بەرکارە و (هەڵ)، کە پێشگرە و (ەوە)، کە پاشگرە، لانەبەین، ئەو جۆرە واتا (تابۆ)یە خۆی ناسەپێنێت بەسەر کاری (دان)دا. ئەمە و سەرەڕای ئەو مەرجانەی کە باس کران، کاری (دان) لە بکەر نادیاردا، ئەو کێشەیە دروست ناکات چونکە (بەرکار)ەکە رۆڵی خۆی دەدۆڕێنێت و ودەبێت بە جێگری (بکەر). بۆ نموونە، کاری (دران) هیچ واتایەکی تابۆی تێدا نییە.

__٣ـ هۆی پەیدابوونی واتای سووکایەتی:__

بێگومان، کاری (دان) کە بە رووتی گۆ دەکرێت، لەناو چاوی بیردا روخساری (دان) کلۆری تێدا هەیە، چونکە لە رەسەندا بریتییە لە:

(بەرکار + دان)

لەسەر کێش و ئاوازەی (هان دان). لە ئاستی ئەو کلۆرییەدا، کە دەچێتە سەر کاری (دان)، دوو میکانیزم هەن کە یەك دەگرنەوە و جێی ئەو کلۆرییە بە وشەیەکی ناشیرین (تابۆ) پڕ دەکەنەوە:

__یەکەم__: لە ئاستی رستەسازیدا، دەشێت (بەرکاری جودا) لاببردرێت و لەجێی ئەو بەرکارە جودایە، بەرکارێکی لکاو، یان بەرکارێکی نادیار، دابنرێت، وەك:

(نان) دەخوات: (ـــــــ) دەخوات

__دووەم__: لە ئاستی واتاسازیدا، هەندێك جار بەرکارێك دەهێتە کایەوە بۆ (واتا بەستن) کە واتاکەیی ناشرینە، وەك (جووتبوون)ی زاپوندی . هەر لەبەر ئەوە، میکانیزمێکی تر هەیە بۆ گۆنەکردنی ئەو وشە ناشرینە و لابردنی لە ریزی گوفتاردا.

ئەمە و کە ئەم دوو میکانیزمە لە یەکتری چەسپ دەبن و بەرکارەکە لادەچێت، واتای یەکێك لە ئەو دوو میکانیزمە زاڵ دەبێت. پاشان، وەك میکانیزمی یەکەم لە ئاستی

رستەسازی دایە و گشتییە بۆ گشت کاری زمانەکە و میکانیزمی دووەم تایبەتییە و هەر لە رێزمانی چەند کارێکدا بەکار دەهێنرێت، واتا تایبەتییەکە جودا دەبێتەوە و زاڵ دەبێت بەسەر کاری (دان)دا. ئەوەش لە یاد نەکەین، کە لە هەمان لاپەڕەی ئەلبوومی رێزمانەکەدا، کاری (کردن)یش، دەکەوێتە بەر ئەو دوو میکانیزمە و دیوەکەی تری کاری (دان) پڕ دەکاتەوە. بۆ نموونە، وەك چۆن گۆکردنی کاری (دان) بە رووتی واتایەکی ناشیرین دەبەخشێت، بە هەمان شێوە گۆکردنی (کردن) بە رووتی، هەر هەمان واتای ناشیرین دەبەخشێت، بەڵام هەر یەکێکیان لە جەمسەرێکی جیاوازەوە.

٤ـ کاری (دان) و ئامرازی (بە):

کاری (دان) روخسارێکی تری هەیە لە چەشنی (دان بە..) ئەم روخسارە زۆر چالاکە و ئاراستەی جوولەی (بەرکار) دەردەخات بۆ لای بارگەی ئامرازی (بە)، وەك:

پارەکەم دا بە (شیلان)

لە ئەو نموونەیەدا، بەرکاری (پارەکە) ئاراستە کراوە بەرەو بارگەی ئامرازی (بە) کە بریتییە لە (شیلان). لە ئەم بارگەیەدا، دەتوانرێت، بگوترێت:

ئەوان پارەکەیان دا بە (من)
ئەوان پارەکەیان دا بە (تۆ)
ئەوان پارەکەیان دا بە (ئەو)
ئەوان پارەکەیان دا بە (ئێمە)
ئەوان پارەکەیان دا بە (ئێوە)
ئەوان پارەکەیان دا بە (ئەمان)

ئەمەو ئەو شەش جێناوە بۆیان هەیە ببن بە (جێناوی لکاو) و ئامرازەکەش (بـە) بکـەن بە ئامرازی لکاو (پێ)، وەك:

ئەوان پارەکەیان دا پێ(م)

ئەوان پارەکەیان دا پێ(ت)

ئەوان پارەکەیان دا پێ(ی)

ئەوان پارەکەیان دا پێ(مان)

ئەوان پارەکەیان دا پێ(تان)

ئەوان پارەکەیان دا پێ(یان)

لە ڕێزمانی کوردیدا، ئەم جۆرە رستەیە بە جۆرێکی تر وەرسووڕاون و لە ئـەم دیـاردەدا، جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تـان، یـان)، وەرچـەرخاون بـۆ (م، یـت، ـــ، یـن، ن، ن) و ئامرازی (پێ)یش وەرچەرخاوە بۆ (ێ)، وەك:

ئەوان پارەکەیان دا پێ (م) : ئەوان پارەکەیان دا(م)ێ

ئەوان پارەکەیان دا پێ (ت) : ئەوان پارەکەیان دا(یت)ێ

ئەوان پارەکەیان دا پێ (ی) : ئەوان پارەکەیان دا(ـ)یێ

ئەوان پارەکەیان دا پێ (مان) : ئەوان پارەکەیان دا(ین)ێ

ئەوان پارەکەیان دا پێ (تان) : ئەوان پارەکەیان دا(ن)ێ

ئەوان پارەکەیان دا پێ (یان) : ئەوان پارەکەیان دا(ن)ێ

ئەم میکانیزمە زۆر بەر تەسکە و بەزۆری لە ڕێژەکانی کاری (دان)دا دەبینرێت.

٥ـ کاری (دان) و ئامرازی (لە):

کاری (دان) ئامرازی پەیوەندی (لە) وەردەگرێت و دەبێت بە (دان لە ...). لە ئەم میکانیزمەدا کاری (دان) واتای دەگۆڕێت بۆ ئاراستەکردنی (بەرکار) بەرەو بارگەی ئامرازەکە، وەك:

ئازاد (بەردەکە)ی دا لە دیوارەکە

ئازاد (تابلۆکە)ی دا لە دیوارەکە

ئەوەی سەیرە، ئەم جۆرە رستە تێپەڕە بۆی هەیە بە (تێنەپەڕ) بکەوێتە کار، وەك:

بەردەکە دای لە دیوارەکە

لە رستەی یەکەم و دووەمدا وشەی (بەردەکە) بریتییە لە (بەرکار) و لە رستەکەی سێیەمدا، هەمان وشە بریتییە لە (بکەر). لە ئەم روانگەیەوە، کاری (لێدان) پەیدابووە، وەك:

شیلان (دارێك) لە ئازاد دەدات

یان،

شیلان (دارێك)ی (لێ) دەدات

یان، دەشێت بەرکارەکە (دارێك) لاببەین، وەك:

شیلان (......) (لێ)ی دەدات

ئەم رستەیەی دوایی دوو واتا دەبەخشێت:

یەکەم: واتای کاری (لێدان) دەچەسپێت، وەك لێدان بە دەست و بە دار ... هتد.

دووەم: واتای کاری (تامپۆن کردن)، یان وەك بە عەرەبی پێی دەگوترێت (إصطدام).

٦- کاری (دان) و ئامرازی (به ..... ەوە):

کاری (دان) لەگەڵ ئامرازی (به ... ەوە)دا، واتاکەی دەگۆڕێت بۆ پێوەدان (لسع، لدغ)، وەك:

مارەکە دای بە شوانەکەوە

یان،

مارەکە دای (پێی)ەوە

یان،

...... دای (پێی)ەوە

لە ئەم کارەدا، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بە تێنەپەڕ دەکەوێتە بەر رستەسازی و پێویستی بە (بەرکار) نییە. بۆ نمونە، لە ئەو رستەیەی سەرەوەدا، لە رووی رستەسازییەوە، دەشێت بگوترێت، وشەی (شوانەکە) بریتییە لە (بەرکاری ناراستەوخۆ)، کە لە رووی واتاسازییەوە، وشەی (شوانەکە) بریتییە لە (بەرکار).

٧- کاری (دان) لەگەڵ ئامرازی (بە ... دا):

کاری (دان) لەگەڵ ئامرازی (بە ... دا) یەك دەگرێت کاری (پێدادان)، بە واتای (پێداکێشان) پەیدا دەبێت، وەك:

منداڵەکە بووکەکەی دا بە زەویدا

یان،

منداڵەکە بووکەکەی دا پێیدا

یان،

...... بوکەکەی دا پێیدا

یان،

.... دای پێیدا

ئەم کارە بۆی هەیە بە تێپەڕی بکەوێتە گەڕ، وەك:

چۆلەکەکە دای بە دارتەلەکەدا

بە واتای،

چۆلەکەکە خۆی دا بە دارتەلەکەدا

٨ـ کاری (دان) و ئامرازی (بۆ):

ئامرازی پەیوەندی (بۆ) هیچ چالاکییەکی لە قەوارەی کاری (دان)دا نیە، مەگەر لە ئاوەڵگوزارەدا.

٩ـ کاری (دان) و ئامرازی (لە .... ەوە):

وەك ئامرازی (بۆ)، ئامرازی پەیوەندی (لە ... ەوە) هیچ چالاکیەك نانوێنێت لە قەوارەی کاری (دان)دا، مەگەر لە ئاوەڵگوزارەدا.

١٠ـ کاری (دان) و ئامرازی پەیوەندی (ـە):

ئامرازی پەیوەندی (ـە) دەتوانێت رووداوی کاری (دان) راگوێز بکات بۆ سەر ئاوەڵکارێك، وەك:

سەربازەکە منداڵەکەی دایـ(ـە) بەردار

پۆلیسەکان دزەکەیان دایـ(ـە) پێش خۆیان

ئەم دیاردەیە سیمایەکی گشتی هەیە و ئامرازی (ـە) دەچێتە نێو قەوارەی کارەکە و دەی بەستێت بە (ئاوەڵکار)ی شوێنەوە. لە ئەم ڕاستییە بترازێت، ئامرازی (ـە) بۆی نیە بچێتە سەر کاری (دان)، مەگەر بە چەواشەیی، وەك:

نامەکەی دایـ(ـە) دەستم

ئەم رستەیە لە رەسەندا بریتییە لە:

نامەکەی دا (بە) دەستم

لە راستیدا، زمانی نووسین پڕە لە ئەم جۆرە چەواشەکارییە و زۆر لە نووسەران وا دەزانن ئیشێکی جوان ئەنجام دەدەن، ئەگەر ئامرازی رەسەنی (بە) پەرپووت بکەن و بیکەن بە (ـە). سەبارەت بە ئیشەکانی ئێمە، ئێمە تەنها لە ئاستی ئاوەڵکاردا، ئامرازی (ـە) بە رەسەن دەناسین، وەك:

منداڵەکە بەرخەکەی دایـ(ـە) پێش خۆی

کە ناتوانرێت بگوترێت:

منداڵەکە بەرخەکەی دا (بە) پێش خۆی

١١ـ کاری (دان) و واتا بەستن بە (بەرکار):

لە زمانەکەدا، چەند وشەیەك هەیە لە چەشنی (ناو) و ئەو وشانە دەتوانن کاری (دان) ببەستن بە واتایەکی ترەوە، وەك:

(هەناسە)دان

(دەنگ)دان

(کۆڵ)دان

(گیان)دان

(نووچ)دان

(سەرسم)دان

(بۆڕ)دان

له ئه‌م گرووپه‌دا، ئه‌وه‌ی سه‌یره ئه‌وه‌یه كه ئه‌و ناوانه بریتین له (به‌ركاری كاره‌كه). به واتایه‌كی دی، ئه‌و ناوانه هه‌م بریتین له (به‌ركار)ی رسته‌سازیانه و هه‌م بریتین له (واتابه‌ست)ی واتاسازیانه. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌م هۆیه، شه‌به‌نگی كارێكی (تێنه‌په‌ڕ) زاڵ ده‌بێت به‌سه‌ر واتای ئه‌و روخساره لێك دراوانه‌دا. ئه‌مه‌ش وا ده‌كات، كه كاره‌كان بتوانن به میكانیزمێكی تایبه‌تی ببنه‌وه به (تێپه‌ڕ)، وه‌ك:

هه‌ناسه‌دان به كه‌سێك	**هه‌ناسه پێدان**
كۆڵ دان به كه‌سێك	**كۆڵ پێدان**
بۆڕ دان به كه‌سێك	**بۆڕ پێدان**

ئه‌م دیارده‌یه له‌سه‌ر پێوانه‌ی ئه‌م جۆره رسته‌یه رۆنراوه:

پاره دان ← **پاره پێدان**

له جۆره رسته‌ی ئاوهادا ته‌م و مژ په‌یدا ده‌بێت له‌نێوان دوو واتای دژ ئاراسته‌دا، وه‌ك:

واتای یه‌كه‌م: ناچار كردنی كه‌سێك بۆ (پاره‌دان)، وه‌ك:

پاره‌كه‌م پیٚ دا

واتای دووه‌م: واتای پاره به‌خشین به كه‌سێك، وه‌ك:

پاره‌كه‌م پیٚ دا

کەواتە، لە واتای یەکەمدا، ئەو کەسە پارە لە گیرفانی دەردەچێت بەهۆی کەسێکەوە، کەچی لە واتای دووەمدا، پارە دەچێتە نێو گیرفانی. بۆ جودا کردنەوە و لێك دابڕاندنی ئەو دوو واتا دژ ئاراستەیە، چەند سەرنجێك هەن، وەك:

<u>خاڵی یەکەم</u>: واتای دووەم، ئەوە پەسەند دەکات کە ئامرازی (پـێ) بکرێت بە ئامرازی (ێ)، وەك:

پارەکەم دایێ ← پارەکەم پێدا

کەچی ، لە واتای یەکەمدا، ئەم میکانیزمە خۆی ناچەسپێنێت بە ئەم پێیە، پەیدابوونی ئامرازی (ێ) بێ مەلاّمەت و بێ بنچینە نییە.

<u>خاڵی دووەم</u>: ئەگەر چینێکی تر بچینە نێو ژێرخانی ڕێزمانی کوردییەوە، دەتوانین بڵێین، ئەو جۆرەی ئامرازی (بە)، کە لە واتای یەکەمدا هەیە، جیاوازە لە ئەوەی کە لە واتای دووەمدا هەیە. یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کاری (دان بە ...) و ئەوی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئامرازی (بە تێپەڕ کردن) بۆ هەندێك لە کارەکان.

<u>١٢ـ کاری (دان) و پێشگری واتاگۆڕ:</u>

کاری (دان) بۆی هەیە هەر سێ پێشگری (هەڵ، دا، ڕا) وەربگرێت، وەك:

ـ هەڵدان:

منداڵەکە تۆپەکەی هەڵدا بۆ سەربان

ـ دادان:

هێشتا دا پیرە نوێژی دانەداوە

یان بە واتای (تیژکردن)، وەك:

منداڵەکە پێنووسەکەی خۆی زۆر داداوە

ـ ڕادان:

هێشتا مێگەلەکە ڕای نەداوە

سەرەڕای ئەم سێ پێشگرە، کاری (دان) بۆی هەیە هەندێك پێشگری تر وەربگرێت، وەك (بەر، لا، تێ، ... هتد)، وەك:

ـ بەردان:

شیلان پەتەکە بەر مەدە

ـ لادان: ئەم کارە بۆی هەیە بە تێپەڕ و تێنەپەڕ وەربسووڕێت، وەك:

ـ تێپەڕ:

شیلان دەفتەرەکانت لابدە

ـ تێنەپەڕ (واتای چەواشەبوون):

شیلان چاك لای داوە لە ڕێنمایەکان

ـ تێدان، وەك:

ئەم کراسە کورتە، دوو پە نجەی تری تێبدە

ـ دەردان، وەك:

برینەکە ئاوی دەرداوە

<u>١٣ـ کاری (دان) لەگەڵ (ناو)دا:</u>

ئەلبوومی ئەم جۆرە بەکارهێنانە زۆر بەرفراوانە و کاری (دان) دەتوانێت دەرگا بکاتـەوە لە چەندین واتای تر، وەك:

(پەلاماردان، مۆڵ دان، باوەش دان لە شتێك، هاندان، جۆشدان، خولدان، سووڕدان، پیشاندان، تووڕدان، فڕێدان، گەمارۆدان، لووشدان، بادان، .... هتد).
ئەم جۆرە کارە تێپەڕن و داوای بەرکار دەکەن، وەك:

(بکەر + بەرکار + کار)

نموونە:

منداڵەکە دەفتەرەکەی تووڕ دا
منداڵەکە دەفتەرەکەی فڕێ دا
کێ منداڵەکەی هان دا؟
کێ ئەو شارەی پەلامار داوە؟

ئەم کارانە خۆ جودا دەکەنەوە لە کاری (هەناسەدان) و هاوەڵەکانی بە ئەوەی کە ئەمان (بەرکار) وەردەگرن و ئەوانی تر پێویستیان بە (بەرکار) نییە. ئەم دیاردەیە لە پێشتردا بە جوانی باسکراوە.

١٤ـ کاری تێکدان

بێگومان واتای کاری (تێکدان) جودایە لە واتای کاری (تێدان). ئەم کارە واتای (بەرەو نارێکی) دەبەخشێت. بە رادەیەك، کە چەندین وشە و زاراوەی لێکەوتووتەوە، وەك (تێکدەر، تێکدەران، تێکدراو، تێکدەرە، لە خۆ تێکدەر، ماڵ لە خۆ تێکدەر، ... هتد). ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەم کارە بریتییە چاوگی (تێپەڕ) بۆ کاری (تێك چوون)، وەك:

تێکچوون (تێنەپەڕ) ◄——— تێکدان (تێپەڕ)

بۆ نموونە، دەگوترێت:

نازانم بۆچی، پرۆژەکەمان (تێك چوو)

یان،

نازانم بۆچی، شیلان پرۆژەکەمانی (تێکدا)

کەواتـە، کـاری (دان) بـۆی هەیـە لـە بـوارێکی بـەر تەسـکدا، بـاری تێپـەڕی کـارێکی تـر بنوێنێت، وەك کاری (بوون : کردن):

ئەم منداڵە چەند جوان (بووە)

یان،

کێ ئەم منداڵەی وا جوان (کردووە)

سەرەڕای ئەوەی گوترا، کاری (تێکدان) باری ئـاڵۆز تـری هەیـە. بـۆ نموونـە، لـە (چـا تێکدان)دا هەڵوێستەکە زۆر ئاڵۆز و دژواتاییەکی سەیر هەیـە، چـونکە لـە (چـا تێکـدان) واتای (بەرەو باری باشتر) دەهێتە ئاراوە، بەڵام لە (ماڵ تێکدان)دا واتـای (بـەرەو بـاری خراپتر) دەهێتە ئاراوە. هۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕاسـتیەی کـە چـاوگی (چـا تێکدان) لە ڕەسەندا بریتییە لە (چا تێك وەردان). واتـە، چـاوگی (وەردان)بـە پێـشگری (وەر) واتای گۆڕاوە نەك بە پێشگری (تێك)، وەك:

شیلان، ئاوێك وەربدە لە پەرداخەکە

<u>١٥ـ گەمەیەك لە کاری (دان)دا:</u>

کـاری (دان) وشـەی (دەسـت) وەردەگرێـت وەك (بـەرکار) و کـاری (دەسـت دان) چـێ دەکات، وەك:

ئەم ئیشە دەست نادات بۆ تۆ

بێ گومان کاری (دەست دان) بریتییە لە کـارێکی (تێنەپـەڕ)ی چـالاك و ڕۆژانـە بـەکاری دەهێنین لەسەر ئەندازەی:

(هەناسەدان، دەنگدان، بۆڕدان، نووچدان، ....هتد)

له رووی گەمەی ڕێزمانیەوە، کاری (دەستدان) ڕوو دەکات لە ئامرازی پەیوەندی (لـە) و دوو روخساری نویٚ بۆ دوو کاری دی پەیدا دەکات، وەك:

یەکەم: کاری (دەستدان لە ....)، وەك:

دەستم دا لە دیوارەکە

یان،

دەستم دای لە دیوارەکە

دووەم: کاری (لە دەستدان)، وەك:

تـازە، ئیشەکەی خۆی لە دەستدا

لەنێوان ئەم دوو کـارەدا (دەسـتدان لـە ...) و (لـە دەسـتدان) هەنـدێك سـەرنجی سـەیر هەیە، وەك:

یەکەم: لە کاری (دەستدان لە ..)دا, بەکارهێنانی یەکەم (تێپەڕ)ە و بەکارهێنانی دووەم (دەستم دای لە دیوارەکە) تێنەپەڕە. ئەمەش لە کۆپلەکانی پێشوودا روون کراوەتەوە.

دووەم: لە هەردوو کارەکەدا، ئامرازی (لە) دوو جێگای هەیە، جارێك لەپاش کـاری (دان) و جارێك لە پێشی. ئەم ڕاستییە بووە بە هۆی پەیدابوونی دوو (واتا)ی جیـاواز. ئەمـەش خۆی لە خۆی بریتییە لە حەشارگەیەکی تاریك و نابێت هـەروا بـە زلکـوێری و بەئاسـانی بەسەریدا برۆین.

سێیەم: هۆی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان کاری (دەست دان لە ..) و کـاری (لـە دەسـت دان)دا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە یەکەمیان بە ئامرازی (لە) واتای گـۆڕاوە و دووەمیان بە پێشگری (لە دەست) واتای گۆڕاوە.

چوارەم: بۆ نموونە، لە کاری (دەستدان لە ...) ئەگەر وشەی (دەست) لاببەین، ئەوا واتای کارەکە ناگۆڕێت، وەك (دان لە ...):

دەستم دا لە دیوارەکە

...... دام لە دیوارەکە

یان، دەتوانین (دەست) کە بەرکارە، بگۆڕین بەرکارێکی دی، وەك:

پەنجەم دا لە دیوارەکە

شانم دا لە دیوارەکە

یان،

پەنجەم دای لە دیوارەکە

شانم دای لە دیوارەکە

کەواتە، وشەی (دەست) لە کاری (دەستدان لە ...)دا بریتییە لە وشەیەك کە خانەی چۆڵی (بەرکار)ی پڕ کردووتەوە، بەلآم لە کاری (لە دەستدان) وانیە. بۆ نموونە، ناتوانین وشەی (دەست) لە کاری (لە دەستدان)دا دەربهێنین، یان بیگۆڕین بە هەر وشەیەکی تر. کەواتە دەستەواژەی (لە دەست) بریتییە لە (واتاگۆڕێك بۆ کاری (دان) و کردوویەتی بە (لە دەستدان).

پێنجەم: بەپێی خاڵی پێشوو، سەری حەشارگەیەك هەڵ دەدرێتەوە، چونکە جۆرەکانی (واتاگۆڕین)ی کار دەکەوێتە بەر پۆلین کردن، وەك لە کۆپلەی داهاتوودا باسی دەکەین.

شەشەم: لەکاری (دەست دان)دا، کە لە سەرەتای ئەم کۆپلەیەدا باسکرا، بە هەمان شێواز، وشەی (دەست) بریتییە لە (واتابەست) بۆ کاری پتەوی (دەست دان) و لەپاشتردا، واتایەکی خوازراو پەیدا بووە لە چەشنی (دەست دان). هەر بۆ پرۆڤە، ئەگەر وشەی (دەست) لاببەین لە ئەو کارە، ئەوا واتاکەی دەبزرکێت و لە خشتە دەبرێت.

١٦- جۆرەکانی (واتاگۆڕی) لە کاری (دان)دا:

مەرجی (واتا گۆڕین) ئەوەیە کە پارچەیەکی سەربار بخرێتە سەر کاری (دان) و بە ئەو کردەوەیە واتاکەی بگۆڕێت لە (دان: بەخشین)ەوە بۆ واتایەکی نوێ. لە ئەم روانگەیەوە، کاری (دان) لە دەرگای زۆر بابەتی رێزمانی داوە بۆ ئەوەی چشتێك پەیدا بکات و بە ئەو چشتە خزمەتی زمانەکە بکات. لە راستیدا، زۆربەی زۆری ئەم بابەتە لە کۆپلەکانی پێشەوەدا باس کراون، بەلاّم لە ئەم کۆپلەیەدا کۆیان دەکەینەوە و جۆرەکانیان دیاری دەکەین، وەك:

یەکەم: پێشگری واتا گۆڕ (هەڵ، دا، ڕا، ڕۆ). لە ئاستی کاری (دان)دا تەنها پێشگری (ڕۆ) بڕشتی نییە. ئەگەرنا، سێ پێشگرەکەی تر دەتوانن سێ واتای سەربار لە کاری (دان) پەیدا بکەن، وەك:

- هەڵدان: بەرد هەڵدان

- دادان: نوێژ دادان

- ڕادان: مێگەل ڕادان

دووەم: واتا گۆڕیی بە ئامرازی پەیوەندی. لە ئەم رووەوە، ئامرازی پەیوەندی کاریگەری خۆی نوواندەوە و واتای کاری (دان)ی گۆڕیوە بۆ (لێدان، پێوەدان، پێدادان).

سێیەم: واتاگۆڕی بە (واتای بەرکار). لە ئەم رووەوە کاری (دان) چەسپ دەبێت بە (بەرکار)ێکەوە و لەگەڵ واتای ئەو بەرکارەدا دەبێت بە کارێکی (ڕۆنراو بە بەرکار)، وەك:

(هەناسە)دان

(هەنیسك)دان

لە ئەم کارانەدا، لابردنی وشەکانی (هەناسە، هەنیسك) دەبێت بە هۆی بەراویتەبوونی واتاکانیان.

<u>چوارەم</u>: واتاگۆڕی بە (هێزی تێپەڕین). لە راستیدا، کاری (دان) خۆی تێپەڕە و بەلاّم لە زۆر بەکارهێناندا دەگۆڕێت بۆ (تێنەپەڕ). لە ئەم هەلوێستیەدا، واتای کاری (دان) ناگۆڕێت، بەلاّم واتاکە بەرگێکی (تێنەپەڕ) لەبەر دەکات، وەك:

دەستم دای لە گڵۆپەکە

بەواتای:

دەستم کەوت لە گڵۆپەکە

بەلاّم دەشێت بگوترێت:

من دەستم دا لە گڵۆپەکە

لە بەکارهێنانی یەکەمدا، واتای کاری (لێدان) بە تێنەپەڕ چەسپاوە، بەلاّم لە بەکارهێنانی دووەمدا واتای کاری (لێدان) بە تێپەڕی چەسپاوە. بەڵگەش بۆ ئەو راستیەی کە لە نێو ئەو حەشارگەیەدایە، ئەوەیە کە رستە تێپەڕەکە دەشێت بکرێت بە (بکەر نادیار)، وەك:

دەستم درا لە گڵۆپەکە

لە ئاستی واتای یەکەم دا، ناتوانین رستەی (بکەر نادیار) دروست بکەین، چونکە رستەکە تێنەپەڕە و (بەرکار) لە ئارادانیە، تا بیکەین بە (جێگری بکەر). ئەم دیاردەیە، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی بەکار بۆ سەلماندنی باری (تێنەپەڕ) لە رستەیەکدا وەك (دەستم دای لە گڵۆپەکە).

<u>پێنجەم</u>: واتا گۆڕی بە ئامرازی پەیوەندی و بارگەکەی. لە ئەم میکانیزمەدا، زمانەکەمان دەوڵەمەندە و چەند (کار)ێك هەیە کە واتایان دەگۆڕێت، وەك:

ـ له دەست دان

ـ بە فیڕۆ دان

ـ بە هەدەر دان

ـ بە کرێ دان

ئەم جۆرە کارانە، لە رووی واتاوە، ناتوانن دەست بەرداری ئامرازەکە و بارگەکەی بن.

شەشەم: وەك لـە سـەرەتای ئـەم نووسـینەدا باسـکرا، کـاری (دان) هـەر کاتێـك پـاك بکرێتەوە لە (بەرکار) ئەوا واتایەکی (تابۆ) پەیدا دەبێت.

حەوتەم: کـاری (دان) دەرگـای واتـا پتـەوەکانی دەکاتـەوە بـۆ (واتـا دانـەوە) و بـۆ (واتاخوازی). بۆ نموونە، کاری (هەڵدان) لە واتای خـوازراودا دەبێـت بـە (پێـدا هەڵـدانی کەسێك). یان، هەندێك لە کارەکان بە راسـتەوخۆیی دیـاردەی (واتادانـەوە) هەڵـدەگرن، وەك: (دەست دان، لە دەست دان).

هەشتەم: لـە کـاری (دادان)دا، سـیمای سـێ واتـای پتـەو دیـارە و ئەمـەش بریتییـە لـە دیاردەیەکی دەگمەن، وەك:

ـ دادان: تیژ کردنی پێنووس و دار

ـ دادان: دەستپێکردنی نوێژ

ـ دادان: دەرس دادان (تلقین)

ئەم سێ نمونەیە بەرانبەر بە ئەم سێ رستەیە دەوەستن، بەریزە:

شیلان پێنووکەی داداوە

شیلان نوێژەکەی داداوە

شیلان شیرینی دەرس داداوە

بێ گومان، ئەم سێ واتایە هەرچەندە لە (پتەو) بچن بەڵام وا نییە. لە (دەرس دادان)دا، وشەی (دەرس) بریتییە لە (واتا بەست) بۆ کاری (دادان)، چونکە لابردن و ئاڵوگۆڕ کردنی ئەو وشەیە دەبێت بە هۆی بزڕکاندنی واتاکە. لە بەرانبەردا وشەی (دادان)، لە نموونەی یەکەمدا، بەرانبەر بە (تیژکردن) دەوەستێت و لە نموونەی دووەمدا بەرانبەر بە (دەستپێکردن) دەوەستێت. بێگومان، ئەم دوو واتایەش لە یەکتری جودا دەبنەوە.

١٧ـ کاری (لە خشتەدان) و (لە خشتەبردن):

کاری لە (خشتەدان) واتای (لە قاڵب دان) دەگەیەنێت وشەی (خشتە) بە واتای (قاڵب) هاتووە، وەك:

شیلان پرۆژەکەی لە خشتە داوە

بە ئاشکرا دیارە کە کارەکە تێپەڕە و گەمە سینتاکسییەکەش هەر تێپەڕە، چونکە دەستەواژەی (پرۆژەکە) بریتییە لە بەرکاری رستەکە. سەرەڕای ئەوە، لە ئەم کارەدا گەمەیەکی سەیرتر هەیە و دەشێت کاری (لە خشتەدان) بکەین بە (لە خشتەبردن)، بۆ پەیداکردنی دژ واتایەك بۆ ئەو کارە، وەك:

شیلان پرۆژەکەی لە خشتە بردووە

بێگومان، کاری (لە خشتەبردن) بریتییە لە دژواتای کاری (لە خشتەدان)، کەچی کاری (بردن) و کاری (دان) ئەو دژواتاییە نانوێنن. سەرەڕای ئەوەی کە گوترا، کاری (لە خشتەدان) و (لە خشتەبردن) روویان کردووە لە (واتای خوازراو)، وەك:

کێ ئەم منداڵەی لە خشتە بردووە؟

١٨ـ رەگی کاری (دان):

وەك لە رێزمانی تۆمار كراودا زانراوە، بنجی كاری (دان) بریتییە لە (دە) و رەگی رابردووی بریتییە لە (دا)، وەك:

من هەوڵ دە(دە)م

من هەوڵم (دا)

لە رابردووی بەردەوام و دوور و تەواودا بە ئەم چەشنەی رەگی (دا) ریز دەبێت:

من هەوڵم دە(دا)

من هەوڵم (دا)بوو

من هەوڵم (دا)وە

بنجی كاری (دان)، كە بریتییە لە (دە)، نارێكی تێدا هەیە، چونكە بزوێنی (ە) پەیدا بووە. لە رێزمانی كوردیدا، ئەو كارانەی كە روخساریان كورتە، بنجەكەیان دەشێوێت، وەك:

دان، مان، نان

بنجی كاری (مان) دەبێت بە (مێن) و بنجی كاری (نان) دەبێت بە (نێ). سەرەڕای ئەو نارێكییە، كاری (دان) لەناوی بكەریشدا هەر كێشەی هەیە، چونكە داوای دەنگی (بـ) دەكات، وەك (نان دەر: نان بدەر: بدەر).

<u>١٩ـ كاری (دان) و پاشگری دووپاتی (ەوە):</u>

پاشگری دووپاتی (ەوە) بۆی هەیە بچێتە سەر گشت كاری زمانەكە بۆ واتای دووپاتی و بۆی هەیە بچێتە سەر چەند كارێك بۆ گۆڕینی واتاكەی. بۆ نموونە، ئەم كارانە لای راست

واتـــای تایبــەتی خۆیــان هەیــە و ئــەو کارانــەی لای چــەپ، کــە پاشــگری دووپاتیــان وەرگرتووە، واتایەکی نویێ دەبەخشن:

بردن : بردنـ(ـەوە)

کردن : کردنـ(ـەوە)

شۆردن : شۆردنـ(ـەوە)

گرتن : گرتنـ(ـەوە)

ناسین : ناسینـ(ـەوە)

کەوتن : کەوتنـ(ـەوە)

گەیشتن :گەیشتنـ(ـەوە)

گەڕان :گەڕانـ(ـەوە)

..... : ......

لە کاری (دان)یشدا، ئەم دیاردە هەیە، وەك:

دان : دانەوە

لە ئەم هەڵوێستەدا، رەنگە وا بزانرێت کە کاری (دانەوە) واتـای نـەگۆڕاوە، بـەڵکو تـەنها دووپاتی بەسەردا چەسپاوە. بۆ روون کردنەوەی ئەم ئارێشەیە، دەتوانین روخسارەکانی تری کاری (دان : دانەوە) وەربگرین، وەك:

هەڵ دان : هەڵ دانـ(ـەوە)

بادان : بادانـ(ـەوە)

لادان : لادانـ(ـەوە)

بەردان : بەردانـ(ـەوە)

سووڕدان : سووڕدانـ(ـەوە)

دادان : دادانـ(ـەوە)

بۆ نموونه، واتای (هەڵدان) لە کویێ و واتای (هەڵدانەوە) لە کویێ. یان واتای (بەردان) لە کویێ واتای (بەردانەوە) لە کویێ. بە هەمان شێواز، گشت ئەو کارانەی سەرەوە واتایان گۆڕاوە بە پاشگری (ەوە) و کوردیزانان دەتوانن واتاکانیان لە یەکتری هاوێر بکەن. ئێستاش، دەتوانین چەند نموونەیەك لە رستە وەربگرین بۆ ئەوەی باری گۆڕینی واتایی بە جوانی روون بکەینەوە، وەك:

ـ هەڵ دان:

شیلان بەردەکەی هەڵ دا

شیلان پەڕەکەی هەڵ دایەوە

ـ دادان:

شیلان پێنووسەکەی داداوە

شیلان پەردەکەی داداوەتەوە

ـ بەردان:

شیلان چۆلەکەکەی بەردا

شیلان شووشەکەی بەردایەوە

ـ بادان:

شیلان پەتەکەی بادا

شیلان ئۆتومبیلەکەی بادایەوە

لە ئاستی ئەو نموونانەدا، چەند سەرنجێکی ورد و خنج هەیە و دەبێت یەکلایی بکرێنەوە، وەك:

یەکەم: کاری (دان) لە یەکەم هەنگاودا پێشگری (هەڵ)ی وەرگرتووە واتاکەی گۆڕاوە لە (دان)ەوە بۆ (هەڵدان). پاشان، لە دووەم هەنگاودا، پاشگری دووپاتی (ەوە)ی وەرگرتووە و جارێکی تر واتاکەی گۆڕاوە و بووە بە (هەڵدانەوە)، وەك:

هەنگاوی سفر: کاری دان

هەنگاوی یەکەم: کاری (هەڵ دان)

هەنگاوی دووەم: کاری (هەڵدانەوە)

لە ئەم هەڵوێستەدا، بلیمەتی زمانەکەمان لە حەشارگەکانیدا دەردەکەوێت، هەر بۆ نموونە و بە تەریبی لەگەڵ ئەو نموونەیەی سەرەوەدا، دەتوانین روو بکەین لە کاری (بەردانەوە) وەك:

هەنگاوی سفر: کاری (دان)

هەنگاوی یەکەم: کاری (بەردان)

هەنگاوی دووەم: کاری (بەردانەوە)

دووەم: لە رووی زانستیەوە، بابەتەکەی نێو خاڵی پێشوو، وەك ئەوە وایە کە کەرەستەکان بە (یەك لە دوای یەك) ریز بکەین، وەك دەنکی (خەناوك) لە کشتەکەکەیدا. لە راستیدا، دەبێت کەرەستەکان بە (تەریبی) ریز بکەین وەك دەنکی مێخەك لە هەر گرێیەکی مێخەکبەندا، وەك:

هەنگاوی سفر	دان	
هەنگاوی دووەم	دان	دانەوە
هەنگاوی سێیەم	(هەڵ)دان	(هەڵ)دانەوە

کەواتە، کاری (دان) لە یەکەم هەنگاودا دابەشبووە بۆ کاری (دان)ی بێ پاشگر و کاری (دانەوە)ی پاشگردار و لە هەنگاوی دووەمدا پێشگری واتاگۆڕ (هەڵ) واتای تازەی پەیدا کردووە، چی لە کاری (دان)دا و چی لە کاری (دانەوە)دا.

سێیەم: ئەو دابەشکردنەی کە لە خاڵی دووەمدا چەسپاوە چوار کاری ریز کردووە (دان، دانەوە، هەڵ دان، هەڵ دانەوە)، کەچی لە خاڵی یەکەمدا سێ کار ریز کراوە (دان، هەڵ

دان، هەڵدانەوە). کەواتە، دابەش کردن بە (تەریبی) کاری (دانـەوە) فـەرامۆش ناکـات و حەشارگەیەکی تر دەخاتە بەر مەکینەی ڕێزمان.

چوارەم: بـەپێی خـاڵی دووەم، کـاری (دان) لـە یەکـەم هـەنگاودا بـووە بـە (دانـەوە) و پاشگری دووپاتی (ەوە)ی وەرگرتووە، نەك پێشگری (هەڵ). کەواتە، پاشگری دووپـاتی هەر لە سەرەتاوە و هەر لە بنچینەوە رچـەیەکی نـوێی پەیـدا کـردووە لـە کـاری (دان)، وەك:

کاری دان

کاری (دان) بێ پاشگری (ەوە)

کاری (دان) لەگەڵ پاشگری (ەوە)

پێنجەم: لە پوختەی خاڵی (چوارەم)دا، دەتوانین بڵـێین: لەسـەر پەیـژەی کـات، یەکـەم جار کاری (دان) بووە بە (دان) و بووە بە (دانەوە) و لە پاشتردا پێشگرەکان (هـەڵ، دا، لا،....) چەسپاون. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە ژمارەی ئەو پێشگرانە زۆرن، وەك:

دان		واتا گۆڕین
دان	دانەوە	یەکەم هەنگاو: پاشگری (ەوە)
هەڵ دان	هەڵ دانەوە	دووەم هەنگاو: (پاشـگرەکانی هـەڵ، دا، لا، ....)
بەردان	بەردانەوە	
لادان	لادانەوە	
دادان	دادانەوە	
بادان	بادانەوە	
......	....	

شەشەم: کەواتە، هەڵەیە ئەگەر بڵێین:

کاری (دان) بووە بە (هەڵدان) و لە پاشتردا بووە بە (هەڵدانەوە).

لە بەرانبەردا، راست و دروستە ئەگەر بڵێین:

کاری (دان) لە رگێشەوە بووە بە دوو کاری جمك وەك (دان) و (دانەوە) و لە پاشتردا هەر یەك لە ئەو دوو کارە کەوتوونەتە بەر زەبری پێشگری (واتاگۆڕ) و بووگن بە (هەڵ دان) و بە (هەڵدانەوە)

هەفتەم: بەڵگەیەکی تر بۆ ئەو بابەتەی کە باسکرا بریتییە لە کاری (دەنگ دان) و کاری (دەنگ دانەوە) کە دوو واتای زۆر زۆر جیاوازیان هەیە. بێگومان، وشەی (دەنگ) بووە بە (بەرکار) و چووەتەسەر هەردوو کارەکە و دوو واتای پەیدا کردووە، وەك:

- واتای یەکەم: دەنگ دان لە هەڵبژاردندا، وەك:

دەنگ + دان ⟵ دەنگ دان

- واتای دووەم: ناوبانگ پەیدا کردن، وەك:

دەنگ + دانەوە ⟵ دەنگدانەوە

لە هەندێك جێی تردا، مەرج نییە وشەکە بچێتە سەر هەر دوو کارەکە. بۆ نموونە، وشەی (رەنگ) دەچێتە سەر کاری (دانەوە) و دەبێت بە (رەنگ دانەوە)، کەچی هەمان وشەی (رەنگ) یەك ناگرێت لەگەڵ کاری (دان). لە رانبەردا، وشەی (کۆڵ) دەچێتە سەر کاری (دان) و دەی کات بە (کۆڵدان)، کەچی ناچێتە سەر کاری (دانەوە) و مەرجی (واتاگۆڕین) ناچەسپێت.

٢٠ـ رێچکە سنتاکسییەکانی کاری (دان):

لە گشت ئاستەکانی زمان دا، کاری (دان) تایبەتمەندی و ئاڵۆزی خۆی هەیە و پێویست بە ئەوە دەکات کە زۆر بە وردی لێی بتۆژرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە، لە ئەم کۆپلەیەدا دەمانەوێت بە خنجی ئەو رێچکانە دیاری بکەین کە لە رێزمانی ئەم کارەدا دەردەکەون، وەك:

یەکەم: ڕێچکەی ڕستەسازی ئاسایی بۆ گشت کارە تێپەڕەکان، وەك:

(بکەر : بەرکار : کار)

وەك:

تۆ : پارە : دەدەیت
تۆ : تۆپەکە : هەڵ دەدەیت
تۆ : کات : بە فیرۆ دەدەیت
تۆ : پێنووسەکە : دابدە

لە ئەم ڕێچکەیەدا، بەرکارەکان بریتین لە بەرکاری ڕێزمانی سادە و ساکار و هیچ بەشداریەك ناکەن لە گۆڕینی سیمای کارەکاندا.

دووەم: ریچکەی ڕستەسازی ئاسایی بە بەرکاری ناراستەوخۆوە (کاری ئامرازدار)، وەك:

(بکەر : بەرکار : کار : بەرکاری ناراستەوخۆ)

بکەر	بەرکار	کاری ئامرازدار	
		کار	ئامراز
من	پارەکە	دەدەم	بە شیلان
من	پارەکە	دەدەم	پیَی
یان،			
من	پارەکەی	دەدەم	پیَ

سێیەم: ڕێچکەی (کاری ئامرازدار) بە ئامرازی (یَ)، وەك:

بکەر	بەرکار	کاری ئامرازدار	
		کار	ئامراز
من	پارەکەی	دەدەم	پیَ
من	پارەکەی	دەدەم	یَ

چوارەم: رێچکەی کاری یاریدەدەر بە (رۆنان)، وەك:

دەنگ دان
هەناسە دان
کۆڵ دان
بۆڕ دان
کوڵ دان

لە ئەم رێچکەیەدا، کاری (دان) وەك کارێکی یاریدەدەر ئیش دەکات بۆ رۆنانی کارێکی نویَ، کە بە واتاکەی بریتییە لە (تێنەپەڕ واتایی)، وەك:

ئێمە کۆڵ نادەین
چێشتەکە کوڵ دەدات

لە ئەم جۆرە بەکارهێنانەدا، رستەی (بکەر نادیار) دروست نابێت مەگەر بە زۆر. سەرەڕای ئەوەش، لابردنی (بەرکار) دەبێت بە هۆی لابردنی ئەو واتایەی کە بەرکارەکە بەستوویەتی بە کاری (دان)ەوە.

پێنجەم: زۆرجار، کاری (دان) جارێکی تر دەکرێتەوە بە (تێپەڕ)، وەك:

هەناسەدان: هەناسەدان بە کەسێك: هەناسە پیَدان

بۆ نموونە، وەك چۆن وشەی (هەناسەدەر) هەیە، هەر ئاوهاش وشەی (هەناسەپێدەر) هەیـە، وەك:

نەخۆشەكە هەناسە دەدات

دكتۆرەكە هەناسە بە نەخۆشەكە دەدات

دكتۆرەكە هەناسەی پێ دەدات

ئەم جۆرە بەكارهێنانە بە ئەم چەشنە یاسارێژ دەكرێت:

بكەر : بەركار : (پێ) : كار

ئەم رچە سنتاكسییە پەنا و پاسارێكیتر لە رێزمانەكەدا روون دەكاتـەوە و ئـەركێكی تـر دەدۆزێتەوە بۆ ئەركەكانی ئامرازی پەیوەندی (بە) و روخسارە لكاوەكـەی (پـێ). جـۆرە بابەتی ئاوها، دەشێت بخرێتە بەر تۆژینـەوە، نـەك جـار بـە جارێـك نووكـە قەڵـەمێكی لێ بدرێت.

شەشەم: رێـچكەی رستەسـازی دوولایەنـە. زۆر جـار بـاری رستەسـازی بـە دوو رێـچكەدا دەچەسپێت بەسەر كاری (دان)دا. بۆ نموونە، بۆ هەمان (واتا) دەشێت ئـەم دوو قاڵبـەی خوارەوە بەكاربهێنرێت:

رێگای یەكەم:

شیلان ئازاد هان دەدات

رێگای دووەم:

شیلان هانی ئازاد دەدات

لەسەر ئەندازەی:

شیلان پارە داوا دەكات

شیلان داوای پارە دەكات

بێگومان ئەم رێچکە دوو لایەنە بە پەرپووتی و بەبێ بەرنامەیی زمانی نووسینی پێ لەوتاوە. لە ئەم رووەوە، دەشێت یەکێك لە ئەو دوو رێچکەیە بخرێتە بەر برەو. ئێمە ئەو جۆرەی کە لە رێگای یەکەمدا چەسپێنراوە، بە شیاوتر دەزانین.

٢١- پوختەکاری:

کاری (دان) کێشەیەکی زۆری هەیە و لە گشت ئاستەکانی زماندا بە ئالۆزی خۆی دەنوێنێت. هەر لەبەر ئەوە، پێویستی بە چەندین لێکۆڵینەوە هەیە و ئەم کارەی ئێمەش بریتییە لە سەرەتایەك بۆ ئەو ئیشانە. لە دووی توێی ئەم نووسینەدا، چەند بابەتێك هرووژێنراون و دەشێت بە پوختەیی بیان کەین بە چەند خالێك، وەك:

یەکەم: کاری (دان) روخساری چاوگەکەی زۆر کورتە، وەك هەردوو کاری (مان و نان). لە ئەم سێ کارەدا (دان، مان، نان) ئەگەر نیشانەی رابردوو (أ) و نوونی چاوگ (ن) لابدەین تەنها سێ دەنگ دەمێنێتەوە (د، م، ن)، کە بریتیین لە رەگی هەر سێ کارەکە. هەر لەبەر ئەو هۆیە کاری (دان) لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا بە ئالۆزی دەچێتە نێو تەونی رێزمانەکەوە و ئەو کێشانەی کە لە کورتی روخسارەکەیەوە پەیدا بووە راگوێزیان دەکات بۆ ئاستی وشەسازی. بۆ نموونە، دەبا رەگی کاری (دان) بریتی بێت لە پیتی (د)، کەچی بریتییە لە برگەی (دە) و لە پاشتردا دەنگی بزوێنی (ە) دەتوێتەوە لە نێو نیشانەی رابردوودا و جارێکی تر بنجی کارەکە دەبێتەوە بە پیتی (د) و برگەکەش دەبێتەوە بە (دا). تەنانەت، لە دەمکاتی رانەبردووشدا لەگەڵ جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ێت) کێشە دروست دەبێت و جێناوەکە دەگۆردرێت بە ئەلەمۆرفی (ات).

دووەم: کاری (دان) هەر لە بنج و بنەرەتەوە، پاشگری دووپاتی (ەوە) وەردەگرێت و دەبێت بە (دانەوە). لە ئەم میکانیزمەدا، واتای کاری (دان) دەگۆڕێت و ئەمجا هەردوو کارە دووانەکە (دان و دانەوە) دەکەونە نێو بزاڤی رستەسازی و واتاسازی، بەلام هەر یەکێکیان بە سەربەخۆیی لە ئەوی تر. بۆ نموونە، وەك چۆن (دان و دانەوە) جیاوازن لە یەکتری، هەر ئاوهاش (دەنگ دان) و (دەنگ دانەوە) جیاوازن لە یەکتری. لە ئەم رووەوە، سێ باری شیاو هەیە بۆ بزاڤی واتا گۆڕین:

١ـ هەندێك لە پێشگرە واتاگۆڕەکان دەچنە سەر هەردوو کاری (دان) و (دانەوە) و دوو واتای جیاواز لە یەکتری چێ دەکەن، وەك (دەنگ دان و دەنگ دانەوە)، باسکراو لە پێشتردا.

٢ـ دەشێت کاری (دان) پێشگرێکی واتاگۆڕ وەربگرێت، بەڵام کاری (دانەوە) وەری نەگرێت و بزاڤی واتاگۆڕین پەیدا نەبێت. بۆ نموونە، کاری (فڕێدان) واتای دەگۆڕێت، بەڵام کاری (فڕێدانەوە) واتاکەی ناگۆڕێت، بەس رووداوەکەی دووبارە دەبێتەوە.

٣ـ دەشێت کاری (دانەوە) پێشگرێکی واتاگۆڕ پەسەند بکات و واتاکەی پێ بگۆڕێت، بەڵام کاری (دان) واتاکەی پێ نەگۆڕێت. بۆ نموونە، (ڕەنگ دانەوە) هەیە، بەڵام (ڕەنگ دان) واتای نییە، مەگەر بە زۆرەملێ.

<u>سێیەم</u>: کاری (دان) بە رووتی بەبێ هیچ پاشگر و پێشگرێك واتایەکی (تابۆ) دەبەخشێت و ئەم واتایە خۆی دەسەپێنێت بەسەر گوفتاردا. لە هەر هەل و مەرجێکدا کە (بەرکار) لابردرێت لە کاری (دان)دا، چاوی بیرمان وا دەزانێت کە ئەو بەرکارە تابۆیە لادراوە. بەشێوەیەکی گشتی، گشت کاری زمانەکە ئەوە پەسەند دەکەن کە (بەرکار)ی جودا لابردرێت، بە شێوەیەکی تایبەتیش، هەندێك لە کارەکان ئەوە پەسەند دەکەن کە بۆ سەلاری گفت گۆ وشەی ناشرین و تابۆ لابچێت. کاتێك کە ئەو دوو میکانیزمە یەك دەگرن، ئەوا میکانیزمە تایبەتەکە واتاکەی خۆی زاڵ دەکات. هەر بۆ پراوە، کاری (کردن)یش هەمان دیاردەی تێدا هەیە بەڵام بە دژواتای کاری (دان).

<u>چوارەم</u>: کاری (دان) هەر لە بنجەوە خۆی دەکات بە کارێکی (ئامرازدار) و هەندێك لە ئامرازەکانی پەیوەندی پەسەند دەکات، وەك:

دان بە ..... : پێدان

دان لە ..... : لێدان

دان بە .... ەوە : پێوەدان

دان بە .... دا : پێدادان

له راستیدا، ئەم ئامرازانە واتای نوێ پەیدا دەکەن و کاری نوێ چێ دەکەن و دەشێت هەر کارێك لە ئەم کارانە بە جودایی سەودا بکرێت. ئەمە و لە ئەم میکانیزمەدا، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئامرازی پەیوەندی بووە بە (واتاگۆڕ) لەسەر ئەندازەی (هەڵ، دا، را).
هەر بۆ پرۆڤە، وەك چۆن پێشگری (هەڵ) واتای کاری (دان)ی گۆڕیوە بۆ کاری (هەڵدان)، هەر ئاوهاش پێشگری (پێوە) واتای کاری (دان)ی گۆڕیوە بۆ (پێوەدان).

پێنجەم: لە زۆر جێدا ئامرازی (بە) لە کاری (دان بە ...)دا نابووت دەکرێت و دەکرێت بە ئامرازی (ـە). لە ئاستی ئەم گەمە نابەجێیەدا زمانەکە پەرپووت دەبێت، چونکە ئامرازی پەیوەندی (ـە) لاپەڕەی خۆی هەیە لە ئەلبوومی ڕێزمانەکەدا و هەڵ و مەرجی خنج و سفتی خۆی هەیە بۆ دەرکەوتن، وەك:

١- ئامرازی پەیوەندی (ـە) دەچێتە نێو کرۆکی قەوارەی (کار)ەوە.

٢- ئەم ئامرازە ڕووداوی کارەکە راگوێز دەکات بۆ سەر ئاوەڵکارێکی شوێن، وەك (سەر، دەر، ناو....).

٣- ئامرازی (ـە) واتای (کار) ناگۆڕێت، بەڵام باڵێکی سەربار چێ دەکات لە میکانیزمی ڕووداوی کارەکەدا، نەك لە پەیژەی ڕستەکەدا.

هەر بۆ نموونە، ڕستەی (من دامە تۆ) نادروستە، بەڵام ڕستەی (من دامە بەر ڕەخنە) دروستە، چونکە ئاوەڵکاری (بەر) کەوتووەتە پاش ئامرازی (ـە).

شەشەم: کاری (دان) بریتییە لە یەکێك لە ئەو کارانەی کە دیاردەی (واتابەستی) پێوە دیارە. بۆ نموونە، لە کاری (هەناسەدان) واتای وشەی (هەناسە) واتای کاری (دان) بەستووە و لە هەمان کاتیشدا، کاری (دان) وەك کارێکی ڕۆنەر دەرکەوتووە. لە ئەم جۆرە کارەدا چەند ئاکارێك بەدی دەکرێت، وەك:

١- ئەو وشەیەی کە واتای کارەکە دەبەستێت دەبێت بە (بەرکار) و پێکەوە واتایەکی نوێ پەیدا دەکەن.

٢- هەر چەندە ڕستەکە، (تێپەڕ)ە بە ڕێزمانی کاری (دان)، بەڵام لە رووی واتاوە لە (تێنەپەڕ) دەچێت.

٣ـ ئەو جۆرە رستەیە، لەبەر ئـەوەی تێنەپـەڕن بـە (واتـا) دۆخـی (بکـەرنادیار) پەسـەند ناکەن.

٤ـ ئـەو جـۆرە کـارەی کـە بـە واتـا تازەکـەوە دەبـن بـە تێنەپـەڕ، بـە ڕێزمـانی ئـامرازی پەیوەنـدی (بـە، پـێ) دەبنــەوە بـە (تێپـەڕ)، وەك (هەناســەدان بـە کەسـێك)، یـان (هەناسەپێدان). لە ئاستی ناوی بکەردا دەگوترێت (هەناسەدەر) و (هەناسەپێدەر).

٥ـ کاتێك کە کاری (هەناسەپێدان) چێ دەبێت بە تێپەڕی، جارێکی دی ڕێـژەکانی (بکـەر نادیار) دەکەونەوە کار، وەك (هەناسەپێدان، هەناسەپێدران). بەرانبەر بە ئـەم دیاردەیـە لە ئاستی کاری (هەناسەدان)، کە تێنەپەڕە بە واتا، کاری (هەناسەدران) سـست دەبێـت لە بەکارهێناندا.

٦ـ تێپەڕاندنی کاری (هەناسەدان) بە ئامرازی (بە، پێ)، کەم و زۆر لە تێپەڕانـدنی کـاری (تێنەپەڕ) دەچێت بە (ئاندن)، وەك (سووتان : سووتاندن) ئەم دوو کارە (هەناسـەپێدان و سووتاندن) ڕێژەی (بکەر نادیار) دروست دەکەن، چونکە تێپەڕن, وەك:

هێزی تێپەڕین	کاری (سووتان)	کاری (هەناسەدان)
تێنەپەڕ	سووتان	هەناسەدان
تێپەڕاندن	سووتاندن	هەناسەپێدان
بکەر نادیار	سووتێنران	هەناسەپێدران

حەوتەم: کاری (دان) چەند پۆلێك لە پێشگری (واتاگۆڕ) لە خۆ دەگرێت و دەشـێت ئـەم کارە بریتی بێت لە کەرەستەیەکی بەکار بۆ دۆزینەوەی میکانیزمەکانی (واتا گـۆڕین) لـە ڕووبەری ڕێزمانی کوردیدا، وەك:

١ـ واتا گۆڕە سادەکانی زمانی کوردی (هەڵ، دا، ڕا...) کە دەچـنە سـەر چـەندین کـار، وەك (هەڵ دان، دادان، ڕادان).

٢ـ واتا گۆڕین بە ئامرازی پەیوەندی وەك (لێ، پێ، پێوە، پێدا). ئەم بابەتە لە پێشتردا باس کرا و نموونەی (لێدان، پێدان، پێوەدان، پێدادان) بەکارهێنران.
٣ـ واتا گۆڕین بە ئامراز و بە بارگەکەی، وەك: (بە فیرۆدان، لە دەست دان).
٤ـ واتا گۆڕین بە وشەی واتادار، وەك: (پەلاماردان)، (سووڕدان)، (باوێشکدان)، (هەناسەدان)، (باوەشدان لە ...)، (کوڵدان)، (بۆڕدان)، (ڕێدان).
٥ـ واتا گۆڕین بە (ئاوەڵکاری شوێن)، وەك (دەردان)، (بەردان)، (لادان).
٦ـ واتا گۆڕین بە پاشگری (ەوە) و بە یەکێك لە ئەو پێشگرانەی کە باس کران، وەك:

(بەر) دان .... : (بەر) دان (ەوە)
(هەڵ) دان .... : (هەڵ) دان (ەوە)

لە نموونەکانی دەستە ڕاستدا، تەنها هەر پێشگرەکان بریتین لە (واتاگۆڕ)، بەلام لە نموونەکانی دەستە چەپدا، پێشگرەکان و پاشگری (ەوە) بریتین لە (واتاگۆڕ).
هەشتەم: لە کاری (تێکدان)دا دژواتایی هەیە. بۆ نموونە (چا تێکدان) و (ماڵ تێکدان) دوو واتای دژیەك دەبەخشن لە (چا تێکدان)دا باری چایەکە بەرەو باشی دەچێت، کەچی لە (ماڵ تێکدان) باری ماڵەکە بەرەو خراپی دەچێت.
نۆیەم: کاری (تێکدان) بریتییە لە دیوە تێپەڕەکەی کاری (تێکچوون)، کەچی لەپاش لادانی پێشگری (تێك)، لە ئاستی کاری (چوون)دا، کاری (دان) ئەو ئەرکەی نییە.
دەیەم: لە دوو کاری هاوشێوەدا، وەك:

ـ دەست دان لە (...)
ـ لە دەست دان.

ئاڵۆزی هەیە. کاری یەکەم جەمسەرەکەی بریتییە لە کاری (لێدان) و وشەی (دەست) بریتییە (بەرکار). کەچی کاری دووەم خۆی جەمسەرێکی تەواوە و پێشگری (لە دەست) واتاکەی گۆڕیوە. ئەگەرنا، لە ئەم کارەدا ناتوانین وشەی (دەست) لاببەین و ناتوانین

ئامرازی (لە) بکەین بە (لێ) وەك (دەست لێ دان). لە ئەم کردەوەیەدا، واتای کاری دووەم تێکەڵ دەبێت بە واتای کاری یەکەم. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە حەشارگەیەکی رێزمانەکە. بە کورتی دەستەواژەی (لە دەست) لە کاری (لە دەست دان)دا بریتییە لە واتاگۆڕێکی پتەو و ناشێت دەستکاری بکەین.

یازدەیەم: کاتێك کە کاری (دان) دووجار واتای گۆڕا بێت، جارێك بە (پێشگر) و جارێك بە (پاشگر) وەك (هەڵدانەوە)، نابێت وا بزانین کە کاری (دان) هەر دوو واتا گۆڕەکەی وەرگرتووە. لە راستیدا کاری (دان) و کاری (دانەوە) هەر یەکێکیان بە جودایی پێشگری (هەڵ)ی وەرگرتووە.

دوازدەیەم: لە زمانی نووسین دا، ئامرازی (ێ) تەنها لە دوو کاردا برەوی هەیە، کە بریتین لە (دان) و (گەیشتن). بێگومان گشت ئەو کارانەی کە ئامرازی (ێ) هەڵ دەگرن کاری (دان بە ...) دەکەن بە جەمسەری واتایی، نەك کاری (دان).

سەرچاوە:

- د. شێرکۆ بابان، سەرەتایەك لە واتا سازی لە رێزمانی کاردا، ئامادەیە بۆ چاپ، هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.
- د. شێرکۆ بابان، رێزمانی پاشگری دووپاتی (ەوە)، هەولێر ٢٠٠١.
- مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی رێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، رێزمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٢.
- لیژنەی زمان و زانستەکانی، رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
- محەمەد مەعرووف فەتاح، کار پۆلین کردن بەپێی رۆنان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، بەغدا ١٩٨٩.
- د. وریا عومەر ئەمین، تێنەپەڕ فەرمانێکی بکەر نادیارە، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ١٠٧، بەغدا ١٩٨٥.
- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٧.

ملخص البحث

جولة في قواعد
فعل (دان) في اللغة الكردية

د. شيركو بابان

في اللغة الكردية، هنالك غموض و تعقيد في القواعد الخاصة ببعض الافعال من الناحية الصرفية و النحوية أو من ناحية المعنى و الاستعمال. هذه المشاكل القواعدية لها جذور علمية خاصة تتميز بها قواعد اللغة الكردية و لايمكن دراستها بسهولة و على ضوء قواعد الافعال في اللغات الاخرى. و مثال من هذه المجموعة من الافعال هو الفعل (دان) و الذي يقابله في المعنى السطحي أو الظاهري الفعل (أعطى، يعطى) في اللغة العربية أو الفعل (to give) في اللغة الانگليزية. في القواعد الخاصة بهذا الفعل هنالك تفرعات جانبية من الناحية الصرفية و النحوية و هنالك توسعات عرضية في المعنى و المدلول. في الخطوة الاولى من البحث، تم دراسة المشاكل السطحية و التي يمكن معالجتها بالقواعد التقليدية و في الخطوة التالية تم التعمق في صلب مشاكله الجوهرية و الناجمة عن تغيير الشكل بالادوات الصرفية و توليد معاني جديدة متفرعة من المعنى الاصلي للفعل و خاصة تأثير أداة تكرار الحدث (ەوە) و التي تغير جذرياً المعنى الاصلي و تفتح باباً جديداً في قواعد فعل (دان). في القواعد التقليدية لايمكن التعمق الكامل في هذه التعقيدات، إلا في طبقة رقيقة من سماكة قواعده.

في هذا البحث أجريت جولة سريعة و جدية في الجذور المعمقة لهذه المشاكل و ذلك لغرض قولبتها في قواعد اللغة الكردية، حيث تم عرض مافي قواعده من غموض و أسرار.

Abstract

A scope in grammar of the verb (Dan) in Kurdish language

Sherko Baban

In Kurdish language, there is some imbiguity and complication in grammar of some verbs, in their morphoy and syntax, or in their meaning and their use. This category of verbs has its particularity in Kurdish grammar. An example from these verbs is the verb (دان), which corresponds by hard meaning to the verb (to give) in English, or the verb (donner) in French. In grammar of this verb, due to the presence of prefixes and secondary meanings, there is some lateral grammatical and semantical problems. These irregularities lead such verbs to have their own grammatical particularity. In addition to these problems there is an other page concerning the past fix (ەوە), which corresponds to the prifix (-re) in English or French. This grammatical element, functions as a meaning changer in a too complex manner.

In this work, a general scope is presented for all the problems in forms and meanings of this verbs and a conclusion is performed for the origin of these irregularities.

کاریگەریی دەستنووسەکانی مامۆستایانی کورد
لە نووسینەوەی
مێژووی کورد و زانایانی کوردستاندا

محەمەد عەلی قەرەداغی

سەرەتایەکی کورت:

دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا ئەوە بزانین کە مێژووی کۆنی کورد بە دروستیی نەنووسراوە و، لەتەك ئەوەدا گەلێك لە مێژوونووسە گەورەکانی جیهان وەك: ئیبنوئەثیری جەزەریی و، ئیبنو خەلەکان و، ئیسماعیل پاشای بابانی و، چەندین مێژوونووسی دیکەی گەورە، کە کتێبگەلی گەورە و نایاب و جێگەی بایەخیان لە مێژووی ولات و زانایانی ولاتی ئیسلامیدا نووسیوە کورد بووە، کەسی وامان نەبووە بە تەنگ مێژووی گەلی کوردەوە بێت و، کتێبی سەربەخۆی لەسەر بنووسێت، نەك هەر ئەمە بەلکو ئەو مێژوونووسە گەورانە نەهاتوون بەش و بابەتی جیا لەناو کتێبەکانیاندا بۆ مێژووی کوردستان، یان زانا و ناودارانی گەلی کورد دابنێن و، هیچ نەبێ، وەك ولات و زانایانی ولاتان گەلەکەیان بە جیهان و مێژوو بناسێنن. نەك ئەمەش تەنانەت ئەو مێژوونووسە کوردانە ئەوەندەیان بە خۆیشیان رەوا نەبینیوە لە سووچێکی لاپەڕەیەکی کتێبە گەورەکانیاندا بە یەك دوو دێڕ باسی خودی خۆیان بکەن و، بلێن: ئێمە لە نەتەوەی کوردین و، ئاو و هەوای سازگاری کوردستان مێشکی زاخاو داوین و، لە پەنای چیا و دۆلیدا گەشەمان کردووە و، مامۆستایانی کورد فێری خوێندن و زانیارییان کردووین.

لەلایەکی دیشەوە هەمیشە کوردستان شەڕگە و گۆڕەپانی گۆڕینەوەی دەستەلات و، سەندنەوەی تۆلەی ئەم زلهێز لەو زلهێز و، داگیرکردنی بنکە و جێگەی دەستەلاتی ئەم میر و ئەو پادشا بووە و، سالانە و مانگانەیش چەند شەڕی گەورە و کارەساتی خان و مان سووتێن سەرتاسەری، یان بەشی زۆری، کوردستانی گرتووەتەوە و، بوونی قەلا

دێـرین و گـەورەکانی وەك قـەڵاگانی: هـەولێر و، کـەرکووك و، چەمـچەماڵ و، بـەکراوا و، ئەحمەدئاوا و، باوە کورۆیی و ... دەیان قەڵای دیکـەی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، نیـشانەیەکی ئاشـکرای ئـەم قـسەن و، ئەگـەر خـوێنی رژاوی دەوروبـەری ئـەو قەڵایانـە مابوایە و، کەلاك و کەللەسـەری بـێ گیـانکراوی دیفاعکـەران و داگیرکـەران ـ وەك یـەك ـ نەرزیبایە و نەبوایەنەوە بـە خـۆڵ، ئێـستە بـن ئـەو قەڵایانـە دەریـای خـوێن دەبـوون و، بارسایی ئێسك و پروسکی پاڵەوانان و جەنگاوەرانیش لە سەرووی قەڵاگانەوە دەبوون!

لە خوێندنەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی مێژوویشەوە بۆمان دەردەکەوێ کـە ئاکـامی جـەنگ چـییە و، چ ماڵکاولییـەك بەسـەر شـەڕگە و وڵاتـی جـەنگزەدەدا دێـت و، هێـزی سەرکەوتوو و براوە چی بـە وڵاتـی هێـزی شکستخواردوو و دۆڕاو دەکـات و، چ بەڵایـەك بەسەر ئاسەوار و شوێنەوار و سامانی نەتەوایەتیی و مێژووییدا دێنێ!

گەلی کورد گەلێ جارە و بەتایبەتی لەم سەدانەی دواییـدا، خوازیـاری ئـەو جەنگانـە نەبووە و، لایەن نەبووە تیایاندا و، هەرچی پێکرابێ بەزۆر پێیکراوە و، ئەنجامیش بـەش و بارەی جگە لـە مـاڵوێرانی و خـان و مـان سـووتانی بەشـێکی دی نـەبووە و، روونیـشە داگیرکەر دوای سەرکەوتنی بەسەر لایەنەکەی دیدا، تا پێی کرابێـت رووی تـاڵان و بـڕۆی کردوەتە سەر شوێنە گەورە و دیارەکـانی وەك قـەڵا و مەدرەسـە و مزگـەوت و، هەرچـی شوێنەواری پڕ بایەخ و، سامانی بە سامانی وڵات بووبێت لەو شوێنانەدا پارێزراوە و، ئەو داگیرکـەرەیش هەرچـی بـەلاوە پەسـەند بووبێـت و بـۆی هـەڵگیرابێت لەتـەك خۆیـدا بردوویـەتی و، چیـشی وا نـەبووبێت بـە ئـاگری رق و کینـەی سـووتاندوویەتی و شـتێکی لەدوای خۆیەوە لە خۆڵەمێش بەولاوە بەجێ نەهێشتوە!

کە ئەمەیش دەنووسین، لەو بەری رەنج و، کۆششی بیری مێشك و، ئـەرکی دەسـت و بازووی هونەرمەندان و رۆشنبیرانەی سەدان ساڵی رابوردوومان و، هەزاران قەڵا و شـار و گوندی بەرینی کوردستانە، هەواڵمان لە هیچیان نییە و، نازانین چیمان بووە و، دوژمن چی لێکردوون و، بۆ کوێی بردوون و، چییان بەسەر هاتووە!

تەنها شتێك بۆرە هەواڵێکی دروستمان لەسەری لـە دەسـتدا بێـت ـ کـە ئـەویش بـە قەڵـەمی دوژمنانمـان نووسـراوە ـ هـەواڵی گەنجینـە و کتێبخانـەی عەبداڵخانـە کـە دوای

نیشتنەوەی جەنگ و تالآنکردنی قەلآکەی ئەولیا چەلەبیی مێژوونووسی دەربار بانگ کراوە بۆ سەرنووسکردنی ئەوەی کە ماوە لە سامانی عەبدالْخان و، ئەویش بەم شێوە - وەك مامۆستا ئەمین زەکی نووسیویەتی - تۆماری کردوون:

"ئەولیا چەلەبی خۆی (بالذات) لەگەلْ هەیئەتێك بۆ ضەبطی مەترووکاتی عەبدالْ خان مەئموور بووە، ئەلێ: لەناو ئەم مەترووکاتەدا غەیری باری حەوت حوشتر کتێبی نایاب لە کتێبخانەی ئەمیردا، نزیکەی چوار هەزار کتێبی بە قیمەت و مەشهوور قەید کراو، ئەم کتێبانە هەموو دەستنووس و دائیر بە: دین، تەئریخ، لوغەت، عیلمی حەیوانات و، نەباتات و، طیب و، تەشریح و، شیعر و دیوان بوو، ئەنواعی خەریطە، ئەطلاس، صوورەت و لەوحەی نایابیشی تیابوو و، جەلْدیان لە غایەت بەدەر بە قیمەت بوو.

تەئلیفاتی عەبدالْ خان ٧٦ جەلْد کتێب و ١٠٥ ریسالە بوو بە عەرەبی و فارسی نووسرابوو....)[1]

---

[1] بڕوانە: محمد امین زکی - کورد و کوردستان بەرگی یەکەم، لاپەڕە: ١٩٧. انتشارات سیدیان مهاباد. عباس عەزاویش لە (العمادية في مختلف العصور)دا بەشێوەیەکی دی و کەمێك بە درێژی باسی زێڕ و گەوهەر و شتی فرە نایابی ناو گەنجینەی عەبدالْ خان دەکات و دەلْێت: ئەوانەی لە کتێبی نایاب و، دەستتخەتی بێوێنە و، سەدان کتێبی نایابی تەفسیری قورئانی پیرۆز و، فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د. خ) و دەیان دانەی نایابی شانامە و، چەندین دانەی نایابی دیوانی گەورە شاعیرانی فارس و ... جگە لەوەی دەیان نوسخە لە قورئانی پیرۆز بە خەتی خۆشنووسە ناودارەکانی جیهان کە وێنەیان بەو شێوە تەنانەت لە کتێبخانەی شێخولئیسلامیشدا دەست ناکەوێت! هەر چەند عەباس عەزاویی زۆر بەدرێژیی لەسەر ئەم باسە دەنووسێت و ناوی دەیان شتی سەرسوڕهێنەر دێنێت، دوایی دەلْێ: ئەوەی ئەولیا چەلەبیی نووسیویەتی لێرەدا جێگەی نابێتەوە و ئەگەر لەسەری بڕۆم زۆر زۆری دەوێت.

هەر لەو قسانەوە دەردەکەوێت کە ضیائەدین خانی میری بەدلیس لەو شوێنەدا بووە کە کتێب و شتومەکەکانی گەنجینەی عەبدالْخانی تێدا هەڕاج کراوە و، کاتێ ئەو شتانەی دیوە خۆی پێ نەگیراوە و فرمێسك بە چاویدا هاتووەتە خوارەوە، ئەحمەد شای والیی لێی پرسیوە: ئەمانە هی تۆن وا بۆیان دەگریت؟ ئەویش وتوویەتی: نەخەیر، بەلآم گەلێکیان بە خەتی منن. والیش ئەو شتانەی بە میری بەدلیس بەخشیوەتەوە.

ئەمە یەکەم کتێبخانەی کورد و میرە کوردێکە کە هەواڵێکی کەممان لە دەم و قەڵەمی دوژمنانەوە لێی هەیە، دەبێ ئەو هەموو میرە کوردە کە بەزۆریی خاوەنی قەڵا و چەك و قەڵەم بوون، چییان کتێب و دەستنووسی نایاب هەبووبێت؟ شوێنەوارەکانیان بە چ دەردێك چووبن؟

تەنانەت دەبێ ئەم گەنجینە و سامانە لە نرخ نەهاتووەی عەبداڵ خان پاش ئەوەی دەستی بەسەر داگیراوە و ـ دیارە ـ بەشێکی لە کتێبخانەی بابی عالیدا لەنگەریان گرتووە چییان بەسەر هاتبێ؟ لەو هەزاران دەستنووس و دانراوە دانسقە و نایاب و کەمیابە ـ تائێستە ـ هەواڵی پەڕەیەکیشیان لای مێژووی کورد و زانایانی نییە.

ئەم هەواڵەیش کە هەمانە لەم سەدانەی دواییدایە. ئەی هەواڵی مێژووی کۆن و، چەرخەکانی پێش زایین و دوای ئەوان و، ئەو شوێنەوارانەی لە: مۆرە قوڕینە و، سواڵەلمەتە و، تەختە و تەوەنی دۆزراوە، لە ئەنجامی کەنە و پشکنین و منەی شوێنەوارناسان و گەڕیدە بیانییە جۆراوجۆرەکان کە لە ماوەی دەیان ساڵدا سەدان و هەزاران شوێنی دێرین و ئەثەریی کوردستانیان ئەمدیوە و دیو کردووە و، هەزاران پارچە نووسراوی بزماریی و کۆنی دۆزراوە لەو شوێنەوارانەیان لەتەك خۆیاندا بردوەتەوە و، لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی هەندەراندا پارێزراون و، گەلێکیان باسی ئەوەیشیان لە پاڵدا نەنووسراوە کە لە کوێ دۆزراونەتەوە یان چۆن دزراون و، لەبنەڕەتدا سەر بە چ گەل و خاکێکن!

هەر بەم پێیەیش دەستنووس و دانراوی زانا و مامۆستایانمان، ئەوانەیان لەو هەموو کارەسات و جەنگانەی رابوردوو سەریان دەرکردووە، لە بنهەنگڵی ئەو گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسانەدا هەڵگیراون و، ئاوارەی ناو کتێبخانە و مۆزەخانەکانی وڵاتانی دوور بوون و، ئێمەی خاوەنیان هەواڵێکی ئەوتۆمان لە شوێن و ژمارە و ناو و بابەتیان نییە.

ئەولیا چەلەبیی لەناو قسەکانیدا دەڵێت: ئەو دەستخەتانەی هەڕاج کران و لەوێدا تاڵانفرۆش کران وەها فرۆشران کە پارەی دەستخەتێکیان بایی یەك نوقطە ـ خاڵی ـ مەرەکەبی دەستخەتەکە نەدەبوو!

ئەوەیش با لەولاوە بوەستێ کە دەیان هەزار دەستنووسی نایابی جۆراوجۆرمان لە کتێبخانەکانی بەغدا و تاران و ئەستەموولّ و دیمەشق و شارەکانی دراوسێی کوردستاندا پارێزراون و، دووبارە هەواڵێکی ئەوتۆمان دەربارەی تەنانەت ژمارەکانیشیان، کە چەندن، نییە !

لێرەدا بەسەر ئەوەدا ناڕۆم کە بنووسم: وا بزانم کەم گەل هەیە - یان هەر نییە - لەم چەرخەدا بە ئەندازەی گەلی کورد کەمتەرخەم و خەمسارد بێت بەرانبەر بە ئاسەوار و دەستنووس و شوێنەوارەکانی زانایان و خاك و وڵاتەکەی. لەم سەردەمەدا هەر یەکێك لە ئێمە بگریت چەندین بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەری دەربارەی پشکنینی ناڕەوا و نازانستییانە و، دۆزینەوە و هەڵکۆڵین و هەڵگرتنی ناشیانەی شوێنەواری دەگمەن و مێژوویی ژێر زەویی، دەیان گرد و تەپۆڵکە و گۆڕستان و شیو و دۆڵی کوردستان و، دوایی فرۆشتنیان بە قاچاخچییان و درزانی شوێنەوار بەرۆژی نیوەڕۆ و، بە دەنگنەهاتنی کەسیش لە عاستی ئەم تاوانانەدا... نەبیستبێ و نەزانێ. ئەمە لەکاتێکدا گەلانی خوا پێداوی وڵاتانی جیهان دەمێکە لە کۆکردنەوە و دۆزینەوەی زۆربەی شوێنەوارە مێژووییەکانیان بوونەتەوە و، ئەگەر شتێکیشیان مابێ زۆر وەستایانە و شارەزایانە و لەسەرخۆ کاری بۆ دەکەن و، باشترین و رازاوەترین شوێنی وڵاتەکانیان شوێنی پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانیان و مۆزەخانەکانیانە !

دوای ئەم سەرەتا دەڵێم:

ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو - مێژوومان شێوێنراوە، شوێنەوارمان دزراوە، تەنانەت ناوی زانا و پیاوە بلیمەتەکانی گەلەکەیشمانمان پێ ڕەوا نەبینراوە و، زۆریان بە زۆر خراونەتە ریزی زانایانی وڵاتانی دیکەوە.

ئەو مێژووەیشمان کە لەم ساڵانەی دواییدا بە هەوڵ و کۆششی چەند دڵسۆزێکی گەلەکەمان نووسراوەتەوە، لەتەك هەوڵی دڵسۆزانەی ئەو مامۆستایانەدا دەیان کون و کەلێنی تێدایە و، بە یەکەم خوێندنەوە و چاوپێداگێڕانیان چەندین هەڵەی زەق و زلیان تێدا دەبینرێت. کە بۆ هۆی سەرەکیی ئەم ناتەواویی و کەموکوڕییانەیش بگەڕێین، بێ ماندووبوون دەگەینە ئەو ئەنجامە کە هۆکان - بە زۆریی - بۆ دوو لایەن دەگەڕێنەوە:

یەکەم: نەبوونی سەرچاوەی ڕەسا و دروست و ڕەسەنی باسەکەیان.

دووەم: پشتبەستن ـ بەناچاریی ـ بە سەرچاوەگەلی بێگانە کە هەندێکیان بە ئارەزوو و ئەنقەست مێژووی کوردیان شێواندوە و، هەندەکەی دیشیان لەبەر نەبوونی سەرچاوە لەلایەکەوە و، نەشارەزاییان لە بار و دۆخ و بوومی وڵاتەکە و، دوورییان لە کەش و هەوا و بارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی کوردەوە ـ بێ ئەوەی مەبەستیان بێت چونکە هەر ئەوەندەیان لە دەستدا بووە ـ کەوتوونەتە هەڵەگەلی ئاشکرا و، نائاشکراوە و، مێژوونووسانی ئێمەیش گەلێ جار هەڵەی هەردوو تاقمەکە دەگوێزنەوە ناو کارەکانیان.

ئەی مێژوومان چۆن بنووسینەوە؟

بەپێی ئەوەی من بە تەنیا باڵ و، بەو کەمدەرامەتیی و کەمتواناییەی خۆمەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا شانم داوەتە ژێر باری پرۆژەی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستنووسەکانیانەوە) بەگوێرەی ئەو ئەنجامەی بە دەستم هێناوە، دەتوانم بە پشتەسوورییەوە بڵێم: باشترین سەرچاوە و، ڕاستتر و دروستتر بنەوان بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و دروستی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لێ هەڵێنجین، شوێنەوار و دەستنووسە کۆنەکانی ناو کوردستان و زانایانی کوردە.

پێش ئەوەی بێمە سەر نموونە هێنانەوە لەسەر ئەوەی کە دەستنووسەکان چ کاریگەرییەکیان لە نووسینەوەی مێژوودا هەیە و، مێژووی زانایانی کورد لەڕووی دەستنووسەکانیانەوە چۆن ڕاست دەکرێتەوە و، چۆن گەشە دەکات و بەرەو دروستیی دەڕوات... دەڵێم:

دەبێ لەپێشدا بکەوینە کێومالّی شوێنەوارەکانمان و، ژیرانە، لەسەرخۆ چۆنمان پێدەکرێت و، چیمان لە تواناداهەیە لە هەوڵ و وزە بیخەینە گەڕ و، بزانین لە مۆزەخانەکانی جیهان و کتێبخانەکانیاندا، چی شوێنەوار و دەستنووسی سەر بە کورد و کوردستان هەن، سۆراخیان بکەین و هەواڵیان بزانین و، زانیاریی پێویستیان لێ وەربگرین و، ئەو زانیارییانە بابەتبەندیی بکەین و، لە ڕووی زانیاریی بە دەستهاتووی نوێوە، یان سەر لە نوێ مێژووی کورد بنووسینەوە، یان بەشێوەیەکی زانستییانە

تێروتەسەل چاو بە مێژووی تۆمار کراوماندا بگێڕینـەوە و، بـە زانیارییـە نوێکـان کـون و کەلەبەر و کەند و پەسێوەکان پڕ بکەینەوە و، چەوت و چەوێڵەکان راست بکەینـەوە و، لایەنە لاوازەکان دەوڵەمەند بکەینەوە.

بـەلاّم دەبـێ پـێش ئـەم کـارەیش لایـەنێکی گرنگـی دیکـە هەیـە باسـی بکـەین و، بەسەریدا نەڕۆین، چونکە بێ وریایی لەو لایەنە کارەکانمان نابەکام دەبن.

ئەو لایەنەیش ئەوەیە بـەهۆی ئـەوەوە زمـانی کـوردی زمـانێکی جیهـانیی یـان ناسـراو و دیاری ڕووی زەویی نییە و، بەزۆریی لەژێر بـاڵی زمانـەکانی فارسـیی و تورکیـدا حەشـار دراوە و، نەیتوانیوە لەژێر باڵی فەنـد و فێـڵ و دەسـتخەڕۆ کردنـی ئـەو دوو زمانـە سـەر دەربێنێ و، هەوییە و پێناسەی تایبەتیی خۆی هەبێت، بەو پێیە ئـەو بەرهەمانـەیش بـە زمـانی کـوردیی نووسـراون، کـاتێ دەستنووسـەکانیان ئـاوارەی وڵاتـان بـوون و، لـە کتێبخانەکانی هەندەراندا لەنگـەریان گرتـووە، لـەوێش دەستنووسـە کوردییـەکان لـەژێر کاریگەریی ئەو دوو زمانەدا بزر بوون و، بۆیان نەلواوە لە سنووری دەسـتەلاّتی ئـەو دوو زمانە دەرچن و، پێناسەی خۆیان بدۆزنەوە.

واتە: دەستنووسی کوردیی لە هـەر کتێبخانەیـەکی گشتیی یـان تایبـەتیی وڵاتانـدا هـەبێت - تائێسته - لـەژێر نـاوی دەستنووسـی فارسـیی، یـان تـورکیی، یـان زمانـە هیندوئەورووپیەکاندا کارت و ناسنامەی بۆ کراوە. لە وتارێکدا بـە درێـژیی لەسـەر ئـەوەم نووسـیوە کـە هێـشتا ناونیـشانی دەستنووسـە کوردییـەکانی کتێبخانـەی فـلاّن - هـەر کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکانی جیهان - لە سکی دایکی مێژوو دایە و، بەرەژانیـشی پێـوە نەگرتووە.

هەر وەك بەڵگەیـەکی روونـی ئـەم لایەنـەیش دەڵـێم: کتێبخانـەی دەستنووسـەکانی عێراق (دار العراق للمخطوطات) کە پێشتر پێی دەگـوترا (دار صـدام للمخطوطـات) پـێش ئـەوەی مـن بـچمە نـاوی و کـاری تێدا بکـەم، لـەهیچ فیهرەسـت و ئەندێکسـێکیدا نـاوی دەستنووسی کوردی نەبوو، تەنانەت رۆژێك داوای دەستنووسێکم کرد کە لە کارتەکەیـدا نووسرا بـوو (مخطـوط فارسـی) کـاتێ بۆیـان هێنـام و ئەمـدیو و دیـوێکیم کـرد، دەبیـنم دەستنووسی دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانییە بە خەتی (خالص)ی کوڕی!

لەمەوە کەوتمە گەڕان بەدوای دەستنووسی کوردیدا لەو کتێبخانەدا، تـا سـەرەنجام گەیشتمە ئەوە پتر لە (٢٠٠) دووسەد دەستنووسی نایابی جۆراوجۆری کوردیم لە: دیوان و، کەشکۆڵ و، فەرهەنگ و، عەقیـدە و، چـەندین بابـەتی دیـدا دۆزییـەوە و، زۆریـانم بـە مێژووی ئـەدەبی کـوردیی ناسـاند و، کـارتی تایبەتیـشم بـۆ هـەموویان کـرد و، جێگـەی تایبەتیم لە (اندکس)دا بۆ بڕدان و، کارێکی وام ئەنجام دا هەر لێکۆڵەرەوەیەك بچێتە ئەو کتێبخانە دەتوانێ بێ ماندوو بوون بزانێ چ دەستنووسێکی کوردیی تێدا هەیە.

دوای ئەمانە:

دوای ئەم باسە پێویستانە دێمە سەر ئەوە ـ وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد ـ بە تەنها خۆم و، لە ماوەیەکی کەم و، لە سنووری یەك کتێبخانەدا کارێکی وام ئـەنجام داوە بە شانازییەوە دەڵێم: دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو کارەی مندا یان جارێکی دیکـە مێـژووی ئەدەبی کوردیی بنووسرێتەوە، یان بە تێروتەسەلیی چاو بە گـەلێ لایەنیـدا بگێڕرێتـەوە، چـونکە لـە پرۆژەکەمـدا گـەلێ بـیر و بۆچـوونی وەهـای پێـشووم بـە بەڵگـەوە هەڵوەشـاندوەتەوە، کـە تـا سـەردەمێکی نزیـك وا چەسـپابوو کـەس پرکێـشی ئـەوەی نەدەکرد بیر لە نادروستیی یان لاوازیی ئەو بۆچوونانە بکاتەوە.

بۆ نموونە:

١ـ تا سەردەمێکی نزیك ـ ڕەنگە تا ئێستەیش ـ لای زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد ئـەوە چەسـپابوو کـە نـالیی شـیعر نووسـینی بـە دیـالیکتی سـۆرانیی یـان کرمـانجیی خـواروو داهێناوە و، ئەو ڕچەشکێن و سەرقافڵەی ئەو کاروانەی ئەدەبی کوردیی بووە، بەڵام مـن چـەندین دەقـی ڕەوان و ڕەسـای زمـانی کـوردیی، بـە زاراوەی کرمـانجیی خـواروم، دۆزییەوە و بڵاوم کردنـەوە، کـە دەیـان سـاڵ پـێش نـالی و، بگـرە پـێش لـە دایکبـوونی نالیش، گوتراون و تۆمار کراون، وەك: جەفایی مەلا محەمەدی سیوچیی خـاوەنی بـەیتی ئـەوەڵ و ئـاخر و، مـەلا محەمـەدی ئیبنولحـاجی خـاوەنی مەهـدی نامـە و، ڕەنجـووریی خاوەنی دیوانی شـیعری گـەورە و تـەڕ و پـاراوی و، کـارێزیی هاوچـەرخی ڕەنجـووریی و دۆست و هاوەڵی گیانیی و بیریی و ... کەسانی دیش.

وەك ئەمەیش دەڵێم، ئەوەیش لەبیر ناکەم کە ئەم ئەنجامانەی من بە دەستم هێناون دوا ئەنجام نین و، بە دووری نازانم، ئەمڕۆ بێت یان سبەی، لە سووچ و قوشبنی کتێبخانەکانی جیهانەوە چەندین بابەتی دیکەی وەها سەر هەڵبدەن. قۆناخی سەرەتای نووسینی شیعر بە زاراوەی کرمانجی خواروو بە ناخی مێژوودا گەلێ قووڵتر بکەنەوە.

٢ـ راستکردنەوەی مێژووی زانایان و ناوداران:

گەلێ جار باس و خواست و مێژووی تاکە کەس و بنەماڵە، دەماودەم لە دەمی ئەم و ئەوەوە وەردەگیرێت و تۆمار دەکرێت و، دوایی ئەو نووسراوە دەبێ بە بنەمایەکی مێژوویی وەها کە راست و دروست و جێگەی متمانە بێت و، هیچ مشتومڕ هەڵنەگرێت، کەچی لەپڕ لە پەنای دەستنووسێکدا زانیارییەك یان زانیاریگەلێك سەرهەڵدەدەن ئەو بنەما ـ تا ئەو کاتە ـ راست و دروستە ـ هەمووی یان هەندێکی ـ هەڵدەوەشێننەوە.

بۆ نموونە ژیانی مامۆستا مەلا ئەبو بەکری موصەننیف ـ تا ئەندازێك ـ بە وردیی نووسراوە و، چووەتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو، دەستا و دەست ئەم و ئەو و بۆ باس و لێکۆڵینەوە زانیاریی لێ وەردەگرن. لەو ژینامەدا نووسراوە کە مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف چوار کوڕی هەبووە و، ناو و شوێنەوار و ژیانیان نووسراوە. بەلام من لە پەنای دوو دەستنووسدا ئەوەم دۆزییەوە کە ئەم مامۆستا کوڕێکی پێنجەمی هەبووە و، کوڕەکەی زانا و هەڵکەوتوو بووە و، ساڵی ١١٢٥ و دوای ئەوەیش لە شاری مەدینەی پیرۆزدا بووە، ئیتر دوای ئەوە هەواڵێکی ئەوتۆم دەربارەی نەدۆزییەوە، لەم ساڵانەی دواییدا بیستم کە نەوەی ئەم مامۆستا لە یەمەندان و، ئەو نەوانە دەزانن پێوەندییان بە بنەماڵەی مامۆستای موصەننیفەوە هەیە و، لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوان. هەروەها بیستم پیاوانی ئەو بنەماڵە بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێن کەسێك ڕێنموونییان بکات و بگەنەوە کوردستان و، خزم و کەسی دێرینیان بەسەر بکەنەوە.

هەروەها وەك لە دەستنووسەکانەوە بۆم دەرکەوتووە مامۆستای موصەننیف وەك لەڕووی نووسین و زانیارییەوە پیاوێکی پیرۆز و خاوەن زانیاریی زۆر و بەپێز بووە، لە ڕووی نەوەیشیەوە وەها بووە و، نەوەی زانا و پیرۆزی لە گەلێ ناوچەی جیهاندا، وەك دیمان و دەبینین، هەبووە.

یەکێکی دی لە نەوەکانی ئەم مامۆستا - ئەمیش لە ڕێگەی دەستنووسەکانەوە زانیومە - مامۆستا مەلا عەبدوڵڵایەکە، کە ناسراوە بە عەبدوڵڵای ڕەبتەکیی و، دوا قۆناغی ژیانی لە موصڵدا بووە، زانایەکی گەورەی ئەو شارە بووە و، گەلێ کەسی پێگەیاندووە و، ئیجازەی خوێندن و، خوێندنی قورئانی پیرۆز بە قیرائەتەکانەوەی پێدوان و، ڕشتەی ئیجازەی زۆر لە زانایانی موصڵ بۆ سەر ئەم مامۆستا دەگەڕێتەوە. هەروەها دەگێڕنەوە ئەم مامۆستا ئەوەندە پیرۆز و دۆعاگیرا بووە لەلای خودا، لە موصڵدا بێبارانییەکی زۆر سەخت بووە، خەڵك ترسی قات و قڕییان لێ نیشتووە، چوونەتە لای مامۆستا بۆ دۆعا و نوێژە بارانە، مامۆستایش داواکەی نەداونەتە دواوە و، چوونەتە دەرەوەی شار بۆ نوێژە بارانە، کە نوێژەکەیان تەواو کردووە و مامۆستا دەستی کردووە بە پاڕانەوە لە خودا، خودا دۆعاکەی گیرا کردووە و، هەور ڕووی ئاسمانی گرتووە و، تا هاتوونەتەوە ناو شار باران دەستی پێکردووە و بە تەڕیی هاتوونەتەوە ماڵی خۆیان.

هەروەها لە ڕێگەی دەستنووسەوە دۆزیومەتەوە کە مامۆستای موصەننیف نەوەیەکی دی بووە ئەویش هەر دوا قۆناغی ژیانی لە موصڵدا بووە، ئەم نەوەیشی ناوی سەید عەبدوڵڵا بووە، شاعیرێکی مەزن بووە، نازناوی شیعریی (مەئالیی) بووە، بەشێکی ژیانی لەناو شەبەکدا بەسەر بردووە، شەبەکیی زانیوە، شاعیرێکی زمانپاراو و، شیعرسوار و، تیا نەوەستاو بووە، بەشی زۆری شیعرەکانی جنێو و داشۆرینن، شێخ ڕەزایەکی دییە بۆ خۆی، بە هەر چوار زمانەکە عەرەبیی و، تورکیی و، فارسیی و، کوردیی، شیعری هەیە.

جێگەی شانازیمە یەکەم جار ئەم شاعیرەم بە مێژووی ئەدەبی کوردیی ناساند و، نموونەی شیعرەکانیم خستە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردیی و، وێنەیشم لە دیوانەکەی بە دەست هێناوە و، چاوەڕێی پیاوی شارەزا و کارامەین، کە بە لێکۆڵینەوەوە بڵاوی بکاتەوە و، کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیی پێ پڕ بکرێتەوە.

٣- هەر لە ڕێگەی دەستنووس و پشکنینی کتێبخانەی دەستنووسەکانەوە دەگەینە دۆزینەوەی کەرەستەی مێژوویی مێژوو:

مامۆستایەکمان هەیە بە ناوی رەسووڵ حاویی کەرکووکی، ئـەم مامۆسـتا کتێبێکـی کەموێنەی هەیە بە ناوی (دوحة الوزراء).

لە دوو لاوە مێژووی ژیـانی ئـەم مامۆسـتا ئـاڵۆزێنرا بـوو. لەلایەکـەوە: کـە تـورکیی باشی زانیبوو، زۆر لە داوود پاشـای والیـی بەغـداوە نزیـك بـوو، کتێبەکـەی بـە تـورکیی نووسـیبوو، پێـشکەشی کردبـوو بـە داوود پاشـا... مـۆرکی تورکایـەتیی نـرا بـوو بـە نێوچاوانی ئەم مامۆستا مەزنەوە و، مێژوونووسان نووسـیبوویان: بـە رەچـەڵەك تورکـە. خۆشبەختانە لە رێگەی دەستنووسـەکانەوە گەیـشتمە ئـەو ئەنجامـە کـە ئـەم مامۆسـتا مەزنەیش مامۆستایەکی کوردە و، خەڵکی شاری (سـنە) بـووە و، لـەوێوە هـاتوون، وەك گەلێ کوردی هەڵکەوتووی دیکەی ئـەو شـارە مەزنـەی کوردسـتان. قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بـە سلێمانیی و کەرکووکدا هاتوون و، ئەنجام بلیمەتیی خۆیان گەیاندوونیە جێگـەی بـالاّ لـە دەرباری والیی بەغداداو، لەوێ لەنگەریان گرتووە، ئەم پیاوە جگە لە خـۆی چـەند بـرای دیکەی بلیمەتیشی لە تەکدا بـوون و، وەك ئەسـتێرە درەوشـاونەتەوە، بـەڵام نەخۆشـی سیل بڕیبەستی لێ بڕیون و، زوو ئەم ئەستێرە پرشنگدارانە ئاوا بوون.

لایەنی دووەمی ئاڵۆزاوی ژیانی ئەم مامۆسـتا مەزنـەی کـورد کتێبەکـەی بـووە، کـە هەندێ کەس لایان وابووە کتێبەکەی دوو بەرگ بـووە، هەنـدێکی دی لایـان وابـووە هـەر یەك بەرگی داناوە و، مامۆستا موسا کاظم نەورەسی کـە بـەرگی یەکـەمی کتێبەکـەی لـە تورکییـەوە کـردووە بـە عـەرەبیی، پێـی لەسـەر ئـەوە داگرتـووە کـە بـەرگی دووهـەمی کتێبەکـەی دانـەناوە. خۆشـبەختانە بـەرگی دووەمـی ئـەم کتێبەیـشم دۆزییـەوە و ئـەم شانازییەیشم پێ براو، بە هەموو خوێنەران و گوێگران دەڵێم: ئـەم کتێبـە سـیخناخە لـە مێژووی کورد و کوردستاندا و، بەشی زۆری بۆ مێژووی بابـان و ئـەو جـەنگ و رووداوانـە تـەرخان کـراوە کـە لـەو سـەردەمە تـا سـەردەمی دانـانی کتێبەکـە کـە سـاڵی (١٢٣٧ ـ ١٢٤١)ە تـەرخان کـراوە و، کتێبەکـە یەکێکـە لـەو سەرچـاوە مێژووییانـەی نـەبوونی کـەلێنێکی گەورەیـە لـە مێـژووی کـورددا و، دووبـارە ـ داوای لێبـوردن دەکـەم ـ خۆشبەختانە توانیم وێنەی لێ بگرمەوە و لە لەناوچوون رزگاری بکەم و، ئـەم نوسـخەی

تاکە نوسخەیەتی کە ئێستە چاوەڕێی تورکیزانێکی کارامەیە کە بیکا بە عەرەبی یان بە کوردیی و، کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکات.

٤ـ نامەوێ درێژە بە وتارەکەم بدەم و کاتی بەڕێزان زۆر بگرم و، ئەمەی لێرەدا دەیخوێنمەوە هەر نموونە هێنانەوەیە بۆ بابەتگەلی جیاجیا کە لە مێژووی کورددا یان هەر تۆمار نەکراون، یان بە کەموکووڕیی و لاوازیی لە دەستدان. کوردستان لە ساڵانی دێریندا گەلێ دەرد و گرانیی و قات و قڕیی بەسەردا هاتووە، جاری وا هەبووە خەڵکەکە لەبەر برسێتی و گرانیی خاك و شوێنی خۆیان و زێدی باوباپیرانیان بەجێهێشتووە و، بەناچاریی ڕوویان لە شوێنانی دیی کردووە و، لەو کۆچ و ڕەوەیشیاندا کەمیان گەیشتوونەتە جێگەیەك تیایدا لە مردن ڕزگاریان بێت و، دوایی ئەگەر گەڕابنەوە بۆ شوێنی خۆیان داڵەوازیان گەڕاوەتەوە.

کە مێژوونووسانمان ئەمەیان تۆمار نەکردبێت و، بمانەوێ شتێك لەم لاوەوە بزانین، لەوە باشتر و دروستترمان لە دەستدا نییە کە فەقێ و مەلایانمان لە پەنای دەستنووسەکانیاندا تۆماریان کردوون. بۆ نموونە (گرانیی گەورەکە لە گرانیی یوسف گەورەتر بوو، عەلبەی دەهۆك گەیشتبووە بیست قەران، باتمانی مێوژ لە موسڵ گەیبووە ٢٤ قەران، مەنی گەنم لە ناوچەی دۆسکان بە بیست قەران بوو، مەنی هەرزن و کزن و گاڵ گەیبووە ١٥ قەران، زۆربەی خەڵك لە برسانا مردن. تەغاری گەنم گەیبووە هەشتصەد قەران. ئەو گرانییەی ساڵی ١٢٩٧ بەجۆرێك بوو ٥ پێنج قەران لە گرانیی زەمانی حەزرەتی یەسف زیاتر بوو! ئەمە بەشێك بوو لە دەیان زانیاریی کە مامۆستایەکی ڕووداو نووسمان ـ لابەلا ـ لە پەنای دەستنووسێکدا تۆماری کردوون.

٥ـ هەروەها کاتێ کە دەزانین زۆری مێژووی جەنگ و ڕووداوەکانی سەر خاکی کوردستان بە دەستی دوژمن نووسراوە و، ئەوانیش چۆنیان ویستبێت وەها نووکی قەڵەمیان گێڕاوە و، ڕووی ڕووداوەکانیان وەرچەرخاندووە و، ئەگەر ئێمەیش دوای ئەوەی ئەوان ئەنجامیان داوە، بمانەوێ بۆ ڕووی ڕاستیی ڕووداوەکان بگەڕێین و بزانین کەی و لە کوێ و چۆن ڕوویانداوە، لە دەستنووسەکانی ناو حوجرەکانمان بەولاوە سەرچاوەی جێگەی بڕوا و متمانەمان بە دەستەوە نییە و، ئەگەر بتوانین ئەوانەی لەو

لاپەڕانەدا نووسراون کۆ بکەینەوە و، لە یەکیان بدەین و مێژوویان لێ پێکبهێنین، ئەوە ئەو لاپەڕانە باشترین و دروستترین سەرچاوەی ئەو باسانەن و، دەستنووسەکانمان گەلێ لەو باس و رووداوانەیان تێدا تۆمار کراوە و، لە بەرگەکانی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا لاپەڕەگەلێکم کۆکردوەتەوە کە پەردەی رووی شاراوەی گەلێ رووداویان هەڵماڵیوە و، بە پوختکردن و یەکخستنیان زیاتر روون دەبێتەوە.

٦ـ یان بمانەوێ دەربارەی میرنشینێك لە میرنشینە کوردەکان شتێك بنووسین چیمان لە دەستدایە؟ ئەگەر شتێك دەربارەیان لە مێژوودا نووسرابێت ئەوە ـ بە زۆریی ـ لایان لە رووداوە خوێناویی و، جەنگە کارەسات ئاوەرەکان کردوەتەوە و، تیشکی زۆریان خستوەتە سەر دووبەرەکیی و ناکۆکیی ناو میرە کوردەکان و، چییان دژ بە یەك کردبێت، یان پەنایان بۆ ئەملا و ئەولا و ناحەزانی کورد بردبێت، ئەوە بە ئاب و تابێکی کەموێنەوە بە تان و پۆیدا چوون، بەڵام قەڵەمیان لە عاستی جوامێریی و، نانبدەیی و، زانا پەروەریی و، خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان و مەلا و مەدرەسە و ... دا کول و کۆڵ بووە، جا ئەگەر یەکێك لە ئێمە بیەوێ بە دروستیی لا لە یەکێك لەو لایەنانە بکاتەوە و، بۆ رووی ڕاستیی باسەکە بگەڕێت لە دەستنووسەکانی مامۆستایان و فەقێیانیان بەو لاوە شتێکی ئەوتۆی لە دەستدا نییە.

بۆ نموونە ئەگەر بیەوێ ناو و ژیان و بەسەرهات و بەرهەم و دانراو و... ی مامۆستایانی عیمادییە کۆ بکاتەوە دەبێ چی بکات؟ گومان لەوەدا نییە کە لە هەندێ لە سەرچاوەکاندا ناوی چەند مامۆستایەکی دەستدەکەوێت، بەڵام ئایا ناوی هەموویان یان زۆربەیانی دەستدەکەوێت؟ ئایا ناوی دانراوەکانیان و سەردەمی ژیانیان و، مامۆستا و، هاوەڵانیان و، ئەو شوێنانەی تیایاندا خوێندوون و، ئەو مامۆستایانەی ئیجازەیان لێ وەرگرتوون و، ئەو مەلایانەی ئەمان ئیجازەیان داونەتێ و .... چەندین لایەنی دیکە وەدەست دێنن؟ من لەم بابەتانەدا دوودڵ و بە گومانم و، ئەوەی دیومە و دۆزیومەتەوە دەڵێ: تا دەستنووسەکان نەپشکنین ناگەینە ئەنجامی شیاو و دڵخۆشکەر.

من بە هەوڵ و کۆششی تەنیا باڵیی خۆم دەربارەی میرنشینی عیمادییە ناو و بەرهەمی چەند مامۆستام دۆزیوەتەوە ـ بەگوێرەی گەڕان و پشکنینی خۆم ـ لەهیچ

سەرچاوەیەکدا نەمدیون و کەس پێش من پـەیی پێنـەبردوون، دیـارە خـۆ ئەگـەر چـەند کەسێك لە جوغزێکی فراوانتردا بگەڕێن لەوانەیـە زاناگـەلێکی دیکـە بـە مێـژووی زانایـانی کورد بناسێنن.

بۆ نموونە چەند دانـەم لـە کتێبـی (اعـلال التـصریف) دۆزییـەوە کـە مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵڵای کوڕی شێخ ئیلیاسی (کلکوری)ساڵی (١٠٩٩ك) لە قەڵای عیمادییە دایناوە و، بۆ حەمادی کوڕی داناوە و، ئەو سەردەمە سەردەمی عوسمان بەگی کـوڕی سـەعید خـان بووە.

ئەمە جگە لە مامۆستا مەلا حامیدی کوڕی مەلا شێخ عەلی عیمـادیی و، عیمـادەدین و، شەهابەدین و، عەبدوڕەحمان و چەندین مامۆستای دیکە....

هەر لە ڕێگەی دەستنووسەکانەوە دەزانین کە شـاعیرێکی عیمـادیی خـاوەن دیـوان هەبووە بە ناوی صادقی عیمادیی، بەڵام دیوانەکەی ئێستە لە دەستدا نییە.

هـەروەها لـە ڕێگـەی دەستنووسـەکانەوە زانیمـان مامۆسـتایەکمان هەیـە بـەناوی ئیـبراهیم، چـەند دانـراوی بـۆ ئێمـە زانـراوی، لـە تەفـسیری قورئـانی پـیرۆزدا هەیـە و، دانراوەکانی پێشکەشی بەهرام پاشا کردووە.

هەروەها لەناو دەستنووسەکانەوە دەزانـین لـەناو بنەماڵـەی عیمادیـدا چـەند زانـا و مامۆستای بەڕێز هەبوون، کە خوێندن و زانیاریی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیریی پیـشەیان بووە و، تەنها شانازییان هەر لەو ڕێگە پیرۆزەدا بووە و، تەنانەت ناوی (عەللامە)یان بـۆ کوڕەکانیان داناوە و، چۆنیان ویستووە و ئاواتیان بووە وەها بووە و، ئەو (عەللامـە)انـە بە ڕاستیی عەللامە و خوێندەواری باڵا بوون.

دەبێ ئەوەیش بزانین وەك دەڵێن: چەپڵە بە دەسـتێك لێنـادرێ، ئـەم مامۆسـتایانە بێ پشت و پەنا نەبوون و، بە تەنها و لە خۆیانەوە ئەو ڕێگـە پیرۆزانـەیان بـۆ نـەبڕاوە. بـەڵکو میرانـی عیمادییـە هانـدەر و یارمەتیـدەر و پـەنایان بـوون لـەو کارانەیانـدا و، مامۆستایانیش ئەوەیان لەبەرچـاو بـووە و، ئـەو بایەخـەی میرانیـان لـەبیر نـەکردووە و، بەرانبـەر بـەو کـارەی ئـەوان ئـەمانیش دانراوەکانیـان و، بـەری بـیر و کۆشـشیانیان

پێشکەشی میرانی عیمادییە کردووە و، لە ڕێگەی دەستنووسەکانەوە نموونەی ئەم بایەخدانە دوو قۆڵییەی میران و مامۆستایانی عیمادییە وەردەگرین.

٧ـ ئەوەی بۆ میرنشینی عیمادییە و میرانی و، مامۆستا و زاناکانی دەگوترێ بۆ میرانی: بابان و، ئەردەڵان و، سۆران و..... شوێنانی دیش بە شێوەگەلی جیاجیا دەگوترێت.

وەك گوتم مێژوونووسان بۆ میرنشینە کوردەکان و میرەکانیان ـ بە زۆریی ـ پێیان لەسەر لایەنی جەنگ و هەرا و دووبەرەکیی نێوانی میرەکان داگرتووە و، بایەخی زۆریان بەوە داوە بڵێن: فلان ساڵ فلان میر لەشکرکێشی کرد بۆ سەر فلان برای خۆی و، دەستی سوپای بێگانەی گرت و، لە وڵاتی خۆی وەدەرینا و، ماوەیەك دوای ئەوە ئەمیش بە لەشکرێکی گەورەترەوە دایەوە بەسەر براکەیدا و، رایفڕاند، یان گرتیی و، وای لێ کرد و وای لێ کرد... ئیتر مەگەر بە ڕاڕەو بەلای باسگەلی دیدا چووبن، بۆ وێنە میرانی بابان وەك لە جەنگ و هەرای نێو خۆیاندا دەورێکی دیاریان بووە، هەرگیز لایەنی رۆشنبیرییان پشتگوێ نەخستووە و، ڕێزنان لە مامۆستایان و زانایان و، دروستکردنی مەدرەسە و مزگەوتی گەورە بۆیان و، وەقفکردنی زەوی و زار و باخ و ئاش و ... لەسەر مەدرەسەکانیان و، تەنانەت گەڕان و ناردن بە شوێن زانایانی ناودار و شارەزای ئەو شوێنانەیشدا کە لەژێر ركێف و قەڵەمڕەوی خۆیاندا نەبوون و، هێنانیان و ڕێزلێنانیان ... کارێك بووە میرانی بابان لەناو خۆیاندا پێشبڕکێیان تێدا کردووە.

بەڵام ئەمە لە مێژووی باباندا کەمتر رەنگی داوەتەوە و، مێژوونووسانێ کەم لایان لە مێژووی بابان کردوەتەوە، کەمتر کاریان بۆ ئەم لایەنە کردووە، کەچی کە چاوێك بە دەستنووسەکانی ئەو دەڤەرەدا دەگێڕین دەیان دەستنووسی گەورە و نایاب دەبینین کە میرانی بابان یان بە کڕین و هێنانیان لە وڵاتانەوە، یان بە فەرماندانیان بە خەتخۆشان بۆ نووسینەوەیان دەستیان خستوون و، لە کتێبخانەکانی مامۆستایانی میرنشینەکەیاندا کۆیان کردوونەتەوە و، دوایی وەقفیان کردوون لەسەر مامۆستایان و کتێبخانەکانیان.

ملخص البحث

دور مخطوطات علماء الكرد في كتابة تأريخ الكرد وعلمائه

محمد على قرداغى

يعاني التاريخ الكردي جرّاء مالحق الشعب الكردي خلال تاريخه الطويل من الويلات والنكبات، وما تبع ذلك من احراق المدارس والمكتبات وإتلاف كتبه وموروثه الثقافي... يعاني جراء ذلك من نقص في تاريخه. ووجود تغرات كبيرة وحلقات مفقودة في ماضي أجياله.

واذا اردنا تدارك مايمكن تداركه من ذلك التاريخ الطويل، واعادة النظر في الكتب والابحاث التي تناولت التاريخ الكردي، فلا نجد أصح واوثق مما بقي في بطون المخطوطات، وهوامش وحواشي العلماء، وتتمات وخواتيم النساخ الذين يدونون ـ بقصد ومن غير قصد ـ حوادث كثيرة كانوا شاهدها العيان، او جزءاً من اشخاص دارت عليهم رحى الكوارث... فتعد المخطوطات ـ بحق ـ كنزاً غير مكتشف حتى الآن، ولم تتناولها ايدي الخبراء والباحثين ليستقوا من ذلك المعين الصافي، ويرتوا من جداوله الرقراقة، ويروّا التاريخ بزلال فيضه الدافق.

نحاول من خلال هذه الصحائف التأكيد على اهمية هذه المصادر، وبيان ما لها من قيم علمية عالية، علها.

'Abstract'

The Role of Kurdish manuscripts in writing the history of Kurd and its scholars

M.A. Kardagi

Kurdish history suffers great deficiency in sources due to those disasters and suppressions, our nation experienced through its long history.

To set right our history, we must turn to manuscripts, footnotes and postscripst of the scholars or the epilogues and continuing sections of some transcribers who recorded a lot of events as eye witnesses. So I try my best throhg this study to confirm the importance and worth of those sources.